# ئەندێشەی مرۆڤێک

کۆی بەرهەمەکانی

**حسەین عارف**

**٣**

# ئەندێشەی مرۆڤێك

ڕۆمان

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێك هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان - هەولێر
هەرێمی كوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیكترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspress.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

حسەین عارف
ئەندێشەی مرۆڤێك - رۆمان
كتێبی ئاراس ژمارە: ١١٤١
چاپی دووەم ٢٠١١
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس - هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی كتێبخانە گشتییەكان ٦٣١ - ٢٠١١
نەخشاندنی ناوەوە: كارزان عەبدولحەمید
رازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەكرەم
پیت لێدان: ڕۆشنا ڕەشاد
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل. بۆكان نووری

# وتەیەك

ئەم ڕۆمانە چۆن هاتە بەرهەم؟

بێگومان کەم کەس دەزانن کە من لە بەرهەمهێنانی ئەم ڕۆمانەدا، ڕێگەیەکی جیاوازم لە ڕێگە ئاساییەکەدا تێدا گرتەبەر، ڕێگە ئاساییەکە بەو مانایەی نووسەر لە نووسینی بووبێتەوە و ئەوسا هەوڵی بڵاوکردنەوەی بدا. لە کاتێکدا من هێشتا دەستم لێ نەدابووە قەڵەم.. هێشتا تەنیا ناوەڕۆکەکە و مەبەستە سەرەکییەکەیم لەلا گەڵاڵە بووبوو، کەچی هەوڵی بڵاوکردنەوەیم دا دیارە دەشمزانی دەیخەمە چ چوارچێوەیەکەوە و ئەگەر دەستم دایە نووسینی لە کوێوە دەست پێ دەکەم و بەرەو کوێی دەبەم و چۆنی کۆتایی پێ دێنم. لەبەرئەوە زاتم کرد و وێرام کە وەك تاقیکردنەوەیەکی نوێ (نوێ لەلای خۆمان)، بیرم بۆ ئەو ڕێگە نائاساییە بچێ کە بریتی بێ لە بەرودوا ناردنی ئەو بەشانەی لە نووسینیان دەبمەوە و بڵاوکردنەوەیان بەزنجیرە لە یەکێك لە کۆوار و ڕۆژنامەکانماندا، تا وردە وردە و ئەڵقە بەدوای ئەڵقەدا، دەیگەیەنمە کۆتایی و بەوە من ئیتر بەبێ دەست لێ هەڵگرتن، ڕۆمانەکەم هێناوەتە بەرهەم کە ئەگەر وا نەبێ، ڕەنگە ساڵانێکی پێ بچێ (وەك لە ڕۆمانی –شار– دا لەگەڵمدا ڕووی دا).

ئیتر ئەوەبوو بەپشتبەستن بە توانای تەمەن سی و هەشت ساڵەی خۆم لە بواری نووسیندا و چاك گەڵاڵەبوونی ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە لەلام و بریقەی تاقیکردنەوە نوێیەکە لە بەرچاوم، بە خۆم و پێشنیازەکەمەوە ڕووم کردە دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی و (هاوکاری)یە ئازیزەکەی کە بەدوو ژمارەکەیەوە لە هەفتەیەکدا، لەبارترین شوێن بوو بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەکەم. جگە لەوەی برای بەڕێزم کاك موسڵح جەلالیی بەڕێوەبەری گشتی دەزگاکەش، جێگەی متمانەم بوو کە تێم دەگا و بەپیر پێشنیازەکەمەوە دێ و بەپێی توانا، درێغی لە یاریدەدانم ناکات ئەنجامیش هەروەها کەوتەوە. بێ سێ و دوو لێکردن پێشنیازەکەمی پەسەند کرد و هانی دام شانی بدەمە بەر. لە من دەسدانە نووسینی ڕۆمانەکە و لە وانیش بەرودوا بڵاوکردنەوەی ئەو بەشانەی لە نووسینی دەبمەوە.

ئا بەڵێ.. ئەم ڕۆمانەی ئەوەتا لە دوو توێی ئەم کتێبەدا دەخوێنرێتەوە، ئاوەها نووسراوە و هاتووەتە بەرهەم. هەروەکو کتومت دەقەکەی ناو ژمارەکانی

(هاوکاری)یە و بەبێ هیچ دەسکاریکردنێك گوێزراوەتەوە بۆ سەر لاپەڕەکانی ئەم کتێبە. هیوادارم لەم تاقیکردنەوە نوێیەشدا لە بواری نووسیندا، شتێکم بەشتێك کردبێ. خۆ ئەگەر نا، ئەوا ماڵی قەڵبە و سەری ساحێبی دەگرێتەوە.

ح . ع

سلێمانی –١٩٩٠/٣/٣١

# بەشی یەکەم

## ١

وەك هـەمـوو ڕۆژانـی تـری، لـەگـەڵ یـەکـەم تـیشکـی خـۆردا کـە لـە پـەنجـەرەکـەوە خـۆی بـەژووردا کـرد، لـە خـەو بـەئـاگـا هـات. ئـەم بـەدرێژاییـی ڕۆژانیـی ساڵ و هـەر چـوار وەرزەکەدا، هەر ئەو یەکەم تیشکەی بۆ دەبووە زەنگی سەعاتێکی تەنیشت سەری و لەگەڵیدا چاوی لە خەو هەڵدەهێنا. تیشکەکە لە پەنجەرەی سەر حەوشەکەوە دەهاتە ژوور کە پان بەپانی دەم کەلی گۆیژەی، لەم شان و ئەو شانی خۆی دەگرت و وەرز هەر کام بوایە، ئەو یەکەم تیشکەی کەم و زۆر، بۆ ناو ژوورەکە بە کێش دەکرد.

هەر کە چاوی کردەوە، دەستبەجێ خەمە گەورەکەی لێ هاتەوە سوێ. چەند ڕۆژێك بوو پێوەی دەتلایەوە و هەراسانی کردبوو. بەڵام تەنیا لە دوێنێ عەسرەوە، لێی بووە ئازارێکی دەروونیی ئەوتۆ، وا هەست بکا دڵی دەپرووێنێ و نەتوانێ خۆی لەبەریدا ڕابگرێ. دوێنێ چێشتەنگاو کە لە ماڵ چووە دەر، کار لەوە بەولاوە نەبوو کە کەریمە کۆمە و دەیەوێ چەتوونییەکی تری لە ڕوودا بکا. کەچی کاتێ لە دەمەدەمی عەسردا گـەڕایـەوە مـاڵـەوە، سەیـری کـرد وا سێ و دووی لـێ نـەکـردووە و دەیـەوێکـەی بـووە بەڕاستییەکی زەق، وەك بەسەر کاولکردنی ماڵەکەیدا هاتبێتەوە، لەناو حەوشەکەدا وشك هەڵات و چاوی بەسەر دیمەنەکەدا ئەبڵەق بوو. نەیدەزانی چی بکا و چی بڵێ! کسپەی ئازارێك لە ناخیدا دەیبرژاند و سەری دەرنەدەکرد کە ئاخۆ لە ئاستیدا چۆن هەڵبسوورێ. کەریمە کۆم لەوەبەر لە دوا قسەیدا فەرمووبووی کە ئەم لەو بارەیەوە هیچ خەمی نەبێ. ئەو کارەکە بەشێوەیەك مەیسەر دەکا، هێندەی تۆسقاڵێکیش ئەمی لێ دڵگران نەبێ!

بەڵام ئـەی کـوا؟ کـەی وەهـایـە؟ چـاوی گێڕا بـۆ کـەریـم. نـیـازی وابـوو هـەروا لـە حەوشەکەوە، دەنگ لە ڕوویدا هەڵبڕێ و بڵێ:

–کاکە کەریم مەکە.. مەکە.. مەردی خوا بە مەکە.. ئەوەی تۆ دەیکەیت کاری کردە نییە.

کەچی  هەر زوو لە دڵی خۆیدا وتی: «جا ئەگەر لەوێش بێ، ئەوە کەی پیاوی ئەوەیە قسەی لەگەڵدا بکرێ؟ قسەکردن لەگەڵیدا چ دادێك دەدا؟».

بە مات و مەلوولییەوە بەرەو کەلەگییەکە هەنگاوی نا. چووە بەر  پەنجەرەکە و هەڵی

ڕوانی. بەچاوی ئەندازیارێکەوە ورد بووەوە. ئاواتەخواز بوو بەئەنجامێك بگا جیاواز بێ لەوەی لە مێشکی چەسپیبوو، نەدەگەیشت. لە ژوور بەدەرکەوتەوە و لە هەیوانەکە ڕاوەستا. ڕوانییە گۆیژەی بەرانبەری. لێرەشەوە چاوی ئەندازیارییەکەی خستەوە کار.. ئەنجام هەروەکو خۆی دەردەچوو. سەرنجی لە گۆیژە داگرتە خوارەوە بۆ لای وەستا و کرێکارەکان کە سەرقاڵی ئیشکردنی خۆیان بوون. بەسەریدا هات بچێ و بڵێ:

– باوکم مەکەن.. برام مەکەن.. ئەمە زۆر و جەورێکە لە من دەکرێ و ئێوە بەشداری تێدا مەکەن. بەڵام هەر خێرا پاشگەز بووەوە. بەخۆی وت:

«بێ سوودە.. ئەوان چییان بەسەر کەین و بەینی نێوان من و کەریمە کۆمەوە هەیە؟!».

تا ئەو کاتەی وەستا و کرێکارەکان دەستیان لەکار هەڵگرت، ئەم لە نێوان ژوورەوە و هەیوان و حەوشەکەدا هەر هات و چوو. ئارام و ئۆقرەی لەبەر هەڵگیرابوو. دەتوت بەدەم زامێکی پڕ لە خوێوە دەتلێتەوە هەناسەی سوار بووبوو. جگەرەی بەدوای جگەرە ئاگر دەدا. تەڕایی لەسەر لێو و ناو دەمدا نەمابوو. زمانی بووبووە پەڵاس. چەند جارێك چوو دەم و لێوی تەڕ کردن و ئاوی لێ وەردان. هەستی کرد ژانێکی تیژ هەردوو کەلەکەی ئاگر دەدا و بە زەحمەت خۆی بەپێوە بۆ ڕاگیر دەکرێ ئەو ساتە بەوە قایل بوو کە وەختێ دەست لە ئیش هەڵگیرا و کەریم هات ئەوان بەڕێ بکا، دوو قسەی لەگەڵدا بکا هیچ نەبێ بزانێ دەڵێ چی!.. بزانێ بۆچی وەهای کردووە. کەچی نە ئەو وەختە و نە دواییش کە دەبوو بێت سەیرێکی ئیشەکەیان بکا، هەر دیار نەبوو. ئینجا کە ئێوارە داهات و دنیا ڕووی لە تاریکبوون کرد، وای بیر لێ کردەوە بچێتە ماڵەوە بۆ لای و پێی بڵێ:

– ئەرێ کابرا!.. تۆ بەڵێنی چیت دابوو، چیت لێ دەبینم.

ئەم بڕیارەشی سەری نەگرت. کە باشتر وردی کردەوە، هەر بەهەمان ئەنجام «ئەو کەی پیاوی ئەوەیە قسەی لەگەڵدا بکرێ؟ قسەکردن لەگەڵیدا چ دادێك دەدا؟»

بە دەم ئەو ئەندێشە و ئازارەیەوە، خۆی لەکونی ژوورەوە کوتا و بەدەستییەوە کەوتە گێنگڵدان. جارەهای جار دەچوو لەبەر پەنجەرەکەدا ڕادەوەستا. لە نێوان تاریکاییەکەی دەریشەوە، ڕووەو دەم کەلی گۆیژە هەڵی دەڕوانی. بەچاوی ناخ تێی ورد دەبووەوە. دەیویست تروسکەیەکی هیوای لێ بێنێتەوە بەرهەم و دڵی پێ خۆش بکا

و نەدەهات. ئەنجام هەروا دەشکایەوە کە کار لە کار ترازاوە.. کە کەریمە کۆم ئەم جارەیش دەستی لێ وەشاندووەتەوە. بگرە ئەوەی ئەم جارەی، گورچکبڕ و کوشندەیە.

***

دەست وەشاندنەکانی لەوەبەری کەریمە کۆم زۆر بوون. ئەم کە ڕیزی پێوە دەگرتن و پێیاندا دەچووەوە، چەند پێیان دڵتەنگ و خەمناك دەبوو، هێندەش لە ئاستاندا واقی وڕدەما و سەرسام دەبوو. لە دڵی خۆیدا دەیوت: «چۆن دەتوانێ وا بکا؟ چۆن چۆنی بیری بۆیان دەچێ و پێکیان دێنێ؟ چۆن دڵی، ویژدانی، هەست و هۆشی بەرایی دەدات ئاوا سووك و ئاسان، وەك قومە ئاوێك بخواتەوە، بیانباتە سەر؟» پێدا چوونەوەکەش هەردەم گومانی پێ پەیدا دەکرد، دەیوت: « تۆ بڵێی نائاساییەکە من نەبم؟».

کەریم هەروا ساڵە وەختێك دەبوو لێی هەڵتۆقیبوو. پار ئەم وەختە و هەر دەمەدەمی پایز بوو کە یەکەم دەنگەدەنگ و هەراوهۆریای خستە ناو خانووەکەوە. خانوو پێنج مانگی ڕەبەق بوو، لەو کاتەوەی عیزەتەفەنی وەك فەرمانبەرێکی میری، بۆ نەگبەتی ئەم گوێزرایەوە بۆ شارێکی تر چۆڵوهۆڵ بوو. عیزەتە فەنی دراوسێ نەبوو، بگرە بۆی لە برا براتر بوو. دووازدە ساڵ بوو لەو خانووەدا بوون، بێ ئەوەی ڕۆژێك لە ڕۆژان هەر بەئاستەمیش دڵی ئەمیان لێ ڕەنجابێ. بگرە هەر ڕاست جێگەی کەسوکارێکی هەرە نزیکیان بۆ گرتبووەوە. وەختێ هاتنە خانووەکەوە ئەم هێشتا باوکی لە ژیاندا بوو. باوکی هەر زوو ئەوی ناسی. خۆی نا، بگرە بن و بنەچەی، وتیشی:

– کە کوڕی حاجی عومەری وەتراخچی بێ، دەبێ بڵێین بەختەوەرین. ڕەحمەت لەو گۆڕەی تێی چووە. پیاوێکی گەلێك چاك بوو.

ئەم دەیزانی باوکی لەخۆوە قسە ناکا. لەگەڵ ئەوەشدا لێی پرسی:

– دەتناسی؟

– بە برادەرێتی نەء.. بەڵام ناسیاویمان هەبوو.

– منیش وەك تۆ.. ئەگەرچی برادەرێتیمان نییە. بەڵام دوور بەدوور یەکتری دەناسین.

– ئاوا!.. خۆ بەهەڵە نەچووم؟.

– نەء.. کوڕێکی زۆر چاکە.

ئەو وەختە عیزەتەفەنی زۆر نەبوو ژنی هێنابوو. خاوەنی تەنیا منداڵێکی ساوا بوو، کە ڕۆیشتن ژمارەیان گەیشتبووە حەوت. حەوت و لە تەمەنی چواردە ساڵییەوە بیگرە تا دوو ساڵە. کەچی ڕۆژێك لە ڕۆژان ڕووی نەدا، بە قسەیەك، بەکردارێك، بە لاسارییەك دڵگرانی بکەن. عیزەتەفەنی و خێزانیشی، هەر لە تەمەنێکی زووەوە لە بەرانبەر ئەمدا وەهایان گۆش دەکردن کە مامێکی هەرە ئازیزیانە.. کە خاڵێکی هەرە خۆشەویستیانە و دەبێ بەو مانایە ڕێزی لێ بگرن.

ئەم لە سەرەتادا، لە ئاستی ئەو ڕێزلێنانەی لە خۆیانی دەبینی و لە ئاستی ئەو جۆرە گۆشکردنەی منداڵی یەکەم و دووەمیاندا مەحجووب دەبوو. زوو زوو سوپاس و ستایشی خۆی بۆ دووپات دەکردنەوە و تەنانەت زیادەڕۆیی تێدا دەکرد. تا جارێکیان عیزەتەفەنی وەك گەیشتبێتە تینی و بێزار بووبێ، بەگلەیییەوە بەڵام بە ناسکی پێی وت:

– کورە باوکم کاك سەبری.. خۆ ئێمە تەنیا لەبەر دڵی تۆ نییە کە وەها ڕەفتار دەکەین. ئێمە راستە تۆمان لا ئازیزیت و لە کانگای دڵیشمانەوەیە. بەڵام حیسابی خۆشمانی تێدا هەیە.. خۆشمان و منداڵەکانیشمان. ئەوەی ئێمە دەیکەین، لە وە بەولاوە نییە کە دەبێ وەها بین. ئەی ئەگینا بۆچی پێمان دەگوترێ مرۆڤ؟.

ئەم لەوساوە ئیتر لێی تێ گەیشت وازی لەو ڕووکەشکارییە هێنا. لە جێگەی، وەك ئەم کاك و ئەویش برا بچووك بێ، لەگەڵ خۆی و ماڵ و منداڵیدا دەجووڵایەوە. دووازدە ساڵ.. دووازدە ساڵی ڕەبەقیان بەتەنیشت یەکەوە وەها بردە سەر.

ڕۆیشتنەکەیان بۆ ئەم، گەلێ لە ڕۆیشتنەکەی باوکی سەخت و ستەمتر بوو. ئەوەکەی باوکی چاوەڕوانکراو بوو. لە پێش هاتنی ئەوانەوە بە ساڵ و نیوێك، تووشی نەخۆشی کوشندەی خۆی بووبوو. کە ئەوان هاتن و هەر دوای حەوت مانگ زایە بوو، زایەبوونەکەی بەلاوە ئاسایی بووبوو. ڕاستە بزربوونەکەی بۆ هەتا هەتایە لە بەرچاوی جەرگی ئاگر دەدا، بەڵام پێشەکی دەیزانی کە ڕۆژێ ئەو بزربوونە نزیکە و هاکا داهات. لە کاتێکدا ڕۆیشتنەکەی ئەوان، بوومەلەرزەیەك بوو لە ناکاوێکدا دای لە هەناوی و بەبێ بڕانەوە، دەستی وێرانکاری تێدا دەگێڕا.

وەرز بەهارێکی درەنگ بوو. ئەم لەسەر پیشەی خۆیان، چاوەڕوانی عیزەتەفەنی دەکرد لە ئان و ساتدا بێ پەیدا ببێ. وەك هەموو جار لە حەوشەکەدا مێزەکە و دوو

کورسییەکەی بە دەوردا، لە بەرامبەر یەکتر دانابوو. دوو پەرداخەکە لەمبەر و ئەوبەرەوە و قاپی عارەقەکە لە ناوەڕاستی مێزەکەدا. سوراحییەك ئاوی سارد و هەندێ سەهۆڵی ورد لە دۆلکەیەکدا، لەملاو لەولای قاپە عارەقەکەوە. بەتەنیشت هەر پەرداخێکەوە، جامێکی بچووکی پڕ لە ماست. بۆ مەزەی تر، چاوەڕوانی دەکرد ئەو لەگەڵ خۆیدا، هەرچییەکی بۆ لوا بیهێنێ.

عیزەتەفەنی بەبێ دواکەوتن هات. دوو قۆڵی کەوتنە تەواوکردنی ڕازاندنەوەی مێزەکەیان .زۆری نەخایاند پێکیان ئامادە کرد. ئەم هەر لە زووەوە هەستی کردبوو کە ئەو لەسەر خۆی نییە. سەرنجی دەدا کە بەخاووخلیچکی دەجووڵێتەوە و بێ زەوقە. تەمەنێکی خەفەتباریش ڕوخساری تەنیوە. هەر بەدوای قومی یەکەمدا، خێرا ئەو هەستەی دەربڕی. وتی:

– خوڵقت نییە.. خێرە؟.

ئەو قومێکی تری لە ناوەختی لە پێکەکەی دا. وەك پەلەی وەرامدانەوەی نەبێ و بیرێکی لێ بکاتەوە، دوو سێ کەوچکی لە مەزەکانی بەردەمی دا. دوای ئەوە پاکەتەکەی لە گیرفانی دەرهێنا و جگەرەیەکی داگیرساند. مژێکی قووڵیشی لێ دا و ئەوسا وتی:

– وایە.. نەك هەر خوڵقم نییە، بگرە سەری دنیام لێ هاتووەتەوە یەك.

ئەم وەك پرسیارەکەی لەوەبەری، لەسەر سووکە گومانێك بنیات نابێ و کەچی لە ناکاوێکدا لێی بووبێتە ڕاستییەکی زۆر زەق، ڕاچەنی و بە پەرۆشەوە وتی:

– چی بووە؟ چیت لێ قەوماوە؟ پێم بڵێ!

ئەو هیچی تری نەوت. تەنیا دەستی برد پەڕە کاغەزێکی لە گیرفانی دەرهێنا و دایە دەستی. ئەم کە بە پەلە وەری گرت و خوێندییەوە، بە شڵەژاوییەوە وتی:

– بۆ؟!.. لەبەر چی؟!. لەسەر چی؟

– نازانم.. خۆشم نازانم.

– چۆن نازانیت؟!. یانی.. یانی.. خۆت چۆنی تێ دەگەیت؟.

– نازانم کاك سەبری.. نازانم.. زۆر بەلامەوە سەیرە.

– تۆ خۆت بیرت بۆ هیچ شتێك ناچێ؟!.. هیچ لەخۆتدا شك نابەیت؟.

– هەر هیچ و بەهیچ کلۆجێ. نامناسیت؟ خۆت نازانیت کە من چەند لەو شتانەوە دوورم؟.

– ئەی دەبێ چی بێ؟.

– نازانم.. چەند سەر دەهێنم و دەبەم، بیرم بۆ هیچ شتێك ناچێ بڵێم وەڵا ڕەنگە ئەوە بێ.

ئەم لەو خراپتر تەنگەتاو بووبوو. کە بە پەشۆکاوییەوە دەستی بۆ پێکەکەی برد، هەستی کرد پەرداخەکە لەناو لەپیدا دەلەرزێ. وەك شەرمی پێ بێ، بەپەلە قومێکی گەورەی لێ دا و دای نایەوە. دەستی درێژ کرد کەوچکێ لە ماستەکە بدا، نەیکرد و گێڕایە دواوە. لەبری ئەوە جگەرەیەکی نا بەلالێوییەوە و ویستی دای گیرسێنێ. ئاگری دەنکە شقارتەکە لە بەینی پەنجەکانیدا، لەرزە لەرزی پێ کەوتبوو. لەوە زیاتر خۆی بەدانیشتنەوە پێ ڕانەگیرا. هەڵساو لە مێزەکە دوور کەوتەوە. نەیدەزانی بۆچی هەڵساوەتە سەرپێ. دوای کەمێ ڕاوەستان بەهانەی چوونە ئاودەستی دۆزییەوە. کە گەڕایەوە و دانیشتەوە، هێمن بووبووەوە.

وتی:

– نەتپرسی مەسەلە چییە؟!

– با بێ گومان.. لەوانەی پێوەندیی ڕەسمییان بە کارەکەوە هەیە، کەسیانم نەهێشت لێی نەپرسم.

– چییان وت؟

– هیچ.. هەموو یەك وەرامیان دامەوە.. ئاگەدار نین و هیچی لێ نازانن. فەرمانە و ڕاستەوخۆ هاتووە و ئەوان دوور و نزیك ئاگەدار نین.

– جا ڕاست دەکەن؟.

– نازانم.

– پێت نەوتن؟.. هیچت پێ نەوتن؟.

– نەء.

– بۆچی؟!.

– بێ سوودە.

قومێکی تری لە پێکەکەی دا. کەوچکێ ماستی بەدوادا خوارد بۆ ماوەیەك خامۆش بوو. ئینجا وەك لەبەر خۆیەوە بدوێ وتی:

– ڕاست دەکەیت.. بێ سوودە.. لەم حاڵەتانەدا قسەکردن بێ سوودە.

دەستی دایەوە پەڕە کاغەزەکە. جارێکی تریش خوێندییەوە. دیسان لەبەر خۆیەوە وتی:

– بینا لەسەر بەرژەوەندیی گشتی.. ئا.. بێ سوودە! ئیتر بەدرێژاییی دانیشتنەکەیان. باس هەر لەو نەهامەتییە لە ناکاوە بوو کە بەهۆی ئەو پەڕە کاغەزەوە، بەسەر هەردووکیان هاتبوو. چەند هێنایان و بردیان، هیچ چارەسەرێکی بنەڕەتییان بۆ نەدۆزرایەوە. تەنیا لەسەر ئەوە گونجان کە با جارێ ئەو خۆی بڕوا ماڵ و منداڵ بەجێ بێڵێ، بەڵکو بتوانێ فەرمانەکەی هەڵوەشێنێتەوە، بەڵام مانگێك و دووان و سیان و هیچی بۆ نەکرا ناچار ماڵ و منداڵیشی گواستەوە بۆ لای خۆی و ئەمیش لە ئەنجامیدا. دەلاقەیەك کەوتە ڕەوتی ئاسایی ژیانییەوە.

ئەم بەدرێژاییی ئەو پێنج مانگەی خانووەکەی تێدا بەچۆڵی مابووەوە، تەقەلایەکی زۆری لەگەڵ خوشکیدا دا کە ئەوەکەی خۆیان بفرۆشن بێن ئەمەی پێ بکڕن. ئەمیان هەر لەگەڵ چۆڵکردنەکەیدا خاوەنەکەی بڕیاری دا بیفرۆشێ. ئایا جەنابی خاوەن ئەم بڕیارە نە گریسەی بۆچی دا؟ نەیزانی!. خۆ ئەم ویستی بچێ پرسیارەکەی لێ بکا. نیازیشی وابوو بچێ هەوڵ بدا پەشیمانی بکاتەوە، بەو هیوایەی بەڵکو گوێزانەوەکەی عیزەتەفەنی هەڵوەشێتەوە و بگەڕێتەوە ناوی، بەڵام لەبەرئەوەی لە دڵدا لە هیچ کام لەم دوو حاڵەتە دڵنیا نەبوو، هەر هێندەی بیری بۆ ئەو ئاڵوگۆڕەی لەمەڕ خوشکی چوو، سێ و دووی لێ نەکرد و بۆی کەوتە خۆ. بە هەڵەداوان خۆی گەیاندێ و مەسەلەکەی بۆ باس کرد. خوشك ئەگەرچی لە ڕووی پەڕپووتیی ئەم خانووەیانەوە لە چاو ئەوەکەی خۆیاندا زەرەرمەند دەبوو، بەڵام کاتێ ئەم بۆی ڕوون کردەوە چۆن دەتوانن دەستێکی باشی پێدا بهێنن و بە پارەیەکی کەم نوێی بکەنەوە، بە ئاسانی قایل بوو. بەڵێنی دا مێردەکەشی ڕازی بکا بۆ نەگبەتی ئەم، مێردە قسەکەی بەگوێدا نەچوو. ئەو ئەگەرچی گەلێ ڕێزی لەم دەناو لەوانەش نەبوو کابرایەکی خۆپەرست و گیر و بێ مروەت بێ، لەگەڵ ئەوەشدا بەئەدەبەوە وتی:

– کاکە سەبری..خۆ خۆت باش دەزانیت کە ئێمە، منیش و بەهێش و منداڵەکانیش،

تۆمان هێندەی هەردوو چاوی خۆمان خۆش دەوێ. بەڵام تۆ لەلای خۆتەوە، بۆچی نایەیت دەسبەرداری ئەو کۆنە خانووە بیت و بێیتە لای ئێمە؟ وەرە ژوورێکی سەرەوەت بۆ تەرخان بکەین و هەر هەموومان، بە خۆشنوودییەوە پێڵاوت بخەینە سەر سەر. بێ قەزابیت. تۆ لە خۆڕایی خۆت سەغڵەت دەکەیت.

ئەم حەزی دەکرد وا زوو کۆڵ نەدا. ویستی بیدوێنێ هەوڵێك بۆ قایلکردنی بدا. خوشکی ئەو نیازەی لا پووچ کردەوە کە وتی:

– کاکە دە ڕاست دەکا. تۆ بۆچی لە خۆڕایی وا خۆت سەغڵەت دەکەیت؟.

قسەکەی خوشکی، هانی دا زیاتر وردی بکاتەوە. کە کردی هەر زوو بەو ئەنجامە گەیشت کە چەندە واز نەهێنانی ئەم لە خانووە کۆنەکەی هەقە، هێندەش واز نەهێنانی ئەوان لەو خانووە تازە تەرز و فراوان و پاك و پوختەیان هەقە. بۆیە لەوە زیاتر لەسەری نەڕۆیشت. کشایە دواوە و لەو باسە بێدەنگ بوو. خوشکی لەو ماوەیەدا دوو سێ جار هێنایەوە کایەوە و ئەم خۆی نەکردەوە بەخاوەنی. چاوەڕوانی چارەنووسی بوو. بەردەوام دەستی لەسەر دڵی بوو. ها ئێستا ئەنجام دیاری دەدا ها ساتێکی تر. تا ئەوەبوو دوای پێنج مانگەکە، دیاریی دا و کەریمە کۆمی بوو بە نسیب.

## ٢

کەریمە کۆم هەر لە ڕۆژانی یەکەمی هەڵتۆقینەکەیەوە، وەك پیاوێکی چارەگرژ و ڕەزاگران هاتە بەرچاوی. ئەم خۆی لەو بابەتە مرۆڤە بوو کە لەگەڵ بینینی هەر کەسێکی نەناسیاودا، یەکەم جار حیسابی بۆ سەر و سەکوتی دەکرد. هەرچەندە زۆر جار ڕێکەوتی کردبوو لەم ڕووەوە بە هەڵە چووبێ، کەچی وەك لێی بووبێتە خوویەك و ڕزگاربوونی لە چنگی بۆ نەبێ، هەر لە سەری دەرۆیشت و دەسبەرداری نەدەبوو.

لە ڕۆژی سێیەمی هاتنەکەیاندا بوو کە لە کاتی چوونە دەرەوەیدا لە ماڵ، لەناو کۆڵانەکەدا ئامبازی یەکتر بوون. ئەویش هەر لەو ساتەدا لە دەرگەی حەوشە دەهاتە دەر.

ئەم بە ئەرکی سەرشانی زانی دەسپێشکەری بکا و زۆر بە نەزاکەتەوە سڵاوی لێ کرد. وتیشی:

– بمبەخشە.. دەبوو بۆ بەخێرهاتن لێکردنتان بهاتمایە ماڵەوە. بگرە دەبوو میوانداریشتان بکەم. بەڵام نازانم دەزانیت یان نا کە من.

ئەو نەیهێشت قسەکەی تەواو بکا. دەتوت نایەوێ ئەم لەسەری بڕوا و وەهاشی هاتە بەرگوێ کە دەبۆڵێنێ کاتێ وتی:

– دەزانم.. ئاگەدارم.

ئەم ویستی بپرسێ:

– چی دەزانیت و چۆن؟.

دانی بەخۆیدا گرت و نەیپرسی. هێندەش بەو قسەیە شڵەژابوو، کە هیچ قسەیەکی تری بەپەلەی بۆ نەهات و کڕ و کاس بوو. تەنیا سەرنجێکی خێرای بە سەر و سەکوتیدا گێڕا و وێنەیەکی بەدەستوبردی لێ گرت. ئەو لەلای خۆیەوە بەدوای قسەکەیدا، بەبێ هۆ ملەقوتێیەکی بەلای دەرگەی حەوشەکەی ئەمدا کرد و وتی:

بۆیان باس کردووم. گلەییت لەسەر نییە.

ئەم ئەوسا زمانی بەربوو وتی:

– بەڵام دەبوو بهاتمایە.. دەشهاتم.. کە بیرم لێ کردەوە وتم: هێشتا نەکەوتوونەتە

سەر خۆیان.. با دابمەزرێن دەچم و لە خزمەتیاندا دەبم. ئەو جارێکی تریش ئەمی سەرسام کرد بەبێ پەروا وتی:

– چاکت کرد!.

سەرسامییەکەی زیاتر لەوەوە بوو کە ئەو ماوەیە بێدەنگ بوو ئینجا پاشماوەی قسەکەی دەربڕی و وتی:

– ماڵ گواستنەوە و دامەزراندنەوەی کەلوپەلەکان لە شوێنی خۆیاندا، کارێکی زەحمەتە پیاو بەدەستیەوە چوار چاو دەبێ.

لەمەش بەولاترەوە، دوای بە ئەنقەست خۆ بێدەنگکردنێکی تر، ئینجا قسەکەی تەواو کرد و وتی:

– ئێستەش هێشتا، هەر تەواو نەکەوتووینەتە سەرخۆمان.

ئەم لەو ساتەدا وەهای بۆ چوو کە کابرا لە خوت و خۆڕایی، شەڕی پێ دەفرۆشێ!. یا ئەگەر ئەمیشیان نەبێ، دەیەوێ هەر لە یەکەم یەکتر بینینەوە پێی ڕابگەیەنێ، کە بەناسینی ئەم ناشاد و ناشوکورە!.

ئێ ئاخر بۆچی و لەبەرچی؟ هەوڵی دا بیزانێ و بۆی ساغ نەبووەوە. ئەوەی ساغ بووەوە تەنیا هێندە بوو کە وێنەیەکی باشتری سەر و سەکوتی بگرێ. بۆیە ئەم جارە بەکاووخۆ، بینایی بەسەر و ڕوخساریدا گێڕا. بگرە سەرنجی بەرەو خواریش، بۆ لەش و لاری داگرتە خوارێ و وێنەیەکی ئەوانیشی گرت. ئەوسا دەستی درێژ کرد تەوقەی خواحافیزی لەگەڵدا بکا و وتی:

– بەخێربێن.. زۆر بەخێربێن.. پێخۆشحاڵم بەهاتنتان و بەناسینتان.

ئەویش دەستی درێژ کرد. چووە ژێر باری تەوقەکەوە لە وەرامیشدا وتی:

– سوپاس.. سوپاس.. منیش پێخۆشحاڵم بەناسینتان. تا ئێرە کارەسات بەئاسایی ڕابوارد. کەچی کاتێ ئەم، دەستی لە دەستی بەردا و وەرچەرخا بڕوا، ئەو لە ناکاوێکدا وتی:

– ئەرێ بەڕاست مامۆستا. تۆ چۆنە وا بەڕەبەنی ماویتەوە و تا ئەم تەمەنە ژنت نەهێناوە؟

پرسیارەکە لە بابەتێك و لە یەکێکەوە و لە کات و شوێنێکیشدا بوو کە ئەم لە ئاستیدا،

بداته نەعرەتەیەکی ئەوتۆ، نەك تەنیا پەردەی گوێی کەریمە کۆمی پێ شندڕ بکا، بەڵکو دار و بەردی ناو کۆڵانەکەشی پێ بێنێتە لەرزین. لەگەڵ ئەوەشدا وەك هەر جارێکی تری لەو بابەتەی، دانی بەخۆیدا گرت و نەیکرد. ئا.. بەدیوی دەرەوەیدا نەیکرد.. دەنا بەدیوی ناوەوەیدا.. بەناو ناخی دەروونیدا.. نەعرەتەیەکی وەهای لێ دا کە لەوە زیاتر لە بەرامبەر کەریمە کۆمدا خۆی پێ ڕانەگیرا. گڕ و کڵپەی تووڕەیییەکەی ناخی، لەگەڵ جەستەی خۆیدا لوول دا و بەبێ هیچ جۆرە وەرامێك، ڕووی لێ وەرگێڕا و ملی ڕێگەی گرتەبەر.

ئەم ئەو ڕۆژەی لێ بووە یەکێ لە ڕۆژە ڕەشەکانی ژیانی. بۆ ئەوە لە ماڵ هاتبووە دەرەوە کە بچێ مووچەی خانەنشینییەکەی وەربگرێ. نیازی وابوو سەرێکی بازاڕیش بدا، بیجامەیەکی هاوینە و یەك دوو دەرپێ و فانیلە بکڕێ. دەشیویست لە گەڕانەوەدا، بچێ سەرێکی ماڵی بەهێی خوشکی بدا و نانی نیوەڕۆ لەوێ بخوا. بڕیاریشی دابوو داوای لێ بکا کە بۆ ڕۆژی دوایی یا دواتر، بێت و لەگەڵیدا میوانداریيەکی باشی خێزانی جەنابی کەریمی تازە دراوسێی بۆ ساز بکا. میوانداریيەك بسەلمێنێ کە ئەم ئەگەرچی بەتاقی تەنیا لەناو ئەو چوار دیواردا ژیان بەسەر دەبا، بەڵام لە کونە دیوار نەهاتووەتە دەرەوە خاوەنی کەسوکاری خۆیەتی. کەچی جەنابی کەریمە کۆم، ئەو هەموو نەخشە و بڕیارانەی لە کفلەیکوونێکدا، لێ تێکوپێك دا.

ئەوانە هیچیانی نەکرد. کە لە کەریم جیا بووەوە و کۆڵانی جێ هێشت، لە ناخدا هەر دەکوڵا. هەر نەعرەتەی دوای پرسیارەکە، لە قووڵاییی دەروونیدا دەنگی دەدایەوە و دەیهەژاند. نەچوو بەلای وەرگرتنی مووچەکەیەوە. ڕووی لە بازاڕیش نەکرد. بەڵکو کۆڵانە و کۆڵان ملی پێوەنا. نە یەکێك و نەدووان و نە دە و هەر ملی دەنا. دەیزانی بۆ کوێ دەچێ. لەیەك بەیەکی کۆڵانەکاندا، دەیزانی چۆن خۆی پێدا دەکا و لە کوێوە دەردەچێ. ئەوە ڕێگەی جارەهای جاری بوو. لە هەر جارێکیشدا کە ئەم بڕیارەی دەدا، قەت ڕێگەی شەقامی گشتی نەدەگرتە بەر. حەزی نەدەکرد تووشی ناسیاوێك ببێ و بە قسە و باسەوە گیری بدا.

کە گەیشتە جێ، وەك هەموو جارانی تری، چووە ژوورسەریانەوە و دانیشت. هەر بە دەستووری جارانیشی، دەستی ڕاستی گرت بە کێلی گۆڕەکەی دایکییەوە و دەستی چەپی کێلی گۆڕەکەی باوکی. سەریشی بەسەر سنگیدا شۆڕ کردەوە و خامۆش بوو. ماوەیەکی زۆر بێ ورتە و جووڵە، بەو چەشنە مایەوە. تەنیا هەردوو چاوی پڕ بووبوون

لە فرمێسك و چەند تنۆکێکیشیان، لێ چۆڕایەوە خوارەوە بۆ سەر زەوییەکە. دوای ئەوە سەری هەڵبڕییەوە و دەستی لە کێلەکان بەردا. هەر بەدانیشتنەوە تۆزێ خۆی کشاندە دواوە. دەستەسڕەکەی لە گیرفانی دەرهێنا و چاوە فرمێسکاوییەکانی پێ سڕی. ئینجا جگەرەیەکی ئاگر دا و بەدەم هەڵڕوانینییەوە بەناو شاردا کە بە ئاسانی هەموو لایەکی دەبینی، کەوتە مژلێدانی. بەتایبەتیش دەیڕوانییە گەڕەکی کانێسکان و هەوڵی دەدا، ماڵی خۆیانی تێدا ببینێتەوە.

کە ڕووە و ناو شار بووەوە، بەهیچ لایەکی تردا نەچوو. ئەم جارە شەقامە و شەقام ڕێگەی بڕی. بە سابوونکەراندا بەرەو بەردەرکی سەرا و بۆ بەر مزگەوتی گەورە و لەوێوە بۆ کانێسکان. بە کۆڵانەکەی لای ماڵی شێخ لەتیفدا لایدا و ڕاست بۆ ماڵەوە خۆی کوتا. لە بەردەرگەی حەوشەدا، ڕاوەستا و سەیرێکی لای دەرگەی حەوشەی تازە دراوسێکەی کرد. لێی ڕوون نەبوو سەیرکردنەکە بۆ چییە؟ بۆیە خێرا سەرنجی لێ لادا و خۆی بەماڵدا کرد.

لە ژوورەوە بەبێ خۆ گۆڕین، جەستەی فڕێ دایە سەر قەرەوێڵەکەی. لەسەر گازی پشت ڕاکشا و چاوی بڕییە بنمیچەکە. بەفرسەتی زانی وێنەکەی کەریم بێنێتەوە بەرچاو. ئا.. دوو چاوی زەق. لووتێکی نووك تیژی چنگاڵی. دوو ڕوومەتی قۆپاو! سەیرە!.. هەرسێ نیشانەکە! ئەمە دەبێ چ ڕێکەوتێك بێ؟ هەرسێکیشیان پێکەوە! ئەی ئایا وابوو؟ بەهەڵە نەچووم؟ نەء.. هەرگیز نەء.

دوو جار بەباشی، وێنەی سەروسەکوتی نەگریسیم گرت.. دوو جار و بێ کەم و زیاد وەها بوو. دوو چاوی زەق.. لووتێکی نووك تیژی چنگاڵی.. دوو ڕوومەتی قووپاو. ڕوومەتی قووپاو؟ بەڵام خۆ ئەمە نیشانەی لاوازی لەش و لارە. ئەو لاواز نەبوو. نەء.. تێکسمڕاوێکی گردەڵە بوو. نانا.. بەبالاش مام ناوەندی بوو. خۆ من کورتەبالانیم. کە تێم دەڕوانی، بینایی‌مان لەسەر یەك هێڵ لە بەرانبەری یەکتردا بوو. نە گردەڵە نییە. تێکسمڕاوێکی بالا مامناوەندییە. ئێ جا وا بێ یا وا نەبێ خۆ من باسم لەمە نییە. من دەڵێم چاوی و لووتی و ڕوومەتی هەرسێکیشیان پێکەوە! من بە یەکێکیان دڵم کرمێ دەبوو. کەچی ئەم هەرسێکیانی تێدایە. دیارە.. خۆ لە خۆڕایی نییە هێندە بێ نەزاکەت و قسە ڕەق بوو. کابرا دەتوت لەگەڵ باوك کوشتەیەکیدا دەدوێ!. دەتوت بەخوێنی سەرم تینووە. دەتوت..

له ناخدا وەها هەژابوو کە لەسەر ئەو بارەی ڕاکشانەکەی، خۆی پێ ڕانەگیرا. ڕاچەنی و کەوتە سەر باری دانیشتن. ئەوە وریای کردەوە چاوێکی بەناو ژوورەکەیدا گێڕا. چاو گێڕانەکە پتر هێوری کردەوە بزەیەکی خاو کەوتە سەر لێوی. قسەکەی عیزەتەفەنی کەوتە بیر کە جارێکیان پێی وت:

–تۆ لەسەر ئەم ئەقڵە بیت، دەبێ نیوەی ئەو خەڵکە ڕاستەوخۆ و بەبێ هیچ بەڵگەیەکی تر، بە پیاوخراپ بزانیت! کە وەهاشت کرد، دەبێ بێ چەندوچۆن ئەو نیوەیە لە حیسابی خۆت دەرهاوێژیت!.

عیزەتەفەنی ئەوە یەکەم جاری نەبوو، لەو بابەتە قسەیەی بۆ بکا. زۆر جار لەسەر ئەو مەسەلەیە، دەکەوتنە دەمەتەقێی هەم دوور و درێژ و هەم توندوتیژەوە. تەنانەت جاری وای تێ کەوتبوو، پەنا بەرنە بەر بیروڕای زانایانی پسپۆڕ و هەریەکەیان دەچوو، بۆ چەسپاندنی ڕای خۆی و بەرپەرچدانەوەی ڕای ئەوی تر، لە دوو تویێ کتێبدا دەگەڕا. تا وردە وردە وا شکایەوە کە ئەم مەیلی بەلای وازهێناندا هەبێ لەو بیروڕایەی. بەتایبەتی کە عیزەتەفەنی هەندێ جار، لووتی بۆ دەکردە نموونە و دەیوت:

– ئەی من ؟!.. بڕوانە لووتم.. چاك بڕوانە.. گوایە من پیاوخراپم؟

ئەوی ڕاستی بێ ئەم لە دڵدا، لە شێوەی لووتی ئەو ڕازی نەبوو بەڵام هەردەم لە وەرامیدا دەیوت:

– تۆ نەء.. چونکە یەکەم: هەموو بنەمایەك لاوەکیی تێدایە. دووەم: تۆ لووتت تەنیا نووك تیژە و چنگاڵی نییە. سێیەمیش: من مەبەستم حوکمدانە بەسەر کەسێکی نەناسیاودا و یەکەم جار بێ بیبینم، نەك یەکێکی وەکو تۆ. بەهەرحاڵ، لە ئەنجامدا ئەو مەیلەی هەر لەلا پەیدا بوو کە ئەم هەڵەیە و عیزەتەفەنی لەسەر هەقە. کەچی کەریمە کۆم ئە ئاوا لە ناکاوێکدا، ریسەکەی لێ کردەوە بە خوری و بردییەوە دۆخی جارانی.

– ئەرێ بەڕاست مامۆستا.. تۆ چۆنە وا بەڕەبەنی ماویتەتەوە و تا ئەم تەمەنە ژنت نەهێناوە؟

هەر وشەیەکی پرسیارەکە، وەك پشکۆ ئاگرێك دەچزایەوە بەمێشکیدا. تەوژمێکی هەژان و تووڕەبوون، لە دەروونیدا سەری هەڵدایەوە. نەیدەزانی چۆنی لێك بداتەوە. یا دەیزانی و حەزی نەدەکرد دانی پێدا بنێ. هەر ئەوەیە.. لە خۆڕایی نییە لەناو ئەو ملیارەها ئادەمیزادەدا کە هەن، دوو کەس نەبینیت کتومت لەیەکتری بچن. ئەگەر وا

نەبووایە.. ئەگەر جیاوازی سەروسەکوت و لەش و لار بەڵگە و نیشانە نەبوونایە، خۆ دەبوو خەڵکەکە هەموو لەیەکتر بچن. ئەوساش لەیەکترچوونەکە، دەبووە مایەی یەك بابەتی. یا هەموو خێرخوا دەبوون، یا هەموو شەڕخوا. خۆ چاکتر وابوو وەها بوایە. ئەم نیوە نیوییەی زوڵمە. نانا.. هەر لە بنەڕەتەوە کارێکی بێ مانایە. دەستوورێکی ناپەسەندە بۆ ژیان و بگرە زۆر نەگریس و چەپەڵە. بۆ چی من خێرخوا بم و یەکێکی تر شەڕخوا؟ من نەمەوێ و نەتوانم ئازاری مێشوولەیەك بدەم و یەکێکی تر، پلیشاندنەوەی منی بەلاوە وەك ئاوخواردنەوە بێ؟ لە کاتێکدا هەردووکیشمان هەر پێمان بوترێ ئادەمیزاد. ئا.. دەستوورەکە لە بنەڕەتەوە ناپەسەندە. نەگریس و چەپەڵە. دەڵێ تۆ چۆنە وا بەڕەبەنی ماویتەوە؟ دەڵێ بۆچی!.. دەی باشە کابرا. من و تۆ یەکەمجارە یەکتری دەبینین!. دەی تۆش وەکو من ئادەمیزاد نیت؟ وەکو من خاوەنی عەقڵ و هۆش نیت؟ بەکام تەرازوو بیکێشیت، هێندەی من مۆخ لە کاسەی سەرتدا نییە؟ دەی کەوابێ ئەم پرسیارە بێ نەزاکەتانەیە چییە دەیکەیت؟ من لە تۆم پرسی بۆچی ژنت هێناوە بۆچی منداڵت هەن؟ ها.. من لە تۆم پرسی؟! ئەگەر شەڕخوایی لەناو مۆخەکەتدا بنجی دانەکوتاوە، بۆچی ئەم ناماقووڵییە دەکەیت؟ یا کورە بابە بتکردایە.. خۆمن ناڵێم حاڵێ یا حیسابێ.. بتکردایە.. بەڵام لە کاتی خۆی و لە شوێنی خۆیدا. فەرموو ئەوە عیزەتەفەنی.. خۆ ئەویش ئادەمیزادێك بوو وەکو تۆ! ئەو دوای شەش مانگ ئینجا ئەو پرسیارەی کرد. چۆنیش؟ لە وەختێکدا تەواو یەکتریمان ناسیبوو.. کە چەندین جار بوو پێکەوە دانیشتبووین و لە هەمەجۆر قسە و باسمان هێنابووە کایەوە. ئەو نەهات وەك تۆ ژەهری (ئەرێ!.. مامۆستا!..)م بەڕوودا پف بکا! ئەرێ!.. مامۆستا!.. سەیر سەیر!.. سەیری ئەو ژەهری مارەی ئاخنیبوویە ناو ئەم دوو وشەیەوە!. دەی باشە زەلام.. تۆ ئەم ژەهراویکردنی وشانە، چۆن و لە کوێوە فێر بوویت؟! ها!.. چۆن و لە کوێوە؟!.. ئەگەر چاوە زەقەکانت.. ئەگەر لووتە نووك تیژە چنگاڵییەکەت.. ئەگەر ڕوومەتە قوپاوەکانت کانگایان نەبووبێ، ئەی گوایە لە کوێوەت هێنان؟!.. ها.. لە کوێوە؟!.

سەبری لەو ساتانەدا، گەیشتبووەوە پۆپەی باوەڕهێنانەوەی، بەبیروباوەڕەکەی لەوەبەری.. لەسەر قەرەوێڵەکە هاتبووە خوارەوە و بەبێهوودە، بەناو ژوورەکەدا دەهات و دەچوو. تەنانەت بە خۆی نەزانیبوو کە بەهێی خوشکی و حەمەجەزای خوشکەزای، خۆیان کردبوو بە ماڵدا و هاتبوون، لە بەردەرگەی ژوورەکەدا ڕاوەستابوون. لە دەنگی بەهێ وریا بووەوە کەبەسەرسامییەوە وتی:

– کاکە!..

ئەمیش لەلای خۆیەوە سەرسام بوو. بەرامبەریان ڕاوەستا و حەپەسا. بە چاو تێی دەڕوانین و بەزمان هیچی بۆ نەدەوترا. تا کاتێ بەهێ وتی:

– کاکە.. ئەوە چیتە؟ مێشکت بەچییەوە خەریکە؟.

ئەوسا تەواو بە ئاگا هاتەوە و تێکەڵوپێکەڵ وتی:

– ها؟.. هیچ.. هیچ. فەرموون وەرنە ژوورەوە.

ئەوان بەژوور کەوتن. بەهێ لەسەر زەوی و حەمەجەزا لەسەر قەراغی قەرەوێڵەکە دانیشتن. هیچیان نەوت. تەنیا بە سەرسوڕمانەوە تێی ورد دەبوونەوە . ئەم وتی:

– دەمێك بوو هاتبوون؟.

بەهێ وتی:

– نەء.. زۆر نەبوو. بەڵام تۆ دیارە لێمان بێ ئاگابوویت.. بۆچی؟

– ئەوەی ڕاستی بێ.. بیرم لەلای دراوسێ تازەکەم بوو.

– ئێ.. دەی ئێمەش بیرمان لەلای بوو. هەر بۆ ئەوەش هاتین.

– بۆ ئەوە؟!.. چۆن

– بیستمان کە دراوسێی تازەت پەیدا بووە و هاتین لە دەمی خۆت، هەواڵی بزانین.

– لە دەمی خۆم؟ یانی لە دەمی کەسی تر هەواڵیتان زانیوە؟

– ئا.. باوکی حەمەجەزا سووکە تاقیبێکی کردووە.

– ئێ؟.. چی دەڵێ؟

– دەڵێ پیاوێکی بێ وەفایە.

– چی؟

– پیاوێکی بێ وەیە و سووکە خێزانێکی هەیە. وابزانم وتی: دوو کچ و کوڕێك. کچەکانی گەورەن و کوڕەکەی حەوت هەشت ساڵانە. تۆ هێشتا نەتدیون؟

ئەم بە وشەی (بێ وەی)ەکە لە تاسەوە چوو. لە دڵی خۆیدا وتی:

«حەی!.. ئەمە چەندی بە چەندە؟.من چۆنی دەبینم و خەڵکی تر چۆنی باس دەکەن؟ بێ وەیە!.. ئا بەڵێ زۆر بێ وەیە!!».

– تۆ هێشتا کابرات نەدیوە؟.

– ها؟.. بابا.. دیم.

– کەی؟.

– ها ئەم بەیانییە؟ ئەی خۆ وا بزانم ئەوان سێ ڕۆژە هاتوون.

– وایە.

– قسەت لەگەڵدا کرد؟!.. دواندت؟

شێوەی گفتوگۆکەیان بەرەو ئەوە دەچوو، سووکە ڕقەکەی لە بەهێی خوشکی هەڵسێتەوە. بەهێ نەك هەر یەکێك بوو لە مرۆ چیرەدرێژەکان، بگرە گەلێ جار لە ژێر پەردەی زێدە دڵسۆزی و بەتەنگەوەهاتندا، لەم دەبووە لیسێکی پۆلیسی و دەیویست بچێتە بنج و بناوانی ورد و درشتی هەڵسوکەوتەکانی ژیانیەوە. لەسەر ئەو ڕەفتارەی، زۆر جار دەکەوتە ئامۆژگاریکردنی و بگرە بەدەم پێدا هەڵشاخانەوە، داوای لێ دەکرد دەستبەرداری ڕەفتارەکەی بێ. کەچی هەر نەدەبوو، چونکە ئەویش ڕەفتارەکە لە مۆخیدا بنجی داکوتابوو. خۆ لەبەرئەوەی دەچووە خانەی خۆشەویستیی خوشکی بچووکەوە بۆ کاکی، ئیتر دەسەڵات نەدەما و دەمارگرژییەکەی لە ئاستیدا زوو خاو دەبووەوە. بۆیە ئەم جاریش دانی بە خۆیدا گرت. بەڵام بە دەنگێك کە یەکاڵاکردنەوە ببەخشێ وتی:

– بەهێ گوێ بگرە.. ئا بەڵێ.. قسەشم لەگەڵدا کرد و دواندیشم. ئەم بەیانییە کە ئا لەو دەرگەی حەوشەیە چوومە دەرەوە، وا چووم یەکەم جار بچم مووچەکەم وەربگرم. ئینجا سەرێکی ناو بازاڕ بدەم. دوایی بێم نانی نیوەڕۆ بخۆم و داواش بکەم کە.. کە.. دەزانیت چی؟.

– ئا کاکە گیان.. چی؟.

– بێیت یارمەتیم بدەی پێکەوە، میوانداری دراوسێ تازە بەڕێزەکەمان بکەین.

– ئێی؟!

– ئێی کە لە دەرگەی حەوشە چوومە دەرەوە، لووتم بوو بە لووتییەوە. قسەم لەگەڵدا کرد و دواندم. بەڵام نەك هەر پیاوێکی بێ وەی نەبوو، بگرە کوڵەوەیبابێك بوو بۆ خۆی.

– ئاخر کاکە..

– ئاخر و ماخری پێ ناوێ.. وابوو وەکو وتم.

– ئاخر چۆن؟.

– ئاخرمن و تۆ ڕێکەوتنێکمان لە بەیندا هەیە.. وانییە؟

– با.. ئەی نابێ بزانم؟.

– نەء.. زانینت سەریەشەی درێژە پێدانێکی پووچم بۆ دروست دەکا.

– بۆ کاکە.. بۆچی؟.

حەمەجەزا کە تا ئەو کاتە ورتەی لە خۆی بڕیبوو، ڕاپەڕییە سەرپێ و ڕووەو دایکی ڕاوەستا.. بەدەنگێکی تێکەڵ لە نیمچە هەڕەشەیەکەوە وتی:

– دایە .. تکایە لە سەری مەڕۆ.

دایك وەك تکای کوڕەکەی بەلاوە بێ ڕەتکردنەوە بێ، ئان و سات خۆی کڕ کرد. خاڵیش لەلای خۆیەوە، وەك ڕێزێکی تایبەتی بۆ خوشکەزاکەی هەبێ، سەرنجێکی خێرای دایە سەر و ڕوخساری. بە دوایدا ڕووی لە هەردووکیان وەرگێڕا و بەرەو بنەوەی ژوورەکە چوو. لەوێ ڕاوەستا و وەرچەرخایەوە. هەر بەپێوە پاڵی بە دیوارەکەوە دا و بێدەنگ بوو. بۆ ماوەیەك سێ قۆڵی خامۆش بوون.

هەریەکەیان چاوی بەسەر شوێنێکی نادیاردا ڕوابوو. بۆ خۆیان و لەگەڵ خۆیاندا دەدوان. تا حەمەجەزا ڕووی قسەی کردە خاڵی و بە وەرام هات. وتی:

– خاڵە گیان.. تۆ خۆت دەزانیت ئێمە چەند تۆمان خۆش دەوێ. چەندیشمان لا مەبەستە کە سەرت سووك بێ و لە گێچەڵ و دەرد و بەلاّ بە دووربیت. دەی تۆ بۆ واز لەم خانووە ناهێنیت و بۆ نایەیتە لای ئێمە. من پڕ بەدڵ حەز دەکەم کە شەو و ڕۆژ لەگەڵ تۆدا بم و گوێ بۆ قسە و گفتوگۆ و ئامۆژگاریت ڕایەڵ بکەم. ئەگەر تۆ مەیلت لێ بێ، لە ژوورەکەی مندا پێکەوە دەبین. ئەگەر دەتەوێت بەتەنیا بیت، ئەوا لەگەڵ مندا نا و لە ژوورێکی ترماندا. هەمووشمان لە خزمەتتدا دەبین و فەرمانت دەخەینە سەر سەر. ئیتر تۆ بۆ چی ئاوا خۆت سەغڵەت دەکەیت قسەکانم بەجێن یان نا.

دایکی خۆی پێ ڕانەگیرا. لەولاوە هەڵیدایە و وتی:

– نەك هەر بەجێن، بگرە زۆر ڕاست و دروستن. خۆ خۆی ئەوە باش دەزانێ. خۆت نایزانیت کاکە؟.

کاك وەرامی نەدایەوە. حەمە جەزا لەسەری ڕۆیشت و بەدەم زەردەخەنەیەکەوە وتی:

– با من شتێکیشت پێ بڵێم خاڵە.. من لێتی ناشارمەوە کە لەم داخوازییەم، تەماعێکی گەورەم پێتە!.

ئەوسا خاڵ هاتە وەرام. بە سەرسوڕمانەوە وتی:

– تەماع؟!.. من چیم هەیە تۆ تەماعی تێ بکەیت؟.

– ئەی بێ قەزابیت.. نازانیت چیت هەیە؟.

حەمەجەزا ئەم قسانەی دوایی هەر بەدەم زەردەخەنەوە و لە قالبی گاڵتە و گەپدا کرد.. لەگەڵیدا تیلەی چاوێکی بە مەغزاشی، ئاراستەی کتێبخانەی ناو ژوورەکە کرد. خاڵیشی کە زووتر لە قسەکەی حاڵی بووبوو. سووکە بزەیەکی خستە سەر لێوی وتی:

– جا من لەوێ بم یا لێرە، چ جیاوازییەکی بۆ مەبەستەکەی تۆ هەیە ئەوە کتێبخانەکە و لە بەردەستتدایە و هەر لە بەردەستیشتدا بووە.

– نا خاڵە.. جیاوازی زۆرە. خۆمن تەنیا کتێبخانەکەم مەبەست نییە.. تۆشم مەبەستە.. کە لە بن دەستمەوە بوویت، هەر پرسیارێکم بوو دەستوبرد وەرامیم دەسگیر دەبێ. تۆ ئەم کتێبانەت هەموو خوێندوونەتەوە.. وانا؟

– هەر هەموویان نەء.. زۆربەی هەرە زۆریان. چونکە تێیاندا هەیە بێ کەڵکە و خوێندنەوە ناهێنێ تێشیاندا هەیە من بەشبەحاڵی خۆم، دوو جار و سێ جارم خوێندووەتەوە. بگرە هەیانە وای پێویست کردووە. جارەها بگەڕێمەوە سەری.

– ئێ دەچاوت لێیە؟.. دەبینیت چۆن تەماعەکەم لە جێی خۆیدایە؟

– قسەکانتم پێ خۆشن.. دڵم دەگەشێتەوە. ئێستا چی دەخوێنیتەوە؟.

– وەڵا خاڵە .. خەریکم قەپاڵی زل دەگرم.

– چۆن؟.

– حەزم لەخوێندنەوەی فەلسەفەیە.

ئاوا!.. فەلسەفە!

خاڵ ئاوڕێکی بەلای کێبخانەکەیدا دایەوە. چاوێکی پڕ لە شانازی پێدا گێڕا. بە دەستوورێکی سادە، بەپێی بابەتەکانیان جودای کردبوونەوە. چوو ڕووەو خانەی

کتێبە فەلسەفییەکان ڕاوەستا. نیازی ئەوەی لە دڵ گرتبوو، چەند کتێبێکیان بۆ حەمەجەزا لێ دەستنیشان بکا. چاویشی پێدا خشاندن. کەچی نەیکرد و کشایەوە دواوە. زۆر لەسەرخۆ، ڕووی قسەی کردە حەمەجەزا و وتی:

– گوێ بگرە و بزانە دەڵێم چی.. تۆ باسی فەلسەفەت کرد. من گەلێ پێخۆشحاڵم کە ئەو جۆرە ئارەزووەت هەیە. نەك تەنیا لەبەرئەوەی خوشکەزامیت، بەڵکو مرۆڤێکی لاویشیت و چەندە مێشکت بکرێتەوە و بەری فراوانتر بێ چاکترە. سوودی هەرە گەورەی خوێندنەوەی فەلسەفەش ئەمەیە. مێشك دەخاتە کار و تین و توانای پەلهاویشتن و بەرفراوانکردنی پێ دەبەخشێ. بیر و هۆش ڕۆشن دەکاتەوە و دەیباتە سەر ڕێگەی پرسیارکردن.. پرسیارکردنی بەردەوام و یەك بەدوای یەکدا. ئەمیش تەقەلای کردنەوەی گرێکوێرەی چەندین نهێنی ژیانی پێ دەدا. ئەمەیە سوودی فەلسەفە و بەڵام بەداخەوە. سوودێکی دوولایەنییە. فەیلەسووفێك دێت و بەدڵپاکیی خۆی، گرێ کوێرەی نهێنییەکی سەختی ژیان دەکاتەوە. کەچی مرۆڤە گورگێك دێت و لەو سوودە، دۆزەخێك لە ژیاندا پێك دێنێ. چونکە ئەمیش جەنابی فەلسەفەی خوێندووەتەوە و مێشك و بیر و هۆشی پێ بەرفراوان کردووە!. ئەمە ئەوی ڕاستی بێ، باسێکی ئاڵۆز و بەگیروگرفتە و وا سەرپێیی گفتوگۆی لەسەر ناکرێ. جگە لەوەی کە من ئێستا، ئەم لایەنەیم مەبەست نەبوو. من دەمویست بڵێم: گوایە تۆ، دایکت و باوکیشت لە گەڵتدا، وا دەزانیت لە بێ ئەقڵیمە کە حەزم لەم تەنیاییە و لەم کۆنە خانووەمە؟ خۆمن بڕوا ناکەم ئێوە بە کابرایەکی بێ ئەقڵم دابنێن..

خوشك و خوشکەزا، هەردوو لەیەك ساتدا، لە کانگای دڵەوە وتیان:

– دوور لە تۆ.. نانا.. دوور لە تۆ.

ئەم ڕووی دەمی هەر لە حەمەجەزا بوو. لەسەری ڕۆیشت و وتی:

– دەتۆ لەلای خۆتەوە. وای بۆ بچۆ کەبڵێیت: ئەم کابرایە کە لە بێ ئەقڵی نەبێ وا دەکا، دەبێ لە شتێکی ترەوە بێ. ئینجا تۆ بۆت هەیە بپرسیت: دەیسا شتەکەی تر چییە؟.

با من پێت بڵێم.. وا مەزانە مەسەلە فەلسەفە و فەلسەفەکارییە. هەرگیز نەء.. بگرە دەتوانیت وای دابنێیت کە شتێکە لە دامێنی.. لە پەڕاوێزی.. لە پاشکۆی فەلسەفەدا. یا سەر کۆزەریش هەر دەبێ.. ئا سەرکۆزەری فەلسەفە!. تێم دەگەیت دەڵێم چی؟!

– وا بزانم تێ دەگەم.. با بیڵێم.. بەواتایەکی تر، تۆ خۆت دەخەیتە قەبەڵییەوە. یا تۆ

لە سنووری ژیانی خۆتدا و بەبێ توانا، کرداری پێ دەکەیت. وانا؟.

– با وا.. دەم خۆش.. بەڵام هێندەی من دەرکی پێ بکەم و باوەڕیشم پێی هەبێ.

– خۆ بەخۆی خۆت.. وانا؟.

– با.. ئەمیش وا.

– ئەی کارێکی بێهوودە. بمبەخشە.. ستەم نییە؟.

خاڵ لە ئاستی ئەم قسەیەیدا حەپەسا، بۆ ماوەیەك کشومات بوو. وەرامی هەبوو بیداتەوە. وەرامی قووڵ و دوور و درێژیش. بەڵام ئەم لایەنەی مەسەلەکەی بەولاوەنا و بیری لە حەمەجەزای کوڕە لاوی خوشکەزای کردەوە. ئەم ئەوی وەك قوتابییەکی زیرەکی بیر و هۆش ڕەنگین، وەك لاوێکی چست و چالاك و وریا و وەك مرۆڤێکی قسەزان و سەر و زمانشیرین، چاکی دەناسی. بگرە هەر لە منداڵییەوە وەك خاڵ و خوشکەزایەکی هۆگری یەکتری، لەناو کەسوکاردا دەناسران کەچی ئەوە یەکەم جار بوو قسەی وەهای لێ ببیسێ و ئەگەرچی زۆر بەنەزاکەتیشەوە  بوو، بیەوێ پێی بڵێ: دەشێ تۆ بەهەڵە چووبیت!. تۆ لەسەر هەق نەبیت.

لە وەرامیدا، زەردەخەنەیەکی گەشی بە ڕوودا دا. لێی نزیك بووەوە و دەستی ڕاستی بۆ درێژ کرد. کە ئەویش دەستی دایە، ئەم بەگەرمی دەستی گوشی و لە کانگای دڵەوە وتی:

– دەیڵێمەوە.. قسەکانت دڵم دەگەشێننەوە. لەگەڵ ئەوەشدا من وای بەباش دەزانم درێژەی ئەم باسە، یا با بڵێین دەمەتەقێمان لەسەری هەڵبگرین بۆ وەختێکی تر. تۆ ڕازیت؟

حەمەجەزا بەوپەڕی ڕێزەوە وتی:

– بێگومان.

## ٣

کەریمە کۆم ڕیزی بەدەست وەشاندنەکانییەوە گرت.. هێشتا سێ هەفتە بەسەر پەیدابوونەکەیدا ڕانەبردبوو، شەکرێکی تریشی لە ئاستی ئەمدا شکاند. کات سەرلەئێوارەیەکی زوو بوو، ئەم چەند شەوێك بوو، خەوتنی ناو حەوشەی گواستبووەوە بۆ هەیوان. خەریکی ڕاخستنی جێگەکەی بوو کە خشەخشێکی لە سەربانەکەی ئەوانەوە کەوتە بەرگوێ و بەدوایدا. ناو حەوشەکەی پڕ بوو لە تەپ و تۆز. وەختێ ئاوڕی دایەوە و هەڵی ڕوانی، سەیری کرد وا یەکێ لە کچەکانی و کوڕەکەی، پەیتا پەیتا پووش و پەڵاشی سەربانەکە. بە خاکەناز ڕادەماڵنە ناو حەوشەکەوە.

کردەوەکەیانی بەلاوە سەیر بوو! هەندێ لێیان ڕاما. ویستی پێیاندا هەڵشاخێ و لێیان تووڕە ببێ. شەیتانی بەلەعنەت کرد و لە دڵی خۆیدا وتی:«منداڵن.. نافامن.. پێویست ناکا». چووە ناو حەوشەکەوە و بەهێمنی بانگی لێ کردن.

– بابە گیان وا نابێ.. مەیکەنە ناو حەوشەکەوە.. بەلای کۆڵانیدا ڕاماڵن.

ئەوان ئەگەر چی سڵیان کردەوە و بۆ ساتە وەختێك دەستیان گلدایەوە، کەچی وەك قسەکەی ئەمیان لەلاوە بێ بایەخ بێ، هەر خێرا دەستیان کردەوە بە کارەکەی خۆیان. ئەم ئەوساش هەر تووڕە نەبوو هەر بەنەرمییەوە وتی:

– بابە گیان لەگەڵ ئێوەم بوو .. وتم وا نابێ.. گوێتان لێم نەبوو؟! ئەم جارە کوڕەکە لێی بەوەرام هات. وتی:

– ئاخر باوکم وتی..

ئەم جێگە زامی نەشتەرەکەی باوکیانی لێ کولایەوە. دوو سێ هەنگاو چووە پێشتر. دەنگە نەرمەکەی پێشووی لێ گڕکردن.. وتی:

– کێ.. باوکت؟!.. باوکت وتی پووش و پەڵاشەکە بکەنە ناو حەوشەکەی منەوە؟.

ئەم فریا نەکەوت قسەی تر بکا. یەکەم جار کچەکە، خاکەنازەکەی بەئەسپایی دانا و کشایەوە دواوە. ئینجا کوڕەکە، دوای ئەوەی دوو سێ جار سەری لە نێوان ئەم و خوشکەکەیدا سووڕاند، خاکەنازەکەی لە ناکاوێکدا فڕێ دا و بە چەشنێك بەرەو دواوە هەڵات کە ئەم لەلای خۆیەوە، خەمی لێ هات نەکو بەربێتە خوارەوە! تەنانەت تا چەند

ساتێکیش، لە جێی خۆی چەقی و گوێی هەڵخست. کە هیچ زرمە و هاتوهاوارێکی نەهاتە بەرگوێ، بە بزەیەك و سەربادانێکی نیشانەی لاحەولیلا، دڵنیایی خۆی دەربڕی.

دڵنیاییەکە، تەپوتۆز و پووش و پەڵاشەکەی لە بیر بردبووەوە. گەڕایەوە هەیوانەکە و ڕاخستنی جێگەکەی بەسەر قەرەوێڵەکەدا کۆتایی پێ هێنا. ئەو حەلە، دوو کرداری ڕۆتینی تریش مابوو جێبەجێیان بکا، یەکەمیان سازکردنی تەدارەکی سەر مێزەکەی لای سەرییەوە بوو. هەمان مێز و هەمان تەدارەکی جارانی لەمەڕ خۆی و عیزەتەفەنی، لەگەڵ ئەو جیاوازییانەدا کە تەنیاییەکەی دەیسەپاندن. خۆ ئەم زۆر جار کە حاڵەتە دەروێشییەکەی بەرامبەر بەو دەیگرت (کەسیشیان بە سەر زاری خۆی بە دەروێشی ئەوی تریان نیشان نەدەدا)، کورسییەکە و پەرداخەکەی بۆ دادەنا و وای حسێب دەکرد کە بەرامبەری دانیشتووە بگرە هەندێ جار، دەیگەیاندە ڕادەی داگرتنەوەی پێکەکەی ئەویش و مەزەشی بۆ دادەنا. ئینجا خۆی دەکردە هەردووك و بە دوای نۆشکردنی پێك و مەزەکەی خۆیدا، هەڵدەسا دەچووە سەر کورسییەکەی ئەو و لە پێك و مەزەکەی ئەویشی دەنۆشی!. تەنانەت بەدەمیەوە بەزمانی ناخ لەگەڵیشدا دەدوا!. لەمە بەولاتریشەوە، شەوێکیان کە هێشتا هەروا چەند مانگێك دەبوو لە یەکتری دابڕابوون، بەفیتی ئەو حاڵەتە دەروێشییە، ئەمانە هەموو داڕژاندە سەر پێنج لاپەڕە کاغەزی فولسکاب و بڕیاری دا، بۆ بەیانی بچێ بیخاتە پۆستەوە و بۆی بنێرێ کەچی بۆ ڕۆژی دوایی کە خوێندییەوە، نەك هەر نەینارد، بگرە دڕاندیشی. دووەم کرداری ڕۆتینی ، بەسەرکردنەوەی ئینجانەکانی بوو خۆی چاك دەیزانی کە ئەم کردارەیان ڕاست بەندی ئەوەی یەکەمە، چونکە ئینجانەکان لەسەر پێشنیازی عیزەتەفەنی و زۆربەشیان، بە یاریدە و کۆششی ئەو پەیدا بووبوون. ئەوە بوو یەکەم جار وتی:

– کاکە سەبری.. ناو حەوشەکەت، زۆر وشك و ڕەق و بێ گیانە. من دەزانم ماوەی دار و درەختی بە بەرەوە نییە. دەیبینم.. بەڵام تۆ بێ قەزابیت، ئەوەشی هەیە، هەموویت کردووەتە یەك پارچە کۆنکرێت!.. کۆنکرێت من بەشبەحاڵی خۆم، بە دوژمنێکی گەورەی ئادەمیزادی دادەنێم!. تۆ..

ئەم لێی ڕاپەڕی، وتی:

– ڕاوەستە.. ڕاوەستە.. من و تۆ خۆمان بەڕۆشنبیر دەزانین.. وانا؟.

– با.. جا من چیم وتووە کە پێچەوانە بگەیەنێ؟.

– چۆن چیت وتووە.. با لێت بپرسم: ئایا کۆنکرێت داهێنانێکی نوێی بیر و هۆشی مرۆڤ نییە؟ ئایا بەرهەمێکی شارستانێتی و زانستی نییە؟.

– با بەڵێ.

– ئەی دەبینم تۆ پێی قایل نیت و بگرە بەلاتەوە دوژمنە.

– ئاخر ڕاوەستە.. با منیش پرسیارێك لە تۆ بکەم.

– دەی فەرموو.

– بۆمبای ئەتۆم.. ئایا داهێنانێکی..

– بابا.. دەزانم دەڵێیت چی.. ئێ؟.

– تۆ پێی قایلیت؟!.. بە دوژمنێکی نەگریسی نازانیت؟.

– جیاوازە.. ئەویان سوودبەخشە ئەمیان زەرەربەخش.

– ئاخر تۆ نەتهێشت تەواوی بکەم.. جیاواز نییە.. ئەمیشیان بۆمباکەی لێ دەربکە، دەبینیت ئەتۆمەکە خۆی سوودبەخشە. سا من بۆ کۆنکرێتەکەش، هەر وەهام مەبەست بوو. بۆ هەندێ شت سوودبەخشە بۆ هەندێکی تر نەء. بۆ نموونە، لە بواری پرد و ڕێگە و بان و بورج و ئەم بابەتە شتانەدا، زۆر چاکە. لە کاتێکدا بۆ خانووبەرە، زۆر خراپە. بۆچی!. چونکە مرۆڤ لە قاڵب دەدا. چونکە ئەو چوار دیوارەی مرۆڤ زۆرترینی کاتی ژیانی تێدا دەباتە سەر، دەیکاتە شوێنێکی ڕەقەڵانی ئاسنین تۆ سەرنجدە.. شوکور من و تۆ لێی بەدوورین.. ئەوە لە کوێ کە لەناو ژوورێکی کۆنکرێتیدا هەڵنووتێیت و بکەویت و ئەوە لە کوێ، لەناو ژوورێکی قوڕیندا بی؟ دەزانیت دەڵێم چی؟ من شتەکەت بۆ ورد دەکەمەوە.. بۆتی ئاسان دەکەم!. تۆ قەت بەسەرت نەهاتووە، لە هەردوو جۆرەکەیاندا هەڵنووتابیت و کەوتبیت؟!

– ها؟.. نەء.. نەء.. شتی وام بەسەر نەهاتووە. من خۆم لە هەڵسوکەوتمدا لەسەرخۆم. شتی وام بەسەر نایەت.

– یانی ئەوە پێوانە نییە کە کەسی تر بەسەری نەیەت؟.

– ئا.. دەشێ کەسێکی تر بەسەری بێت.

– منیش کەسەکەی ترم مەبەستە.. کەسەکەی تر دەبێتە قوربانییەکی کۆنکرێت. کە

هەڵنووتا و کەوت، قاچی دەشکێت.

– بۆچی قاچی؟ ڕەنگە دەستی.

– ئێ ئێ.. ڕەنگە دەستی.. خۆ ناڵێم.. ڕەنگە شوێنێکی تری.

– دە کەوابێ، با منیش شتێك بڵێم..

– بیڵێ.

کۆنکرێت دڵۆپە ناکا. کە نەیکرد، بانگێڕانی ناوێ. کە بانگێڕانی نەویست، بانگوش فتە. کە بانگوش فت بوو، باگردێنیش دەچێتە ئەنتیکەخانەوە.

– قسەکانت بەجێن.. ئەی گوڵەفەقێ؟.

– چی؟! تێت نەگەیشتم.

– گوڵەفەقێ.. وتم گوڵەفەقێ.

– ئائا.. ئەوەی بەهاران، لەسەر بانانی خانووە قوڕینەکان دەڕوێن.

– ئێی.. لە کوێ بڕوێن؟.

– لەو دەشت و دەرە.

– بۆ کێ؟.

– ها؟!.. چوزانم.. بۆ خۆیان.

– ئەی تۆ؟!.. تۆی مرۆڤ؟ گوڵت ناوێ؟ حەز لە گوڵ ناکەیت؟ بە کۆنکرێتی دەگۆڕیتەوە؟ کۆنکرێتی دڵۆپە نەکراو؟. ئەم ئەو ساتە، باوەڕی بەکۆنکرێت وەها لەق بووبوو کە بەدەستەوستانییەکی تەواوەوە وتی:

– بابە ئۆباڵ بەگەردنم تۆ لەسەر هەقیت. بەڵام وەرە تێم گەیەنە.. بە بارستاییی دە سانتیم کۆنکرێتی تێ ئاخێنراوە. بە ترترەکە نەبێ هەڵناکەنرێ، دەنا خۆم لە سبەینێ زووتر نییە دەچوومە گیانی.

– ڕاستە منیش دەڵێم هەڵوەشاندنەوەی ئاسان نییە. سا ئێمە شتێکی تر دەکەین.

– وەکو؟

– وەکو پەنابردنە بەر ئینجانە.. ئینجانە و شتی تریش.

– ئینجانەم زانی.. شتەکەی تر چییە؟.

– سەکۆ.. سەکۆی گڵ و نموونەیەکی باخچە هەڵواسراوەکانی بابلی لێ دروست دەکەین.

دوو قۆڵی دایانە پێکەنین. هەر خێراش نەخشەیان کێشا. ئیتر مانگێکی پێ نەچوو، سەکۆ و ئینجانە بەپێی نەخشە سازدران. گوڵزار و سەوزایی لەناو حەوشەکەدا، پارسەنگی کۆنکرێتی وشك و ڕەقیان دایەوە.

کە بۆ جێبەجێکردنی کردارە ڕۆتینییەکە چوو بەلایانەوە، ئەوسا پێی زانی کە خۆڵ و پووش و پەڵاش چی بەسەر هێناون!.

ماوەیەکە بەدیاریانەوە دۆش داما و خۆی خواردەوە. تا ئەم جاریش سەرێکی لاحەولیلای بادا و کەوتە خۆ. گەلێ لەگەڵیاندا خەریك بوو تا پاکی کردنەوە. ئینجا سۆندەی لێ گرتن بە دەستەوە و تێر ئاوی کردن. هەندێکیش بە دەوریاندا هات و یەکە یەکە بەسەری کردنەوە. گەڵایەکی وشك یا گوڵێکی فەوتاوی لەمیان دەپچڕی. خونچەیەکی داکەوتووی ئەویانی دەدایە پاڵ چڵێکی زیت. یا گڵ و خۆڵی ژێر یەکێکی تریانی خاو دەکردەوە.

کاتێ ئەم کرداریشیانی کۆتایی پێ هێنا و حەوشەکەشی گسك دا، دنیا ڕووی لە تاریکبوون کردبوو.، وای دانا هیچی تر نەما بیکا. چوو دەرگەی حەوشەکەی بەکلیل داخست . گلۆپی حەوشە و ناو هەیوانی داگیرساند. چووە کەلەگییەکەوە و گلۆپی ئەوێشی هەڵکرد. دەستی دایە ئەو کتێبەی دوو ڕۆژ بوو خەریکی خوێندنەوەی بوو. هێنای لەسەر قەرەوێڵەکە داینا. ڕاوەستا وەك بیەوێ دڵنیا ببێ کە هەموو شت لە جێی خۆیدایە، چاوێکی بەدەور و پشتیدا گێڕا. کە تەواو دڵنیا بوو دانیشت.

کتێبەکە چاپێکی بازرگانیی ڕۆمانی (تاوان و سزا)ی دیستۆفسکی بوو. نزیکی کردبووەوە لە کۆتایی. لە دوو ڕۆژی پێشوودا، بەردەوام لەگەڵ کەسانی و بەسەرهاتەکانیاندا دەژیا. بە پەرۆشەوە بوو تەواوی بکا و بگاتە ئەنجام. ئەم لەوەبەر ناوبانگی ڕۆمانەکەی بیستبوو. لە زۆر وتار و لێکۆڵینەوەی ناو کۆوار و ڕۆژنامەکان و لە دوو توێی زۆر کتێبیشدا، باسی کەوتبووە بەرچاوی. دەیزانی گەلێ جار، وەك نموونەش بۆ مەسەلەیەکی کۆمەڵایەتی یا سایکۆلۆجی یا یاسایی هێنراوەتەوە.

پێکی ئامادە کرد و یەکەم قومی لێ دا جگەرەیەکی نا بە لێوییەوەو دای گیرساند قاچی هەڵکێشایە سەر قەرەوێڵەکە و پاڵی دایەوە. کتێبەکەی گرت بەدەستەوە و کەوتە

خوێندنەوەی:

(..کاتێ ڕاسکۆلنیکۆف بۆ لای سۆنیا خۆی بەژووردا کرد زەردەپەڕی سەرلەئێوارە، بەرە و کزبوون چوو بوو. سۆنیا بە درێژاییی ئەو ڕۆژە، بەبێ ئارامییەکی سامناکەوە لە چاوەڕوانیدا بوو لەگەڵ دۆنیادا دۆنیادا چاوەڕوانییان دەکرد. دۆنیا..)

لەو ساتەدا تێبینییەکی بە بیردا هات. ئەم وا ڕاهاتبوو، ئەو کتێبانەی دەیخوێندنەوە و دەیزانی بایەخی تایبەتییان هەیە، لە دەفتەرێکدا تێبینییان لە بارەوە بنووسێ ژمارەی دەفتەرەکانی گەیشتبووە شەش سەد لاپەڕەی قەوارە بچووك. باش لێی ڕوون نەبوو بۆ چ مەبەستێك دەیاننووسێ. لە عیزەتەفەنی و حەمەجەزا بەولاوە، کەسی تر نەیدیبوون. حەمەجەزا تەنیا بەڕووکەشی لێی ئاگەدار بوو. لە کاتێکدا عیزەتەفەنی، لێی خوێندبوونەوە و لە بارەیانەوە، دەمەتەقێشی لەگەڵدا کردبوو، هەر ئەویش جارێکیان پێی وت:

– دەی باشە تۆ بۆچی نانووسیت؟ بۆچی هەر ئەم تێبینییانە پەرە پێ نادەیت و نایانکەیت بە وتار و لێکۆڵینەوە، هەر هیچ نەبێ سەبارەت بەکتێبەکان خۆیان؟!

ئەم لە وەرامیدا وتی:

– ناکەم.. خۆم بێ ئەقڵ ناکەم.

– بێ ئەقڵ؟!.. پێم سەیرە!.. بەپێی ئەم گفتەت، دەبێ نووسەرانی ئەم کتێبانەش هەموو بێ ئەقڵ بن!. کەوابێ بۆچی دەیانخوێنیتەوە؟

– نانا.. حاشا گفتی وانادەم. من باسی خۆم دەکەم. دەزانم لە وزەمدا نییە ببمە نووسەر. بۆیە دەبێ خۆم بێ ئەقڵ نەکەم و نەچمە بەر ئەو مەیدانە.

عیزەتەفەنی بەم قسەیەی نەوت ئامین. ئەو جارە و دوو سێ جاری تریش بەگیری هێنا. هەر نەچووە ژێر بارەوە و وەرامێکی قایلکەریشی هەر بۆ نەدرایەوە.

بەنیازی نووسینی تێبینییەکەی، هەڵسا چوو دەفتەری ژمارە شەش و قەڵەمەکەی هێنا. دانیشتەوە بنووسێ. پێش ئەوە، دەستی دایە پێکەکەی و بردی بۆ دەمی. لەگەڵ سەر بەرزکردنەوەیدا، پێکەکەی بۆ نەگەیەنرایە دەمی و دەستی پێوەی وشك بوو. ئەو دیمەنەی کەوتە بەرچاوی، لە جێی خۆی سستی کرد. باوەڕی بەچاوی نەدەهێنا و وای دەزانی ڕێشکەوپێشکە دەکا! پەرداخەکەی دانایەوە سەرمێزەکە و باشتر هەڵی ڕوانی بە هەڵە نەچووبوو. لەسەر بانەکەی ماڵی کەریمەوە، جەستەیەك لەسەر سك دەخشا و

دەهات!. هێجگار سەرسام بوو! ملی قوت کردەوە باشتر تەماشا بکا. ئەوەی دەیبینی گومانی هەڵنەدەگرت. جەستەیەکە لەسەر سك بە دزەدزە دەخشێ و دێ!.

ئەم هەرچی تین و توانایەك لە بینای چاویدا هەبوو، بۆ ناسینی جەستەکەی خستە کار. ئەو هێندە خۆی لەگەڵ سەربانەکەدا مت کردبوو کە بەهیچ کلۆجێ ئەو بوارەی نەدەدا. ڕووناکی گلۆپی ناو حەوشە و هەیوانەکەش کە چەپەرێکی تیشکدانەوەیان لە نێواندا پێك دەهێنا، دەبوونە کۆسپێکی تر. لەگەڵ ئەوەشدا هەستی کرد کە جەستەکە بێ ئەوەی بیەوێ زیاتر بێتە پێشەوە، هەوڵ دەدا دەست و پەنجەی بەرەو شتێك بشکێنێ و بەگیری بێنێ. بگرە وای زەن کرد کە دەست و پەنجەکە وا خەریکە شتەکە دەگرێ. ئەوە هانی دا لە ناکاوێکدا ڕاپەڕێتە سەرپێ. لەگەڵ ڕاپەڕینەکەیدا دەست و پەنجەکەش مت بوون. ئەوسا خۆی بۆ زەوت نەکرا و قەڵەمبازی دایە ناو حەوشەکەوە. ویستی هاواری لێ بکا و بەجوانی نەزانێ. شەرمی بەوجۆرە هاوارکردنە دەهات. لەو لاشەوە بەهۆی بەرەوژوورچوونی هێڵی بینینییەوە، جەستەکە لە بەرچاوی بزر بوو. ئیتر کاتێ کشایەوە دواوە و ڕوانییەوە سەربان، دیمەنەکە هیچ شوێنەوارێکی نەمابوو.

کارەساتەکە بیر و هۆشی لە گێژەنە برد. کتێب و دەفتەر و قەڵەمی بەلاوە نا و تاس بردییەوە. سەراپای تین و توانای مێشکی تێوە ئالاند پرسیار لە دوای پرسیاری لە بارەوە دەکرد و تەقەلای دەدا، وەرامی ڕاست و دروستی دەسگیر ببێ. لە نووکەوە پێدا دەچووەوە.. ئا .. بەبردنی پەرداخەکە بۆ دەمم، سەرم بەرز کردەوە. سەربەرزکردنەوەکە چاومی ئاراستەی ئەوێ کرد. خۆ ئەمە مەسەلەیەکە و پێوەندی بە ئەندازە و فیزیاوە هەیە. ئێ منیش کابرایەك نیم باوەڕم بەشتی پڕوپووچ هەبێ. چاو چاوی خۆمە و دیمەنەکەی پێ دەبینم. جەستەیەکە و لەسەر سك دەخشا. خۆی تەواو بەسەربانەکەوە نووساندبوو. دەست و پەنجەی لە شتێك دەگێڕا. دەیویست بیگرێتە دەست. بۆچی؟.

تا.. تا.. وەڵا سەیرە!.. نازانم.. منداڵەکە خاکەنازەکەی فڕێ دا و هەڵات. کچەکەش.. دەبێ بۆ بردنەوەی خاکەنازەکە نەبووبێ؟ ئێ بەڵام بۆچی وەها؟!.. خۆ جەنابی کەریم خۆی، دەیتوانی زرت و زەلام بێتە بەرچاوم. دەیتوانی شەوباشێکم لێ بکا و بڵێ.

مامۆستا سەبری.. کاك سەبر.. کوڕە بیوتایە هۆ سەبری سەرلەئێوارە منداڵەکانم هاتبوون سەربانەکە پاك بکەنەوە. خۆت دەزانیت زستان بەڕێوەیە دەبێ خۆمان بۆ تۆف و بارانی ئامادە بکەین. من پێم نەوتبوون بەلای تۆدا ڕامالن. منداڵن و لێیان

مەگرە بێ ئەقڵییەکەیان لە من بناسە. دەبوو من پێشەکی ئاگەداریان بکەم و نەیەڵم. تکایە بمانبەخشە.. ئەوانیش و منیش ببەخشە.. هەڵەیەك بوو قەوما. لەم ژیانە سەخت و ستەمەدا، کەس نییە هەڵەی لە دەست نەقەومێ.

ئا.. ڕاست دەکا.. لەم ژیانە سەخت و ستەمەدا، کێ هەیە هەڵە نەکا؟ خۆ کەس فریشتە نییە. فریشتە ئەگەر هەبێ تەنیا لە ئاسمان هەیە. لەسەر ئەرز هەر ئادەمیزاد هەیە.

ئادەمیزادیش بگاتە ڕادەی فریشتەش، قەت لە هەڵەکردن بەدوور نابێ. کەم یا زۆر هەر تووش دەبێ. سا گرینگ کەم یا زۆرەکەیە و هەر لێرەشەوە گرفتەکە دەست پێ دەکا. فلان دەڵێ: من قەت هەڵەم نەکردووە و ناشی کەم. فیسار دەڵێ: من یەك دووهەڵەی بچووکم کردووە. فلان لەولاوە دەڵێ: من هەر لە بنەڕەتەوە، ئەم قسە هیچوپووچە بە فلسێك ناکڕم. هەڵەومەڵە بەلای منەوە نانی جۆیینە!. کە من من بم ئیتر هەڵەومەڵە چییە؟!. ئێوە بۆ خۆتان وت. ئێوەن دەڵێن گوایە من هەڵەم. دەنا هەڵە لەلای من، هەر لە بنەڕەتەوە نییە. ئایا دەستوور وا نییە کە نە شارەزا و نەفام هەڵە دەکەن؟ جا کەی من لەوانەم؟ بۆ خۆتان وت. دەتانەوێ دەستی چەوری خۆتان بە مندا بسوون. ئێوە خۆتان بوودەوڵە و نەکارە و نەفام و نەو نەونەن و دەتانەوێ منیش بخەنە پاڵ خۆتان دەنا من....

وەك خەتایەکی کردبێ لە پڕدا بەبیری بێتەوە، شریتی دەمەتەقێکەی قرتاند. دەیزانی ئەمە دەردێکە تووشی بووە. کاتێ لەگەڵ خۆیدا لە باسێك دەدوێ، ملی پێوە دەنێ و تا خەیاڵ و بیر و هۆشی پڕ بکا، لق و پۆپی لێ دەکاتەوە. ئیتر باسەکەی لێ دەبێتە کڵافە دەزوویەکی ئاڵۆز و تەنانەت هەندێ جار، سەری داوەکەی وەها لێ بزر دەبێ کە هەرچەند دەکا، ناتوانێ بەگیری بێنێتەوە. ئەم حاڵەتەی زۆر پێ ناخۆش بوو. بە دەردێکی دادەنا و ڕزگاربوونی لەچنگی بۆ نەبێ. بەڵام هەردەم لە دڵدا بەوە پارسەنگی دەدایەوە کە ئەگەر زیانێکی هەبێ، هەر خودی خۆی دەگرێتەوە. چونکە دڵنیا بوو لەگەڵ خەڵکیدا وەها نییە. لەگەڵ ئەواندا ئاسایی دەدوێ و زیادەڕۆیی ناکا. بگرە بەپێچەوانەوە. لای ئەوان بە کەمدوو ناسراوە. ئا.. کەمدووی قسە بەپێز و پوخت و پڕ مانا. چەندین جار ئەم ستایشەی، چ ڕاستەوخۆ و چ دەماودەم بەرگوێ کەوتووە.

بای دایەوە سەر باسە سەرەکییەکەی. بەڵێ.. ئەوەی ڕووی دا چی بوو؟ چ مەغزایەك دەبەخشێ؟ کەریمە کۆم بۆچی وەهای کرد؟ جا تۆ بڵێی کەریم خۆی بووبێ؟ ها؟..

دڵنیانیم. گوڵلە بەتاریکییەوە نەنێم باشە. پرشنگەکانی گڵۆپەکەی حەوشە، بەری بینابیمی تێکەڵوپێکەڵ دەکرد. مەرج نییە ئەو بووبێ. دەشێ کوڕەکەی بووبێ و ئەقڵی منداڵی، هانی دابێ بێت خاکەنازەکە بەرێتەوە. خاکەناز بەرێتەوە؟!. ئێ ئاخر بۆچی؟!. خۆ ئەقڵی تا ئەم ڕادەیە پووچ و بێ تام نابێ!. خاکەنازی خۆیانە و وا لەوێ لەسەربان خۆیان کەوتووە. بۆچی بەم شەوە و بەم دزەدزەی بۆی بێت؟ نانا.. نابێ وابێ هەر کەریم بووە و دەبێ نیازێکیشی لە کەللەدا بووبێ. ئا.. نیازەکەی.. لەناکاوێکدا دوو پشیلە هەر لەسەر بانەکەی ئەوانەوە، کردیانە جەنگێکی مەغلووبەی لەو بابەتەی کە مرۆڤی وریا و لەسەرخۆش ڕادەچڵەکێنن، چ جایە ئەمی ئاگا لەخۆبڕاو دەگا. وەها ڕاچەنی کە دەتوت لە شیرین خەوێکەوە، بەدەم خەونێکی سامناکەوە بەخەبەر دێ. لەگەڵیدا لە قەرەوێڵەکەی دابەزی و خۆی خستە سەرپێ. چووە بەردەمی هەیوانەکەوە و ورد بووەوە. پشیلەکان هێشتا هەر دەجەنگان. چاوی تێوە بوو بەمپەڕ و ئەوپەڕی سەربانەکەدا، یەکتری ڕادەماڵن و قریشکەشیان گوێ کەڕ دەکا. بەینا و بەینێك بێدەنگ دەبوون و تەنیا سووکە مڕەمڕێکیان لێ دەبیسترا. تا لە پڕێکدا توندوتیژتر دەیانقریشکاند و بە یەکیاندا دەدایەوە.

ئەم گەلێکیان لێ بێزار بوو. دەیویست بەردێ، کەوچکێ، کەڵەکێکیان تێ بگرێ و بڵاوەیان پێ بکا. نەیکرد. لێکی دایەوە و لە دڵی خۆیدا وتی: لەوانەیە سەر بکا و بکەوێتە حەوشەکەیانەوە. ئەمە ڕێکەوتە و دەشێ ڕوو بدا. دوور نییە بەر شتێکیان بکەوێ و بیشکێنێ. لەمە خراپتریش دەگونجێ یەکێکیان لە حەوشەکەدا بێ بەری بکەوێ. نەء نایکەم. هەر چەندە پشیلەی نامۆبارەك، لە شەڕکردندا زۆر چیرەدرێژن، بەڵام کۆتایی هەر پێ دێنن. ئەرێ بەڕاست.. خۆ شەڕی پشیلە حاڵەتێکی سەیرە!. ئەگەر وازیان لێ بهێنرێ و مرۆڤێك ناوبژییان نەکا، قەت نایبڕنەوە!. چۆن؟!. ناوبژی؟.. وتت ناوبژی؟!. وەی لەو ناوبژییەی مرۆڤ لە نێوان دوو پشیلەدا دەیکا!. کتومت وەك ئەوەی من نیازم بوو بیکەم.. بەخێری خۆم خاوەن بەزەیییەکەیان بووم دەمویست وەهای بکەم. جا وەرە بڕوانە بێ بەزەیییەکە. وەرە بڕوانە ئەو جارەی عوسمانی خاڵم کردی. وتم عوسمان گوناحن مەکە. وتی ئەی ئێمە گوناح نین نایەڵن خەو بچێتە چاومان؟. وتم من دەچم دەریان دەکەم. وتی تۆ؟ تۆ دەچیت بەدەنگە پڕ لە سۆز و بەزەیییەکەت، تەنیا خت ختێکیان لێ دەکەیت ئەوانیش تۆزێ دەچن بەولاترەوە. کەمێ بێدەنگ دەبن. ئیتر هەر هێندەی پێت لێ دابڕین، وەك نە بایان دیبێ و نە باران دەست پێ دەکەنەوە.

وتم ئەی تۆ چی دەکەیت؟ وتی ڕاوەستە. ئێستا دەبینیت. کە چوو، لەو سەرەوە کلکێکی بۆ هێنامەوە. وتی: ناوبڕی پشیلە ئاوا دەکرێ!.. دە بزانم ئیتر ورتەیان لێ دەبیستیت؟ مـن وتم: ناوبـڕیکردنی پشیلە و وەهـا!.. ئەی ئەگەر ناوبـڕیکردنی ئادەمیزادت پێ سپێردرا، چۆنی دەکەیت؟ ئەو وتی:

نەگەییشت حیکایەتەکەی لەمەڕ خۆی و عوسمانی خاڵی تەواو بکا و زرمەیەك لە بن دەستییەوە ڕای چەناندەوە. زرمەکە لە مێزەکەی ژوورسەری قەرەوێلەکەیەوە هەڵسابوو. کـەرسەکـەگـڵـێك بـوو خـۆی پـێدا دابـوو. دەتـوت دەسـتـێکـی نـیشانشکـێنـی چـاك، کەرسەکەگڵەی ئاراستە کردووە. سەر مێزەکە بووبووە شوێن سەنگەرێك و خاپوور کرابـێ. هـەرچـیـیـەکی لـەسەر بـوو، بـەنـاو یـەکتردا تێك ترشابـوون. بـووبـوونـە دار و پەردوویەکی دوای بۆمبابارانێك.

ئەم شتەکانی سەر مێزەکەی پشتگوێ خست. بیر و هۆشی ئاراستەی کەرسەکەگڵ و دەستـە نـیشان شکـێنـەکـە بـووبـوو. ئـەمـانـی لا بـووە گـرفت و دەبـوو بـچـێتـە بـنـج و بناوانییەوە. کەرسەکەگڵ لە کوێوە هات و بۆچی؟ لە کوێوە هاتەکەی وازی لێ هێنا و یەخەی بۆچییەکەی گرت. هێنای و بردی. وتی: ئێ.. منیش هەمان نیازم نەبوو؟

پشیلەی نەگریسە و بەنسیبی کردم. بۆ ناوبڕیکردنی ئەوان بوو، وا بۆ من دەرچوو. دەڵێیت چی!. خۆ ئەمە جاری یەکەم نییە لەم بابەتە بیتاقەیەم بۆ دەربچێ. بە من فێرە. من ئەوەتەی هەم، هەر بەینا و بەینێك بە خزمەتی یەکێکیان دەگەم. یاچاکتر وایە بڵێم: یەکێك لەوان لوتف دەنوێنێ و دێتە خزمەتم. ئا.. بیتاقەیە و هاتووەتە خزمەتم!.

بە ئاسانی بەو ئەنجامە قاییل بوو. چوو بەلای مێزەکەوە پاکی بکاتەوە و ڕێکی بخاتەوە. کە دەستی بۆ برد، پێویستی بەهۆشیارییەکی زۆر نەبوو تا بۆی ڕوون بێتەوە کە کەرسەکە – بیتاقەکە پووش و پەڵاشاوی بووە. یەکسەر ڕووی وەرگێڕاو ڕوانییە سەربانەکەی ماڵی کەریم. دیسان پرشنگەکانی گڵۆپی ناو هەیوانەکە، ئامبازی بەری بینایی بوونەوە. لە نێوانیانەوە جەستەیەکی لەسەر سك کشاوی منی دەبینی و نەدەبینی. ئەم جارە سەرسامی هەراسانی کرد. لە دڵدا ڕقی لە خۆی و لە بینایی چاوی بووەوە. وەك بیەوێ بەدرۆیان بخاتەوە، بەپشتی پەنجەی شایەتمانی هەردوو دەستی، هەردوو چاوی توند هەڵگلۆفت. دیمەنەکە هەروەکو خۆی بوو. جەستەکەی هەر دەبینی و نەدەبینی ڕقەکە زۆری بۆ هێنا. چاوێکی بەدەوروپشتیدا گێڕا لە شتێك دەگەڕا

بیسرەوێنێتە گڵۆپەکە. هیچی وای نەدی. پەنای بردە بەر ڕێگە ئاساییەکە. قەڵەمبازی دا و خۆی لە کەمەندی پرشنگەکان دەرباز کرد. کەچی وەك بوونی جەستەکە بەندی بوون و نەبوونی ئەوان بێ، لە بەرچاوی بزر بوو!. بەوەندەوە نەوەستا. ئەگەر بەوەندەوە بوەستایە، ڕەنگ بوو کار ئاساییتر رابوردایە. ئەم هات جارێکی تر پێدا چووەوە بەمەزەنە کشایەوە شوێنی پێشووی. بەڵام ئەم جارە جەستەکەی بەمسۆگەری نەدەبینی!.

لە حاڵەتەکە کەللەیی بوو. لە تاوا خەریکبوو قژی بڕنێتەوە، ماوەیەك خۆی خواردەوە و بیر و هۆشی هەڵووشی. ئەوسا چووە ناو حەوشەکەوە. گەڕا هەتا لیسێکی دۆزییەوە. چوو سرەواندییە گڵۆپی حەوشەکە. هات ئەوەکەی هەیوانیشی پێ ورد و خاش کرد. حەوشە و هەیوان و سەربانەکەی لەمەڕ کەریمە کۆمیش، کەوتنە ژێر باڵی تاریکییەوە.

ئەم ئیتر بێ ئەوەی بڕوانێتە سەربانەکە، دەستی دایە کتێب و دەفتەر و قەڵەمەکەی. بەپەلە خۆی کوتایە ژوورەوە. پەردەی پەنجەرەکەی چاکتر دادایەوە و درزبڕی کرد. دەرگەکەشی خڕ داخست ئینجا بەدڵنیاییەوە، کەوتەوە تەواوکردنی خوێندنەوەی ڕۆمانەکە.

سەبری و ئەو یەکەم تیشکەی خۆر، هەر بەڕاستی بووبوونە دوو دڵداری یەکتر.. دوو دڵدار و هەر بیست و چوار سەعاتە و جارێك، بواری یەکتر بینینیان هەبێ. ئەم لەلای بووبووە پیشە کە کاتێ لەناو جێگەکەی دەهاتە دەرەوە، وەك باوەش بۆ دڵدارەکەی بکاتەوە، ڕووبەڕووی پەنجەرەکە ڕادەوەستا و هەردوو باڵی یەکاڵا دەکردەوە. چەند جارێك بەقووڵی و بە پەرۆشەوە هەناسەی هەڵدەکێشا. دەتوت دەیەوێ لەگەڵ هەر جارێکدا، زۆرترین ژمارە لە دەزوولەکانی تیشکەکە ئاودیوی گەرووی بکا. باوەڕی وابوو ئەو دەزوولانە، تا دوورترینی وردیلە دەمارەکانی لەشی ڕۆدەچن و کاری خۆیان دەکەن. ئەم لەو بابەتە مرۆڤە نەبوو، بیروباوەڕی پڕوپووچی نازانستییانە لەخۆ بگرێ. ئاگەدار بوو کە تیشکی خۆر، بەپێی دەستووری تایبەتی دەبێتە پێویستییەکی بایۆلۆجی بۆ زیندەوەران. دەشیزانی کە بەڕاستی نییە گوایە ئەو دەزوولانە، ڕاستەوخۆ دەکشێنە ناو دەمارەکانی لەشییەوە. بەڵام باوەڕی بە هۆگری لە ژیاندا هەبوو. هۆگری وەك دەستوورێك.. یاسایەك.. تیۆرییەك و بهێنێ، نهێنییەکانی ژیان و بوون و نەبوون و بگرە ئەوەکانی سەراپای گەردوونی پێ لێك بدرێتەوە.. ئەم دەیوت ئەگەر هۆگری لە نێوانیاندا نەبێ، لە زیندە شانەیەك و گەردیلە ئەتۆمێکەوە بیگرە تادەگاتە کۆمەڵەی خۆر و ملیۆنەهای ئەستێرەکانی کاکێشان و مەجەڕەکانی تر و سەراپای گەردوون، ئەوان لە چاوتروکانێکدا، دەچنە دۆخی نەبوونێکی بنبڕ. ئەم دەیوت: هۆگری یاسایەکی بنەڕەتییە لە سروشتدا و هەرچییەکی تێدا هەیە، دەچێتە ژێر ڕکێفییەوە و لە بن باڵی ئەمدا هەڵدەسووڕێ.

سەبری ئەو باوەڕەی بە تیشکەکانی دەزوولەکانی تیشکەکە، بەم تیۆرییە لێك دەدایەوە. تەنانەت هەر لە وەختێکی زوودا کە هێشتا باوکی و دایکیشی لە ژیاندا بوون، بەیانییەکیان کە لەگەڵ هاتنە ژوورەوەکەیدا بەخەبەر هات، دەستی دایە دەفتەرەکەی ژوورسەری کە هێشتا دەفتەری ژمارەیەك بوو. لە لاپەڕەیەکی تایبەتیدا وەك تێبینییەك نووسی: (هەر کەسە لە ژیانیدا هۆگری شتێك یا چەند شتێك دەبێ. من هۆگری ئەم تیشکەی بەیانییانم کە لە پەنجەرەکەوە خۆی بە ژووردا دەکا). دوای ئەوە چەندین جار، بەبۆنەی هەرکتێبێکەوە کە دەیخوێندەوە و پێوەندیی بەباسەکەوە دەبوو، شتێکی لە

تیۆرییەکەی زیاد دەکرد. تا گەیاندی بەو ڕادەیە لە دەفتەری سێیەمدا بنووسێ:
(هۆگری دوو بابەتی سەرەکیی هەیە.. گشتی و تایبەتی. گشتی ئەوەیانە کە سروشت بەرابوردن ی ڕۆژگارێکی دوور و درێژ پێکییەوە لکاندوون. تایبەتیش ئەوەیانە کە لە سنوورێکی تەسکی کاتیدا پەیدا دەبێ و بە فەوتانی لایەنێك لە دووەکە دەفەوتێ).

باوکی هەر زوو لەم کردەوەیەی بەئاگا هات. ئەو وەختە ساڵ و نیوێك بەسەر مردنی دایکیدا رابوردبوو. بەهێش کە لەبەر خاتری ئەمان ڕازی نەدەبوو شوو بکا و دوای بێنە و بەرەیەکی زۆر قاییل کرابوو، شەش حەوت مانگێك دەبوو جێی هێشتبوون و چووبووە لای ماڵ و مێردی خۆی. ئیتر دوو قۆڵی مابوونەوە. هەرچەندە لە ڕووی گونجان و دڵسۆزی و خۆشەویستییانەوە بۆ یەکتر مووبەبەینیاندا نەدەچوو، بەڵام وەك دوو جیهانی سەربەخۆ پێکەوە دەژیان. ئەو پشت هەیوانەکەی کردبووە پایتەخت و ئەم کەلەگییەکە.

گەرای ئەم سەربەخۆیییەشیان هەر لە منداڵیی ئەمەوە لەگەڵ خۆدا هێنابوو.. ئەو نەك تەنیا وەك باوك، وەك مرۆڤیش نموونەیی بوو پیاوێکی خوێندەواری ڕووناکبیری هۆشمەند.. بێ وەی و سەروزمان شیرین و خێرخوا.. دنیادیدە و شارەزا لە پێچ و پەنای ژیان بەتایبەتی لە دەروونناسیدا. ئەم هەر لە منداڵییەوە، ئاشنایەتی لە تەك ئەو سیفەتەیدا پەیدا کرد. زۆر جاران وەك هەر دوکتۆرێکی دەروونناس، سەبارەت بە گیروگرفتەکانی دەیدواند. بۆیە قەت ڕووی نەدابوو زەبروزەندی لە ڕوودا بەکار بێنێ. هەردەم وەك دوکتۆر و دوکتۆرێکی برادەریش، لەگەڵیدا دەجووڵایەوە. تا کاتێ ئەم لە پلەی هەرزەکاریی تێ پەڕاند، ئیتر ئەو دوکتۆرییەکەشی واز لێ هێنا و تەنیا وەك برادەرێك.. یا چاکتر وایە بوترێ: وەك برادەرە باوکێك مامەڵەی لەگەڵدا دەکرد.

بەیانیی ڕۆژێکی هەینی بوو کە ئەو سووکە گومانێکی لەلا پەیدا بوو. لە دڵی خۆیدا گلی نەدایەوە بۆی دەربڕی. هات وتی:

– ئەم کردەوەیەت تازە بابەتە.

سەبری کە هێشتا هەر ڕووەو پەنجەرەکە بەو ڕەفتارەیەوە خەریك بوو، وەرچەرخا و ئاسایی وتی:

– بەڵێ بابە وایە..

باوکی وتی:

– مەغزاکەی چییە؟.

ئەم وەك لەو ساتەدا غافڵ بووبێ لەگەڵ کێدا دەدوێ، وتی:

– هەڵمژینی هەوای پاکی بەیانییان.

ئەو بەڕوویەکی گەشەوە وتی:

– دەشێ.. بەڵام ئەمە وەرامە ڕاست و دروستەکەی پرسیارەکەم نییە.

ئەم لە خۆی بەئاگا هاتەوە خێرا وتی:

– بمبەخشە ڕاست دەکەیت.

– کەوابوو دەیڵێمەوە.. مەزاغەکەی چییە؟.

– تێ گەییشتم.. باوەڕ بکە خۆشم باشی نازانم.. مەرجە بیزانم؟.

– ها؟!.. نەء نەء.. بەڵام خۆ مەرجە هەوڵ بدەیت بیزانیت.. وانییە؟.

– با.. بێگومان.

– هەوڵت داوە؟.

ئەگەر ڕاستت دەوێ.. نەء!.

– دەسا با من هەوڵت پێ بدەم.. ئایا ڕۆژپەرستیت؟! یا ڕاوەستە..

وانا.. پرسیارەکە بەم شێوەیە زۆر درە. با بارەکەی بگۆڕم بڵێم: ئایا هیچ مەیلێکت بەلای ڕۆژپەرستیدا لەلا پەیدا نەبووە؟.

سەبری ئەم بۆچوونەی باوکی زۆر بەلاوە عاجباتی بوو. هێندەش بە پڕتاو و بێ پێشەکی بوو کە لە ئاستیدا، دەتوت لە سەربانێکەوە بەری دەدەنە خوارەوە. هۆشی بەخۆیەوە نەمابوو کە چۆن حەپەساوە دەمی داچەقاندووە!. تا کاتێ دەنگی باوکی کەوتەوە بەرگوێی کە دەیوت:

– سەرت سووڕ نەمێنێ.. من هەروا پرسیارێکە و دەیکەم. خۆ دەشێ کردەوەکەت، فڕی بەسەر پرسیارەکەی منەوە نەبێ.

ئەوسا وریا بووەوە. زەردەخەنەیەکی خاوی خستە سەر لێو و وتی:

– نا بابە.. وا زوو بڕیار مەدە. من خۆم وەك وتم بێ خەبەرم. لەبەر ئەوە حەز دەکەم لە سەری بڕۆیت. بڵێ و بەپەرشەوە دڵم لەلاتە.

ئەو بزەیەکی پڕ شانازی بەڕوودا دا. بە ڕێزێکی تایبەتییەوە وتی:

– دانیشین؟.

– بێگومان.. تۆ فەرموو دانیشە. من حەز دەکەم بەپێوە بم و گوێت لێ بگرم. ڕەنگە بتوانم بەپێوە باشتر لێت تێ بگەم.

– یانی ئەمەش هەر دەستوورێکی زانستییانەیە؟.

– بۆ نەء.. گوایە نابێ وابێ؟!. دیارە کە تۆ بەدانیشتنەوە قسە بکەیت و من بەپێوە بم، قسەکانت..

– ئێ ئێ.. دەزانم چی دەڵێیت.. باشە باش..

باوکی بەدەم نەرمە پێکەنینێکەوە، لەسەر قەراغی قەرەوێڵەکە دانیشت. لای کردەوەو وەك بیەوێ باشتر بچێتە بنج و بناوانەوە سەرنجێکی وردی دایە ناو پەنجەرەکە. دەتوت بەتەمایە نهێنییەکی تێدا حەشار درابێ و بەم وردبوونەوەیە بیدۆزێتەوە. ئەو ئەمە جاری یەکەمی نەبوو کردەوەکە لە سەبری ببینێ. ئەم خۆشی دەیزانی. ئاگەدار بوو کە لە ماوەی ڕۆژانی پێشوودا، چەند جارێك ڕێکەوتی بینینی کردووە. ئێستاش هەر دەیزانی کە بە چ نیازێك، ئە ئاوا لە پەنجەرەکە ڕاماوە و بە وردی سەرنجی دەداتێ. تەنانەت ئەمیش بەدوایدا کەوتە پێدا هەڵڕوانینی.

تیشکەکە ئەو ساتە خەریك بوو لە ژوان دادەبڕا.. لەوەدا بوو ماڵاوایی بکا. ئەو نەیدەتوانی لە چارەکە سەعاتێك زیاتر بمێنێتەوە. هەر هێندەی دوا کەرتی خڕۆڵکەی خۆر هەڵدەکێشایە پشتی هێڵی سەرووی پەنجەرەکەوە، ئیتر ئەویش دوا تروسکەی دەپێچایەوە و تا بەیانی ڕۆژی دوایی نەدەبینرایەوە.

ڕامان و وردبوونەوەکەی باوکی درێژەی کێشا. پێوەی دیار بوو کە هەوڵ دەدا سەری لێ دەربکا و بۆی ناکرێ. پێی خۆش نەبوو لەوە زیاتر پێوەی خەریك بێ. وتی:

– بابە.. چاوەڕێی قسەتم.. فەرموو.

باوك وەك لە نێوان بیستن و نەبیستندا بێ، بە نیمچە حەپەساوییەکەوە ڕوانییە دەمی سەبری. دەتوت لە گەشتێکی خەیاڵاوی دوورەوە هاتووەتەوە. تێکەڵوپێکەڵ و بە دوودڵییەوە وتی:

– ئا ئا.. ویستم بڵێم.. گوایە.. تۆ..

تـەواوی نـەکـرد. ئـاورێکـی تـری بـەلای پـەنجـەرەکـەدا دایـەوە. هـێشتـا لـە گێژەنـی سەرسامییەکەیدا بوو. وەك لە پڕێکدا قسەیەکی چاوەڕوان نەکراوی بۆ بێت وتی:

– تۆ بـاوەڕت بـە تـەلیسم و تـەلیسمکـاری هـەیـە؟.

سەبری ئەم قسەیەشی هـەر بـەلاوە عـاجبـاتی بوو. سەرەتـا لێی سڵەمییەوە و بـۆ وەرام گیری خوارد. دوایی وای بۆ چوو کە بـاوکی دەبێ ئەم بـەیـانییە، حـەزی لـە گـاڵتـەوگـەپ بێ و بـەم بـارەدا دەیدوێنێ. بۆیە بـە نـەرمـە پێکـەنینێکەوە وتـی:

– قسەکانت. خۆشن.. دیارە پرسیارەکەی پێشووشت هـەر لـەم بـابـەتـە بوو.

بەڵام ئەو ملی بۆ ئەم بۆچوونە نەدا. وتـی:

– نـا.. هـەرگیز نـەء.. هـەردووکیانم بـەڕاست و لـە دڵەوە بوون.

– بـەڕاست و لـە دڵەوە؟!

– ئـا.. بـەتـایبـەتـی دووەمیـان. حـەز دەکـەم بزانم.. بـاوەڕت پێیـەتـی؟.

– بـێگـومـان نـەء.. نـامـنـاسیت؟!. کـەوابـوو بـا وەرامـی یـەکـەمیشت بـدەمـەوە.. بـۆ ئەویشیان هـەر نـەء. بـابـە.. قسەکانتم پێ سەیرن!.. من وام دەزانی گـاڵتـە دەکـەیت.

– ئەوی ڕاستی بێ، لـە یـەکـەمیـاندا نیـازێکی گـاڵتـەکردنم هـەبوو. کـەچی دووەم، گومـانی بۆ ئەویشیان پێ پـەیدا کـردم..

– چۆن؟!. حـەز دەکـەم بیزانم.

– ئەم پـەنجـەرەیـە تـەلیسمـاوییـە.

– تـەلیسمـاوی؟!.. حـەی!.. بۆ گوایـە تۆ بـاوەڕت پێی هـەیـە؟!.. ئـەوە لـە کـەیـەوە بـابـە؟.

بـاوکـە ئـەم جـاریش ڕوانییـەوە پـەنجـەرەکـە. بـەوردی چـاوی پێدا گێڕایـەوە. بۆ مـاوەیـەك کشومـات بـوو. ئـیـنـجـا بـە پـرتـاو ڕاپـەڕیـیـە سـەرپـێ سـەرێکـی نـاڕەزایـی لـە خـۆی بـادا. بـەدوایدا زەردەخـەنـەیـەکـی گـەشی خستـە سـەر لێو و بـەدەم ڕۆیشتنـە دەرەوەیـەوە وتـی:

– نـانـا.. منیش بـاوەڕم پێی نییـە. وای دابنێ گـاڵتـەیـەك بوو کـردم.

***

سەبری ئەو شەوەی لێ بووە شەوێکی دەیجوور و بەسەرچوونی بۆ نەبوو.

– دەسوەشاندنەکەی ئەم جارەی گورچکبڕە.. کوشندەیە.

بەردەوام ئەم وتەیەی لە دڵی خۆیدا دەوتەوە. وەکو هەر بەڕاستیش گورچکی بڕیبێ، ئازارەکەی هەردوو کەلەکەی تا دەهات توندوتیژتر دەبوو. ئەم لەو کاتەوەی بەسەر بینینی دیمەنەکەدا گەڕابووەوە ماڵەوە، سێ سەعات ونیوی ڕەبەقی بەبێ دانیشتن و سرەوتدان بەسەر بردبوو. جارێ تا ئەو وەختەی وەستا و کرێکارەکان دەستیان لە کار هەڵگرت، هەر بەناو هەیوان و حەوشەکەدا هاتوچۆی کرد و بەدەم خەمە دڵپڕوێنەکەیەوە تێی دەڕوانین، ئەو ساتەی ئەم پێی نایە ناو ماڵەوە. ئەوان تازە خەریکی هەڵچنینی دیوار بوون. وەستایەك و سێ کرێکار لە تەکیدا. وەستا زوو ئەمی بینی ڕاوەستاوە و بە حەپەساوییەوە سەیریان دەکا. بێ دەست هەڵگرتن لە ئیشەکەی سەرنجی بۆ ئینجانەکان ڕاکێشا و وتی:

– مامۆستا بمانبەخشە.. لە ماڵ نەبوویت پرست پێ بکەین. دوایی دەیانخەینەوە شوێنی خۆیان.

ئەم ئەگەرچی وەکو وشە و ڕستە باش لێی حاڵی نەبوو چی وت، بەڵام بە ڕوانینی چاویدا تێ گەیشت مەبەستی ئینجانەکانە. زۆری پێ سەیر بوو. لە دڵی خۆیدا وتی: «گوایە کەریمە کۆم ئەوەندە پیاوە بەتەنگ ئینجانەکانمانەوە بێ؟». کە چاکتر وردی کردەوە وتی:

«نەء ناشێ.. قەت نابێ لەوەوە بێ!. وەستا خۆی پیاوەتی نواندووە. ئەو ئەگەر یەك تۆز پیاوەتی تێدا بووایە، نامەردییە گەورەکەی لەگەڵدا نەدەکردم».

مەسەلەی ئینجانەکان، هەر زوو لە دەریای خەمە سەختەکەیدا بزر بوو. ئەمیان وەها لوولی دابوو، هیچ خەمێکی تر لە ئاستیدا ڕاگیر نەبوو. تەنانەت لە کاتی دەست لە ئیش هەڵگرتندا، وەستای بینی ڕووی قسەی لەمە و باسی لە ئینجانەکانە. هەستیشی کرد وا چاوەڕوانی وەرامە. کەچی ئەم هیچ وەرامێکی بۆ نەدرایەوە و ئەویش ڕووی وەرگێڕا و ڕۆیشت.

دوای ڕۆیشتنی ئەوان. هەر لەناو حەوشە و هەیوانەکەوە و جار جاریش لە پەنجەرەکەوە، هێندەی توانای ئەندازەیی چاوی بڕ بکا، پێوانەی خستە کار. ئەو ڕۆژە هەڵچنینی دیوار، هێشتا لە چوار ڕیزی تێ نەپەڕیبوو. بەڵام ئەم بەئاسانی دەیتوانی، تەواوی دیوارەکە هەڵچنێ و بیپێوێ.

بێنە و بەرەی پێوانەش بەو سەد و یەك بارەدا کە زەفەری پێ دەبرد، تا داهاتنی

تاریکیی خایاند. بگرە لە نێوان تاریکییەکەشەوە، جارەها بە چاوی ناخ لە پەنجەرەکەوە ڕووەو گۆیژە هەڵی دەڕوانی و هەر بەهەمان ئەنجام دەگەییشت ئیتر لەوە بەدوا، شەوی لێ بووە شەوێکی دەیجوور و نەدەبڕایەوە. ئازارەکەشی تا دەهات توندوتیژتر دەبوو. لەوە زیاتر بەپێوە خۆی بۆ ڕانەگیرا. سەرسەختی نواندن لە ئاستیدا کەڵکی نەما. دەیزانی بەردەوامبوونی، بە لە پەلوپۆکەوتن دەشکێتەوە. ئەوسا بڕیاری سرەوتنی دا.. ئەگەر بە بیر و هۆشیش نەبێ بە جەستە.

خۆی هاویشتە سەر قەرەوێڵەکەی و لەسەر گازی پشت ڕاکشا قەرەوێڵەکەی لە سەرباری پانیی ژوورەکە، لەبەر پەنجەرەکەدا بوو. بەیانییان یەکەم تیشك، ڕاست خۆی دەهاویشتە ناو جێگەکەوە. ئەم تەنانەت لە شەوانی سەرماوسۆڵە و بەستەڵەکیش، بۆ پێشوازیکردنی تیشکە دڵدارەکەی، درزێکی بەرینی دەکردە پەردەی پەنجەرەکەوە ئەوسا دەنووست.

لەگەڵ ڕاکشانەکەیدا. ئاسایی سەری بەلای پەنجەرەکەدا وەرچەرخاند. وەك جارەهای لەوەبەری، مانگی بینی و ئەویش لە دەم کەلی گۆیژەوە هەڵدەهات. لە سەرەتا وەك جارەهاکە بەپیر دیمەنەکەیەوە دەچوو، بەڵام ئەم جارە لە پڕێکدا برووسکەیەك دای لە بیر و هۆشی، بە لەش بۆی نەبزوا.. لەشی وەها کەنەفت بووبوو وزەی ڕاچەنینی تێدا نەمابوو. مێشکی لێ خستە کار کە ئەو گڕەی تێی بەربووبوو هێشتا هەر بڵێسەی دەسەند، مانگی بە پێوانەیەکی پڕ بەپڕی حاڵ دانا و پەنای بردە بەر. ئەو چاك بۆی ساغ دەکردەوە. لە ژێر ڕووناکییەکەیدا چوار ڕیزەی دیوارەکەی لێ دیار بوو. لەو ساتەدا بڕێك سەرووی دەم کەل کەوتبوو. بۆی دەرکەوت کە ئەگەرچی ڕووناکییەکەی دەگاتێ، بەڵام دەم کەلی لە بەرچاو بزرە. بینایی بەرەو ژوور تا ئاستی هێڵی سەرەوەی پەنجەرەکە سەرخست. دای گرتەوە خوارەوە و وردتری کردەوە. بە ئاسانی زەفەری پێ برد. چوار پەنجەی دەستی ڕاستی نووساندن بە یەکەوە و بەرزی کردنەوە. چاوی چەپی نووقاند و بەوەی ڕاستی پێوای. چوار ڕیزەکە پەنجەیەکیان داگیر دەکرد لە بنەوەیانەوە تا هێڵی سەرەوەی پەنجەرەکە. جار و نیوێك چوار پەنجەییە. ئینجا ئایا هەڵچنینی دیوارێکی ئاسایی چەند ڕیزە خشتی دەوێ؟. ڕەنگە چل.. یا سی و شەش.. یا تۆ بڵێ سی و دوو. دە هەر دەکاتە دوو جار چوار پەنجەیی و هەر سەروو هێڵی سەرەوەی پەنجەرەکە دەکەوێ. واتە کەم و زیادی نییە.. وایە وەك وتم.. نەك هەر یەکەم تیشکەکەم، بگرە ببڕای ببڕ نابینمەوە جارێکی تر، هەر تیشکێك

بدا لە پەنجەرەکەم و بێتە ژوورەوە. کەم و زیادی نییە.. دەردەکەم گرانە.. گورچکبڕ و کوشندەیە.. کەریمە کۆم دەستێکی نەوەشاندووە بواری کونە دەرزییەکیشی بۆ هێشتبمەوە. سبەینێ نا. سبەینێ پێی شك دەبم، بەڵام لە دوو سبەیەوە بۆ هەتا هەتایە دادەخزێمە تاریکستانەوە.. تاریسکتانێکی سەختی بێ ئامان دێت.. ئەو دێتە ناو حەوشەکەوە. دێتە ناو هەیوانەکەشەوە. بەڵام هاتنی بۆ ئەوێ و ئەوێ بە من چی؟ ئەو جۆرە هاتنەی چ پێوەندییەکی بەمنەوە هەیە؟ چ ناسیاوێکی لەگەڵ مندا لێ دروست دەبێ؟.

من ئەوە بیست و شەش ساڵی ڕەبەقە، لێرەدا لە ئامێزی بیلبیلەی چاومی دەگرم. لەگەڵ یەکەم هەناسەی هەر ڕۆژێکی نوێی ژیانمدا. هەڵی دەمژم و تێکەڵ بە خوێن و گۆشت و ئێسقانمی دەکەم. بیست و شەش ساڵە، ئەم ژووره و بەر ئەم پەنجەرەیە جێ ژوانمانە. هەر بیست و چوار سەعات جارێك و ژوانێك. ئەگەر بە ژمارەی بگۆڕیتەوە دەکاتە چەند؟ ئەو خەڵکە لاف بە جارێك و دە و بیستەوە لێ دەدەن. شانازی بەجارێك و دووان و سیانەوە دەکەن و تا مردن، هەر دەیگێڕنەوە و دەیگێڕنەوە. لە کاتێکدا لای من دەکاتە.. دەکاتە..

بەبێ ئاگا لە کەنەفتییەکەی، ڕاپەڕی و خۆی خستە سەرباری دانیشتن. چاوی بۆ دەفتەر و قەڵەمەکەی گێڕا. لە تەنیشتییەوە بوون. دەستی دانێ و لاپەڕەیەکی تەرخان کرد. نووسی: ٣٦٥×٢٦=٠٠ لێکدانەکەی لە لاتەنیشتەوە ساز دا. بەدەستووری بازرگانێکی پەرۆشی خۆ بە دوورگرتن لە هەڵە، دوو جار پێدا چووەوە. ئەوسا ئەنجامەکەی گواستەوە کە دەیکردە (٩٤٩٠).

ئەم ژمارە و ژمارەکارییە، لە باسە سەرەکییەکەی داماڵی. ڕاپێچی ژمارەکارییەکی تری کرد. هەر لەو لاپەڕەیدا نووسی: ٥٩×٣٦٥=٠٠ ئەنجامی ئەمیشی ساغ کردەوە و لە پاڵیدا نووسی:٢١٥٣٥. لەبەر خۆیەوە وتی: (بیست و یەك هەزار و پێنج سەد و سی و پێنج ڕۆژ!.. پیاح! یانی من ئەوەندە ڕۆژ.. نانا.. ئەوەندە ڕۆژ و ئەوەندە شەو ژیاوم؟! ئەی ئەگەر..)

لەوەدا بوو بیانگۆڕێتەوە بە بەشە وردەکانی تری کات و هەستی کرد تارماییەك، خەریکە بەسەر پەنجەرەکەدا دێ. کە سەری هەڵبڕی، وا مانگ لەوەدایە هەڵکشێتە ژووروی هێڵی سەرەوەی پەنجەرەکە و لە بەرچاوی ون ببێ. حەزی لێ بوو هەڵسێتەوە

سەرپێ و بە خۆیدا ڕانەدە پەرموو. تا ماوەیەك لە دڵدا بێنە و بەرەی پێ کرد. تا لە ئەنجامدا جڵەوی دایە دەست حەزەکەی و تەکانی دا کەوتە سەرپێ و بزوا، ئەو سڵەمینەوەیەی ڕەوییەوە. باش حەسابووەوە. تەنانەت ئازارەکەی لاکەلەکەشی تەواو کز بووبوو. دڵی هەندێ کرایەوە. لەو ساتەوە پێی نابووەوە ماڵەوە، ئەوە یەکەم جاربوو مۆتەکەی خەمە سەختەکە تۆزێ بەرۆکی بەر بدا. ڕاوەستا و دەستێکی بە سەر و ڕوخساریدا هێنا. ڕوانییە لەپی دەستی. لە چەوریدا دەبریقایەوە. لە ژوور بەدەرکەوت و چووە هەیوانەکەوە. تەقەلای دا بوار بەچاوی نەدا بڕوانێتە بەلا ناگەهانەکە. چووە بەر دەستشۆرەکە و بەکاووخۆ دەموچاوی شوشت. بە هەنگاوی لەسەرخۆ کشایەوە ژوورەوە. هێشتا هەر هێمن و بەئارام بوو.

## ٥

هێمن و بەئاراممییەکەی درێژەی نەکێشا مۆتەکەی خەمە گورچکبڕەکەی کۆڵی، تەنیا بۆ ماوەیەك خۆی مت کردبوو، دەنا بەرۆکی بەرنەدابوو. لە سەرەتادا کە لەسەر جێگەکەی دانیشتەوە، بڕیاری دا پەردەکە دابداتەوە و بخوێنێتەوە. بێ ئەوەی بەخۆی بزانێ، چوو دەستی دایە کتێبی (بنچینەی ئادەمیزاد) و هێنایە پێشەوە لەوەبەر دوو جاری خوێندبووەوە. وەك زۆربەی کتێبەکانی تر، وەها نەبوو سەروبەر باوەڕی بەقسەکانی نووسەرەکە هەبێ، بەڵام بەیەکێ لە کتێبە بایەخدارەکانی دادەنا.

سێ چوار لاپەڕەی سەرەتای بە تەواوی لێ خوێندەوە و ڕای گۆڕی. کەوتە هەڵدانەوەی ئەوەکانی تری. بەدەمییەوە ناوەڕۆکەکانی بەبیر دەهاتەوە. کە تەواو بوو خستییە لاوە. هەمدیس بێ ئەوەی بزانێ بۆچی، چوو هەرشەش دەفتەرەکەی هێنایە بەردەست. ماوەیەك داینان و لێیان وردبووەوە. ویستی پێیاندا بچێتەوە و نەی کرد.

ئەوان و کتێبەکەشی خستەوە شوێنی خۆیان. بە کتێبخانەکەیدا کەوتە گەڕان. چەند سووڕێك ئەمسەر و ئەوسەری پێدا کرد. ئەم کتێب و ئەو کتێبی دەردەهێنا. سەیرێکی دەکردن و دای دەنانەوە. دوا جار لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا، ڕووەو پەنجەرەکە ڕاوەستا. هەموو نیشانەیەك بە ڕوخسارییەوە وایان دەگەیاند کە هەر ئەوە مەبەستی... کە ئەو هەموو بێنە و بەرە و هەڵسوکەوتەی، پووچ و بەتاڵ بوون و بیر و هۆشی هەر لەلای ئەو بوون. وەك بیەوێ بڵێ:

خۆ خەڵەتاندن بەسە، قەڵەمبازی دایە سەر قەرەوێڵەکە. بە ڕقەوە پەردەی بەرەو کەنار لێ ڕامالی. لە بەر ڕووناکی مانگەشەوەکەدا، ڕیزە خشتەکانی کەوتنە بەرچاو. لەسەر چۆك ڕووبەڕوویان دانیشت. لەبەر خۆیەوە بەدەنگەوە وتی:

– ئا ئیتر نایبینمەوە.. ئیتر بۆ هەتا هەتایە بەریم لێ دەگرن.

لەرەی دەنگی ئاوازێکی گریاناوی دەبەخشی. بەئاشکرا دیاربوو کە قورگێکی پڕ لە سوێی گریانەوە دێتە دەرەوە. لە خۆی پرسی:

– دەگریم؟.

لە وەرامدا وتی:

– ئەگەر بتوانم بۆ نەء.

زۆر جاری تر توانیبووی. کەس نەیدیبوو بە ئاشکرا بگری. تەنانەت لە مردنی دایکی و باوکیشیدا نەبینرابوو. هەر خۆ بەخۆ فرمێسکی ڕشتبوو بگرە ئەوەکانی ئاشکراکانیشی هەر بۆ خۆ بەخۆ گل دەدایەوە.

گریا.. فرمێسك بە چاوانیدا چۆڕاوگەی بەست. دادەڕژایە سەر هەردوو چۆکی. هەستی کرد دادەڕژێتە سەر چۆکی. ئەوە لە باری دانیشتنەکەی وریای کردەوە. باری دانیشتنی پەرستکارێکە و چووبێتە سوژدە. بەدرێژاییی بیست و شەش ساڵەکە، قەت وەها بەو نیازە دانەنیشتبوو.

– ئایا ڕۆژپەرستیت؟.

پرسیارەکەی باوکیشی، بیست و شەش ساڵی بەسەردا ڕابردبوو. کەچی دەتوت ئان و ساتە دەیکا و ئەوەتاش لە پشتییەوە، ڕاوەستاوە و چاوەڕوانی وەرام دەکا. بگرە دێتە بەرگوێی دەڵێ:

– تۆ باوەڕت بە تەلیسم و تەلیسمکاری هەیە؟.

کە ئاوڕی دایەوە، هێشتا فرمێسك هۆن هۆن بەچاوانیدا دەهاتە خوارەوە. باوکی لێی سەرسام بوو!.. وتی:

– ئەوە دەگریت؟! من بە منداڵیت نەبێ، قەت تۆم نەدیوە بگریت.

ئەم وازی لەو باری دانیشتنەکەی هێنا. وەرچەرخا و ڕووی تێ کرد وتی:

– تۆ نەتدیوم.. بەڵام خۆ زۆر جار خۆمم دیوە.

– یانی بەنهێنی.. بۆچی؟.

– لە  تۆوە فێر بووم. منیش قەت تۆم نەدەدی بگریت.

– یەك جار نەبێ.

– کام؟! کەی؟.

–  دوو ڕۆژ پێش مردنم. لە بیرت نایەت پرسیاریشت لە بارەیەوە لێ کردم.

–  با.. بیرم کەوتەوە.. وەرامیشت نەدامەوە! لە ترسا بوو؟

– لە چی؟

– له مردن.

– تۆ لێی ناترسیت؟

ڕاستەوخۆ وەرامی بۆ نەدرایەوە. چاوی لەو لا دا و سەری داخست بیرێکی لێ بکاتەوە. لەوەبەر گەلێ جار لەم باسەی کۆڵیبووەوە. مرۆڤ بۆچی لەمردن دەترسێ؟ حاڵەتێکی بەگێژەنە.. تۆ وردی بکەرەوە.. خودی مرۆڤەکە لەو ساتەوەی دەمرێ، فڕی بەسەر چ ژیان و چ مردنەوە نامێنێ. کە مرد زیندووەکان دەڵێن مردووە، دەنا ئەو نەدەزانێ ڕۆژێك لە ڕۆژان ژیاوە و نە دەشزانێ ئەوەتا لە ئێستادا مردووە! ئیتر بۆچی دەبێ بترسێ؟.

باسەکەش بەم بارەیدا، پێوەندیی بە لە کیسچوون و نەچوونی ژیانەوە نییە. نەك لەبەرئەوەی ڕۆژی لە کیسچوونەکەی درەنگ یا زوو هەر دادێ، بگرە لەبەرئەوەی لە ساتی ڕوودانی مردنەکەوە، هیچ بایەخێکی بۆ خودی مردووەکە نامێنێ. هەن بە ئاسانی خۆیان دەدەن بە دەست مردنەوە! تۆ بڵێی ئەوانە چووبنە بنج و بناوانی ئەم ڕاستییەوە و لەگەڵیدا جۆشیان نەخواردبێ؟! ناشێ.. نابێ کەسێك هەبێ هەر بەڕاستی و ببڕاییبڕ لە مردن نەترسێ. بە ئاسانی خۆی بەدەستییەوە دەدا ئا.. دەبێ.. بەڵام بە هیچ کلۆجێك و تا دوا سات هەر نەترسێ، قەت نابێ، هەن هەر لە دووری دوورەوە لێی دەتۆقن. هەن لەو کاتەدا کە نزیکی دەبنەوە هەشن لە دوا ساتەکانی کەوتنە ژێر چنگیدا، ئینجا ترسەکە سواری سنگیان دەبێ. دەیسا دەبێ نهێنی ئەو ترسە لە چی و لە کوێدا بێ؟ دەشێ بوترێ: پاراستنی ڕەگەز لە فەوتان. ئەمیش دەبێ لە سنووری خواستی خودی ئادەمیزادەکە بچێتە دەرەوە. چونکە ئەگەر بکەوتایە دەست خواستی ئەو تای تەرازووی بەلای خۆیدا دەشکاندووە. لە ئەنجامیشدا ڕەگەز و پاراستنی ڕەگەز، لە فەرهەنگدا دەسڕدرایەوە. هیچ ئادەمیزادێکت نە دەبینی بێت و بەڕەزامەندیی خۆی بڵێ: من ئەم پەنجا یا سەد یا دووسەد ساڵەی ژیانم بەسە کە ژیاوم.. با ئیتر من بمرم یەکێکی تر بێت لەباتی من بژی! ئەگەر دەستوور وا بهاتایەتە کایەوە، ژمارە قەت لە یەکەمین دوو مرۆڤەکەی تێ نە دەپەڕاند دەسا ترسەکە ڕاست بۆ پاراستنی ڕەگەزە، بەڵام تۆ وەرە سەرنجدە. ئەگەر ڕۆژێك لە ڕۆژان یەکێك بێت و شتێکی وەها دابهێنێ ترسەکەی پێ بنبڕ بکا، چی دەقەومێ؟ بۆ نموونە بابڵێین دێت ڤایرۆسێك دێنێتە بەرهەم کە ترس لە مردن نەهێڵێ و بڵاوی دەکاتەوە.. چی ڕوو دەدا؟ ئاشکرایە.. قەڵاچۆیەکی گشتی و سەرجەمی دادەکەوێ.. قەڵاچۆیەکی کاریکاتێرییانەش! کەس

سڵی لێ ناکاتەوە و کەسیش دەستی لێ ناپارێزێ. خەڵکەکە هەموو بەرودوا دەبنە کوژراو و کوژەر. چ بەدەستی خۆیان و چ بەدەستی یەکتر.

ئیتر لە ماوەیەکی کورتدا، ئادەمیزاد وەك ڕەگەزێك ڕوو لە فەوتان دەکا. ئەمەش کاری کردە نییە و نابێ ڕووب دا. ڕووش نادا.

ترسەکە لە مردن نایەڵێ. یاسایەکە و بووەتە کۆڵەکەیەکی بنچینەییی ژیان.

– ئەی تۆ جارێکیان نەتوت: لە کوێ بێنم میکرۆبێك پەیدا ببێ، ئەم ڕەگەزە نەگریسە لە بنەڕەتەوە بفەوتێنێ.. نەتوت؟

باوکی بوو بەم قسەیە بە ئاگای هێنایەوە. بەدەم زەردەخەنەیەکی بەمەغزاوە قسەکەی کردبوو. سەبری لە وەرامیدا وتی:

– با بەڵێ.. وتم.. بەڵام لە دڵدا، ڕەگەزەکە هەموویم مەبەست نەبوو خۆ تۆ دەزانیت قسەکەم لە چییەوە هات. لە گێچەڵەکەی سابیرە سوورەوە نەبوو کە پێتی گێرا؟ دەی من هەر لە خۆت دەپرسم: ئەو زەلامە حەقی هەیە پێی بوترێ مرۆڤ؟.

– تۆ دڵنیایت کە هەقی نییە؟.

– چۆن دڵنیا نیم! لە بیرت نایە لە خوتوخۆڕایی چی پێ کردیت؟ چۆن بووبووە شمڵی شەڕ و لێت نەدەبووەوە؟ قەرزی باوکی لەسەر نەبوو؟! ها؟.

– ماڵیت دزیبوو؟.. بەشیت خواردبوو؟.. ها؟.

– ..

– مارەیی دایکیت لە ئەستۆ بوو؟.. ها؟.

– دە فەرموو تۆ خۆت وەرام بدەرەوە.. تۆ خۆت بڵێ بزانم چ غەدرێکت لێ کردبوو، تا ئاوەها لێت ببێتە گورگێکی هار و بێتە وێزەت؟ فەرموو تۆ خۆت بڕیار بدە.. بزانم ئەم جۆرەی ئادەمیزاد هەقی بنبڕبوونی هەیە یان نا؟.

ئەم وای لە دڵ گرتبوو کە چاوی بە سەر ڕوخساری باوکیدا ڕواوە و دەیدوێنێ. کەچی کە بۆ چاوەڕوانی وەرام باشتر سەرنجی دا، ڕوخسار لە کایەدا نەمابوو! پێی ناخۆش بوو. بە نابەدڵییەوە وەرگەڕایەوە بەلای پەنجەرەکەدا. بینینی ئەم جارەیانی لێ خۆش نەهات. لێی سڵەمییەوە و سامێکی نادیاری لێ نیشت. دڵی گوشرا.

باوکی وتبووی: (میکرۆبەکە کێ بێ پەیدای بکا.. پەنجەرەکە یا تیشکەکە ئەم لە

وەختی خۆیدا وەرامی بۆ نەدرایەوە. دواییش ئەو هێندە لە ژیاندا نەمایەوە، بواری جارێکی تر لێدوانی باسەکەیان بۆ بڕەخسێنێ. ئیتر ئەم لەلای خۆیەوە، هەرچەندە قسەکەی بە بیر دەهاتەوە، هەمان سڵەمینەوە و سامی نادیار و دڵگوشران دای دەگرت. ئەم جارەش بەخۆڵێدزینەوە دەشکایەوە باسەکەی هەموو کات لەلا تێکەڵوپێکەڵ دەبوو!.. ڕۆژ.. تیشك.. پەنجەرە.. ڤایرۆس و میکرۆب.. چاکە و خراپە و ژیان و مردن ئیتر کە دەیدا بەدەمییەوە، دەتوت چووەتە ناو توونی باباوە بەبێهوودە، بە توونێلە هەزار بە هەزارەکانیدا دەخولێتەوە. پەرستن مەتەڵێکی تری ژیان بوو بیر و هۆشی دەپرواند.. دەیپرسی. مرۆڤ بۆچی دەپەرستێ؟ گرینگ نییە چی دەپەرستێ.. گرینگ بۆچییەکەیە! عیزەتەفەنی ڕای وانەبوو. ئەو جارێکیان وتی:

– بپەرستیت یا نەپەرستیت.. چی لە ڕەگوڕیشەی گرفتە سەرەکییەکە دەگۆڕێ؟

ئەم بەدەگمەن ڕووی دەدا، لەسەر مەسەلەیەك بەئاشکرا حیرس بیگرێ و بەدیوی دەرەوەیدا هەڵبچنێ. ئەم لەو حاڵەتانە، بەودیویاندا هەست و نەستی خۆی خەفە دەکرد. لە کاتێکدا تەوژمی ئەندێشەکەی . بەدیوی ناوەوەیدا پەنگی پێ دەخواردەوە. لە وێدا تاوتوویێی پێ دەکرد و جۆشی پێ دەسەند تا بەئەنجامێکی دەگەیاند کەچی ئەو جارە لە وەرامدا تەقییەوە و وتی:

– ئەم قسە بێ مانایە چییە؟ چۆن چی لێ دەگۆڕێ؟ من پێم سەیرە تۆ هێندە بەبێ بایەخی بزانیت.

وەك دەمەتەقێکەیان ئا ئەم ساتە بێ ڕوو بدا. عیزەتەفەنی بینی بەرامبەری دانیشتووە و پێدەکەنێ.

ئەم دەزانێ پێکەنینی گاڵتە پێهاتن نییە. ئەو قەت گاڵتەی بەقسەکانی نەدەهات. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم پێکەنینەکەی لێ خۆش نەهات. وتی:

– هێندە من تێی بگەم پێکەنین دوو جۆری سەرەکی هەیە. پێکەنین بە خۆ و پێکەنین بەخەڵکی تر، من پەرستن وا دادەنێم کە کردارێکی تێکەڵە لە هەردوو جۆرەکە. ئەگەر وا نەبێ، مرۆڤێك چۆن دەتوانێ بشپەرستێ و نەشپەرستێ؟ عیزەتەفەنی واقی وڕما. پێکەنینەکەی بەسەر لێوەوە وشك بوو. تا چەند ساتێك بێدەنگ بوو. ئینجا وتی:

– چۆن.. ئادەی.. ڕوونی بکەرەوە.

ئەم وتی:

– چاك گوێ بگره.. ئەو زەلامەی دەپەرستێ، دەبێ بەموو لە فەرمایشت لانەدا.. وایە؟

– وایە.

– کەچی لا دەدا.. وایە؟.

– ئەمیش وایە.

– کەوابێ لە دڵدا.. لە ناخدا. لە قووڵاییی دەروونداد، گاڵتەی بە هەردووکیان دێ.. وا نییە؟

عیزەتەفەنی ئەم جارە پێ نەکەنی. بگرە بەدڵسۆزییەکی تێکەڵ لە بەزەیییەکی برایانەوە کەمێ بەسەر و ڕوخساریدا هەڵڕوانی و ئینجا بەدەنگێکی هێمن تەنیا وتی:

– نەء!

ئەم چاوەڕوانی ئەو وەرامە نەبوو. بەتەمابوو بێ چەندوچۆن بڵێ: با لەگەڵ ئەوەشدا خۆی تێك نەدا و وتی:

– ئەی چی؟

– گاڵتەی پێ نایەت.. زۆربەی هەرە زۆری لەو بابەتانەن کە لە ناخی دڵەوە باوەڕیان پێیەتی. دەیانەوێ لە فەرمایشت لانەدەن و بەدەستیشیان بێ لانادەن. بەڵام بەدەستیان نییە.

– بۆچی و گوایە لە چییان کەمە؟ خاوەنی هەست و نەست و بیر و هۆش نین؟ خاوەنی ئەقڵێك نین کە ڕێگەیان نیشان دەدا؟ ڕێگەکەش ئاشکرا و ڕوون نییە؟ بابە هەر هیچ دوور مەڕۆ.. ناوترێ چاکە بکە و خراپە مەکە؟

کەس هەیە هەر لە منداڵییەکی زووەوە، هەزار جار ئەم وتەیەی بەگوێدا نەدرێ؟ کەس هەیە نەزانێ کامە چاکەیە و کامە خراپەیە؟.

– ئا هەیە.. یا وا نا.. با بڵێم: هەندێ جار دەزانێ و هەندێ جاریش نازانێ. کاتێ کە دەزانێ، دەبێتە پیاوچاك یا پیاوخراپ. کاتێکیش کە نازانێ نە دەبێتە ئەویان و نە ئەمیان.

– تۆ بە مەتەڵ قسە دەکەیت! دەزانی و نازانی یانی چی؟.

ئەمە هەر دەکاتەوە گەڕەلاوژەیییەکە. هەر پاشەگەردانییەکە دەگرێتەوە. هەر درێژەپێدانی خراپەکارییەکە دەگەیەنێ. من یەك قسەم دەوێ.. قسەی ڕاست.. دوایین

قسەی ڕاست.. ئا یا نەء؟.

– ئاخر تەنیا ئا یا نەئی من و تۆ. لە ئاست گێژەنی گرفتەکەدا بە فلسێك ناچێ. با من و تۆ بیست و چوار سەعاتە هاوار بکەین: خەڵکینە چاکە بکەن و خراپە مەکەن. بەچی دەچێ؟

گرفتەکە لەم زمانە تێ ناگا. ئەو هێندە جیڕ بووەتەوە و بەجۆرێك پیرەڵۆك بووە کە لە مەنجەڵی ئەم جۆرە هاوارەدا قەت قەت ناکوڵێ. فەرموو تۆ تاقی بکەرەوە.. تۆ هەزار هەزار جار تێی خوڕە و بڵێ: گرفت بزر ببە و بفەوتێ. بزانم دەبێ؟ تۆ وەهات دەوێ و کوژراوی ئەم جۆرە چارەسەرکردنەیت. دە فەرموو بیکە.. فەرموو بیڵێ.. بەڵکو ئەمە خوایە بێتە دی.

– گاڵتەم پێ دەکەیت.

– من؟! حاشا... بەڵام حەز دەکەم بزانیت کە تۆ ئەوەیت. ئەگەر تا ئێستا خۆت نەناسیوە بیناسە. ئەگەر لە خۆت تێ نەگەیشتوویت تێ بگە. من درەنگمە و دەڕۆم. شەوباش..

وەك هەر بەڕاستی عیزەتەفەنی ببینێ پشتی تێ بکا و بڕوا، دەنگی هەڵبڕی و وتی:

– شەوباش.

***

ئەوشەوە دەتوت مێشکی لێ هار بووە. شاڵاوێکی بێ ئامانجی هێنابوو هەرچەندی دەکرد بۆی دابین نەدەکرا. وەك بڵێی کاسەی سەری قڵیشاندبێ و لێوەی بەلەسە بووبێ..

وەك بڵێی تەنیا بە تاڵە دەزوویەکی لاستیکییەوە خۆی پێوە بەند کردبێ، ئاوەها سەربەخۆ هەڵدەسووڕا.

کە عیزەتەفەنی لێی جیا بووەوە، کات لە نیوەشەوی تێ پەڕاندبوو. ئەم مەیلی بەلای خەوتندا بزواندبوو. بگرە قاچیشی هەڵکێشایە سەر قەرەوێڵەکە و لەوەدا بوو ڕابکشێ.

مێشکە ئارام لەبەر هەڵگیراوەکەی نەیهێشت. تاڵە دەزوویەکی لێ توند کرد و بەدوای خۆیدا ڕای کێشا. لە بری پاڵکەوتنەکە، خۆی خستە سەرپێ. ویستی هەنگاو بنێ. بەڵام بە چ نیازێك و بۆ کوێ؟ ئەم نەیدەزانی داوەکە بەرە و هەیوان ڕاپێچی کرد. مانگ

تـەخـتـی ئـاسمـانـی جـێ هـێشتبـوو. ڕووەوئـاوابـوون بـەرەو دامـێن داخـزابـوو. لـە بەرامبەرێکی دوورەوە، شەوقێکی خاوی هێمنی بە گۆیژە دەبەخشی و وەك تابلۆیەکی تەماوی، دەیخستە پێش چاو. ئەم کە چووە پێش دەمی هەیوانەکە و هەڵی ڕوانی، گۆیژەی مەبەست بوو. کەچی شان بەشانی ئەو، ڕیزە خشتەکان چەقینەوە گلێنەی چاوی. دەتوت نووکە سووژنێك کراوە بە قەتماغەی زامەکەیدا. وەك بەڕاستی بیەوێ مێشکی بەلەسەبووی بئاخنێتەوە ناو کاسەی سەری، هەردوو چنگی بە ڕقەوە بەدەوری سەری خۆیدا گێڕا. ئینجا چەقاندنییە ناو قژییەوە و بەدەمییەوە، بە پڕتاو گەڕایەوە ژوورەوە.

کە دانیشتەوە، لە مێشکی خۆی بەگلەیی بوو. وەك بیبینێ دەستە و نەزەر بەرامبەری ڕاوەستاوە و چاوەڕوانی ڕاز و گلەییە، ڕووی قسەی تێ کرد و وتی:

– بۆ وا دەکەیت؟ یانی بۆچی دەبێ لەناو ئەو ملیارەها خەڵکەدا کە هەن، گرگرِ تۆ بێیت و ئەم گۆی زەمینە بە کۆڵەوە بگریت؟ سەرجەم ئازار و ئەندێشەکانی لە خۆت بار بکەیت؟ بۆچی پێم بڵێ بزانم!. گوایە هەر بەتەنیا جەنابت دەزانێ زوڵم و زۆر و چەوسانەوە هەیە؟ تەنیا تۆ لە درۆ و دەلەسە و ڕیاکاری و تەڵەکەبازی ئاگەداریت؟ هەر تۆ هەست بەدەرد و مەینەتی و زەبوونیی ڕەگەزی ئادەمیزاد دەکەیت؟ دەزانیت تۆ ئەوە پەنجا و نۆ ساڵە چی بەمن دەکەیت و چیت پێ کردووم؟!. خۆ من بەرد و ئاسن نیم.. بەسە.. ئیتر بەسە!.

لەو ساتانەدا تەوژمێکی سەختی لەخۆ چاڕسبوون زۆری بۆ هێنابوو. سەراپای لەشی نیشتبووە سەر ئارەقێکی گەرمی لینج. ترپەترپی دڵی دەگەیشتە بەرگوێی و هەناسەی سوار بووبوو. لەسەر باری دانیشتنەکەی خۆی بۆ دابین نەکرا. بەبێ پەروا چاوی بە دەور و پشتیدا دەگێڕا. تا قاپە عارەق و پەرداخەکەی تەنیشتی سەرنجیان ڕاکێشا. ئەم ئەگەرچی لە وەختێکی زووەوە بەنیازی خواردنەوەوە دای نابوون، بەڵام بەبیری هاتەوە کە لە دوو پێکی زیاتر لێ تێ نە پەڕاندووە.

ئەم لەو بابەتە مەیخۆرە نەبوو کە ملی پێوە نێ. هەر لە کۆنەوە پێوەندییان لەگەڵ یەکتردا، هاوەڵێتییەکی بێ گێچەڵ بوو. مەگەر بەدەگمەن ڕووی دابێ یەکترییان زویر کردبێ. دەنا لە دژوارترین حاڵەتی دەروونیشدا، لەگەڵیدا نەدەکەوتە ناکۆکییەوە.

بۆ خۆ هێمنکردنەوە بە فرسەتی زانی، پێکێکی تری ئامادە کرد و سووکە قومێکی لێ

دا. کە پەرداخەکەی دانایەوە سەرنجی لەسەری راگیر بوو. لە دڵدا لێی پرسی: تۆ چۆن دۆزرایتەوە؟!. بە ئەنقەست وەرامی نەدایەوە. جگەرەیەکیشی ئاگر دا و سووکە مژێکی لێ دا. لەمیشی پرسی ئەی تۆ چۆن؟ هەردوو پرسیارەکەی زۆر جار بەبیردا هاتبوو. وەرامی هەردووکیشیانی دەدایە پاڵ ڕێکەوت. لە کۆنی کۆندا هەندێ بۆڵە ترێ لە دارمێوەکەوە بەر بووەوە و کەوتە ناو چاڵێکی بەردینەوە. لەوێدا گەنی و بوو بە شەراب. زەلامێك هات لێی خواردەوە. گەشکەیەکی دایە و پێی فێر بوو. زمانی نەسرەوت و خەڵکی تریشی پێ فێر کرد. جگەرەکەش هەروەها. زەلامێك ویستی ئاگرێك بکاتەوە. چەند گەڵاتووتنێکی بۆ بە دەستەوە هات. دووکەڵەکەی چوو بە گەروویدا. بۆ نەگبەتی لەزەتی لێ بینی. ئەویش خەڵکەکەی لێ ئاگەدار کرد  و ئیتر تەشەنەی سەند.

سەیرە!.. شتی خراپ بۆچی دەبێ تەشەنە بسێنێ؟!. شتی چاك دەبێ و ئاساییە. بۆ نموونە هەنگوین بگرە.. خۆ ئەمیش هەر ڕێکەوت ڕەخساندوێتی. یەکێك بە لای قاووغی پیرە درەختێك یا درزی تاشە بەردێك رابوورد. ڕوانی وا شیلەیەکی خەستی زەردباوی پێدا چۆڕاوەتەوە خوارەوە. بەسەری پەنجەی تۆزقاڵێکی لە زمانییەوە داوە. شیرین و بەتام بووە و ئیتر خواردنی تەشەنەی سەندووە. ئێ بەڵام شتی خراپ بۆچی؟ یەکێك لە شاخێکەوە هەڵدێرابێ و یەکێکی تر چووبێ یاریدەی بدا دەبێ. ئەی ئەگەر یەکێك هاتبێ یەکێکی تری لە شاخەوە بەردابێتە خوارەوە.. ئەمەیان چۆن؟!.. سەیرە!.. ئێ دە نەتکردایە.. هەمووتان.. تۆی هەڵدێرەکە. ئەوی چاڵە شەرابەکە. کابرای گەڵا تووتنەکە. دە نەتان کردایە و ئەم ئاوانەتان نەڕشتایە. جا هەر ئەمانە؟ نانا.. یەکێکی تر هات درۆودەلەسە و فرتوفێڵی داهێنا ئەوی تر زۆر و جەور و چەوساندنەوە. یەکێکی تر بێ ویژدانی و خۆ پەرستی و دڵڕەقی و ئیتر تا دەتوانیت لەم بابەتە خراپەکارییانە بژمێرە. ئینجا کە  پەتاکە تەواو زەیفی سەند، گوایە بۆ بەر لێگرتن پەنا برایە بەر حەکیمێك. کەچی جەنابی حەکیم بووە تەوقی عەزازیل و چووە گەردن. ئەم خوا هەڵناگرێ ئیتر بواری نەدەدا، هیچ کەسێك سەربەخۆ ئەو کردەوە خراپانەی لێ بوەشێتەوە. هەمووی خۆی دەیکردن. بەشێوەیەکی ڕێکوپێك و بەپێیی دەستوور و یاسا، نەك بەو پاشاگەردانییەی لەوەبەر هەبوو.

ئیتر لەو وەختەوە بووەتە سووڕانەوەیەکی بێ بڕانەوە لە بازنەیەکدا. من دێم دەیکەم بەهاتوهاوارێك ئەوسەری دیار نەبێ. دەڵێم: خەڵکینە بڕوانن چۆن خوم شێواوە. کا کراوەتە بەر سەگ و ئێسقان خراوەتە بەر ئەسپ!. چۆن وا دەبێ!.  بامن بێم کار بگرمە

دەست، ئەوسا دەبینن چۆن گورگ و مەڕ پێکەوە ئاو دەخۆنەوە. ئا.. تا لە ژێرەوەم قسەم زۆر خۆشە.. هەنگوینی لێ دەتکێ!. کەچی کاتێ جڵەوم دەکەوێتە چنگ.. کاتێ دەکەومە سەرەوە.. هەزار خۆزگە بە کفندز دەخوازرێ. ئینجا هەر خێرا منیش قسەخۆشێکی ژێرەوەم لێ پەیدا دەبێ و ئیتر کار ئاوەها سووڕ لە دوای سووڕ بین دەگرێ.

خۆ من بەشبەحاڵی خۆم، وەنەبێ ئەمەم پێ خۆش بێ، یا پێی قایيل بم. ئەگەر وابوومایە، وەك ئەو خەڵکە ژیانم بەسەر دەبرد و تووشی ئەم ئەندێشە هارە نەدەبووم. نا.. هەر دەبێ ڕێگەیەك بۆ دەربازبوون لە گێژەنی ناو ئەو بازنە لەعنەتییە هەبێ و نەدۆزرابێتەوە. نابێ.. قەت نابێ کار هەروا بڕوا. نابێ ئەم ئاژاوەیە تا سەربێ. هەردەبێ ڕێکوپێکییەك.. دوا ڕێکوپێکییەك بۆ بنبڕکردنی ئاژاوەکە هەبێ و بدۆزرێتەوە. دەنا ئەنجام وەها دەکەوێتەوە کە چ بوون و چ نەبوون یەك مانا ببەخشن. یەك ماناییەکەش بەم بارەیدا، هەر دەکاتەوە بێ ماناییەکی ڕووتوقووت. ئەی ئەگینا مانای بەچی من بۆ ماوەی پەنجا شەستساڵێك بێمە بوون و هەبم ئیتر ببڕای ببڕ نەمێنم!. بە مەرجێ هاتنەکەشم بەهیچ کلۆجێ پێوەندیی بە حەز و داخوازی خۆمەوە نەبێ. خۆ ئەگەر ئە ئاوا لە کورتییش ببڕایەتەوە هەر نەییسا. نەخێر.. لێم دەبێتە پەنجا شەست ساڵێکی پڕ لە دەرد و سزا و مەینەتی. تۆ وەرە وردی بکەرەوە.. ئەگەر مرۆڤێکی زۆردار و جەربەزە و خوێنڕێژ دەردەچیت، ئەوە خۆ بێ چەندوچۆن نە هاتیتایە ژیانەوە چاکتر بوو. ئەگەریش بەپێچەوانەوە، هەر چەوسانەوە و ئازار و ئەندێشە بێ، ئەوا هەمدیس نەهاتنت پەسەندتر بوو. دەی من بەشبەحاڵی خۆم، کەسم نەدیوە و نابینم یەکێك لەم دووانە بێ. ئیتر هاتنیان لەپای چی؟ یا قەیناکا بابڵێین: هەندێ مامناوەندی هەن کە نە زۆردارن و نە زۆریان لێ کراوە.. ئەی بۆ ئەمان، ئەندێشە هەرە سامناکەکە چۆن؟ خۆ تووشی ئەمیان هەر دێن. خۆ ئەمیان لە سات بەساتی پەنجا شەست ساڵەکەدا بۆیان لەسەر پێیە. دەی لە ئاستی ئەمیاندا چی دەکەن؟ بۆ کوێ دەچن و چۆن خۆیانی لێ دەرباز دەکەن؟. دەتوانن؟!... ها؟!.. دەتوانن؟.

– ئا.. دەتوانن.

باوکی بوو وەرامی دایەوە. ڕووبەڕووی ڕاوەستابوو، بەسۆزەوە بۆی پێ دەکەنی. ئەم ئاسایی وتی:

– چۆن؟!.

– کە بتوانێ ترسەکە لە هەست و بیر و هۆشیدا بسڕێتەوە.

– ئێ خۆ دەمرێ.. بیسڕێتەوە یا نەیسڕێتەوە.. ئەو هەر دەمرێ.

– ئا وایە.. بەڵام ئەو نازانێ مردن چییە. دەمرێ بێ ئەوەی بزانێ مردووە.

– یانی فێڵێکە و لە خۆی دەکا.

– بەڵێ تاقە فێڵێکە و ڕاستی بگەیەنێ.

– وەرامێکی بەجێ نییە.

– وەرامی بەجێترت لەلا هەیە.

– ..

– لە بیریشت نەچێ.. ئەمە وەرامی خۆتە و من دەیڵێمەوە.

سەبری خامۆش بوو. لە دڵی خۆیدا وتی: «ڕاست دەکا.. وەرامەکەی منە و دەیڵێتەوە. ئەو وای نەدەوت. ئەو رای وابوو کە دەبێ ئەم کێشەیە واز لێ بهێنرێ بۆ ساتی خۆی.. بۆ ئەو ساتەی فریا نەکەویت نە پرسیارەکە بکەیت و نە وەرامیت دەسگیر ببێ. لەو ساتەدا تۆ هێندەت لەسەرە بمریت.. کە مردیشیت، ئیتر بۆ تۆ نە پرسیار لە کایەدا دەمێنێ و نە وەرام. من ئەم ڕایەی ئەوم پەسەند نەدەکرد. دەموت: ئەمە خۆ خەڵەتاندنە و من ناتوانم خۆم بخەڵەتێنم. من سوور دەزانم شتێك هەیە ناوی مردنە و ئا ئەوەتا لەوێدا.. لە چەقی ڕێگەکەمدا.. لە نزیك یا لە دوور ڕاوەستاوە و چاوەڕوانمە. هەر هێندەی گەیشتمە ئاستی، ئیتر کۆتاییمە و دەبڕێمەوە. ئەو دەیوت: وا نییە.. تۆ خۆت ڕاوەستانەکەی لە چەقی ڕێگەتدا دێنیتە زەینی خۆتەوە. بۆ وای بۆ دەچیت؟ بۆ وای دانانێیت کە لە ناکاوێکدا، لەلا کۆڵانیکەوە لێت دەردەپەڕێ و لە چاوترووکانێکدا، کێشەکەی نێوانتان یەکالا دەکاتەوە»

– ئەی کەوابێ گریانەکەی پێش مردنەکەت لە پای چی بوو؟.

ئەم پرسیارەی بەدەنگی بەرز لە باوکی کرد. کەچی دیمەنی باوك سەرلەنوێ، لە بەرچاوی ڕەوی بووەوە. لەبەر خۆیەوە وتی:

– دیسان هەڵاتیت؟.

تا ماوەیەك بینایی بەسەر شوێن و تارماییەکەی باوکیدا ڕووا. لەو ماوەیەدا بیر و هۆشی لە کار کەوتبوون. دەتوت مۆڵەتیان بۆ حەوانەوەیەکی ناچاری خواستووە.

ناهەقیشیان نەبوو. ئەوان تین و توانایان لە سەرچاوەکەیانەوە وەردەگرت. سەرچاوەی بەلەسە و هاربووشیان، هێندە خۆی ڕەتاندبوو کە لە پەلوپۆ کەوتبوو. چیی تر لە وزەیدا نەمابوو، چ خۆی و چ ئەمان ببزوێنێ. بە ئاشکرا پێوەی دیاربوو کە ڕوو لە متی و خامۆشی دەکا. ئیتر پێش ئەوەی تەواو کپ ببێ، دوا فەرمانی دا. سەبری بەتەکانێك دەستی گەیاندە دوگمە و گڵۆپی کوژاندەوە. خۆی خستە سەر باری خەوتن. پێش ڕاکشان، بۆ پێشوازیکردنی دوایین جاری یەکەم تیشکەکە، درزە بەرینەکەی کردە پەنجەرەکەوە.

ئەم بەیانییەش لەگەڵ یەکەم تیشکەکەدا کە لە پەنجەرەکەوە خۆی بە ژووردا کرد، لە خەو بەئاگا هات. هەر کە پێڵوی لەسەریەکتر جودا کردنەوە، ئان و سات خەمە سەختەکەی لێ هاتەوە سوێ.

هیچ گومانێکی نەمابوو کە ئەوە دوایین جاری پێ شادبوونەوەیەتی و ئیتر بۆ هەتا هەتایە پێك ناگەنەوە.. کە ئیتر شادەماری عەشقە تەمەن بیست و شەش ساڵییەکەی لێ دەقرتێنرێ و گیانی دەکێشرێ.. ئیتر دەزوولەکان بەناو دەمارەکانی لەشیدا ڕۆ ناچنە خوارەوە و خوێنەکەی، لە تۆز و گەرد و چڵکی بیست و چوار سەعاتەکەی پێشوو داناشۆرێتەوە. ئا.. نەهامەتییەکەی زۆر گەورە و گرانە.. ئەندێشەکەی گورچکبڕ و کوشندەیە و کەریمە کۆم لە خوتوخۆڕایی.. لە هیچە.. بەبێ غەدرێك، خراپەیەك، پێ خواردانانێك، تەنانەت هەڵەیەکی گەورە یا بچووکیش کە لە بەرامبەریدا کردبێتی، بە کوڵکییەوە دەکا!. بۆ؟. ئاخر کاك کەریم.. برام.. کوڕم بۆچی؟ دەڵێم کوڕم چونکە بە باوکت دەشێم. هیچ نەبوایە ئەمەت لە بەرچاو بگرتایە. خۆ کفر نەدەبوو. خۆ کابە کەچ نەدەبوو!. با کەمێ بە حورمەت بوویتایە. با بتوتایە: کابرا بەتەمەن بە باوکم دەشێ و با ئەم بێ حورمەتییەی لەگەڵدا نەکەم. کوڕە باوکم بتوتایە: مرۆڤێك.. زەلامێك.. گیانلەبەرێك لەو خانووەدایە و با من تۆزێ لێکی بدەمەوە و بزانم ئەم کارە چی بەسەر ئەو دێنێ؟!.

کوڕە کەریمە کۆم خۆ کارەکەت هێندە ئاڵۆز نەبوو سەری لێ دەرنەکەیت و نەزانیت چ زیانێك بە من دەگەیەنێ!. نا نەك زیان بگرە چ جەزرەبەیەکی دڵپڕوێن لە من دەدا. یانی دەتەوێ باوەڕ بکەم کە دەرکت پێ نەکردووە؟ ناشێ.. قەت ناشێ. نەك هەرتۆ.. تۆی زۆڵ و حەرامزادە.. بگرە مرۆڤێکی گێل و گەمژەش لە جێی تۆ بووایە، دەیزانی ئەو کردەوەیە چی دەگەیەنێ.. دەیزانی..

وەکو ڕۆژانی لەوەبەری بۆ نەکرا.. تەقەلای دا. ڕاست بووەوە و دانیشت. ویستی لە قەرەوێڵەکەدا دابەزێتە خوارەوە و بکەوێتە سەرپێ. کەچی دەتوت پێوەی بەستراوەتەوە. جەستەی خۆی لێ بووبووە تۆپەڵە قوڕقوشمێکی فڕێدراوی سەر قەرەوێڵەکە. سەیری لێ هات!. لە دڵدا خۆی وەها نەدەبینی. باوەڕی نەدەکرد لە بێ هێزی لەشییەوە بێ.

بەزمانی ناخ وتی: مێشکم.. مێشکم فەرمان نادا و یاخی بووە!. دەنا چ خێرمە؟ جەستەم چ خێرێتی؟.

ملی داو وەك ڕۆژانی لەوەبەری نەکرد. لە بیست و شەش ساڵ لەوەبەرەوە، یەکەم جار بوو لە دەستوور لابدا. ڕاکشایەوە ڕووەو پەنجەرەکە خۆی خستە سەرشان. دەروونی بووبووە کوورەیەکی ئاگر. دەیبینی چۆن سات لە دوای سات، دیمەنی یەکەم تیشکەکە ڕوو لە گۆڕان دەکا. ڕۆژانی پێشوو لە سەرەتاوە تا کۆتایی، هەر گەش گەش.. هەر بریسکەدار بریسکەدار.. هەر لەوپەڕی شۆخی و شەنگیدا دەیبینی قەت ڕووی نەدابوو بیبینێ خاو ببێتەوە. یا بداتە کزی، یا ڕوو لە ژاکاوی بکا. کەچی ئەوەتا ئێستا دەڵێی پەلەقاژەی مردنێکی خێرا دەکا.

دیمەنەکە دەیپرووکاند. دەیبینی بە بەرچاویەوە شاباڵی تەمەن عەشقێکی بیست و شەش ساڵەی لە بن هەڵدەکێشرێ. بینایی خۆی لە ئاستیدا بۆ ڕاگیر نەدەکرا. چرە دووکەڵێکی ڕەشی بە پێچەڵ پێچ بەری لێ دەگرت. وەرچەرخا و دیمەنەکەی بەبینینی چاو لە خۆی ون کرد.. بەوەشەوە نەوەستا و هەردوو چاوی نووقاندن. بەڵام بێ سوود بوو. دیمەنەکە بەبینینی ناخ هێشتا هەر بە جەخار بوو. خڕۆڵکەی ڕۆژ هێدی هێدی لە دەم کەلی گۆیژەوە سەر دەردێنێ. خڕۆڵکە ئەم بەیانییە لێڵ و تەماوییە. وەك جاران یەکەم تیشکەکەی دەگەیەنێتە پەنجەرەکە و دەیکا بەژووردا. بەڵام یەکەم تیشکی ئەمڕۆی خاو و بێ ڕەونەقە.

هەردووك ڕێگە دەگرنە بەر. ڕێگەیان ڕووەو هەوراز و هەڵدێرە. گەشە بریسکەدارە شۆخ و شەنگەکەی جاران نین. خاون.. کزن.. ژاکاون پیرن.. پیر.

– وەستا بەکر.. لەوە دەچێ ئەمڕۆ تەواوی بکەن؟.

– خەمت نەبێ.. خوا یار بێ تەواوی دەکەین.

ڕاچەنی و بەگورجی وەرچەرخایەوە بەلای پەنجەرەکەدا. یەکەمیان دەنگی کەریم بوو. گومانی نەبوو کە دەنگی ناساز و نەگریسی کەریمە. لەو ساتەدا لێی ڕوون نەبوو بۆچی وا بە گورجی وەرچەرخا!. فریاش نەدەکەوت ساغی بکاتەوە. لەگەڵ وەرچەرخانەکەیدا، خۆی خستە سەرشان و بە پەرۆشەوە بینایی ئاراستەی سەربانەکە کرد. بەتەمابوو کەریم و وەستا بەکر ببینێ، بەرامبەری یەکتر ڕاوەستابن و بدوێن. کەچی وا نەبوو!.. وەستای بینی خەریك بوو فەرمانی ئیشکردنی بە کرێکارەکان دەدا

و زەلامێکیش، لە پشتەوە دەبینرا  کە بە خێرایی دەڕۆیشت سەربان بەجێ بێڵی. ئەم لە دڵدا وتی: تۆ بڵێی کەریمە کۆم و ئەوەی پێی دەوترێ شەیتان، یەکێك نەبن؟.

ئیتر ڕووی وەرنەگێڕایەوە. لەسەر ئەو بارە مایەوە و بەوردی سەرنجی دەدایەوە وەستا و کرێکارەکان. دەیبینی چۆن ڕیز بەڕیز، دیوار بەسەر حەوشەکەیدا بەرز دەکەنەوە. وای هەست دەکرد هەر خشتێك کە دای دەنێن، بەرداشێکە و لەسەر سنگی ئەمی کەڵەکە دەکەن. بەدەمییەوە هەر بە ڕاستی وردە وردە تەنگەنەفەس دەبوو. خۆی وەها دەهاتە پێش چاو کە بە زیندوویێتی لەناو گۆڕدا پاڵ خراوە. زەق زەق دەبینێ وا گۆڕەکەی بەسەردا هەڵدەچنن. ئاگای لەوان برا  و ئەم دیمەنیان بیر و هۆشی داگیر کرد. وەك هێزێکی ئەفسووناوی لە ناخەوە هانی بدا، هەوڵی دەدا لەگەڵیدا جۆش بخوا و سات بەسات لەناو کڵپەی کوانوویدا کزەی بێ. دەیویست بکەوێتە بەر حاڵەتێکەوە کە زیندووش بێ و مردبێتیش!. ئەوپەڕی سەربەستی بەوانەدا کە گۆڕەکەیان لەسەر هەڵدەچنی. لە ئاستیاندا ورتە و جووڵەی لە خۆی بڕی. تەنیا بە دوو چاوی زەق تێی دەڕوانین و شان بەشانی هەڵسوکەوتیان، گلێنەی لە ڕوودا دەجووڵاندن. بە گوێچکەش دەنگی وەستاکەیانی دەبیست کە بە ئاوازەوە لە یەك بینا دەیوت:

– نیمە.. بێنە.. خشت.. بێنە.. خشت.. نیمە.. بێنە!.

دەنگە ئاوازدارەکەی هەندێ جار لێ دوور دەکەوتەوە. دەیزانی وەستا ڕیزی هەڵچنینی گەیاندووەتە لای قاچی. بە دوایدا وردە وردە نزیك دەبووەوە، تا دەگەیشتەوە ژوور سەری.. وای زەن دەکرد هەموو جارێکیش سەرێکی بە سەردا شۆڕ دەکاتەوە. لەوە دەچوو لێی بپرسێ:

– باشە؟.. بە دڵتە؟.

حەزی دەکرد لێی بێتە وەرام شتێك بڵێ. بەڵام وەك زمانی چووبێتە کلیلە، ورتەی بۆ نەدەکرا وەستاش پێوەی دیاربوو کە وەرگرتنی  وەرامی مەبەست نییە. لەسەر ڕیز هەڵچنینی خۆی بەردەوام دەبوو.

ماوەیەکی زۆر لەسەر ئەو بارە چاوەڕوانی کرد و هەڵچنینی گۆڕ هەر تەواو نەبوو. چەندین جار دەنگە ئاوازدارەکە دوور کەوتەوە و نزیك بووەوە  و هەر نەگەیشتە دانانی دوا خشت. وای بۆ چوو ئەوەی ڕوو دەدا بەڕاستی نییە و خەونە. کاری وا بێ بڕانەوە بێ مەیسەربوون هەر لە خەوندا دەقەومێ. خۆی بزواند خەونەکە بڕەوێنێتەوە و وریا

بووەوە. وەستا بەکر بە دەنگێکی ئاوازدارەوە لەیەك بینا دەیوت:

– نیمە.. بێنە.. خشت.. بێنە.. خشت..نیمە.. بێنە.

لەو کاتە یەکەم تیشکەکە لەوەدا بوو، بۆ دوا جار و بۆ هەتا هەتایە ناو ژوورەکە جێ بهێڵێ. کشابووەوە ناو پەنجەرەکە دوا ماڵاوایی دەکرد. ئەم وەك عاشقێك و ببینێ ئەوەتا دڵدارەکەی ڕێگەی سەفەرێکی بێ هاتنەوە دەگرێتە بەر، بە دڵێکی پڕ لە جەخارەوە سەرنجی دایە.

ڕوخساری تاڵاوی لێ دەتکا. قوڵپی گریانێکی بەکوڵ، لە قووڵاییی دەروونییەوە شاڵاوی هێنا و لە گەروویدا گیری خوارد. هەردوو چاوی پڕ بوون لە فرمێسك. ویستی هەڵسێ باوەشی پێدا بکا و نەیەڵێ بەجێی بێڵی. لەلای ڕوون بوو کە کارێکی بێ هوودەیە و نەیکرد. ملی بۆ ئەو چارەنووسە ڕەشەی دا. بەڵام دڵی بەرایی نەدا تا دوا سات بینایی لەسەر ڕاگیر بکا. تەکانی دا و جەستەی وەرگێڕا. لەگەڵ ئەوەشدا بەچاوی ناخ هەر دەیبینی کە چۆن بەرە بەرە، ناو پەنجەرەکەش جێ دێڵی و ببڕاییبڕ ئۆغر دەکا.

ئەوە ساتە هەرە دڵپروێنەکەی بوو. بەدەستی بووایە ئەمیش ئیتر خۆی نەدەخستەوە بەیانییەکی تر. لە پای چی بیخاتەوە؟ تۆ وەرە وردی بکەرەوە.. بەچیدا دەزانرێ ئەوە بەیانییەکی ترە و وا داهات؟ بە تیشکە گەشە زێڕینە نازدارەکەدا کە لە پەنجەرەکەوە وەك فریشتەیەك دێتە ژوورەوە.. وانا؟ وەك بووکێکی تازە دابەزیو کە بە پەرۆشەوە خۆی دەهاوێتە ناو جێگەکەتەوە و دەست دەکاتە ملت.. وانا؟ وەك مژدەبەرێك و دێت مژدەی نووسینی ڕۆژێکی نوێی تەمەنت دەداتێ.. وانا؟ –؟. دەی من کوا ئیتر ئەو فریشتە و تازەبووك و مژدەبەرە دەبینمەوە؟ من ئیتر لە کوێوە بە چیدا بزانم کە بەیانییەکی ترم لێ دادێ و ڕۆژێکی ترم لە تەمەن بۆ دەنووسرێ؟ نەء کوژایەوە. من تەمەنم کۆتایی هات و ڕووناکی ژیانم کوژایەوە. تۆ بڕوانە.. دەوترێ: کەس نازانێ کەی و چۆن لە کوێدا دەمرێ. بەڵام من دەیزانم.. من لەم ساتەوە و بەدەردی بێ تیشکی و هەر لێرەدا، لەسەر ئەم قەرەوێڵەیە و لەبەر ئەم پەنجەرەیەدا دەمرم. بگرە ئەوەتا هەر ئێستا مردووم. من کەی لە ژیاندا ماوم. خۆ بەوە نابێ کە هێشتا هەناسە دەدەم هێشتا دەبینم و دەبیستم تا سبەینێ و تا چەندین سبەینێی تریش، وا دابنرێ کەمن هەر ماوم و هەر دەژیم. ئا.. کەچی ڕاستتر وایە پێم بوترێ مردووە. ئا بێ کەم و زیاد من مردووم.. مردووم.. مردووم..

لەگەڵ وتنەوەی ئەم وشەیەدا، وەك هەر بەڕاستی هێزێکی نادیار پەنجەی وەك چنگاڵێك درێژ کردبێتە هەناوییەوە و بیەوێ گیانی بکێشێ. جەستەی هێنایەوە یەك و گرمۆڵە بوو. دەتوت ئازارێکی جەرگبڕ لە پەنجەی پێیەوە تا تەوقی سەری، بە سەراپای لەشیدا برووسکەیەکی بێ بڕانەوە دەدا. لەسەر ئەو بارە، جڵەوی بۆ قوڵپی گریانە قەتیسەکەی ناو گەرووی بەڕەڵا کرد و گریا. هێندەی شەستەبارانی فرمێسك لە توانایدا بوو تەوژمی ئازارە جەرگبڕەکەی خاو بکاتەوە گریا. ئەوسا وەك کوڵی گریانەکە بۆی بووبێتە شرینقەیەکی مۆرفین، وردە وردە ڕووی لە سرەوتدان کرد. هێور بووەوە و جەستەی ئارامی گرت. تەنیا بەچاوی پڕ لە فرمێسکی زرت و زیت بوو، دەنا بەلەش بووە ئەو مردووەی نوخشەی بۆ هەڵدەدا.

سەبری ئیتر درێژاییی ئەو ڕۆژەی لەسەر جێگەکەی بەسەر برد هەستی نەدەکرد بەلەش ناساغ بێ و ئەوە لە جێگەدا خستبێتی. کەچی تەقەلای دەدا خۆی لەناو جێگەکەی دەربکێشێتە دەرەوە، دەتوت ئەندام بەساغی لە لەشیدا نەماوە! جاری وا دەبوو بۆ ماوەی پتر لە سەعاتێك، هەر بە ئاستەمێکیش نەدەجوولایەوە. بەتایبەتی لەو کاتانەدا کە پشتی دەکردە پەنجەرەکە و چاوی بەسەر شوێنێکی نادیاری ژوورەکەدا ئەبڵەق دەبوو، دەکەوتە بەر حاڵەتی نێوان خەوتن و بەخەبەرییەوە. مێشك و بیر و هۆشی لە کار دەکەوتن و هیچ ئاگایەکی لە دەوروبەری نەدەما. تەنانەت لە دڵیشدا لە هیچ باس و خوازێك نەدەدوا و ئەگەر یەکێك لەو ساتەدا هەروا بۆ تاقیکردنەوە لێی بپرسیایە: تۆ کێیت؟ ستەم بوو ڕاستەوخۆ وەرامی دروستی دەسگیر ببێ!. جاری واش دەبوو ئارامی لەبەر دەبڕا. پەیتا پەیتا باری ڕاکشانەکەی دەگۆڕی. لەسەر هیچ بارێك لە ماوەی جگەرەکێشانێك زیاتر خۆی بۆ دابین نەدەکرا. ئیتر کە تەواو وەڕس دەبوو، هەوڵی دەدا تین بداتە بەر خۆی و لەناو جێگەکەی بێتە دەرەوە. کەچی بۆی نە دەچووە سەر و بە ناچاری وازی دەهێنا.

لە نیوەڕۆدا چاوی تێوە بوو کە وەستا بەکر و کرێکارەکان، دەستیان لە ئیش هەڵگرت و چوون بۆ نانخواردن. کوڕەکەی کەریمی بینی هاتە لایان. گوێی لێ بوو بەوەستای وت:

– باوکم دەڵێ بفەرموون بۆ نانخواردن.

ئیتر هەر هێندەی ئەوان سەربانیان چۆڵ کرد، ئەم وەك هێزێکی لە ناکاوی بە بەردا کرابێ، لەگەڵ یەکەم تەکاندا سەر قەرەوێڵەکەی جێ هێشت و کەوتە سەرپێ!. بەڵام ئان

و سات هەستی کرد کە هەردوو لاقی دەلەرزن و لەشی بەپێوە ڕاناگرن. ترسا بەربێتەوە و دارمێتە سەر زەوی. بە ناچاری پاشووی نیشاندەوە سەر قەرە وێڵەکە. ماوەیەك لە چاوەڕوانیدا مایەوە و بیری لێ کردەوە. ئەوسا پێی زانی کە هەناوی بە تاڵە و لە برسان سکی بەپشتیەوە نووساوە. بووبووە پتر لە شەو و ڕۆژێك هیچی نەخواردبوو. بەو نیازەی بچێ شتێك بۆ خواردن ئامادە بکا، تەکانی دایەوە بەرخۆی.

هەنگاوی بەرە و پشت هەیوانەکە نا. کەچی ڕای گۆڕی و لایدایە ناو حەوشەکەوە. ڕووەو دیوارە لەعنەتییەکە ڕاوەستا هەڵچنینی لە کۆتایی نزیك بووبووەوە. لە ناکاوێکدا سەرنجی بۆ شتێك چوو کە تا ئەو کاتە بە بیریدا نەهاتبوو. لە دڵی خۆیدا وتی:

«پەنجەرەی بۆ نەخستووەتە سەر حەوشەکەم!» سەری سووڕما باوەڕی نەدەکرد. دوای کەمێ لێ ڕامان ئینجا وتی:

«ئەگەر ئەوەشی بکردایە چیم لە دەست دەهات!. دەبێ بڵێم: خێری بنووسێ. هەر باشە.. نامەردییەکی گەورە و مەردایەتییەکی گچکە خڵتکەیەتی.. بەهەرجا.»

تا وەستا و کرێکارەکان نەهاتنەوە سەر ئیش، ئەم لە حاڵی سك بەپشتەوە نووسانەکەی بە ئاگا نەهاتەوە. ئەوسا کشایەوە و چووە پشت هەیوانەکەوە. ماوەیەك سەری هێنا و برد. تاقەتی ئامادەکردنی خواردنی بە بێنە و بەرەی نەبوو..

ڕای لەسەر هێلکەوڕۆنێك گیرسایەوە. بە نابەدڵییەوە جێبەجێی کرد. نایە سەر سینییەك و گەڕایەوە شوێنی خۆی. دەیزانی ئەگەر بەزۆریش بووە شتێکی هەر دەبێ لێ بخوا. دەنا دڵی نەیدەبرد. لەگەڵ ئەوەشدا لە دوو یا سێ پاروو زیاتری بۆ قووت نەچوو. دوای ئەوە بۆ ماوەیەکی کەم بە ژوورەکەدا سووڕایەوە. لێی ڕوون نەبوو دەیەوێ چی بکا و چی نەکا. هەروا بەبێ پەروا دەسووڕایەوە. ئیتر خۆی فڕێ دایەوە سەر قەرەوێڵەکە و ڕووەو پەنجەرەکە ڕاکشا. ئا.. باشی بۆ چوو بوو، هەڵچنینی دیوار کۆتایی هاتبوو. خەریکی سەرگرتنی ژوورەکە بوون. ئا.. خوا یاربێ تەواو دەبێ چۆن تەواو نابێ!. بۆ یەکێك جۆ بەدیواردا هەڵبگێڕێ، هەڵچنینی دیواریشی لە ماوەی کەمتر لە دوو ڕۆژدا بۆ دەبێتە ئاو خواردنەوە!.

دەبێ ئەم کابرایە چ جانەوەرێك بێ؟ خۆزگە لە نزیکترەوە دەمناسی خۆزگە دەمتوانی بۆ ماوەی بیست و چوار سەعات، چوارمەشقی لەناو مێشکیدا. لەناو دڵ و دەروونیدا دانیشتمایە. دەبێ چ شەیتانخانەیەك بێ؟.

دەبێ چ کارگەیەکی تەڵەکەبازی و چەپەڵکاری و پیلانی بە شاخ و گوێ بێ؟ گومانی تێدا نییە کە دڕندەیەکە و کۆ لە هیچ خراپەکارییەك ناکاتەوە. من بەخێرێ ساڵێکی ڕەبەقە بەهەموو توانامەوە خۆمی لێ بەدوور دەگرم. نەم هێشتووە تەنانەت، سێ چوار جاری ناو کۆڵانەکە نەبێ کە بەناچاری لووتم دەبوو بەلووتییەوە، هەر چاویشم بەچاوی بکەوێ. بەخێرێ بەهیچ کلۆجێ.. نە بەچاك و نە بەخراپ خۆم لە قەرەی نەداوە.

کەچی ئەوە ئەنجامەکەیەتی. ئەی دەبێ لەگەڵ ئەو خەڵکەی تردا چۆن بێ.. ئەو خەڵکەی کە ڕۆژانە لە سەوا و مامەڵە و هەڵسوکەوتدا. تووشیان دەبێ بەتووشییەوە؟!. ها؟!.. دەبێ لەگەڵ ئەواندا چۆن بێ؟.

ئەم وتووێژە بە جەخارەی ناو دەروونی، لەوە زیاتر درێژەی نەکێشا. بیر و هۆشی بە بەریانەوە نەمابوو بدەن بە دەمییەوە. شەکەتی زۆری بۆ هێنابوون. ئەوان ڕوویان لە متبوون کرد. لەگەڵیاندا پێڵووی چاوی گران دەبوون و دەنیشتنەوە سەر یەك ئیتر هێدی هێدی دەخزایە باوەشی خەونێکی قوورسەوە.

خەوتنەکەی زۆری خایاند. کاتێ خەبەری بووەوە، خۆی لەناو تاریکستانێکی ئەموستەچاودا بینی. لە یەکەم ساتیدا واقی وڕما و سەری لێ دەرنەدەکرد. وای لە زەین گەڕا کە دەشێ خەون بێ، دەنا کەی ئەمە ئەو جیهانەیە کە بەسەریدا خەوت؟.

لەوی پێشوودا زەلامێك لە ڕۆژێکی ڕووناکدا، بەدەم دەنگێکی ئاوازداری تایبەتییەوە دیوارێکی هەڵدەچنی کەچی لەمیاندا..

قسەکەی تەواو نەکرد. هۆشی هاتەوە بەر و لە پەنجەرەکەوە، تیلەیەکی خێرای ڕافڕاندە دەرێ. دەرەوە شەوقێکی خاوی مانگی لە بەرامبەرێکی دوورەوە دەگەیشتێ و تارمایی دیوارە هەڵچنراوەکەی پێ نیشان دەدا. بەوە هەڵەی خەونی لە زەینی دەرهاویشت. لەگەڵ هەوەڵین بزووتنیدا، حەزی زانینی کات سەری لەلا هەڵدا. هەر لە نێوان تاریکییەکەوە. چاوی بە سەعاتەکەی دەستیدا داچەقاند. میل و ژمارە فۆسفۆرییەکانی، یازدە و نیویان نیشان دەدا. لێکی دایەوە.. کە نووست بەمەزنە سێ یا سێ و نیوی پاش نیوەڕۆ بوو. واتە دەبێ هەشت یا هەشت سەعات و نیو نووستبێ. لێی بەتاسەوە چوو!.. باوەڕی نەدەکرد و بە هەڵەش نەچووبوو. کە باشتر وردی کردەوە گومانی نەما. شەوی پێشوو لە سێ سەعات زیاتر نەخەوتبوو. پێشتریش تا درەنگ

وەختێك، بەدەم خوێندنەوەی ڕۆمانی (ئانا کارنینا)وە بەسەر بردبوو. دەسا ئەم خەوتنە درێژخایەنە نەویستەی خۆی، پارسەنگی ئەو دوو شەوەی بۆ داوەتەوە.

هەر لە جێوە، وەك کەسێك و ئان و سات بێ لە نووستنێکی درێژخایەن بە خەبەر هاتبێ، جەستەی لە کەمەرەوە بەلای چەپ و ڕاستدا بادا و قرتەقرتێك لە پشتییەوە هات.

ئینجا سەریشی وەها لێ کرد و هەمان قرتەقرتی بە ملی خست. وەك ئەوە نیشانەیەکی بەڵگە نەویستی ساغ و سەلامەتی بێ، ئاسایی تەکانی دا سەر قەرەوێڵەکە جێ بێڵێ و بکەوێتە سەرپێ. کەچی هەستی کرد بەزەحمەت بەپێوە خۆی بۆ ڕاگیر دەکرێ. ئەمیشی لێکدایەوە...

پێرێ بەیانییەکەی، یەکێك بوو لەو ڕۆژانەی بەرچایی نەکرد و چووە دەرەوە. نیازی وابوو بچێ دوو سێ شیش جگەر بخوا و بۆی نەرەخسا سەرهەڵدانەوەی گێچەڵەکەی سابیرە سوور وەها سەرودڵی گرت کە جگەر خواردنەکەی هەر لە بیریش نەما. لە دەمە دەمی عەسرەکەدا گەڕایەوە ماڵەوە. وای لە دڵ گرتبوو ئەو لەتە مریشکەی هەیبوو بیخاتە سەر ئاگر و بەدەمییەوە برنجێکی سووریشی بۆ لێ بنێ. کەچی ئەمیشیان کەریمە کۆم لێی حەرام کرد و ئیتر لەو کاتەوە. لە دوو سێ پارووە هێلکەوڕۆنەکەی بەولاوە نەچوو بووە ورگەوە. ئەو لێکدانەوەیەیان هانی دا بچێ، لەتە مریشکەکە بکاتە ژەمە خواردنێکی هەقەوەسێن.

ئەوسا تینی دایە بەرخۆی. هەنگاوی بەزۆر نا و گڵۆپی داگیرساند. چووە پشت هەیوانەکە و لەتە مریشکی نایە سەر ئاگر. پێشەکیش پێویستییەکانی تری بۆ ساز دا. دوو نانی تیریی تەڕ کرد و سەر هەویری پێداهان. سەلکێ تەڕەپیازی جنی و هەندێ ترشیاتی لە کووپەڵەیەك دەرهێنا. ماوەیەکیش بەناو ژوورەکەدا هاتوچوو تا مەنجەڵ هاتە کوڵ، وەك هەر کەیبانوویەکی کارامە، کەفەکەی لێ گرت و سەری نایەوە. چاوێکی بەدەوروپشتیدا گێڕا هەمووی بەلاوە کۆك بوو. ئیتر ویستی تا ئەو کاتەی ژەمەخواردنە هەقەوەسێنەکە پێ دەگا. بچێ بایەکی باڵی خۆی بدا. لە ژوور بەدەرکەوت و چووە پێش هەیوانەکەوە. تیشکی گڵۆپی هەردوو ژوور، ڕووناکییەکی هێمنی بەناو حەوشەکە دەدا. ئینجانەکان سەرنجیان ڕاکێشایەوە بە ڕێکوپێکی خرابوونەوە شوێنی خۆیان. کە باشتر ورد بووەوە. سەیری کرد وا ناو حەوشەکەش

جوان گسك دراوە. دەتوت قەت پنتكە قورِ و گەچێك، یا تۆزقاڵە گڵ و خۆڵێك بەر نەبوونەتە ناوییەوە! لە سەرەتادا لێی راما!. لە دڵدا وتی: پیاوەتییە.. بەڵام لە كێوە؟!!»، كە كەمیّ بیری لیّ كردەوە وتی:

خۆ ئینشاڵا ناڵێیت كەریمە؟!.. كەریم و پیاوەتی وەهای لیّ بوەشێتەوە؟!. نابیّ.. قەت نابیّ ئەو بیّ. وەستا بەكر.. ئا وەستا بەكر و كرێكارەكان. ئەی وەستا نەیوت: خەمت نەبیّ.. دەیانخەینەوە شوێنی خۆیان؟!. با وتی. خۆ پیاوی مەرد دیارە كامەیە و هەرزوو نەجابەتی خۆی دەنوێنیّ.. لە ساكارترین رەفتاردا دەری دەخا.

تۆ بروانە.. ئەم وەستا بەكرە نەدەمناسیّ و نەدەیناسم. نە قەرزم لە سەرێتی و نە چاكەیەكم بۆی بووە. كەچی بزانە چۆن پیاوانە هاتە پێشەوە. خۆمن ورتەم لە دەم نە هاتبووە دەرەوە بڵێم حاڵیّ یا حیسابیّ. بەڵام چۆن ئەو هەر خێرا، بەو سەر و زمانە شیرینەی لێم هاتە گفت و بەڵێنی خۆی دا. چۆنیش مەردانە بە ڵێنەكەی بردە سەر. مرۆڤی دڵپاك و سەر راست ئاوا دەبیّ. ئاوا لە ژیاندا هەڵدەسووریّ و لەگەڵ خەڵكیدا هەڵسوكەوت دەكا. نەك وەكو كەریم كە دەڵێی هەر بەتەنیا ئەو لە دنیادا هەیە و دەژی. نانا وا نا.. بگرە وادەزانیّ خەڵكەكەی تر هەموو مەرِوماڵات و تووڵە و تانجیی ئەو بن.. دەنا ئەوەی وەستا بەكر و كرێكارەكان كردیان، لە بنەرِەتدا ئەركی سەرشانی ئەو بوو. دەبوو ئەو بهاتایە و بەدەستی خۆی ئینجانەكانی بگواستایەوە دواییش.... كورە باوكم وەهاش نا.. قەیناكا با كارەكەی بەوان بسپاردایە. بەڵام خۆ دەبوو بهاتایە بیوتایە: مامۆستا سەبری.. سەبری.. ناسەبری.. نیازمان وایە و وا نییە و تۆ ئاگەدار بە. كورە بابە هەر ئەوەندە بیوتایە: با جەنابی ناموبارەكت ئاگەداربی و هیچی تر. ئاخر كەریمی لەعنەتی، تۆ وەكو ئەو تاوانە گەورەیەت بەرامبەرم كرد، دەبا ئەم چاكە بچكۆلانەیەت دەرحەقم لە قەبەڵیدا بفەرمووایە.. یانی نەتدەتوانی؟!.. یانی بۆ دەبیّ پیاوەتی و مەردایەتی لە وەستا بەكرێكی نەدیو و نە ناسیاو بوەشێتەوە. كەچی لە تۆیەكی دراوسێی ساڵە وەختێكم چوویێتە قاتی ؟!. ئاخر دەوەرە سەرت نە ئاوسیّ!.. وەرە مێشكت نە تەقیّ!. بگرە وەرە بروانە و بزانە ئەم ژیانە چ بێشەڵانێكە. چ جۆرە كارێكی بەسەیروسەمەرەی تێدا روو دەدا. تۆ هەروا تۆزیّ لێی ورد بەرەوە ئەمدیو و ئەودیوێكی پیّ بكە، بە ئاسانی دەبینیت كە هیچ شتێكی لە شوێنی شیاوی خۆیدا نییە. بە باری هەقیانەتی خۆیدا نابرێتە سەر. ئا.. كەم و زیادی نییە.. كا لە بەردەمی سەگدایە و ئێسقان لە بەردەمی ئەسپ!. دەنا تۆ وەرە سەرنجدە.. ئەوەتا زوڵمە گەورەكەی

کەریمی ناپیاو و نامەرد، بە دەستی وەستا بەکری پیاو و مەرد لە من دەکرێ!. دەی ئەمە چۆن بەندی دڵ ناپچڕێنێ و چۆن کەللەی سەر شەق نابا؟!. ئەمەش ڕۆژانە چەند هەزار.. چەند ملیۆن جار دووبارە دەبێتەوە؟ هەر ئەوەندە دەزانیت زەلامێك لە ناكاوێکدا هەڵدەتۆقێ و قوت دەبێتەوە. چەندە چاوی پێدا داچەقێنیت و لە سەروپۆتەلاکی.. لە دەستوپل و قاچوقوولی.. لە سنگ و پشت و لەش و لاری وردببیتەوە. تەنانەت ئەگەر چاوێکی قوورەتیشت پێوە بێ و بچیت هەموو پێچ و پەناکانی ناو قاوغەکەشی بپشکنیت، تاقەیەك ئەندامی زیادەی لە مرۆڤێکی تر تێدا نا دۆزیتەوە. کەچی دەبینیت لە زەلامێکی تری وەك خۆی دەبێتە حووجێك و هەر کاتێك حەزی لێ بوو، بە فوویەك لە حەوت جێگە ملی دەشکێنێ. یا دەیکاتە ئەڵقە لە گوێیەك و وەك مێردەزمە دەچێتە کۆڵی ئێ باشە خۆ ئەم زەلامیان سوور دەزانێ کە ئەویان هیچی لە خۆی زیاتر نییە.

بگرە ئەگەر باس لە ئەندامەکانی لەش بێ، ڕەنگە ئەمیان کەتەیەکی زەبەللاح بێ و ئەویان ڕیوەڵە و جیقن. کەچی ئەو دەبێتە حووج و دەبێتە مێردەزمە!. کە دەڵێ بچۆ دیوار بەسەر حەوشەکەی سەبریدا هەڵچنە و بەری یەکەم تیشکەکەی بەیانییانی لێ بگرە، هەڵدەچنێ. بچۆ تێی هەڵدە. بچۆ ورگی بدڕە.. سەری ببڕە.. لەتوپەتی بکە... کورە بچۆ بیخۆ.. وەك درندەی برسی ناو بێشە و دارستان بیخۆ.. ڕاست وەك تەلیسمی لێ کرابێ، ترووکە لە چاوییەوە نایەت و دەیکا. لەمە بەولاتریشەوە.. ڕەنگە ئەندامەکانی لەشی لە جێبەجێکردنی فەرمانەکانی مێردەزمەکەی سەرکۆڵیدا ببنە ئاگرێکی بێ ئامان و هەزار ئەوەندەی داخوازی ئەو بەبڕشت بن. ئەو بڕینی سەرێك دەخوازێ و ئەم سەدی بۆ دەخاتە سەر خوان. ئەو جەستەیەکی مەبەستە بجوورێت و تف بکرێتەوە، ئەم هەزاری بۆ حول دەدا تفیشیان ناکاتەوە. ئێ باشە کاکە ئاخر بۆ؟!. خۆ تۆش ئادەمیزادێکیت وەکو ئەو!.

ئەقڵ و بیر و هۆشت هەیە وەکو ئەو. هەموو ئەندامەکانی لەشتان وەکو یەکن. ئیتر بۆچی تۆ کۆیلەی ئەو. قامچی بەدەستی ئەو. جەللادی ئەو بیت؟ گوایە بەهانەت ئەوەیە نانت دەداتێ؟ جاکوا وایە؟!. ئێوە نان بەو دەدەن. بگرە ئێوە دەشیکەن بە دەمییەوە. دە ئێوە وەرن هەموو پێکەوە و لەیەك کاتدا، ئەو مێردەزمانە لە کۆڵی خۆتان فڕێ بدەنە خوارەوە.. تەنیا لە کۆڵی خۆتانیان فڕێ بدەنە خوارەوە و هیچی تر مەکەن.. ئەوسا بزانن چۆن لە برسان دەتۆپن.. چۆن هەر یەکەیان وەك کلووە بەفرێکی پاش باران، هەر هێندەی کەوتە سەر زەوی دەتوێتەوە بۆ وا ناکەن.. ئاخر بۆ؟).

– ده تۆ بچۆ بیکە.. دەتوانیت؟.

عیزەتەفەنی بوو بە دەنگە هێمنە سۆزدارەکەی، پرسیارەکەی بە ڕوودا دا. مێزەکە و دانیشتنە دوو قۆڵییەکەیان، وەك ڕۆژانی تر ساز بووبوو. ئەم هێشتا هەر بەسەر پێوە بوو کە لەلای خۆیەوە، دەمەتەقێی گەیاندبووە ئەو ڕادەی هەڵچوونە ئەو ڕۆژە عەسرەکەی شار خرۆشابوو. حزبە سیاسییەکانی دژ بە میری، خۆنیشاندانێکیان لەسەر گزیکردن لە هەڵبژاردنی نوێنەراندا بۆ پەرلەمان ڕێك خستبوو. خۆنیشاندانەکە لە بەردەمی دایەرەی شارەوانییەوە سەری هەڵدابوو. ڕووەو حەوزەکەی ناو بازاڕ و لەوێشەوە هەر بەناو بازاڕدا، بەرەوخوار بووبووەوە. کاتێ جەماوەرەکە لای بەری گوومرگە سووتاوەوە سەر دەردێننەوە، دەبینن وا هێزێکی پۆلیس لە شەقامی کاوەوە هاتوون و بە چەکەوە پێشیان لێ گرتوون.

سەبری بە ڕێککەوت لە نزیکەوە کارەساتەکەی بەچاوی خۆی بینیبوو. لەو کاتەدا بۆ سەردانێکی تۆفیقەفەنی کۆنە برادەری باوکی، ڕێی کەوتبووە ئەو ناوە. گەییشتبووە ئاستی فولکەکەی بەر گوومرگە سووتاو کە دوو پیکابی سەوزی پڕ لە پۆلیسی دی، وەك گەردەلوولێك پەیدا بوون و دارژانە ناو مەیدانەکەوە. ئەم دەمەتەقێکەی بە گێڕانەوەی کارەساتەکە  دەست پێ کردبوو. وای پێدا هاتبوو کە چۆن پۆلیسەکان، وەك هەرچی پێی بڵێیت بیر و هۆش و هەست و نەستی مرۆڤانە لە جەستەیاندا نەبێ.. وەك تەنیا بریتی بن لە تۆپەڵە ئاسن و تەنەکە و برغوویەك و قوڕمیش کرابن، ئاوەها شاڵاویان بەرەو خەڵکەکە بردووە کە برا و ئامۆزا و خاڵۆزای خۆشیانیان تێدا بووبێ. چەشنی گەلەگورگێك و پەلاماری مێگەلێك بدا، بەربوونەتە گیانی خەڵکەکە. یا بەتایبەتی بارچاوەشێك لە ناویاندا، هەر بەڕاستی وەك گورگێکی هار و بە مەبەستی کوشتن، تەقەی لێ کردوون و چۆن باخەوانێکی بەسەزمانی لە خوێنی خۆیدا گەوزاندووە کە لەو ساتەدا لە یەکێك لە کێڵگەکانی خوارووی جوولەکانەوە بەرەو ناو بازاڕ گەڕاوەتەوە. یا چۆن منداڵێکی ساوای بەباوەشی دایکییەوە پێکاوە کە ئەو کاتە بەوێدا ڕابوردبوون و کردووویەتییە پارچە گۆشتێکی بێ گیانی خەڵتانی خوێن. ئینجا بەدوای ئەو گێڕانەوە بە جەخارەدا بوو کە دای بەدەمییەوە و وتی:

– ئێ باشە بۆ؟!.. جەنابی بارچاوەش بۆ وا دەکا؟! بۆچی دەبێ ئەو دوو گوللەیە بنێ بەو باخەوان و ساوایەوە؟.

مێردەزمەکەی کۆڵی فەرمانی پێ دابوو. وانا؟ ئێ دەبا بەقسەی نەکا!. یانی ئەگەر بەقسەی نەکا چی دەبێ؟ دەبا هەموو مێردەزمەکان لە کۆڵیان فڕێ بدەنە خوارەوە و بەیەك دەنگ لە ڕوویاندا بڵێن: نەء: بزانە ئەوسا ئەو جانەوەرە بە کەڵبە و نینۆکانە، چۆن دەبنە مشکەکوێرە و کون نادۆزنەوە خۆیانی تێدا حەشار بدەن، من تێ ناگەم بۆ وا ناکەن.. ئاخر بۆ؟.

– دە تۆ بچۆ بیکە.. دەتوانیت؟.

سەبری تا ئەو کاتە هەر بەپێوە بوو. ویستی دابنیشێ و ئەوسا وەرامی بداتەوە. بەڵام کە سەیری کرد لە گەرمەی ئەو قسە و باسەیاندا دانانی کورسییەکەی بۆ خۆی فەرامۆش کردووە، وتی:

– ڕاوەستە.. ئێستا وەرامت دەدەمەوە. ئاگای لە برسیەتی و لەتە مریشکەکەی سەر ئاگرەکە بڕا. چوو کورسییەکی هێنا و دانیشت. دیسان مێشکی لێی هار بووەوە. وەك ئەسپێکی ئەفسانەییی سەرشێت باڵی پێ دەگرت. بە خێراییی تیشك بەبەرینیی هەردوو گەردوونی دەرەوە و ناوەوەیدا دەیهێنا و دەیبرد. هەردووکیانی لێ دەکردنە گەردوونێکی بەناو یەکتردا جۆش خواردوو. لە سات بەساتی گەشتەکەشیدا، عیزەتەفەنی دەبینی ڕووبەڕووی دانیشتووە و چاوی بڕیوەتە چاوی دەیزانی ئەوەی ئەم بەدی دەکا، ئەویش لە ئاوێنەی چاوی ئەمدا دەیبینێ. عیزەتەفەنی مرۆڤێکی گێل و گەمژە نییە. پیاوێکی حەپۆلکە و گەلحۆ نییە. زیرەکە.. زۆر زیرەك و وریا و سەرنج تیژە. وەك دەووترێ: ئاگای لە جووڵەی مار و مێرووە.

لێی عایەنە ئەم ئێستا چی دەڵێ. وەختێ وتی: دە تۆ بچۆ بیکە.. دەتوانیت؟ لای ئاشکرابوو کە ئەم ئێستا دەچێ، گەشتێك بە خێراییی تیشك بە هەردوو گەردوونەکەدا دەکا و لەو سەرەوە، بە تۆپەڵێك قسەی یەك گەردوونییەوە دێتەوە. قسەی یەك گەردوونی؟ ئا.. بۆ نەء!.. ئەی تۆش وەك من باوەڕت بەیەك گەردوونی نییە؟. وەك من بە ئاواتەوە نیت دەرەوە و ناوەوە، یەك بگرنەوە و یەکسان بوەستێنەوە؟.

عیزەتەفەنی نکوڵی لێی نەکرد وتی:

– با.. کتومت.. بەڵام جیاوازییەکی بچووکی گەورەمان لە نێواندا هەیە.

– بچووکی گەورە؟!. چۆن؟!.. ئادەی بزانم.

– تۆ بە پەلەیت.. زۆر بە پەلەیت و من وانیم.

– جا من خراپ دەکەم؟

– بێگومان.. زۆریش.

– تەنانەت زۆریش؟ چۆن؟.

– چونکە تۆ لێمی تێك دەدەیت. کە تێکیشت دا، ڕیسەکەم لێ دەکەیتەوە بەخوری.

– یانی تۆ دەتەوێ هێدی هێدی بێ.. وانا؟

– با بەڵێ.

– باشە بەپێی هێدی هێدییەکەی تۆ، دەبێ بە ئەنجام گەیاندنی کارەکە، چەند ملیۆن قوربانی تری تێ بچێ؟

– زۆر.. ڕەنگە چەندان ملیۆن.

– ئەگەر چەندان ملیار نەبێ.

– ئەگەر.

– ئەی نابێ تۆزێ لێیان کەم بێتەوە؟.. ئاخر گوناحن.

– گوناحن.. ئا.. ڕاست دەکەیت. بەڵام وەرە تێم گەیەنە.. چۆن؟.

– تۆ خۆت چەندیان لێ قەڵاچۆ دەکەیت؟

– بڵێ خۆمان.. منیش و تۆش لە یەك بەرەی خێرخوادایین.

– ئا ئا خۆمان.. ڕاست دەکەیت.

– کەمێکیان.. با بڵێین هەندێکیان.

– دەی باشە نابێ بەلایەنی کەمەوە، ئەو هێندەیان لێ دەربکەین؟

– دەبێ بۆ نابێ.. بەڵام تۆ گوێ بگرە.. خۆ تۆ مرۆڤێکی هۆشیاریت و تێ دەگەیت. وا نییە؟

– با.. وابزانم.

– دەسا من لە خۆت دەپرسم: بە لێ دەرکردنی ئەو هەندە چی دەقەومێ.. دەزانیت چی دەقەومێ؟.

– با خۆمت لێ گێل بکەم و بڵێم: هەندەکە لە ژمارەکە کەم دەبێتەوە.

– خۆت گێل مەکە.. هەندەکە نەك لە ژمارەکە کەم نابێتەوە. بگرە سەد ئەوەندەی لێ زیاد دەبێ.

گوێ بگرە بۆتی ڕوون بکەمەوە.. تۆ ناتەوێ سەری زۆردارێکت بۆ پان بکەمەوە کە ئەگەر بمێنێ، هەزار مرۆڤی زۆر لێکراو دەکاتە نێچیری خۆی؟. چاکە.. خۆ ئەو زۆردارە داهۆڵێکی لە پەڕۆوپات دروستکراو نییە و بەپێڵەقەیەك بیخەم.. داهۆڵێکە؟.

– نەء.

– پاسەوان و نۆکەر و دەستوپێوەندی هەن.. نییەتی؟.

– با.. هەیەتی.

– بە ناچاری بێ یا بە خوایشت پارێزگاری لێ دەکەن.. نایکەن؟

– دەیکەن.

– بەیانی من کە دەچمە بەر مەیدانی و دەمەوێ سەری پان بکەمەوە، دەبێ..

– بمبەخشە، کە قسەکەت پێ دەبڕم.. تێت گەیشتم بۆ کوێی دەبەیت بامن لێت بپرسم: تۆ خۆت بە تەنیا دەچیت؟

– بێگومان نەء.. دەمویست ئەوە بڵێم.. چەند کوڕێکی ئازا لەگەڵ خۆمدا دەبەم و هەڵدەکوتمە سەری.

– ئینجا کە هەڵتکوتایە سەری، تۆ فەرمان بە کوڕە ئازاکان دەدەیت، پەلامار بدەن و تاسەری زۆردارەکەت بۆ نەهێننەوە نەکشێنە دواوە.. وایە؟

– بێگومان.

– لە ئەنجامدا چەندانێك لە کوڕە ئازاکانی تۆ و هەندێکیش لە نۆکەر و دەستوپێوەندەکانی ئەو تێدا دەچن.. ئەمیش وایە؟

– وایە..

– ئینجا تۆ دێیت و دەڵێی: لەبەرئەوەی هێشتا زۆرداری تر هەن و دەوریان تەنیوەم، بە ناچاری دەبێ زەبروزەند بنوێنم. دەبێ بکوژم و ببڕم و قەلاچۆ بکەم. خۆ دیاریشە کە بەدەستی خۆت نایکەیت.. خۆ تۆ نابیتە ڕۆستەمی زاڵ! چی دەکەیت؟! دێیت کوڕە ئازایەکانی دوێنێت کە سەری زۆردارەکەت پێ پان کردنەوە، دەکەیتە ئاگرێکی بێ ئامان و بەریان دەدەیتە گیانی نێچیرەکانت.. نایکەیت؟.

– ....

– ئینجا لەم گێژەنەدا یەکێکی تر لە تۆ پەیدا دەبێ. چەندان کوڕی ئازات دەنێرێتە سەر و سەری تۆی زۆرداری ئەمڕۆ و زۆر لێکراوی دوێنێ پان دەکەنەوە.

لە ئەنجامدا چەندانێك لە کوڕە ئازاکانی ئەو و هەندێك لە نۆکەر و دەستوپێوەندەکانی تۆ زایە دەبن.. نابن؟.

– ....

– دواییتر یەکێك لەویش پەیدا دەبێ و ئیتر بە دەمییەوە دەڕوا.. ناڕوا؟.

– .....

– بۆ بێدەنگ بوویت؟! بۆچی فزەت لە خۆت بڕیوە و وەرام نادەیتەوە؟ ئەم کوشت و بڕ و قەلاچۆکردنەی یەکتر تا کەی بخایەنێ؟ ئەمە چەند هەزار جارە دووپات دەبێتەوە؟ هەرچی هات و هەرچی دێت دەڵێ: ئەمە دوایین جار دەبێ. کەچی هەر دوایین جارە و دوایین جاری تر، بەبێ لە بن هاتن بەدوای خۆیدا ڕادەکێشێ.

کاکە من قایلم.. برام من ڕازیم بەکوشت و بڕێکی یەکجارەکی و یەکسەڵەفی کە ملیارێك و دوو ملیاری بەسەر یەکەوە تێدا زایە ببێ و ببڕێتەوە. کە ئیتر ئەو سەدەها ملیارەی تری بۆ لەمەودوا دێنە ژیانەوە. شەست حەفتا ساڵەکەیان لێ نەبێتە سەمایەکی مەرگی بەردەوام و ئیتر بەسەر سووکی لە ترس و سامی کوشت و بڕ و چەوسانەوە و ئازارچەشتن بەسەری بەرن. من ئەم کوشت و بڕە ژەم ژەمییەم بۆ قووت ناچێ. من مێشکم پێی دەتەقێ و دڵم شەق دەبا کورە خۆ من هەر لە بنەڕەتەوە، تەنانەت کوشتنی تاقە مرۆڤێکم لێ دەبێتە کارێکی هێندە سەخت و ستەم کە سەرم لێ دەشێوێ و نازانم چۆنی لێك بدەمەوە. تۆ سەرنجدە و وردی بکەرەوە.. خۆ ئەو مرۆڤە کووچك و کەڵەك نییە و هێندە بە کەمتەرخەمییەوە. پاڵێکی پێوە بنێیت و دای ڕمێنیت!. هەر وەختێکیش ویستت، جوانتر و ڕێکوپێکتر دروستی بکەیتەوە. ئەوە بیناکارییەکی ئەوتۆیە کە وێنەیەکی کتومتی وەك خۆی، قەت و قەت لێ پێك ناهێنرێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا هەر دەڵێم قەیناکا.. پێ بەجەرگ و دڵی خۆمدا دەنێم و دەڵێم قەیناکە. با دوو ملیار لەو بیناکارییە بێ وێنەیەی کە قەت وەك خۆیان نایەنەوە ژیان، بە یەکژەمی و یەکسەڵەفی زایە ببن و بچنە قەبەڵی ژێرە و زەبەرکردنە هەرە پیرۆز و مەزنەکەوە.. ژێرە و زەبەرکردنی دوو گەردوونییەکە و یەکلاییکردنەوەیان، تا ئیتر بۆ هەتا هەتایە

نەتوانن ببنەوە بەدوو.. نەشێ و نەکرێ لە یەکتری دابڕ ببنەوە، ناوەوە بە زمانێك نەدوێ و دەرەوە بەزمانێك، ئەو ئەم بەدرۆ نەخاتەوە و ئەم بەودا هەڵنەشاخێ. یەك نەبنە دوژمنی باوەکوشتەی یەکتری. پیلانگێڕان دژ بەیەکتر لە فەرهەنگیاندا بسڕدرێتەوە. با ئیتر ببنە یەك زمان و یەك دیو و یەك ڕوو. یەك جۆرە قسە بکەن. یەك شێوە بنوێنن. یەك ڕوویان هەبێ.. ئا.. با ئەو دوو ملیارە ببنە دوا قوربانی لەپێناوی ڕزگارکردنی هەتا هەتایی مرۆڤایەتیدا، لەو بەڵا ناگەهانەی لە غەفڵەتی منداڵییەوە تووشی خۆی کرد و بەدەستییەوە کەوتە ناڵاندن. ئەگەر کار وا نەشکێتەوە.. ئەگەر هەر ئەم ژمە ژمە دەستوور بێ و لە گەڕدا بێ.. ئەمڕۆ سەد هەزار و ساڵێکی تر ملیۆنێك و پەنجا ساڵی تر ملیارێك.. ئەگەر هەروا بڕوا و دوا ڕاوەستان ڕانەوەستێنرێ. کوشت و بڕ دەبێتە پیشە. دەبێتە مۆدە و وردە وردە وای لێ دێ، خەڵکەکە یەکتر کوشتنیان لا دەبێتە جۆرە راووشکارێك. من ئەوەتا لەبەرچاومە.. چۆن ئێستا هەن دەچنە ڕاوە کەروێشك و پۆڕ و کەو، ئەوسا دەچنە ڕاوە ئادەمیزاد. دەچنە ڕاوی یەکتری و هەروا بۆ فیزیش دەیکەن، دەنا پێویستییان بە خواردن و ورگ لێ پڕکردنی گۆشتەکەی نابێ. ئاوای لێدێ.. من دڵنیام وای لێ دێ.. چونکە...

ڕێژنە ئاوێك لە ناکاوێکدا دای بە ڕوویدا. ڕاچڵەکی و وەك بۆقێك لەسەر کورسییەکەی هەڵبڵوقایەوە. لە یەکەم ساتدا زەینی بۆ بە لووعەی ناو حەوشەکە چوو. دەبێ ئەو بووبێ تەقیبێ؟. ئەو بووایە بەردەوام دەبوو. لەوی لادا و بینایی بەرەو ئاسمان سەرخست. خۆ بارانیش نییە. نەگەیشت بینایی تەواو سەربخا و تارماییی زەلامێکی بە پاڵ دیواری لاتەنیشتی ژوورە لەعنەتییەکەی کەریمە کۆمەوە بینی. ئەوساتە پشتی کردبووە ئەم و لە ناوقەدی و بەرەو ژوور لەمەوە دەبینرا. پێوەی دیار بوو کە بە پەلە خۆی لە چاوی ئەم ون دەکا و لە ماوەی چاوتروووکانێکیشدا بزر بوو. ئەم لە جێی خۆی وشك هەڵات و لە تاسەوە چوو. تەنانەت چەند تنۆکێك ئاو بەسەر برژانگەکانییەوە. بەری بیناییان لێ دەتەنی و کەچی دەستی بۆ بەرز نەدەکرایەوە بیانسرێ. تەنیا لە دڵدا پەیتا پەیتا دەیوت: «ئەمەیان چی بوو؟!.. کاك نا کەریم ئەمەیان چی بوو؟»..

نەگەییشت بیری لێ بکاتەوە و بە ئەنجامێك بگا. چزە چزی مەنجەڵەکە لە پشت هەیوانەکەوە، وەك زیکەی سیسرکێکی زیقاوڵە پەردەی گوێی سمی. کە لای کردەوە، چەرە دووکەڵێك لە دەرگەکەوە هوروژمی دەهێنایە دەرەوە. بە قەڵەمباز خۆی گەیاندە

لای مەنجەڵ و ئاگری لێ کوژاندەوە. کە سەری هەڵدایەوە. لەتە مریشکێك بووبووە کڵۆ خەڵووزێك.

کاتێ گەڕایەوە سەر قەرەوێڵەکەی و دانیشتەوە. تاڵاو لە دڵی دەتکا. خەم و پەژارە لە ڕووی دەباری. بیر و هۆش و هەست و نەستی، بە ناو یەکتردا تێکچڕژابوون و وەك کڵافە دەزوویەکی ئاڵۆزیان لێ هاتبوو. جەمسەری هیچ باسێکی بەڕێکوپێکی بۆ نە دەگێڕایەوە. هەر کامیانی دەگرت ماسی ئاسا دەردەفرتایەوە. ئەوە هێندەی تر مێشکی لێ شەکەت دەکرد. هەوڵی دەدا بیر و هۆشی مت بکا و نەیەڵێ لێك بدەنەوە. زەینی سڕ بکا و بواری پێداچوونەوەی لێ ببڕێ. کەچی دەتوت بوونەتە ئاگری قوورەت و بە ئامان و زەمان داناسەکنێن. نەیدەزانی چی بکا و بە چ جۆرێك جڵەو بگرێتەوە. هەڵدەستا و بە ناو ژوورەکەدا دەهات و دەچوو. دەگەڕایەوە و دادەنیشتەوە. هەڵدەستایەوە و دەکەوتە خولانەوە. لە دوا جاریدا ڕوو بەڕووی کتێبخانەکەی ڕاوەستا. چاوێکی بەمسەر تا ئەوسەریدا گێڕا. لە سەرەتا ئاهێکی پێدا هات. ئەوە هانی دا لێی نزیکتر بێتەوە. دوو هەنگاو چووە پێشەوە. چوونەپێشەوەکە بەری بینینی لێ تەسك کردەوە. ئێستا دوو خانەیانی لێ دەبینێ. نازانێ مەبەستی لەم کردارە چییە. هەنگاوێکی تریش.. ئێستا یەك خانە!. دەڵێی یارییەکی منداڵانەی تازە بابەت دەکەم.. یارییەکە و خۆمی منداڵ دایدەهێنم. با تۆزێکی تریش بچمە پێش. ئێستا سەرم هەروا قولانجێك لە تووڵە تەختەکەی نێوان ئەم خانە و ئەو خانەیەوە دوورە. تووڵە تەختەکەی لە دارگوێزێکی تۆکمەی وەك بەردە. ئێستا ئەگەر هەر لە جێوە و هێندەی مەودا بوار بدا، کەللەی سەرم بکشێنمەوە و هەتا هێزم تێدایە بەرەو پێشەوە تەکانی پێ بدەمەوە چی ڕوو دەدا.

ساتێکی هێندە پڕ و چڕ بوو لە خرۆشان و هەژان کە خۆشی دوایی بۆی ڕوون نەبووەوە. چۆن چۆنی لەسەر قەرەوێڵەکەی کەوتبووەوە سەر گازی پشت!. کە بە ئاگا هاتەوە، تەنانەت گومانیشی هەبوو کە ئەمە ناو ژوورەکەی و سەر قەرەوێڵەکەی بێ. هەر بەو نیازەش دەستی ڕاستی هەڵبڕی و بە ناوچەوانیدا هێنا. کەمێك ڕاگیری کرد و بیری لێ خستەکار. نە تەڕە و نە لینج.

نە هیچ ئازارێکیش لە گۆڕێدایە. لەگەڵ ئەوەشدا دایگرتە خوارەوە بۆ پێش چاوی. ئەگەرچی بە چاویش هەر هیچی پێوە نەبینی، بەڵام وەکو هێشتا هەر بەگومان بێ، کەمێ ئەمدیو و ئەودیوی پێ کرد و پەنجەکانی بە ناو لەپیدا هەڵگلۆفتن. ئەوسا ئیتر

لە خۆی دڵنیا بوو کە نەیقەوماندووە.

دڵنیاییەکەی بۆی بووە مایەی ئازارێکی تر.. ئازاری کەسێکی ناو سك بەتاڵی ڕاکشاو لەسەر گازی پشت. لەم جۆرە ڕاکشانەدا، ورگ و ڕیخۆڵەکان لەوە دەچن، نیشتبنە سەر رەقانییەکی گرنج و پەیتا پەیتا بەسەریدا پل بدەن. ئەمیش لەو ساتەدا وەهای هەست دەکرد کە لە یەك بینا، لە گرێکانی بڕبڕەی پشتی دەخشێن و کسپەی ڕووشاندنیان لێ بەرز دەبێتەوە.

ئازارەکە ڕای پەڕاندەوە سەرپێ و بڕیاری پێ دا کە شتێك هەر بخوا. چوو بەسەر پێوە سێ چوار پارووی لە نان و پیاز و ترشیاتەکە، بە زۆر ئاخنییە ناو ورگییەوە. مەبەستی نەبوو تامیان لێ ببینێ. تەنانەت تەواویش نەیدەجوون و هەرخێرا ئاودیوی دەکردن. دەیویست بە پەلە ورگ و ڕیخۆڵەکانی بخاتەوە گەڕ و کڕووزانەوەیان کپ بکا. ئەوسا پەرداخێ ئاویشی بەسەردا کردن و گەڕایەوە سەر قەرەوێڵەکەی. هەر بۆ تاقیکردنەوە لە سەرپشت ڕاکشایەوە. ئازارەکە نەمابوو. هێنانییە پێش چاو و دەیبینین چۆن بوونەتە تەتەڵە میرانێك. دەڵێی بەدەم نەغمە و ئاوازێکی تایبەتییەوە دەجمێن. جمانەکە لە گەدەوە دەست پێ دەکا و بەرەو قەف قەفی ریخۆڵەکان شەپۆل دەدا. ئینجا وردە وردە چرچ و لۆچییەکەی لەوە بەریان تێدا نامێنێ. دەبنەوە لوولە تەڕ و پڕەکانی جاران و وەك لاسکی چاوبازەیان لێ دێتەوە. ریخۆڵە بە تەڕ و پڕی چەندە بە دیمەنە، گەش دەنوێنێ و دەبریقێتەوە. بەڵام کە وشك دەبێتەوە، وەك پەتکێکی داڕزیوی ناو گڵ و خۆڵی لێ دێ. ئا.. ئەوانەی لە برسان دەمرن، ریخۆڵەیان بەدەردی ئەو پەتکە دەچێ. ئاخۆ مردن بەو دەردە چەندە ستەم بێ؟ خۆ هێشتا بە ملیۆنەها هەن پێی دەمرن!. ئەمە چ زوڵمێکە!. تۆ بزانە چەند جۆر زوڵم و زۆر لەسەر ڕووی ئەم زەمینە هەیە. مرۆڤی وا دەبینیت رۆژانە پڕ بەسەد گەدە و ریخۆڵەی لێ دەبێتە بەرماوە و فڕێ دەدرێتە سەرەنوێلك. هەشە پاروە نانێکی جۆی دەست ناکەوێ تا نەیەڵێ ریخۆڵەی لێ ببێتە پەتك. ئەمانە دەبێ چ ئازارێکی سامناك بچێژن؟ من بە بواردنی دوو سێ ژەم ئەوە حاڵم بوو ئەی ئەوانەی دە و بیست و سی دەبوێرن؟. من هەمبوو بچم بخۆم. ئەی ئەوانەی دەستیان بەسەرەنوێلێکیشدا ناگا؟ ئاخۆ چ جۆرە ئێشێکە و لە یەك بینا بەناو سکیان و ئینجا بە سەراپای ئەندامانی لەشیاندا گێژ دەخوا؟ گێژ خواردنێکیش؟ بێ بڕانەوە؟.

بێ کۆتایی هاتن و لە سات بەساتی هەر بیست و چوار سەعاتەی شەو و ڕۆژیشدا.

مەگەر تەنیا مردن بە فریایان بکەوێ.. تەنیا مردن!. تۆ بڵێی ئەوانەش هەر مردنیان پێ ناخۆش بێ و هەر بیانەوێ لە چنگی هەڵبێن.. تۆ بڵێی؟

بێ ئەوەی بەخۆی بزانێ، دیسان باسی مردن یەخەی گرتەوە. بەنیازی خۆ لێ دزینەوەی، هەڵسا و چوو بەلای کتێبخانەکەیەوە، چەند کتێبێکی هێنایە پێش و چاوی پێدا گێڕان. مەیلی خوێندنەوەی نەبوو نەشیدەزانی چیی تر هەیە بیکا. تا هەروا بەبێ مەبەست، لایدایە بەردەم سنووقە دێرینەکەیان، دەمێك بوو سەری هەڵنەدابووەوە. هەوڵی دا بزانێ ماوەی چەند دەبێ و بۆی نەکرا. بەمەزەنە ساڵ و نیوێکی بۆ دانا. ئەی لەکەیەوە هەر ئەوە جێگەیەتی؟ ئەمەیانی بۆ کرا.. یازدە ساڵ.. یازدە ساڵە هەر ئەوێ شوێنیەتی. ئەم جێگۆڕکێ بەکەلوپەلی ناو ماڵەکەی ناکا. بۆ بیکا؟!. هەر شتەو جێی شیاوی خۆی گرتووە ئەوە قەرەوێڵەکەو بیست و شەش ساڵی رەبەقە لەبەر پەنجەرەکەدایە ئەوە کتێبخانەکەو بەلای چەپی دەرگەکەوەیە. بە بەرامبەرییەوە لە پاڵ دیوارەکەدا. دۆشەکێك راخراوە و دوو پشتیی لەسەرە. بەپاڵ دیواری بنەوە لە سووچەکەیدا، دۆڵابێکی دوو چاوی جلوبەرگەکانەتی. بە تەنیشتییەوە سنووقێکی دوڵدوڵی سەردەمی دایکەتی و هەندێ نوێنی زیادەی لەسەر هەڵچنراوە. تەنیشتی ئەویش کە دەکاتە سووچی دیواری بنەوەی لای کتێبخانەکە، تاقێکە و سنووقە دێرینەکەی تێدایە کە لە دوای مردنی باوکییەوە بە دوو ساڵ، ئەوێی بۆ بووە مەڵبەند و تێیدا جێگیر بوو.

لە تاقەکە دایگرتە خوارەوە و بردی لە پێش دەمی دۆشەکەکەدا  دایناـ وەك خۆی بۆ بەجێهێنانی دابێکی تایبەتی ئامادە بکا، چوو پاکەت و شقارتە و تەپڵەکێکی جگەرەی هێنا و لە لاتەنیشتەوەدایناـن. لەوەدابوو دابنیشێ و رای گۆڕی. لاچاوێکی ئاراستەی قاپی عارەقەکە کرد چوو دەستی دایە و وەك دوودڵ تۆزێ لێی راما. لە ئەنجامدا ئەویشی هێنا و لە لاتەنیشتەکەی ترەوە دایناـ. ئەوسا لەسەر دۆشەکەکە رووبەڕووی سنووقەکە دانیشت.

سنووق خاوەنی مێژوویەکی دێرینی خۆی بوو. وەستاکەی بە نەقشێکی وردی جوان، لە گۆشەی خوارەوەی رووی کردنەوەیدا نووسیبووی: دەسکردی وەستا حەمە مورادی سنەیی-رەمەزانی ١٣٠٩. ئەم بە مەزەنە دەیزانی تەمەنی دەکاتە چەند. لەگەڵ ئەوەشدا سەرێکی بەرز کردەوە و روانییە ساڵنامەکەی بە بەرامبەرییەوە هەڵواسرابوو. زاینییەکەی واز لێ هێنا و کۆچییەکەی خوێندەوە (١٣٨٦)ی نیشان دا. لە دڵی خۆیدا

لە یەکتری دەرکردن و وتی: حەفتا و حەوت.

پێکێکی ئامادە کرد و سووکە قومێکی لێ دا. جگەرەیەکی داگیرساند و نای بەلالێویەوە. بەسەروسیمایدا دیاربوو کە بۆ گەشتێکی بەرفراوان گورج بەزەینی دەبەستێتەوە. بەتاسەوە روانییەوە نووسینەکەی سەر سنووقەکە. ئەم مێژووەکەی لە نووکەوە پێ دەزانی. هەر لە منداڵییەکی زووەوە نەنکی و دواییتر دایکی و باوکی بۆیان گێڕابووەوە. ئەوان هەردەم لەناو کەلوپەلی ناو ماڵەکەدا، بایەخێکی تایبەتییان پێ دەدا و بەڕێزەوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرد. ئەم ئەگەرچی لە ڕێزلێنانیدا هیچی لەوان کەمتر نەبوو، بەتایبەتی کاتێ پاش مردنی باوکی کردییە ئارامگای پاشماوە هەرە ئازیزەکانیان، بەڵام قەت رووی نەدابوو وەك کارێکی هونەری و دەستکردی هونەرمەندێکی نەناسراو، بەوردی سەرنجی بداتێ. ئەوا پەنجا و نۆ ساڵە لەگەڵیدا دەژی. کە ئەم هاتە دنیاوە ئەو تەمەنی گەیاندبوو بە هەژدە. ئەو وەختە هێشتا لەژێر باڵی سۆزی نەنکیدا بوو. دوای ئەو دایکی بووە زێوانی. کە دایك نەما، چووە ئامێزی باوکییەوە و قەت لێی غافڵ نەدەبوو. دوای باوکەش دەبوو ئەم نەیەڵێ بێ ناز ببێ. ئا.. نەك هەر نەیهێشت بێ ناز ببێ، بگرە پاشماوە ئازیزەکانیشی بەکۆشی سپارد و لای ئەم نازدارتر بوو. کەچی تا ئەو ساتە بەبیریدا نەهاتبوو بەبارە هونەرییەکەیدا لێی ورد ببێتەوە.

حەفتا و حەوت ساڵ و لەوە بەولاوە کە لە بریقوباقی رۆژگاری تازە سنعاتییەکەی کەوتووە، دەنا بە تۆکمەیی و توندوتۆڵی هەر سنووقەکەی ئەو رۆژگارەیە. کە بەبێ دەست پێداگێڕان تەماشای دەکەیت، دەڵێی وەستاکەی دەبێ سەد تووڵە داری بەدەستوورێکی تایبەتی بۆ تاشیبێ و لێیانی پێك هێنابێ. کەچی کە دەستت دەدایە و ساغت دەکردەوە، دەردەکەوت کە لە یەك پارچە دارە و دەست و پەنجەی ڕەنگینی وەستاکەی، ئەو شتە عەنتیکەیەی لێ هێناوەتە بەرهەم.

کە ڕووبەڕووی دانیشت و ویستی سەری هەڵبداتەوە. هەستەکەی لە شێوەی بڕووسکەدانێکی ئان و ساتیدا لەلا بزوا. سەرهەڵدانەوەکەی فەرامۆش کرد و بەپەرۆشەوە کەوتە چاو پێداگێڕانی. چەندە سەرنجی دەدایە پتر عاجباتی لێ دەما. شان بەشانیشی پتر لە وەستاکەی سەرسام دەبوو. هێنایە پێش چاوی..... پیاوێکی بەتەمەن کامڵە. لەم جۆرە پیشانەدا ستەمە ئەو جۆرە دەسترەنگینییە لە پیاوی ناکامڵ بوەشێتەوە. جگە لەوەی کە دەبێ گەیشتبێتە پلەی وەستاباشێتیش ئا.. ناوبانگی وەستا

حەمە موراد بە سەرانسەری هەرێمی سنەدا بڵاوە. جوانترین و تۆکمەترین کەلوپەلی لە تەختە دروستکراو بۆ هەر کەسێك داخوازی بێ، بەدەست و مەچەکی ئەو و شاگردە چاپووکەکانی دێنە بەرهەم. خاوەنی گەورەترین دەزگا و دووکانی ناوچەکەشە. ئەو دەتوانێ تەشوێ لە تەختە نەدا و دابنیشێ تەنیا سەرپەرشتی بکا. بەڵام رازی نابێ. پیشەکەی لەلا بووەتە هونەرێك و هونەرمەندانە لەگەڵیدا دەژی.

هێنایە پێش چاو.. وەستا حەمە موراد ئەوەتا لە دووکانەکەیدا سەرقاڵی ئیشەکەیەتی . دێتە بەرگوێی یەکێك سڵاو رادەخا و ماندوونەبوونی لێ دەکا. بەدەم وەرامدانەوەیەوە سەر هەڵدەبڕێ و دەیبینێ. گەنجێکی بۆشناخی رووگەش و دەم بەپێکەنینە. هەر لە خۆیەوە، بەچاو و برۆ و دەمولێو و بگرە بە سەراپای جەستە دەخنێتەوە. بەئاشکرا پێوەی دیارە کە دڵێکی سیخناخ لە بەختیاری لە سینەیدا لێ دەدا. هەروەکو ئاواتێکی لێواولێو پڕ لە دڵنیایی بەدیهێنانی. بۆ ئەم بەر دووکانە بەکێشی کردووە. کە قسە دەکا، وەك ئەوەیە برای باوکی بدوێنێ. ئەوەتا بەزمانێکی شیرینی پڕ لە ئاسوودەگییەوە دەڵێ:

– مامە حەمە موراد.. بۆ شتێك هاتووم و نابێ.. قەت نابێ دەست بە پرووەوە بنێی.

وەستا پتر لە هەر شتێکی تری. سەری لە داخوازییە نادیارەکەی سوڕ دەمێنێ. ئەو جگە لەو وەستایەی کە هەیە، مرۆڤێکی هێندەش ژیر و وریا و بەسەلیقەیە کە بتوانێ هەر خێرا هەست بکا، ئەم کوڕە گەنجە دەمودڵ بەخەندەیە شتێکی نائاسایی دەخوازێ.. لە بەرامبەریدا وەك برایەکی باوکی دەڵێ:

– فەرموو.. تۆ فەرموو جارێ دانیشە.. با بە شێنەیی گوێت لێ بگرم.

کوڕە گەنج کە هەر دەخنێتەوە. بە خۆشحاڵییەوە دادەنیشێ. بۆ سەلماندنی رێزی.... لە رووی فەرمایشتی وەستادا، تەنیا گوێقوڵاغ دەبێ و ورتە ناکا. وەستا لەلای خۆیەوە، بۆ زانینی داخوازییەکەی بە پەرۆشەوە. دەپرسێ:

–ئێستا فەرموو بڵێ.. چیت دەوێ و ئەگەر پێم بکرێ بۆتی بکەم.

کوڕەش بەسەلیقەیە و دەزانێ چۆن دەدوێ. دەڵێ:

– مامە.. من خەڵکی ئەم دەوروبەرە نیم.

– دەزانم.. پێتەوە دیارە.

– لە دووریشەوە هاتووم.

– هەر دیارە.. سلێمانی وانا؟.

– با.. دەمخۆش.

– یەکەم جارتە؟

– بەڵێ.

– لەگەڵ قافڵەدا؟.. قافڵەکەی دوێنێ عەسر؟.

– بەڵێ.

– بەخێربێی.. لەگەڵ کێدایت؟

– مامم.. حاجی رەشید.. رەشیدی مەلامین.

– ئێ ئێ.. تێگەیشتم. سەر سەر و سەرچاو هاتیت. مامت چۆنە؟ ئەوە دوو سەفەرە دێت و نایبینم!.

– زۆر سەلامت لێ دەکا. ئەگەر ڕاستت دەوێ ئەو ناردمی بۆ لات. وتی ئەوەی دەتەوێ لای وەستا حەمە موراد دەست دەکەوێ. وتیشی: زۆر حەز دەکەم بێم دیدەنی بکەم و خوا یاربێ هەردێم.

– بەخێرهاتن.. سەرچاو هاتن. ئەویش و تۆش سەرسەرم هاتن.

هەردوو بۆ ماوەیەك بێدەنگ دەبن کوڕە وەك بۆ بینینی نموونەی داخوازییەکەی بەپەرۆش بێ، چاوێك بەناو دووکانەکەدا دەگێڕێ وەستاش وەك لە مەبەستی تێگیشەیتبێ، لێی بەقسە دێتەوە:

– ئێستا بڵێ بزانم.. داخوازیت چییە و بەسەر ئەم چاوانە بۆتی بەجێ بێنم.

کوڕە گەنج سووکە شەرمێك دای دەگرێ. کەمێك گیر دەخوا.. ئینجا تین دەداتە بەرخۆی و دەڵێ:

– مامە.. من زۆر نییە ژنم هێناوە. پێش هاتنم هەروا بە پێنج شەش مانگێك بوو.. ئێستا ژنەکەم چاوەڕێی دیارییە بۆی ببەمەوە جوانترین دیاریش دەبێ چی بێ؟ مامم وتی: بچۆ بۆ لای وەستا حەمە موراد و خەمت نەبێ. ئەو جوانترین دیارییەکەت بۆ دەڕەخسێنێ. وەستا گەشکەیەکی شانازی دەیگرێ بەدەم زەردەخەنەیەکی پڕ لە

شادمانییەوە دەڵێ:

– تێگەیشتم.. سنووقەکە.. ها؟.

– دەمخۆش.

– تۆ نموونەت لێ دیوە؟

– نەء.

– ئەی چۆن دەزانیت جوانترین دیارییە؟

– مامم بۆی باس کردم.. ئەو دیویێتی.

– ئەی ئەوەشی بۆ باس کردوویت کە من ئەو جۆرە سنووقە بۆ فرۆشتنی ناو بازاڕ دروست ناکەم؟

– بەڵێ.

– یانی دەزانیت کە نرخەکەی ڕەنگە تۆزێ گران بێ.. لە عۆیەی دێیت؟

– دێم.. با بڵێین هەموو دەستکەوتی ئەم سەفەرەمی دەچێتە قەبەڵەوە خۆ لەوە زیاتر نییە؟.

– نانا.. هێجگار وا نییە.. لەوە دەچێ ژن هێنانەکەت لە عەشقەوە بووبێ.

– پێش هێنان نەء.. دوای هێنانی بوو بە عەشق.

هەردووکیان دەدەنە قاقای پێکەنین. دارتاشێکی هونەرمەند و کوڕە گەنجێکی عاشق، یەکدگیر دەبنەوە و دەستبەجێ هۆگری یەکتری دەبن. وەستا لە دڵدا بڕیار دەدا، چەندە لە توانایدایە نرخەکەی بۆ دابشکێنێ، هێندەش باڵاتر دەستی هونەرکاری بۆ بخاتە کار. کوڕە بەدڵ باوەڕی پێ دێنێ و هەرچی داوا دەکا دەیخاتە سەر سەر.

دوای سێ ڕۆژ سنووق تەواو دەبێ و وەردەگیرێ. بەڵام سنووق چ سنووق!. کوڕە گەنج لە خۆشییاندا باڵ دەگرێ. هەر ئەو ساتەش بە بیریدا دێ کە ناشێ هەروا بە بەتاڵی، بیکاتە دیاری بۆ (گوڵزار)ەکەی. دەچێ کام دیاری تر شیاوی ناو ئەم سنووقە بێ و دڵی تازەبووکێکی پێ گەش ببێتەوە، لێیانی سیخناخ دەکا و بۆیانی دەهێنێتەوە.

نەنە گوڵزارم حیکایەتەکەی بەشێوەیەکی لەم بابەتە دەگێڕایەوە.

چەند بەسۆز و خۆشەویستییەوە دەیهێنا و لە بەردەمی خۆیدا دایدەنا.. وەك

کوولەکەی ڕوحی بێ، بەدەم سڕین و گەشاندنەوەیەوە بۆ توێکڵە هەنار و کاکڵەگوێز، دەستی پێدا دەهێنا و دەیلاواندەوە. ئائا.. خۆی وای وت. جارێکیان هێشتا منداڵ بووم لێم پرسی:

–نەنە ئەوە چیی تێدایە؟!.

وتی:

– گیانی نەنە.. ئەوە ڕوحمی تێدایە.

دوایی تر کە فامم کردەوە، باوکم حیکایەتەکەی بۆ تەواو کردم. تازەزاوا (ڕەحیم)ی میرزا مەلا کاکەمین زۆر نەژیا. میرزای باوکی وای حەز لێ بووە کە هەر میرزایەتی و مەلایەتییەکەی باووباپیرانی بکاتە پیشە. باوکم چەند بە حیرسەوە دەیگێڕایەوە. ئەو لە تەمەنی شەش ساڵاندا بووە کە چارەنووسی ڕەحیمی باوکی بەو بارەدا شکاوەتەوە. کەچی کە ئامۆژگارییەکەی باپیری بۆ باوکی کردبوو دەگێڕایەوە دەتوت ئەو وەختە ئەم دانیشتووی لای شانی ڕاستی باپیری بووە. هەموو جارێ کە دەیگێڕایەوە، خۆی دەخستە قالبی ئامادەبووی گفتوگۆکەرەوە و دەیوت:

باپیرم وتی:

– کوڕەکەم ڕەحیم.. بنەماڵەکەی ئێمە لە دێرزەمانەوە، پیشەمان هەر میرزایەتی و مەلایەتی بووە. لە مەلا سلێمانی باپیرە گەورەمانەوە بیگرە کە هێشتا قەڵاچوالان شار بووە نەك ئێرە، تا دەگاتە میرزا مارفی باپیرم کە وەك دەزانیت، خاڵۆزای برایم پاشا بووە و لە دامەزراندنی ئەم شارەوە لەگەڵیدا هاتووە، هەر ئەوە پیشەمان بووە. سا تۆش هەر ئەو ڕێگەیە بگرەبەر.

ڕێگەیەکی پیرۆزە و بەری مەدە. ڕەشەی مامت چاکی نەکردووە بەری داوە و تۆ چاو لەو مەکە. ڕاستە ئەوەی ئەو گیرفان پڕ لە پارە و پوول دەکا. بەڵام ئەمەی خۆمان مێشك پڕ لە زانست دەکا. جیاوازیشیان بۆ مرۆڤێك بیەوێ بە بیر و هۆش بژی نەك بە ورگ، ئاسمان و ڕێسمانە.

باوکم لەوە دەچوو ئەو لە ڕێ لادانەی باپیرمی لە دڵدا بووبێتە کەسەر. دەتوت گرێکوێرەیەکی لە دەروونیدا پێك هێناوە و بە درێژاییی ئەو هەموو ساڵانە بۆی نەکراوەتەوە. زۆرجار کە لە کارەساتەکە دەدوا پێشەکی دەیوت:

– ئەگەر بەقسەی باپیرمی بکردایە.. ئەگەر لەسەر پیشەی باووباپیران بڕوایەتە

مەلایەك یا میرزایەك و بە نیازی بوونە بازرگانێكی قورس و گیرفانپڕی، خۆی تووشی ئەو گێچەڵی قافڵە و قافڵەكارییە نەكردایە ئەئاوا لەو تەمەنە زووەدا سەری تێدا نەدەچوو.

ئینجا كە دەهاتە سەر كارەساتەكە، تەمێكی خەستی پەژارە و خەفەت بەڕوویدا دادەكشا. وەك دیمەنەكانی لێ بژیەنەوە و ئەو ساتە بێ ڕوو بدەن. لە ناخدا دەخرۆشا و شێوەی دەمودووی نەغمەیەكی تایبەتی وەردەگرت كە پتر بەلای دەربڕینی كۆنە جەخارێكی كپكراودا دەشكایەوە. منیش لەلای خۆمەوە هێندە بەپەرۆشەوە گوێم بۆ رایەڵ دەكرد كە دەتوت چیرۆكێكی بەر ئاگردانم گوێ لێ دەبێ..

... زستانێكی تووشە یەكێكیشە لە رۆژە هەرە سەختەكانی. تف هەڵدەیت دەیبەستێ. بالا پیاوێك بەفر باریوە. دوو شەو و دوو رۆژ لە یەك بینا تێی كرد و دواییش كردییە بەستەڵەك پێنج رۆژە سایەقەیەكی سامالە و بارستاییی بەفر لێی كەم نابێتەوە. دایكم جێ بەخۆی ناگرێ هەر بەیناوبەینێك دەچێتە سەربان و رووەو گۆیژە رادەوەستێ.

چاوەڕوان دەكا لە ئان و ساتدا بێ كاروان لە دەم كەلەوە سەر دەربێنێ و بەرەو ناو شار شۆڕ ببێتەوە. ئەو هەواڵی پێ گەیشتووە كە كاروان لە مەریوان دەرچووە و دەبوو پێرێ بگەیشتایەتە جێ. كەچی نە پێرێ و نە دوێنێ سەری هەڵنەدا. ئەمرۆش ئەوا سەرلەئێوارەیە و هەر دیاری نییە. دواكەوتنەكەیان ئاسایی نییە. ئەگەر لە شوێنێك گلیان بخواردایەتەوە. هەواڵێكیان هەر دەنارد. كاروانێكی وا گەورە و گران لە خۆڕایی بێ سەروشوێن نابێ.

من لەگەڵ سەلمەی خوشكمدا هەر لە ژووری حازرییەدا، بەدیار زۆپایەكی دارینەوە كزۆڵەمان بەستبوو. باپیرم هات سەری كێشایە ژوورەوە و وتی:

– ئەوە كوا دایكتان؟.

وتم:

– لە سەربانە.

گەڕایەوە ناو حەوشەكە و بانگی كرد:

– گوڵزار.. كچێ گوڵزار.

دایكم بەدەم هاتنە خوارەوەیەوە وتی:

– بەڵێ.. بەڵێ مامە.

باپیرم وتی:

– ئێ کچێ ئاخر رەق دەبیتەوە.. تۆ وا گلاراوت پێ کەوتووە؟.

دایکم وتی:

– چی بکەم مامە.. دڵم ئۆقرە ناگرێ.. دیار نەبوون.

باپیرم وتی:

– دیار دەبن کچم.. دیار دەبن. مەراق مەکە. کاروانێك و بەناو غەزەبێکی وەهادا بێ، چاوەڕێ ناکرێ لە کات و ساتی خۆیدا بگاتە جێ. بچۆ بەلای منداڵەکانتەوە. گوناهت دەگا.

دایکم هاتەوە ژوورەوە. سەرما کەسیرەی کردبوو. ئێمە بەر زۆپاکەمان بۆ چۆڵ کرد. کە دانیشت سەری خستە کۆشییەوە و گریا. منیش دڵم بۆ ئەو پڕ بوو لە گریان. چوومە تەنیشتییەوە و خۆیم پێوە نووساند. لەشی سارد سارد بوو وەك سەهۆڵ. دڵم بەرایی نەدا خۆمی لێ بکشێنمەوە. دانم بەخۆمدا گرت و مامەوە. بەڵام سەلمە کە ئەویش هاتبوو وەك من بکا، خۆی بۆ دابین نەکرا و لێی کشایەوە.

دایکم دەتوت دڵی خەبەری داوەتێ کە ئەم سەفەرە باوکم بە سەلامەتی ناگەڕێتەوە. بگرە دەتوت دڵی پێی دەڵێ کە ها ئێستا ها ساتێکی تر هەواڵێکی جەرگبڕی بەرگوێ دەکەوێ. ئۆقرە و ئارامی لەبەر هەڵگیرابوو. سرەوتی بۆ نەدەدرا، بەو بووایە دەچووە سەربان و تا کاروانی بەدی نەکردایە، نەدەهاتە خوارەوە. دەشمدی لە پڕێکدا رادەچەنی خۆی دەپێچایەوە  و دەچووە هەیوان. بەڵام تەوژمی سەرما بێ ئامانەکە، راپێچی ژوورەوەی دەکردەوە.

جگە لەوەی باپیریشم لەوبەرەوە. هەر هێندەی بەدی دەکرد هاواری لێ هەڵدەستایەوە.

کە دنیا تەواو تاریك بوو، ئیتر لەو هاتوچۆیەی کەوت. لە ژوورەوە کروشکەی کرد و دەکڕووزایەوە. سەلمە چووە باوەشییەوە و من خۆم خزاندە تەنیشتییەوە. کەچی ئەو تەنیا بەجەستە بەخۆیەوە دەنووساندین، دەنا بە بیر و هۆش ئاگای لە ئێمە بڕابوو. تەنانەت بیری بەلای ئەوەشدا نەچوو خواردنی ئێوارەمان بداتێ. تا نەنکم هات و

لەگەنێك لەپە ساوەری بۆ هێنایین ئەویش هەر دەكڕووزایەوە. حاڵی ئەو لە دایكم ئەهوەنتر نەبوو. من و سەلمە دەستمان كرد بە خواردن، بەڵام دایكم پەنجەی بۆ نەبرد. نەنكم بە قورگێكی پڕ لە گریانەوە پێی وت:

– دەی كچەكەم.. یەك دوو كەوچكی لێ بخۆ.

دایكم خۆی بۆ دابین نەكرا و دایە پڕمەی گریان. منیش قوڵپی گریان گەروومی تەنی و هیچی ترم بۆ نەخورا. نەنكم پێمی زانی و هات بە لامەوە. بەدەم هەنسك هەڵدانەوە سەرمی لە باوەش گرت و ماچی كردم.

وتی:

– بخۆ باپیرەم.. بخۆ بابە گیان.. تێر بخۆ.

ئەوسا دایكم وەك لە ناكاوێكدا لێمان بەئاگا بێتەوە، تەوژمی گریانەكەی كپ كرد و هاتە تەنیشتمانەوە. بەپەرۆشەوە كەوتە هاندانمان بۆ خواردن. نەنكیشم بەفرسەتی زانی و بەدایكمی وت:

– دەبخۆ كچم.. تۆش تۆزێ بخۆ.

دایكم بەقسەی كرد. كەوچكی نایە ناو لەپە ساوەرەكەوە و لەوەدابوو بیبا بۆ دەمی، غەڵبەغەڵبێك لەناو كۆڵانەوە دەستی بەكەوچكەكە وشك كرد.

نەنكیشم لەلای خۆیەوە، قوت بووەوە و گوێ قوڵاغ بوو. تا ئێستا روخساریانم لە بەرچاوە كە چ جۆرە هەست و نەستێكی تێكەڵوپێكەڵیان دەنواند. ترس و سام و پەژارە و خەم، لەگەڵ هیوا و ئاوات و خۆشی و شادمانیدا. چرژابوونە ناو یەكترەوە و وەك گێژەنێك بەناو یەكتریدا دەخولانەوە.

یەكەم جار دایكم راپەڕییە سەرپێ و خۆی بۆ چوونە دەرەوە ئامادە كرد. بەدوایدا نەنكیشم هەڵسا و خۆی پێچایەوە. غەڵبەغەڵبەكە ئەو كاتە خەریك بوو دەگەیشتە بەردەرگەی حەوشە. هەردووكیان بەپرتاو دەرپەڕینە دەرەوە. دەبێ چ ساتێكی بەئەندێشە و ئازار بووبێ بۆیان. تۆ هەروا سەرنجدە و وردی بكەرەوە. ئەوان سوور دەزانن ئەوەتا گرێكەی دڵیان دەكرێتەوە. ئەوەتا لە ئان و ساتدایە رووبەڕووی یەكێك لە دوو حاڵەت ببنەوە: یا گەشكەیەكی شادمانی.. یا كسپەیەكی جەرگبڕ.

كە ئەوان بە هەڵەداوان لە ژوور بەدەركەوتن، منیش دەستم لە خواردن هەڵگرت و

هەڵسامە سەرپێ نەمدەزانی چی بکەم. نەنکم بەدەم شاڵاو بردنەکەیەوە. بەفریا کەوت بڵێ:

– نەیەنە دەرەوە کورە هۆوا!.

راوەستانەکەم زۆری نەخایاند و زریکەیەکی سامناکی هەردووکیانم هاتە بەرگوێ. زریکەکە ئامۆژگارییەکەی نەنکمی پێ فەرامۆش کردم و دەرفرتامە ناو هەیوانەکەوە. یەکسەر دیم.. ئەو دیمەنە هەرە دڵتەزێنەم لەژێر تریفەی مانگەشەوێکدا دی کە قەت لە بەرچاوم ون نابێ.. کە قەت لێڵایی بەسەردا نایەت. ئەو هەموو ساڵانەی بەسەردا تێپەڕیون و کەچی لە هەر ساتێکدا بەبیرم دێتەوە، وەك ئێستا.. ئا ئێستا بی روو بدا، زرپ و زیندوو دێتەوە بەرچاوم... دوو تەرم لە دوو جاجمەوە توند و تۆڵ پێچراونەتەوە. بەتەنیشت یەکەوە و لەسەر بەفرەکە، لە ناوەڕاستی حەوشەکەدا دانراون. لە نزیك دەرگەی حەوشەوە و ئەوانیش هەر بەسەر بەفرەکەدا. دایکم و نەنکم داڕماونەتە سەر زەوی و وەك مردوویان لێ هاتووە. چوار پێنج پیاو و باپیریشم لەگەڵیاندا، خەریکن هەڵیان دەگرنەوە. پیاوەکان لەوەدان بەرەو هەیوانەکەی لای منیان بێنن و باپیرم رێیان بۆ ئەوبەری لای خۆی پێ دەگۆڕێ. من هێشتا کڕوکاس لە هەیوانەکەدا راوەستاوم و دیمەنەکە زارەترەکی کردووم. هەر لەو کاتەدا دەرودراوسێ بە هەڵەداوان پەیدا دەبن و دەرژێنە ناو حەوشەکەوە. پیاوان بەرەو لای بابیرم رادەکەن و ژنان بە بینینی تەرمەکان دەیکەنە شین و شەپۆڕ. منیش ئیتر لەگەڵیاندا دەدەمە زریکە و هاوار. ئێستا سەلمەش هاتووەتە ناو هەیوانەکەوە و لە تەنیشتمەوە شانبەشانم دەزریکێنێ. دەبینم خەڵکەکە وەك پوورە هەنگێك بەناو یەکدیدا دێن و لە نێوان حەوشە و پشت هەیوانەکەی لای باپیرمدا بەپڕتاو. دێن و دەچن. دەبینم دایکم لە ناکاوێکدا بە نێوانیاندا هەڵمەت دێنێ و بەرەو حەوشە دەردەپەڕێ دێت دەیەوێ خۆی بدا بەسەر تەرمەکاندا و بەری لێ دەگرن. ژنان باوەشی پێدا دەکەن و بۆ ژوورەوە بەکێشی دەکەنەوە. زریکە و هاواری من و سەلمە هێندەی تر جۆش دەسێنێ. یەکێ لە ژنەکان کە قەت دیمەنی ئەویشم لەبیر ناچێتەوە.. کە هەتا مردن دەنگە بەسۆزە پڕ لە بەزەیییەکەی لە گوێمدا دەزرنگێتەوە. دێت و باوەش بەمن و سەلمەدا دەکا. بەناو شین و شەپۆڕەکەدا رامان دەفرێنێتە دەرەوە و دەمانباتە ماڵی خۆیان. پەیتاپەیتا بەدەم قوڵپی گریانەوە دەڵێ:

– وەی کوێر بم بۆ ئێوە.. وەی بمرم بۆ ئێوە.

سنووقەکە دەتوت لە بەردەستیدا، بووەتە کتێبێك و مێژووی بنەماڵەکەیان دەگێڕێتەوە و ئەمیش ئەوەتا، لاپەڕەکانی هەڵدەداتەوە و دەخوێنێتەوە. دەستێکی پڕ لە سۆز و ڕێزلێنانی بەسەردا هێنا. هەستی کرد کە توێژاڵێك تۆز و گەردی لێ نیشتووە. چاوێکی بەملا و بەولای خۆیدا گێڕا. کۆنە خاولییەکی لێوە نزیك بوو. هێنای و جوان پێی خاوێن کردەوە ئینجا کە زیاتر لێی ورد بووەوە، تووڵە باریکە زەردەکانی بەتایبەتی سەرنجیان ڕاکێشا. لە شێوەی هونەرکارییەکی بالادا، نەخش و نیگارێکی قەشەنگیان پێك دەهێنا. بەڵام ژەنگ زەفەری پێ بردبوون و لە بریقە و ورشەی ڕۆژگاری خۆیانی خستبوون.

لێیان ڕاما و بیرێکی لێ کردەوە. لە دڵی خۆیدا وتی: تەواوی بریقەی ئەوسایان نا.. ئەویان ستەمە.. تەنیا دەتوانرێ کەم یا زۆری لێ بیووژێنرێتەوە. ئەویش چۆن و بەچی؟ زەینی  خستە کار و بەیادی هاتەوە. نەنە گوڵزار توێکڵە هەنار و گوێزی بۆ گەشاندنەوەی تەختەکەی بەکار دەهێنا. بەڵام دوایی تر دایکی دەبینی بەترش یا بەخۆڵەمێش تووڵە زەردەکانی دەدرەوشاندەوە.

لەسەری نەوەستا. چوو مشتێك ترشی لە جامێکدا کردە ئاو و هێنای لە تەنیشت خۆیەوە داینا. لە چاوەڕوانی تامدانەوەی ترشەکەدا بوو کە لە دڵی خۆیدا وتی: جا بۆچی خۆڵەمێشەکەشی تێکەڵاو نەکەم؟.

هەردووکیانی پێکەوە لێ دەخەمە کار. وای کرد و چوو مشتێك خۆڵەمێشی لە مقەڵی گۆشت برژاندنەکەی دەسگیر خست. ڕژاندییە ناو جامەکەوە و شل گرتییەوە.

ئیتر چووە وێزەی تووڵەکان. خاولییەکەی تێوە دەدا و یەکەیەکە بە وریاییەوە دەیسڕین. دەیبینی چۆن وردەوردە ژەنگەکەیان لەسەر دەڕەوێتەوە. لە ئەنجامی کارەکەی ڕازی بوو. پتر خۆی خەریك کرد و نەخش و نیگار گەش گەش بووەوە.

ئینجا قاچی ڕاکێشا و پاڵی دایەوە. بە گوشادییەوە قومێکی لە پێکەکەدا. جگەرەیەکی داگیرساند و مژێکی قووڵی لێ هەڵمژی.

بەدوایدا بینایی لەسەر سنووقەکە ڕاگیر کردەوە. تووڵەکانی دەبینی لەژێر تیشکی گڵۆپەکاندا بریقوباقیان بوو. دەتوت بوونەتە لاپەڕەکانی مێژووەکە و خۆیان بە ورشە

دەخەنە پێش چاوی ئەم. لە ئاستی دیمەنەکەدا بزەیەك گرتی. وەك گیانلەبەرێك بدوێنێ وتی:

(قسەی خۆمان بێ، تۆش دەردی سەریت کەم نەدیوە. چەند جار ئەو دەست و ئەو دەستت پێ کراوە.. چەند کوناوکون.. چەند بێنە و بەرە؟!. هەرچەندە تۆ بەدرێژاییی تەمەنت.. درێژاییی تەمەنت؟!.

نا تۆ راوەستە.. دەبێ بڵێم بەدرێژاییی تەمەنە سنووقییەکەت. واتە لە کاتی تەشوێکارییەکەی وەستا حەمە مورادەوە لە جەستەتدا تاکو ئێستا. ئەی لەوەبەر؟!. خۆ تۆش خۆمان واتەنی، لە کونە دیوار نەهاتوویتە دەرەوە!. خۆ وەستا حەمە موراد فوویەکی بە ئاسماندا نەکردووە و تۆی لێ کەوتبێتە باوەشەوە!. بگرە تۆش وەکو ئێمە دایکت پێت ئاوس بوو. تا پێگەیشتیت و بوویتە بەڕوویەکی قاوەیی خڕنی سەر بەکڵاو، ئینجا لەو بەربوویتەوە و ڕێگەت گرتە بەر. ڕێگەشت سەخت و ستەم بوو. دەگونجا لە هەر ساتێکدا، ژیانت لێ زەوت بکرێ و نوغرۆی نەبوونێکی هەمیشەیی ببیت. بەڵام بەختەوەر بوویت و خاك لە ئامێزی گرتیت. کردیتییە نەمامێکی ناو دەوەنێك. لەناو دەوەنەکەدا برەوت سەند و بوویتە درەختێکی بەبەژن و باڵا. ملت بە ڕەوتی تەمەنێکی دوور و درێژەوە نا. من هەر لە خۆت دەپرسم: بەژمارە چەندت لە چوار وەرزەکەی ساڵان بەسەر بردن؟ چەن بەهار و هاوین و چەند پایز و زستان؟ خۆزگە بۆم دەهاتیتە زمان و بۆمت دەگێڕایەوە!. چەند هەزار خڕنی سەر بەکڵاوت لێ بەربوونەوە و چەندیان بوونە نەمام و درەختی بەبەژن و باڵای وەك خۆت؟ یا وەرە پێم بڵێ: چەند باڵندەی هەمەجۆر بەدرێژاییی ئەو وەرزانە، هاتن و لەناو لقوپۆپەکانی تۆدا حەوانەوە؟ هێلانەیان لەسەرت چنی و زاووزێیان تێدا کردن؟ ئەوانیش چەند هەزار بەچکەیان لە باوەشی تۆدا پەروەردە کرد.. ها پێم بڵێ چەند؟!. خۆزگە بۆم دەهاتیتە زمان و وەرامت دەدامەوە کە ئاخۆ چەند لە ڕەگەزە دڵڕەقە بێ بەزەیییەکەی ئێمە، لە قرچەی گەرمای هاویندا هاتن و لەژێر سێبەرە چڕە فێنکەکەتدا حەوانەوە؟. چەند منداڵیان لە بەهاراندا، گوریسیان لێ هەڵخستیت و بەدەم تریفەی پێکەنینەوە، جۆلانەیان لە ژێردا کردیت؟!. یا چەند ڕێبواریان لە سەرماوسۆڵەی زستاندا، هۆیان دەکەوتە گەڵا و چڵە وشکەکانت و خۆیان لە کەسیرەیی پێ ڕزگار دەکرد؟.. ها چەند؟ کەچی من ئەوەتا لە بەرچاومە.. لە ڕۆژێکی شوومی تەمەنتدا، دووان سیانێکیان دێن و وەك دەستەیەك گورگی هار دەورت دەدەن. دێنە وێزەت و دەمی تەورت تێ بەردەدەن.

بەوەشەوە ناوەستن و دەکەونە داپڵۆسینی یەك بەیەکی ئەندامانی گیانت. لەتوپەتت دەکەن و هەر پارچەیەکت روو لە قوڕنەیەك دەکا!. سا پێم بڵێ بۆ؟!.. لێم وەرە زمان و تۆ خۆت بۆم باس بکە بۆچی وەهات لێ بکرێ؟.

ئەرێ کورە تۆ سەیر کە و بزانە، ئەم رەگەزە چ جانەوەرێکە!. بە قەلاچۆکردنی نێوان خۆیەوە ناوەستێ و دەچێتە گیانی زیندەوەرەکانی تریش!. کورە بگرە دەچێتە گیانی بەرد و کوچك و کەڵەکیش؟!.

ئەم هێنانە پێش چاوەی ژیانی لەوەبەرتری سنووقەکە، خستییە حاڵەتێکی دەروونی ئەوتۆوە کە هەستی دەکرد ئەو بەهیچ کلۆجێك، دانووی لەگەڵ ئەم سەرزەمینە چەتوونە بێ مروەتەدا ناکولێ. لەگەڵ هیچ دەستوور و یاسا و سیستەمێکیدا ناگونجێ. لەو ساتانەدا هاتبووە سەر ئەو باوەڕەی کە تەنانەت بزواندنی زیخێك لە شوێنە ئەزەلییەکەی خۆی، تاوانێکە و بەرامبەری دەکرێ. بەکوڵ و لە کانگەی دڵەوە وتی: بۆ دەیبزوێنن بۆ.. ئاخر بۆ؟!. خۆ ئێوە ئاغا نین و ئەو نۆکەر؟!. وەك ئێوە هەن ئەویش هەیە!. بەدەمییەوە گەیشتە رادەی هەڵفڕین.

خۆی دەبینی بەخێراییی تیشك، بەقووڵاییی گەردووندا هەڵفڕیوە و دوور و نزیك، پێوەندی نە بەڕەگەزێکەوە ماوە پێی بوترێ ئادەمیزاد و نە بە کۆلکە ئەستێرەیەکەوە ناوی بەزەمین ببرێ!. ئەوەی بۆ بووە ساتێکی شاگەشکەیی دەروێشانە.

دەتوت باوەشی بە راستییەکدا کردووە کە دوا راستییە و ئیتر بەودیویدا، هەر ئەو تاکە راستییە و سەرانسەری بوون و نەبوون لە ئامێزی خۆی دەگرێ.. ئیتر بۆ هەتاهەتایە، نە پووچبوونەوەی لە کایەدا دەمێنێ و نەکەم و زیاد لێکردنی.

بزەیەکی گەشی پڕ لە شادمانی بە ڕوویەوە درەوشایەوە.

چاوی لە سنووقەکە لادا و سەری بەپشتدا نیشاندە سەر دیوارەکە گڵۆپەکە ئاراستەی چاوی بوو. تیشکەکانی بەپێی کردنەوە و هێنانەوەیەکی پێڵووەکانی، بەناو یەکتریدا دەچوون و دەبزوان. بیر و هۆشی لە کەمەندی حاڵەتە دەروێشییەکە دەربازبوون و ئالانە ئەو دیاردەیەوە. چەند جارێك و هەر جارەی بەجۆرێك، پێڵووی داپچڕین و هێنانییەوە یەك. دەتووت دەیەوێ بگاتە لێکدانەوەیەك، هەر لێکدانەوەییەك و نەگەیشت. وازی هێنا و بایدایەوە سەر سنووقەکە وەك ساتە شاگەشکەییەکەی تەواو لێ رەوییبێتەوە، لە دڵەوە وتی:

(ئەییسا.. ئۆباڵی خۆت لە ئەستۆی خۆتە. تۆ سەربردەی ئێمە تۆمار دەکەیت، کەچی هی خۆت نا! چیت لەگەڵدا بڵێم؟!. تۆ دێیت و باسی خۆتم لەو کاتەوە بۆ دەکەیت کە باپیرم لە دەستی وەستا حەمە موڕادی وەرگرتیت و هێناتییە ناو ئەم کۆنە خانووە تەنگەبەرەوەی کە.. نانا.. وا ناوترێ.. وتەی (ئەم کۆنە خانووە تەنگەبەرە)، یانی ئەم دوو ژوور و هەیوانە.

بەڵام ئەمە ڕاست نییە. یا چاکتر وایە بڵێم: کەمێکە لە ڕاستییەك هەموو کەس دەیزانن کە.. نا.. هەموو کەس نا. بابڵێین من دەیزانم کە لە وەختی خۆیدا، کاروانسەرایەك بووە بۆ خۆی. بگرە باخێکیشی بەدەمەوە بووە کە مەلا کاکەمینی باپیرە گەورەمان، لە ڕۆژگاری کاك ئەحمەدی شێخدا بەخشیویەتی بە مزگەوتی گەورە. باوکم لە سەردەمی هەرزەکاری و لاویمدا پچڕپچڕ بۆمی باس کردبوو. بەڵام کە ئەو جارە بە دوور و درێژی گێڕایەوە، دەتوت لە دەفتەرێکدا دەیخوێنێتەوە شەوێکی بەفرین و بەستەڵەکی زستان بوو. ئەو وەختە مابووینەوە دوو قوڵی خۆم و خۆی. ئەگەرچی کە شەومان لێ دادەهات، هەریەکەمان خۆی دەکوتایە پایتەختی جیهانەکەی خۆیەوە و سەربەست و سەربەخۆ شەوگاری تێدا بەسەر دەبرد. بەڵام من زۆرجار بۆ بەجێهێنانی ئەرکی باوك و فرزەندییەکە، لە دەرگەی جیهانەکەیم دەدا و دەموت: بابە هیچت ناوێ.. هیچ فەرمایشتێکت نییە؟ ئەویش جارجارێك تەنیا هەندێ قسەی سەرپێیی لەگەڵمدا دەکرد و لە زۆربەی جاریشدا، دەیوت نەء. کەچی ئەو شەوە وتی:

– با.. ئەگەر تاقەتت هەیە و حەزت لێیە، پێم خۆشە بێیت لەگەڵمدا دابنیشیت.

باس و خواز و دەمەتەقێی ئەو شەوەمان، لەو بابەتە بوون کە هەرگیز لەبیر ناچنەوە. ئەو بەپێچەوانەی منەوە، قەرەوێڵەکەی لە پاڵ دیواری بنەوەی ژوورەکەدا دانابوو. لەملاتریەوە ڕووەو پەنجەرەی سەر هەیوانەکە، جێگەیەکی نەرمونیانی بۆ دانیشتن لەسەر زەوییەکە ساز دابوو. دۆشەکێك بۆ خستن و دۆشەکێك بۆ هەڵپەساردن بە دیوارەکەدا بۆ پاڵدانەوە. دوو سەرینی پەڕ لەم شان و لەو شانەوە. پێستێکی تووکنی بەرخێکی هەراشیش، بەسەر دۆشەکە ڕاخراوەکەدا. بەم لاترەوە بەرامبەر دەرگەکە، دۆڵابێکی شووشەبەند بوو کە پتر بۆ قاپ و قاچاغی فەخفووری دەشیا و ئەم جلوبەرگی پێ سپاردبوو. لە بەردەمیدا مێزێکی تەختەی کۆن بوو کە دەمێك بوو لەوە خرابوو بۆ ئەرکی لەسەر نووسین بەکار بهێنرێ، بەڵام هەرەمەیی کۆمەڵێك کتێب و کۆوار و ڕۆژنامەی لەسەر کەڵەکە کرابوو. ئەو لە چوار پێنج ساڵ لەوەپێشەوە،

کتێبخانەکەی خۆی تێکەڵ بەوەکەی من کردبوو، بەتەنیا ئەوانەی لای خۆی هێشتبوونەوە کە بەیناوبەینێك پێیاندا دەچووەوە.

من ئەوە یەکەم جارم نەبوو بچم لەلای دابنیشم زۆرجار یا لەسەر داخوازی خۆی یا بەبێ ئەوەش، ئاسایی دادەنیشتم و پێکەوە دەدوایین. بەڵام یەکەم جار بوو دانیشتنەکەم، ئاوەها بەپێی داوونەریتێکی تایبەتی بێ.. یا ئاوەها بە مەغزا بێ. هەر هێندەی من لە وەرامی داخوازییەکەیدا وتم: – بێ گومان حەزم لێیە و پێشم خۆشە.

ئەو بەدەستوورێك فەرمانی دانیشتنی دامێ کە من لەلای خۆمەوە، وەك یەکێك لە پاشاکانی سەردەمە دێرینەکانم هاتە پێش چاو کە لە دەربارەکەیدا، فەرمان بەکوڕە جێنشینەکەی بدا لە حزووریدا دابنیشێ. من قەت ئەو حاڵەتەم پێوە نەدیبوو. هەر راست وەك ئەو پاشایە، لەسەر جێگە نەرمونیانەکەی دانیشتبوو. شانی دادابووە سەر یەکێك لە سەرینەکان و پاڵی دابوو بە دیوارەکەوە. جگەرەیەکی بە فیزێکەوە نابوو بەلالێوییەوە و سەری نیواونیو بەرەو بنمیچەکە هەڵبڕیبوو. لەسەرخۆ دەنکی تەزبیحە کارەباکەی دەستی یەکە یەکە بەردەدانە خوارەوە و قرچەقرچێکی بەئاوازیان دەگەیاندە بەرگوێم. بێ ئەوەی سەیرم بکا و بەبێ سۆزە ئاساییە هەمیشەییەکە لە لەرەی دەنگیدا وتی:

– دە دانیشە.

من لە دڵدا رەفتارەکەیم گەلێ پێ سەیربوو!. لەگەڵ ئەوەشدا گوێم نەدایە و بەدەستووری کوڕە پاشاکە، چووم بە تەواوی رێزلێنان و گوێڕایەڵییەوە بەرامبەری دانیشتم. ئەو بۆ ماوەیەك هیچی نەوت و منیش بەبێ ورتە لە چاوەڕوانیدا مامەوە. تا بەبێ هیچ پێشەکییەك و راستەوخۆ وتی:

– تۆ ئەوە دوا بڕیارتە کە ژن نەهێنیت؟.

پرسیارەکەم بەلاوە گەلێ لە ناکاو بوو. ئێمە لەوەبەر زۆرجار لەم باسە دوابووین. بەو ئەنجامەش گەیشتبووین کە وازی لێ بێنێ بۆ خۆم و ئەو چیی تر خۆی پێوە خەریك نەکا. کەچی ئەوەتا ئێستا لەلای سەر هەڵدەداتەوە و قاڵبی پاشا و جێگرەکەشدا دەیهێنێتەوە کایەوە . من لە دڵدا پێم خۆش نەبوو، بەتایبەتیش کە خستییە ئەم قالبەوە. لەگەڵ ئەوەشدا رێم بەخۆم نەدا ئەو هەستەم دەرببڕم. بە ناسکی وەرامم دایەوە و وتم:

– نەء.. قەتیش وام نەوتووە. بەڵام حەز دەکەم بزانم ئایا مەبەستت لە پرسیارەکە

چییە؟.

وەك ئەویش لەلای خۆیەوە  ناخمی خوێندبێتەوە. بە وردی کەوتە تێڕوانینم و بەرەبەرە، تەمی نیمچە پەشیمانییەك نیشتە سەر ڕووی.. ماوەیەك بەو چەشنە پیامیدا هەڵڕوانی.

ئینجا سەری داخست و پێوەی دیاربوو کە بە قووڵی بیری لێ دەکاتەوە. کە سەری هەڵبڕییەوە، تەمەکەی سەر رووی رەوی بووەوە و لە جێگەی، بزەیەکی پڕ لە سۆز نیشتبووە سەر لێوی بێ ئەوەی هیچ بڵێ. خۆی بەلای راستدا نووشتاندەوە و دەستی بۆ ژێر قەرەوێڵەکەی برد. ئەو ئەوێی بۆ سنووقە پیرۆز کردبووە مەڵبەند. من لەوەبەریش لێی ئاگەرداربووم. قەت لێم نەدیبوو، بەڵام بەمەزەنە دەمزانی کە هەرکاتێ شەپۆلی بیرەوەری لە ناخییەوە هوروژمی هێنابێ. دەستی درێژ کردووە و رای کێشاوەتە دەرەوە.

ئا.. سنووقە پیرۆزی بەکێش کرد و وەك گەنجێك. هێنای رووبەڕووی خۆی داینا. لە بریسکەی چاوی و گەشەی سەروسیمایدا، بەئاشکرا دیاربوو چەندە رێزی لێ دەنێ و شانازیی پێوە دەکا. تا سەریشی هەڵدایەوە هێشتا بزە پڕ لە سۆزەکەی هەر بەسەر لێوەوە بوو. بەڵام کە دەستی برد و لوولە کاغەزێکی زەردباوی لێ دەرهێنا. دیسان تەم ڕووی تەنییەوە کە ئەمیان دەتوت، تەمی کۆنە پەژارەیەکی متبووی ساڵەهایە و ئێستا لە درزێکی دەروونییەوە، دەرفەتی شاڵاوهێنانی بۆ دەرەخسێ و دەرژێتە دەرەوە.

پێش ئەوەی لوولە کاغەزەکەم بداتێ، سەرنجێکی وردی تری دامێ، ئەم جاریان لە بری سۆز و تەمی پەشیمانی و کۆنەپەژارە، دوودڵییەکی بەئازارم لە چاوانیدا خوێندەوە. دەتوت لە دەمێکەوە ئەو نیازەی هەیە و لە ناخی دڵیدا سەرکوتی کردووە. پێوەی دیاربوو لە نێوان دوو ئاگردایە و نازانێ خۆی بهاوێتە کامیانەوە!. تەنانەت من لەلای خۆمەوە بۆی تەنگەتاو بووم. لەو ساتەدا هەستم بەجۆرە گوناهبارییەك کرد لە بەرامبەریدا. قەسد بوو بەپرتاو هەڵبلۆوقێمەوە.. دەستی ماچ بکەم و بڵێم:

– بابە.. باوکی پێشەنگم.. سەردار و سەروەرم.. چیت لە دڵدایە دەری ببڕە و سەرم لە ڕێتە. چیت دەوێ و چیت ئارەزوو لێیە، فەرمان بدە و جێبەجێی بکەم.

ئا.. حەزم لێ بوو وا بکەم بۆم نەکرا. ئەو خۆشی لەم بابەتە هەست و نەستەم بەرامبەری ئاگەدار بوو. بڕوا ناکەم هیچ باوك و کوڕێك هەبووبن و هەبن. توانیبێتیان هێندەی ئێمە یەکتریان ناسیبێ و لە یەکتری حاڵی بووبن. ئێمە تا دەمودووی چاو و

برۆ و ڕوو بوەستایە، پێویستیمان بە گفتوگۆی زمانی ناو دەم نەدەبوو. ئێمە باوك و کوڕێکی دەگمەن بووین. هیچ نەبێ خۆمان و لە نێوان خۆماندا بۆ یەکتر بووبووینە مایەی شانازی پێوەکردنێکی بێ وێنە.

دوای کەمێ رامان لوولە کاغەزەکەی دایە دەستم. منیش بۆ وەرگرتنی لەسەرپێ بووم. نەمدەزانی چی تێدایە. لەوەبەر لێی بێ خەبەر بووم و ئەوە یەکەم جار بوو بکەوێتە بەرچاوم. لەو ساتەدا وام لە دڵ گەڕا دەشێ، یۆقڵەمەیەکی سەردەمی عوسمانییەکان بێ و پێوەندی بە خانووبەرەوە هەبێ. ئەوەم بەلاوە بێ بایەخ بوو. لێم لادا و وتم نەء.. کێ دەڵێ نهێنییەکی ئەفسووناویی تێدا نییە کە باوکم لەبەر هەر هۆیەك بووبێ، تا ئێستا لێی حەشار داوم و وا لەم ئانوساتەدا وەختی ئاشکراکردنی هاتووە! ئەمەیانم گەلێ پێ خۆش بوو. هەر بەم هیوایەش بە پەرۆشەوە لێم وەرگرت. کەچی کە یەکاڵام کردەوە و کەوتە پێش چاوم، ئەو جۆش و خرۆشەم وەك فیچقە هەڵمێکی دەم لوولەی کترییەك لەلا رەوییەوە. کاغەزەکە بریتی بوو لە نەخشەیەکی درەختی بنەماڵەکەمان کە لە مەلا سلێمانی باپیرە گەورەمانەوە پێیدا دەهات، تا دەگەیشتە سەر منی تەمەن سی و هەشت ساڵەی رەبەنی دانیشتوو. بەرامبەر باوکی تەمەن شەست و حەوت ساڵەی بێوەپیاو.

ئەو.. ئەوی ئەو باوکە بێ وێنەیەم، هەر خێرا ئەم جاریش ناخمی خوێندەوە. هەر خێرا هەستی کرد کە ئەو تیرەی بەو هەموو پێشەکی و خۆ بۆ ئامادەکردنەوەوە هاویشتی، ئامانجی نەپێکا. بۆیە هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا. بەوپەڕی خەفەتبارییەوە، ناوچەوانی خۆی نیشاندە سەر پەنجە گەورە و پەنجەی شایەتمانی دەستی راستی و سەری نایەوە.

من تاقە ڕێگە بۆ دڵدانەوەی بەلامەوە ئەوە بوو کە سەبارەت بە نیاز و داخوازییەکەی، بیگلێنمە ناو گەرمەی دەمەتەقێیەکەیەوە و بەدەنگێکی پڕ لە سۆزەوە وتم:

– بابە گیان.. ئەی پێم ناڵێی، سلێمانی باپیرە گەورەمان کوڕی کێ بوو؟.

دڵم گەلێ گەشایەوە کە بەدەنگمەوە هات. ئەگەرچی کاتێ بۆ وەرامدانەوەم سەری هەڵبڕییەوە هێشتا هەر رووم بەخەم بوو، بەڵام بەدەم بزەیەکی تێکەڵ لە حەسرەتبارییەوە وتی:

– با بڵێین کوڕی ئادەم.

کە وتم:

– خۆ دەزانیت ئادەم چەند دوورە لەو باپیرە گەورەیەمانەوە، چ جایە ئێمە دەگە؟

وتی:

– دەزانم:

ئینجا کە وتم:

– منیش چەندە دوورم لەو سلێمانەوە؟!

وتی:

– ئەویشیان دەزانم.

دوایی کە وتم:

– سا من کوڕی ئادەم بم یا سلێمان یا تۆ، چی لە گرفتە هەرە سەختەکە دەگۆڕێ؟ خۆ هەموو دەزانین کە ئادەم نەما و سلێمانیش نەما و تۆش..

من دڵم بەرایی نەدا دەری ببڕم. ئەو خۆی وتی:

– منیش نامێنم و..

بەدەستووری من ئەویش تەواوی نەکرد. خۆم وتم:

– هەروەها منیش نامێنم.

کەچی ئەو وەك هەنگی لە کلۆرە داردا دۆزیبێتەوە، خێرا وتی:

– بەڵام لە ئاستی تۆدا ئیتر دەکوژێمەوە.

منیش هەرخێرا و بەبێ ئاگا لە خۆم، بەپێودانگی ئەو پرسیار و وەرامانەمانەوە وتم:

– ئینجا چییە!.. وا کوژایتەوە!.. چی دەقەومێ؟!. تۆ کە مردیت، یا من و هەر کەسێکی تر، چ دەربەستیت کوژابیتەوە یان نا؟ خۆ تۆ هیچ ئاگایەکت لێ نامێنێ.

– وانییە.. دەمێنێ.

– پێم سەیرە!.. چۆن؟.

– لە تۆدا ئاگام لێ دەمێنێ. من تەنیا بەجەستە دەفەوتێم، دەنا بە گیان لە تۆدا

درێژە بە بوونم دەدرێ. هەروەها تۆش لە نەوەی خۆتدا کە لە هەمان کاتدا. بەشی منیشی پێوە دەبێ.

ئیتر ئاوەها دەدرێ بەدەم بوونی هەر یەکێکمانەوە.

– ئەمە لە خۆ هەڵخەڵەتاندن بەولاوە نییە.. خۆ هەڵخەڵەتاندن بۆ دڵخۆشیدانەوەیەکی پووچ. دەنا مرۆڤ لەو ساتەوەی دەوترێ: مرد، ئیتر فڕی بەسەر هەرسێ جۆرەکەی کات، رابوردوو – ئێستا – داهاتووەوە نامێنێ و بەبێخی نەبوونێکی هەتاهەتاییدا رۆدەچێتەوە خوارەوە.

ئەو وەك لە دڵدا قسەکانم بە جۆرە مەلابەزێنییەك دابنێ و بیەوێ بیقرتێنێ، دوای هەندێ لێ رامان وتی:

– باشە کاکە بەم باریاندا هیچ.. بۆ من و درێژەدان بە بوونی من و بنەماڵەکەت نەبێ. با بۆ خۆتت بێ.. بۆ خۆشی و حەوانەوە و شادمانی خۆتت بێ.

من خۆشم هەستم دەکرد کە مەلابەزێنی داومەتە بەری و چێژم لێ وەردەگرت. بۆیە حەزم لێ بوو بەردەوام بم و وتم:

– تۆ جارێ پێم بڵێ: خەمی چی بنەماڵەکەت لێ هاتووە؟.

ئەوە بەهێ و حەمە جەزایەکی بۆ هێناویتە بەرهەم کە کێ دەڵێ رۆستەمی زاڵێکی لێ دەرناچێ!. وا لەولاوە وەجاخت روونە و بڕاوەتەوە. خۆ ناشێ بڵێی. وەجاخی کچ ناخوا!.. دەیڵێیت؟.

– خۆتم لێ گێل مەکە.. هی کوڕ پەسندترە. بەڵام وتمان با باسی وەجاخ و بنەماڵە بەلاوە بنێین. با مەدەرەوە سەری. وەرامی خۆتەکەتم بدەرەوە.

– خۆمەکەم؟!.. ئێ ئێ.. هەقتە.. دەی باشە کێ دەڵێ من خۆشیم پێی دێ و دەحەوێمەوە و شادمان دەبم؟

– یانی باوەڕت وایە کە نابیت؟.

– وای تێ دەگەم

– بۆچی؟.

– نازانم.. باش نەچوومەتە بنج و بناوانییەوە. تەنیا وای بۆ دەچم و وەهام لە مێشك چەسپیوە.

وەك پرسیارێكی زۆر تایبەتی لە ناكاوێكدا لەلای سەری هەڵدابێ و لە دەربڕینیدا دوودڵ بێ، سەرنجێكی بە مەغزای دایە ڕووم و بۆ ماوەیەك گیری خوارد. تەنانەت لەوەدا بووم دەم هەڵبێنێتەوە بدوێ و گلی دایەوە. من بەفریای كەوتم و هانم دا. وتم:

– بڵێ بابە.. چیت لەسەر زارە بیڵێ.

ئەوسا تینی دایە بەر خۆی و وتی:

– وا دەیڵێم.. بەڵام بمبەخشە كە پرسیارەكەم خۆی لە قەرەی مەسەلەیەكی زۆر تایبەتیت دەدا. دەمبەخشیت؟ یا وانا.. چاكتر وایە بیڵێم: ڕێم دەدەیت بپرسم؟.

من گەش گەش بۆی خنامەوە وتم:

– بابە.. حەیفت نەكرد!.. بپرسە و دەستبەجێ، بەوپەڕی خۆشنوودییەوە وەرامی ڕاست و دروستت بدەمەوە.

من بەهیچ كلۆجێ پرسیارەكەیم نە بەلاوە سەیر بوو، نە بێ جێش بوو. هەر هێندەی ئەو دەمی هەڵهێنایەوە و وتی:

– ئایا لە ڕووی پیاوەتییەوە، هیچ كەموكوڕیەكت هەیە؟ ئەگەر هەیە شەرم مەكە و بیڵێ. حەز دەكەم و بگرە پێویستە بیزانم.

من یەكسەر و لە كانگەی دڵەوە وتم:

– هەرگیز نەء.. هیچ هەر هیچ كەموكوڕییەكم لەو بابەتە لە جەستەدا نییە.

– كەوابێ لە دەروونتدایە.

– دەشێ.. ئەمیان دەشێ.. بەڵام نەخۆشی نییە.. خۆ تۆ خۆت لەم ڕووەوە كەم شارەزا نیت. تا ئێستا هەستت بەهیچ نیشانەیەكی ئەم جۆرە نەخۆشییە تێدا كردووم؟.

– وا ئێستا دەیكەم.

– مەیكە.. نەخۆشی دەروون نییە. هی شتێكی ترە.

– مێشك؟.

– مێشك.. بەڵێ.. بەڵام تۆ ڕاوەستە.. بۆ ئەمیشیان هەر نەخۆشی نییە.. شتێكی ترە.

– تێگەیشتم.. ڕاستە وا نییە.. دەیسا هەوڵ بدە ڕوونی بكەینەوە یا دەستنیشانی بكەیت.. چییە.

– ڕەنگە تۆ چاکتر بتوانیت دەستنیشانی بکەیت. ئێمە قسە و باسمان لەم بارەیەوە زۆر لە نێواندا بووە. چەندین ساڵە هەر هێندەی زمانم هەڵهێنابێتەوە و لە شتێك دوابم کە پەیوەندی بە بیرو هۆشەوە بووبێ، چکێکم هەر لێ دەربڕیوە. سا ئەگەر تۆ لەلای خۆتەوە چکەکانت خستبنە سەریەك، دەبێ توانیبێتت ئەنجامێکی لێ پێك بهێنیت.

– پێکم هێناوە.. گوێ بگرە پێتی بڵێم.. تۆ خۆت خستووەتە حاڵێکەوە کە ناتوانیت تەنانەت لەگەڵ غەریزە سروشتییەکانیشتدا خۆت یەکدگیر بکەیتەوە. من وام لێ هاتووە پێم سەیر بێ کە چۆن دەتوانیت بخۆیت یا بچیتە سەر پێشاو؟.

– پێت سەیر نەبێ.. بە ناچارییە.

– جا کەوابوو بۆ دەژیت؟ یا چاکتر وایە بڵێم: چۆنە وا لە ژیاندا ماویت؟.

– هەر بە ناچاری.

– ئێ دە ئەویشیان هەر بە ناچاری، وەك خواردن و خواردنەوەی بکە.

– وەك چوونە سەر پێشاویش!.. ئەمیانت دەرهاویشت.. بۆچی؟ خۆ لە ڕووی حەوانەوەکەوە، زۆر لە یەکتری دەچن.

بزەیەکی لێ خۆشهاتنی قسەکەی کەوتە سەر لێو و بۆ ماوەیەك خامۆش بوو. ئینجا وەك بیەوێ، بەر لە شکاندنەوەی گفتوگۆکەمان بەباری گاڵتەوگەپدا بگرێ، بزەکەی سەر لێوی ڕەواندەوە و لە قالبی ئامۆژگاریدا وتی:

– سەبری گوێ بگرە، با من بیر و هۆشت لە نهێنییەك بەئاگا بێنم کە تۆ لە خوتوخۆڕایی، خۆتی لێ غافڵ دەکەیت. گوێ بگرە.. تۆ لە هەرچییەکدا لەسەر هەق بیت، لەم مەسەلەیەدا هەر زۆر ناهەقیت و بگرە، کەم ئەقڵییەکی عاجباتیشی تێدا دەنوێنیت. تۆ خواست و ئاواتەکەی من پەڕ بکە و با بەباری خۆشییەکەیدا بۆ خودی خۆت باسی لێوە بکەیت. من دەڵێم: ژیان بۆ هەر هەموومان.. بۆ سەرجەمی ڕەگەزی ئادەمیزاد.. لەو کەسەوە بیگرە کە ئامادەیە هەزاران مرۆڤ لەپێناوی ڕۆژێکی تەمەنی خۆیدا بەکوشت بدا، تا دەگاتە تۆیەکی کە ڕۆژ بەڕۆژی تەمەنت لێ تەوقە، تەنیا ئەو شتەی تێدایە کە تۆزێ دڵ بحەوێنێتەوە و تامی ڕاستەقینەی ژیان بدا بەدەستەوە. ئینجا ئەگەر ئەمە بۆ سەرجەمی ڕەگەزەکە وەهابێ، دەبێ بۆ هۆشمەندێکی وەکو تۆ شایستەی ئەوە بێ وەك کارێکی هەرە پیرۆز سەیر بکرێ و شێوەی جۆرە پەرستنێك وەربگرێ. یەکێکی وەکو تۆ دەبێ خەمی ماوە کورتییەکەی لەلا ببێتە گرفتی هەرە سەخت کە لە چاو ماوەی

تەمەنەکە خۆیدا، وەك خاڵێکی لای چەپی لێ دێ. تۆ دەبێ لە داخ و خەفەتی بارە نەگریسەکانی تری ژیان، بڵێسەی ئەمیان هەردەم پتر و پتر بگەشێنیتەوە. من زۆرجار لە کۆڕ و کۆمەڵدا بەرگوێم کەوتووە کە لە بواری سۆفیگەریەتیدا، وەك چۆن هەبوون بۆ دەربازبوون لە شالاوی خۆیانیان خەساندووە. هەشبوون تەقەلایان داوە بیخەمە ژێر رکێفەوە بیگەیەننە رادەی پیرۆزی. ئینجا با ئەوەشت پێ بڵێم کە من.. منی باوکت بەشبەحاڵی خۆم، وەهام رەفتار لەگەڵ ئەو مەسەلەیەدا کرد. ئەگەر لێم دەپرسیت: ژیانی تۆ بریتی بوو لە چی؟.. خۆشییەکەی لە کوێدا بوو؟.. چیت لێی دەست کەوت؟.. دەڵێم ئەوە.. هەر ئەوە و هیچی تر. کەچی تۆ ئەوەتا ئەویشی لێ فت دەکەیت!.. دەی باشە ئیتر تۆ بۆچی دەژیت؟ تێم دەگەیت دەڵێم چی؟.

من خۆم گێل نەکرد و لێشی نەچوومە کەلی شەیتان. وتەکانی هێندە بە پێز و پڕ مانابوون کە بەڕاستی لە دڵدا، هەستم بەجۆرە بەزینێك دەکرد لە ئاستیاندا. کە ئەو بۆ وەرگرتنی وەرام خۆی بێدەنگ کرد، من هێشتا تاس بردبوومییەوە و قسەکانی لە بیر و هۆشمدا هەر دەنگیان دەدایەوە. تا کاتێ بۆ هاندانم وتییەوە:

– لێم حاڵی بوویت وتم چی؟.

ئەوسا تەکانم دا و وتم:

– زۆر باش و دەشبێ بۆتی ئاشکرا بکەم کە ئەوەی وتت بۆ من تازە بابەت بوو، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ بپرسم: مەغزاکەی لە کوێدایە؟. یا با وەکی تری بڵێم: بۆچی لەناو ئەو هەموو چێژانەی ژیاندا، وەك خەڵکەکەی تر باسی دەکەن نەك من، تەنیا ئەمیانت ئاوەها بەلاوە پیرۆزە؟.

پرسیارەکەمی لێ خۆش هات و وتی:

– بەجێیە.. گوێ بگرە پێتی بڵێم و با هەر خۆشت بکەم بە نموونە. تۆ دەزانیت گرفتە سەرەکییەکەت لە کوێدایە؟.

– با بڵێین نایزانم.

– چاکە.. تۆ سەری ئەم دنیایەت لێ هاتووەتەوە یەك و ناتوانیت لەگەڵیدا بگونجێیت.

– ئاخر..

– وازم لێ بێنە تەواوی بکەم. دەزانم دەتەوێ چی بڵێی. با بەولادا لانەدەین، باسەکەی خۆمان یەکالا بکەینەوە. باسەکەمان دنیایەکی تایبەتییە و جیاوازە لەوەی لەگەڵیدا ناگونجێیت، ئەمیان دنیای خواردن و خواردنەوە نییە. ئا.. چوونە سەر پێشاویش. ئەمیان دنیای تێکەڵبوون و تواندنەوە و جۆش خواردنە لەگەڵ مرۆیەکی تردا. لەویاندا کە دەخۆیت.. کە دەخۆیتەوە.. کەو کەو کە... هەر خۆت و خۆتیت. خۆت و دەمودان و گەدە و ریخۆڵە و هەموو ئەندامانی لەشی خۆت و خۆت. بەڵام لەمیاندا هەر راست دەچیتە ناو مرۆیەکی ترەوە. تۆی نێر دەدوێنم بۆیە دەڵێم دەچیتە ناوییەوە. دەنا دەموت مرۆیەکەی تر دێتە ناوتەوە. دەبێ چی لەوە پیرۆزتر هەبێ کە دوو مرۆ بتوانن بچنە ناو یەکترییەوە؟ بەم پێیە ئێمە دوو دنیامان هەیە: دنیای گوزەرکردن بەلای مرۆکانی تردا و دنیای تێکەڵبوون و توانەوە و جۆش خواردن لەگەڵ یەکێك لەو مرۆیانەدا کەچی بۆ نەگبەتی تۆ هەر سووریت لەسەر یەك دنیایی و لە کەلی شەیتانەکەی نایەیتە خوارەوە.

– ئەم جاریش وتەکانت هەر تازە بابەتن و لێتی ناشارمەوە کە سەرسامم دەکەن، بەڵام تکایە لەگەڵمدا ئەوەندە بە تاقەت بە کە وەرامی ئەم پرسیارە لاسارییەم بدەیتەوە: ئایا بەو چوونە ناو یەکترەوە چی روو دەدا و بۆ ماوەی چەندیش لەو ناو یەکترەدا دەمێننەوە؟ لەبیریشت نەچێ کە خۆت لەوەبەر شتێکت لەبارەی ماوەکەوە درکاند.

– نە بێتاقەت دەبم و نە شتەکەشم لەبیر چووە. ها فەرموو بگرە وەرام.. ئەوەی روو دەدا رزگاربوونە لە گرفتە هەرە سەخت و ستەمەکە.. لە هەستکردنە هەمیشەییەکە بەتەنیایی و بە نەگونجان لەگەڵ دنیا یەکەمەکەدا. بۆ چەندەکەش چارەسەرت دەسپێرم بە چەندان واتە بە نموونەی ئەو بیرەی کە هەر ئاوی لێ هەڵدەهێنجیت و هەر لە بن نایەت.

– قسەکانت لەسەر سەرم، بەڵام ئایا مرۆکان هەموو وەها دەکەن؟.

– نەء.. هەموو وەها ناکەن. ئەگەر هەموو وەهایان بکردایە. دنیا لە دەمێکەوە دەبووە ماستی مەییو. زۆربە بەبارە ئاژەڵییەکەیدا دەدەنە بەری.

– دەی خۆت دەزانیت من لە زۆربەکە نیم.

– مەبە.. لە کەمە تایبەتییەکە بە و مرۆیەکی تایبەتی و وەك خۆت بدۆزەرەوە.

– هەیە؟.

– ئەی ئەگەر نەبێ، قسەکەی من لە کوێوە هاتووە؟.

– لە خەیاڵەوە. تەنیا لە خەیاڵەوە. ئەگەر رای منت مەبەستە، من دەڵێم: دوو مرۆی لەو بابەتە، تا ئێستا نەهاتوونەتە بوون.

– بەرچاوتاریکی تا ئەم رادەیە؟!.. تۆ بۆبێ تامی دەکەیت.

ئەو وەك ئیتر هیوای لە باسە سەرەکییەکە بڕیبێ، لوولە کاغەزەکەی لێ وەرگرتمەوە. بە خەفەتبارییەوە نایەوە شوێنی خۆی و بە هێواشی، سنووقەکەی بەپاڵ پێوەنان خستەوە ژێر قەرەوێڵەکە.

خۆشی قاچی راکێشا و پاڵی دایەوە. جگەرەیەکی داگیرساند و بەپەرۆشەوە کەوتە مژلێدانی. بەئاشکرا پێوەی دیاربوو کە لە ئەنجامی گفتوگۆکەمان نارازییە. منیش ئەو حاڵەم پێ خۆش نەبوو. ئێمە ئەگەرچی بەو جۆرە دەمەتەقێیە و ئەنجامەکانی راهاتبووین، بەڵام دڵم لەمەی ئەم جارەیان گوشرا. خۆم وەها بزواند هەڵسم جێی بێڵم و ئەو وەك سات بەسات بەچاوی ناخ لێم بەئاگا بووبێ، وتی:

– لێم دڵگیر مەبە.. حەزم لێیە بتدوێنم تۆ حەزت لێ نییە؟.

بەناچاری وتم:

– با.. بێگومان.. فەرموو دڵم لەلاتە.

بەبێ مەبەستێکی دیاریکراو، چاوێکی بەناو ژوورەکەدا گێڕا. هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا کە لە بنەڕەتدا هەناسەی حەسرەت و داخ بوو، بەڵام وەك هەر خێرا وریا ببێتەوە کە من لە حزووریدام، گۆڕییەوە بە فوویەکی ناو گووپی و پفی کردە دەرەوە. ئینجا وتی:

– من دەزانم تۆ حەزت لە مێژووە و زۆری لە بارەوە دەخوێنیتەوە کەچی مێژووی خۆتت لا مەبەست نییە.. بۆچی؟.

– کام خۆم؟.. بنەماڵەکە؟.. یا..

– ئائا.. بنەماڵەکە.. خۆ ئەمیش هەر مێژووە. بۆچی لە ئاستیدا وەها کەمتەرخەمیت؟.

– وانییە بابە.. بۆچی وای تێ گەیشتوویت؟ وەك مێژووگەلێکی لێ دەزانم زۆربەشیم هەر لە خۆت بیستووە.

–بەڵام پچڕپچڕ!..

– بەڵێ.. لەگەڵ ئەوەشدا من لەلای خۆمەوە. پێکمەوە لکاندوون و مێژووەکەم لێ پێك هێناون.

– کەوابوو دەزانیت کە ئەم کۆنە خانووە تەنگەبەرەی ئێستا تۆ و میرزا ساڵحی باوکتی نەوەی مەلا کاکەمین.. نەوەی میرزا مارفی خاڵۆزای برایم پاشا.. نەوەی مەلا سلێمانەکەی قەڵاچوالانی ئەئاوەها تاك و تەریك تێدا دەژین، لە وەختی خۆیدا کاروانسەرایەك بووە بۆ خۆی؟.

– بەڵێ زۆر چاك و لەوە زیاتریش... کاروانسەراکە باخێکیشی بەدەمەوە بووە. پێشتر سەرجەمی شوێنەکە باخێکی میوەجاتی بەخێر و بێر بووە، برایم پاشا لەگەڵ دامەزراندنی شاردا، کردویەتییە موڵکی میرزا مارفی خاڵۆزای. میرزا خۆی تا لە ژیاندا بووە. تەنیا بەروبوومەکەی خواردووە لەوە بەولاوە گوێی نەداوەتێ لە کاتێکدا مەلا کاکەمینی کوڕی کە زیاتر مەیلی تەریکی و خەڵوەتگیریی هەبووە. هاتووە خانوویەکی تێدا بنیات ناوە و کردوویەتییە مەڵبەندی خەڵوەتگیرییەکەی. ئینجا وردەوردە پەرەی پێ داوە تا بووەتە کاروانسەراکە. بەڵام دوایی هەر خۆی کە لەگەڵ کاك ئەحمەدی شێخدا، هاوتەمەن و هاوەڵی منداڵی بوون و بووشەتە یەکێ لە موریدە هەرە دڵسۆزەکانی، باخەکەی بە مزگەوتەکەی بەخشیوە. دوای ئەوەش لە ڕۆژانی دارمانی میرایەتی بابانەکان و پەرەوازەبوونی میرەکانیاندا، دەستەیەکی کاروانسەراکەی بە خێزانی لێقەوماوێکیان بەخشیوە کە حەمید بەگی ناو بووە بەدوای ئەویشدا میرزا سەلیمی کوڕی کە دەکاتە باپیری تۆ دەستەیەکی تری لەگەڵ بەشی زۆری پاشماوەی حەوشە، بەرینەکەیدا. لە کاتێکی دەستکورتیدا لێ فرۆشتووە. ئیتر وەختێ جڵەوی بنەماڵە کەوتووەتە دەست تۆ، ماوەتەوە تەنیا ئەمەی تۆ ناوی بەکۆنە خانووی تەنگەبەر دەبەیت. تەواوە؟!.. شارەزام یان نا؟.

– تەواوە.. یانی دەزانیت کە ڕۆژێ لە ڕۆژان، لە دیواری پشتی مزگەوتی گەورەوە بیگرە تا دەگاتە ئێرەکە دەکاتە جێگەی ئەو چل پەنجا خانووەی ئێستا هەن، موڵکی ئێمە بووە؟.

– چاك دەزانم.. بەڵام تۆ پێم بڵێ: بۆی بە حەسرەتیت؟

– ها؟!.. نەء.. تەنیا دەڵێم ڕەنگە..

– ڕەنگ چی؟.. گلی مەدەرەوە.. حەز دەکەم بیزانم.

– دەڵێم هەمووی نا.. بەڵام ئەگەر لە باتی ئەم کونەگورگە، باڵەخانەیەکی خۆش و حەوشەیەکی بەرینی پڕ لە گوڵ و گوڵزاری لێ بمایەتەوە بۆمان باشتر نەبوو؟.

– بۆچی باشتر بێ بابە!.. باڵەخانەیەك و حەوشەیەکی بەرین بۆ دوو تاقە مرۆڤ چ پێویستە؟! لە کاتێکدا هەن ژن و مێردێك و هەشت نۆ منداڵن کە دەشێ یەك دووانێکی کەسوکاری ژنە یا مێردەشیان پێوە گیرسابنەوە کەچی لەکونەگورگێکی وەك ئەمەی ئێمەدا دەژین.. نین؟!.

– با هەن و زۆریش.

– ئەی ئیتر چۆن دڵت بەرایی دەدا. ئەو جۆرە هیوایە بۆ خۆت بخوازیت؟ جگە لەوە تۆ پێم بڵێ: باخەکە لەوەبەر موڵکی کێ بووە؟.

– برایم پاشا.

– یانی وەختی خۆی شوێن باخەکە، لەمدیو بۆ ئەودیوی گۆی زەوی کونێك بووە و برایم پاشا چووە لە ئەستێرەیەکی کاکێشانەوە، بە کۆڵی خۆی گڵ و خۆڵی بۆ هێناوە و کونەکەی پڕ کردووەتەوە تا ئەو پارچە زەوییەی لێ دروست بووە. ئینجا بە شان و باهووی خۆی نەمامەکانی تێدا رواندووە و بووە بەباخەکە.. وانا؟.

ئەو لە ئاستی ئەم قسەیەمدا، خۆی بۆ نەگیرا و پێکەنی. وتی:

– خوا بتگرێ، ئەمەت چۆن بۆ هات! گۆی زەوی و هێندەی شوێن باخێك، لەمدیو بۆ ئەودیوی کوناودەر بێ و ئەو بەسەرزمانە، بچێ لە ئەستێرەیەکی کاکێشانەوە بە کۆڵ گڵ و خۆڵی بۆ بێنێ و پڕی بکاتەوە! باشە ئاخر خۆ قەت پڕ نابێتەوە!.. هەرچەند لەمدیوەوە تێی بکات، لەودیوەوە دەرژێتەوە دەرەوە.

من خۆم پێکەنیم و وتم:

– نا بابە وای تێ مەگە.. پاشاکان دەتوانن ئەو جۆرە کارانە بکەن: ئەی ئەگینا پاشای چین؟.

ئەو وەك وێنە کاریکاتێرییەکەمی زۆر بەدڵ بووبێ، هەر بەدەم پێکەنینەوە وتی:

– باشە بۆچی بچێ گڵ و خۆڵەکە لە کاکێشانەوە بێنێ؟ بۆ لە قوڕنەیەکی تری سەر زەمینییەوەی نەهێنێ؟.

من هەر بۆ گاڵتەوگەپ کردم بە کێودا و وتم:

– چی؟!.. قوڕنەیەکی تری سەر زەمین؟ حەدی چییە؟ کام قوڕنە تۆ دەیگریت پاشای خۆی هەیە و ئەو بەسەزمانەش، چووە گڵ و خۆڵی بە شان و قۆڵی خۆی لەوێوە بۆ قوڕنەکەی بەکێش کردووە!. ئەمە ئەگەر لە دوورتریشەوەی نەهێنابێ.

دەسا شتی وا چۆن دەبێ!.. گوناحە، چۆن دەبێ شتی وای لێ بوەشێتەوە؟ ئەمە دزییە و خۆشت دەزانیت کە شوورەییە بچێ دزی لە یەکێکی تر بکا!. شوورەیی نییە؟.

قاقای پێکەنینێکی بەکوڵی، بواری نەدا هیچ وەرامێکم بداتەوە. منیش شان بەشانی دامە قاقا، ئەم ئەنجامەم گەلێ پێ خۆش بوو، تامی سەرەتای دانیشتنەکەمان تفت بوو. ئێستا وا رووی لە شیرینی کرد. من بە درێژاییی ئەو تەمەنەی لەگەڵیدا بەسەرم بردبوو، قەت هەڵپەی موڵکداری و پێکەوەنانی سەروەت و سامانم پێوە نەدیبوو. بەڵێ هەوڵی دەدا تێر بەسکمان بخۆین و ئاسایی بپۆشین و بێ دەرامەت نەبین. وەهاش بوو.. برسێتی و رووتی و دەستکورتیمان بە خۆمانەوە نەدی میرزایەتییەکەی چ لە سەردەمی عوسمانییەکاندا و چ دوای ئەوان، بە کەڵکی هات و مووچەخۆرییەکی ئەوتۆی ئەو رۆژگارانەی بۆ مسۆگەر کرد کە ئەگەر هەوای دەوڵەمەندبوون بیدایە لە کەللەی، دەیتوانی بیکات، کەچی نەیکرد و بەدرێژاییی سی و چوار ساڵی مووچەخۆرییەکەی، لە بەڕێوەبەرایەتی دایەرەیەکی، بچووکی تێ نەپەڕاند تەنانەت ئەو خۆی هەمان نەخشەی بۆ منیش دانا. ئەو رۆژەی فەرمانی دامەزراندنم بۆ دەرچوو، گرینگترین ئامۆژگاری کە دای بە گوێمدا و پێی لەسەر دادەگرت ئەوە بوو کە وتی:

– ئەگەر ئەقڵت گرتی و بەدڵت بوو، حەز دەکەم وەك من بکەیت. من بمویستایە زۆر گەورە دەبووم و نەمهێشت. گەورەبوون قەت لە خۆیەوە نایەت. هەموو کات دەگمەن بووە و هێشتا هەر دەگمەنە بوترێ: کابرا تۆ هەقی خۆتە و وەرە سەر ئەم جێگە گەورەیە. هێشتا هەر گەورەبوونێك نرخی خۆی هەیە و بەسەوا و مامەڵەی تایبەتیی خۆی دەکرێ. گەورەیەك قەت بەبێ سەوا، و مامەڵە، با ڕووبەڕووش نەبێ، بچووکێك گەورە ناکا. کە کردی هەر دەبێ خستبێتییە داوەوە و لغاوی کردبێ، بەم پێیە حیکایەتەکە دەبێتە زنجیرەیەك لە داونانەوە و لغاوکردنی پێکەوە جۆشخواردوو. تۆ وەك من بکە و خۆت بپارێزە هەر بچووك بە و بەبچووکی بمێنەرەوە. تۆ دەبێ یەکێك لەو دوو حاڵەتە هەڵبژێریت... کوژەر بیت یا کوژراو زۆردار بیت یا زۆرلێکراو! خۆ کارێکی پیرۆزە ئەگەر بتوانی هیچیان نەبیت. بەڵام ئەوە کەی و کوا و لە کوێ هەیە؟ سا من بەناچاری وام

بەلاوە پەسەندە کە کوژراوبم نەك کوژەر.. کە زۆرلێکراوبم نەك زۆردار. بۆیەکیشە دەڵێم هەر بچووك بە و قەت گەورە مەبە، چونکە بتەوێ و نەتەوێ، گەورەبوون دەتکا بەکوژەر و زۆردار. خۆ ئاشکرایە کە کوژەر و زۆردار، دزی و درۆزنی و تەڵەکەبازی و بێ مروەتی و سەرجەم خراپەکارییەکانی، ئاسایی لێ دەوەشێتەوە و بەلایەوە وەك ئاوخواردنەوەی لێ دێ – یەکێ بتوانێ دەستی بچێتە یەکێکی تر و بیکوژێ، دەبێ چ سڵێك لە کردنی خراپەکانی تر بکاتەوە؟.

ئای!!.. تۆ بڵێی ئەم وتانەی ئەو رۆژەی باوکم نەبووبن، وەك تیشکەکەی لەمەڕ خۆم چووبنە ناو خوێنەکەمەوە و لەو ساتەوە بەچەشنێ گەرایان تێدا دانابێ کە توونابوونیان بۆ نەبووبێ؟.

خۆ من چۆنی وت وەهام کرد و بەدرێژاییی سی و یەك ساڵی مووچەخۆرییەکەم، بەموو لێم لانەدا. نەك هەر هەڵپە و چنگەکرێم بۆ نەکرد، بگرە قەتیش بوارم نەدا لەو پلەیە تێم پەڕێنن کە بۆ خۆمم دانابوو. هاوەڵەکانم زۆرجار دەگەیشتە تینیان و تانەوتەشەرەیان لێ دەدام. تەنانەت جارێکیان کە بەدەستەوە بوو بمکەنە بەڕێوەبەری دایەرەکەم و نەمکرد، شەوقییە فەنی کە گەلێ ڕێزی لێ دەنام، خۆی پێ ڕانەگیرا و بەبێزارییەکی لە رادەبەدەرەوە وتی:

– ئێ کورە کابرا تۆ شێتیت.. گێلیت.. یان نازانم بڵێ؟ ئێ ئاخر برام کەس هەیە بێن یەخەی بگرن بڵێن وەرە گەورە ببە و بڵێ نابم؟ هەن سەد دەست و قاچی بۆ ماچ دەکەن. بەرتیلی بۆ دەدەن، گیانی خۆیانی بۆ بەشەیتان دەبەخشن کەچی تۆ... تۆ... نازانم بڵێم چی!!. بمبەخشە کە ئەم قسەیە دەکەم.. تۆ یەکێکیت لە دوو: یا خەڵکی ئەم سەرزەمینە نیت و بزانە ئاخۆ لە چ ئەستێرەیەکی ناو ئەم گەردوونەوە هاتوویت و لێرە گیرساویتەوە! یا مرۆڤێکی ئاسایی نیت و نەخۆشیت.. ئەقڵت یا دەروونت نەخۆشە.

ئا.. وای پێ وتم. بەڵام شانبەشانی گومانەکەی ئەو سەبارەت بە من، منیش گومانم نەبوو کە ئەو چەندە لە دڵسۆزییەوە قسەکەی دەکا، هێندەش لە تێنەگەیشتنی ماکی گرفتەکەوەیە. لەو ساتەدا پڕ بەدڵ بەتەنگەوە بووم بە دوور و درێژی بۆی بدوێم، بەڵام سوور لێم عایەن بوو دادم نادا و قڕوقەپم لێ کرد.

کەچی ئەوەتا ئێستا باوکم دەبینم حەسرەت بۆ کاروانسەراکە هەڵدەڕێژێ. پێم عاجباتی بوو لەم مەسەلەیەدا یەخەی بەرنەدەم. بامدایەوە سەری وتم:

– بۆی بە حەسرەتیت؟!

ئەو وەك بەڕاستی ئاگای لێ بڕابێ، بە سەرسوڕمانەوە وتی:

– بۆچی؟.

کە وتم:

– کاروانسەراکە.

سووکە تەمێکی گرژی و مۆنی کەوتە سەر ڕووی. بەلاچاوێك تێمی ڕوانی. جۆرە ناڕەحەتییەکم تێدا خوێندەوە. پێم ناخۆش بوو بەدرێژاییی ژیانم لەگەڵیدا، هەر کاتێ بەو شێوەیە بمدیایە، پێی تەنگەتاو دەبووم و لە دڵمدا دەبوو بە مەراق. بۆیە من ئیتر خۆم کشومات دەکرد و لە چاوەڕوانیی ئەنجامدا دەمامەوە. خۆ ئەویش قەت وەهای نەدەشکاندەوە کە سەرکوت و دڵشکاوم بکا، یا هەست و نەستم لە خۆی بڕەنجێنێ. بگرە هەردەم بەو بارەیدا دەخستەوە کە حاڵەتێکی دەروونیی خودی خۆی بێ و من تەنیا پرێشکی داگیرساندنی ئاگرەکەی بم و هیچی تر.

کە دوایی بۆ وەرامدانەوەم لای تەواوی بەلامدا کردەوە. بەسەر و سیمایەکی گەش و لەبزێکی شیرینەوە. وەك بیەوێ لە شێوەی مەتەڵدا بدوێ و بەدەستووری جارەکانی تر زیرەکیی منی پێ تاقی بکاتەوە وتی:

– تۆ دەرپێت لە پێدایە.. وانا؟.

من لەوەبەر بەم جۆرە قسە بەمەتەڵانەی ڕاهاتبووم ڕاهاتەنکەشم فێری کردبووم کە ڕاستەوخۆ و لە جێدا، ڕملێك: بۆ هەڵهێنانی لێ بدەم کەچی لە ئاستی ئەمیاندا لە تاسەوە چووم و کڕوکاس بووم!. ئەو بەفریام کەوت، بەدەم بزەیەکی گەشەوە وتی:

– تۆ بڵێ ئا.

وتم:

– ئا بەڵێ.

ئینجا کە وتی:

– ئەو دەرپێیە موڵکی کێیە؟.

من بێ ئەوەی ئەم جارە هونەری خۆمی تێدا بێ وتم:

– واتە دەتەوێ بڵێی ئەوە موڵکدارییە.

– ڕاست و دروست وا دەڵێم. ئەوەش شێوە هەرە ساکارەکەیەتی و ئیتر بەدەمییەوە دەدوا تا دەگاتە موڵکایەتیی گوندێك یا چەند گوندێك یا بگرە شار و وڵاتێکیش.

لای من هیچ جیاوازییەك لە نێوان موڵکایەتی دەرپێیەك یا وڵاتێکدا نییە. لای من موڵکایەتی لە دەرپێیەکەوە دەستی پێ کردووە کە دەکاتە کەوڵێکی لەمەڕ بیست سی هەزار ساڵ لەمەوبەر و ئێستا گەیشتووەتە رادەی موڵکایەتیی سەرانسەری وڵاتێك بە گیاندار و بێ گیانییەوە. ئینجا لای من کاتێك تۆ بۆت دەلوێ موڵکایەتی بنبڕ بکەیت کە بتوانیت مرۆڤایەتی بگەڕێنیتەوە پێش رۆژگاری یەکەم دەرپێ.. واتە یەکەم کەوڵەکە.. ئایا دەتوانیت؟.

– یانی بەلای تۆوە وایە کە موڵکداری بنبڕ ناکرێ؟.

– بەئاشکرا وام وت.

– دەی ئەوە ناڕەوایی نییە؟.

– با.. ناڕەواییە.

– هەن پێی ناڕازین و نایەڵن تا سەر وا بڕوا.. نین؟!.

– هەن و لە دەمێکیشەوە هەبوون. بەڵام هەردەم ریسەکەیان بووەتەوە بە خوری، ئەی گوایە من چیم وت؟.

لەگەڵ ئەوەشدا دوا جارێك هەردەبێ هەبێ. دوا جارێك کە موڵکایەتیی بکرێ و ئیتر بۆ هەتاهەتایە نەیەتەوە کایەوە تێدا بنبڕ بێ.

باوکم لە وەختێکی زووەوە، خۆی لە سنووری رۆشنبیرییە ئاینییەکەی رۆژگاری لاوێتییەوە، بەرەو جیهانی رۆشنبیری هاوچەرخ پەڕاندبووەوە. هەندێك لە ڕێگەی خوێندنەکەیەوە و زۆربەش بە کۆششی خۆی، زمانی فارسی و تورکی و عەرەبییەکی باشی دەزانی. بۆ موتاڵاکردنیش بەپەرۆشەوە کتێبی بەهەرسێ زمانەکە پەیدا دەکرد و دەیخوێندنەوە. تەنانەت لەم سێ هەزار و پێنجسەد کتێبەی ئێستا من هەمن، نزیکەی حەوسەد و پەنجایان لەوم بۆ ماونەتەوە کە لە نیوەی زیاتریان بە فارسی و تورکین. ئەو ئەگەرچی لە دوا هەشت نۆ ساڵی ژیانیدا ئارەزووی خوێندنەوەی نەمابوو، بەڵام موتاڵاکردنی ساڵانی لەوەبەری رۆشنبیرییەکی گشتیی بەبڕشتی ئەوتۆیان پێ

بەخشیبوو کە لەگەڵ کەم و زۆر باری سەرنجی تایبەتیی خۆیدا، لە دەمەتەقێدا بۆ قسە دانەمێنێ.

ئەو بەپێچەوانەی منەوە، گرفتی نهێنییەکانی ژیان و بوون و نەبوونی، لێ نەبووبوونە ئەندێشەیەکی شێرپەنجەیی و پێوەی بتلێتەوە. بەڵێ.. وێڵیان دەبوو.. لێی دەکۆڵینەوە..

تەقەلای دەدا بچێتە بنج و بناوانیانەوە. بەڵام کاتێ دەیزانی لە ئاستیاندا دەستەوستانە، خۆی لێ دەخستە بەرگی گاڵتە پێهاتن و تیز پێوەکردنەوە. تا ئێستاش لە بیرمە کە جارێکیان من بەحیرسەوە پێم وت:

– بابە.. لای تۆ لەوە دەچێ وا بزانیت سەری دنیا بە پووش گیراوە!

کەچی لە وەرامما بەقاقای پێکەنینێکەوە وتی:

– بە پووش؟ پووشی چی؟ دنیا هەر لە بنەڕەتەوە سەری نەگیراوە و بەرەڵایە.

بەدوایدا لەسەر گیران و نەگیرانەکە لێمان بووە مشتومڕ. ئەو رای وابوو کە ئەم کۆنە دنیایە ، دەربەسی حەچەحەچی من و ئەو نییە لەبارەیەوە و دەیوت کە ملیۆنەها کابرای وەکو ئێمە هاتوون، حەچەحەچی خۆیان لە ناخی ناخەوە و بەوپەڕی جۆش و خرۆشەوە کردووە. کەچی ئەنجام هەردەم بەوە شکاوەتەوە کە نوغرۆ بوونەتەوە ناو ورگە دەریا لووشەکەیەوە و ئیتر کەسێك کراسی بۆ لە خوم نەداون. لەبەرئەوە ناهێنێ مرۆ.. ئەم مرۆیەی مێروولەیەکە و دەچێ بەگژ قووللەییی قافدا، زیاد لە پێویست خۆی پۆ بەگژداچوونەکە بڕەتێنێ. لەمە بەولاتریشەوە دەیوت: هەر مرۆیەکی وەك ئێمە کە لە گەردیلۆکەیەکی سەرپشتی گەردیلەیەکی ناو ئەم گەردوونە بەولاوە نەبێ، دەبێ ئەم هاشەوهووشەیەی دەیکا چ دادێکی بدا!. دوایی دەیوت: نەخێر من هەر لە بنەڕەتەوە وای تێ دەگەم کە ئەم زیندەوەرەی ناوی ئادەمیزادە و گوایە بیر و هۆشی پێ بەخشراوە، بووەتە قوربانی پیلانێکی ئەزەلی و دژی بەرپا کراوە.

سا من کە گیرۆدەی پیلانێکی ئەزەلی بم و دەربازبوونم لە چنگی قەت بۆ نەبێ، نەك هەر ملکەچ و دەستەمۆی نابم، بگرە لە بەرامبەریدا لاساری و بێعاریش دەنوێنم. تەمەنی ئەو بە دەیەها ملیۆن ساڵە و تەمەنی من بە دەیەها تاکە ساڵە. لەگەڵ ئەوەشدا تا پێم بکرێ، چ بەئاشکرا و چ بەنهێنی زمانی لێ دەردەکێشم و چاوم لە ئاستیدا گێژوویژ دەکەم. من ئەم جۆرە رەفتارە بە کاریگەرترین شێوەی بەرپەرچدانەوەی

دادەنێم. پیلانێکی ئەزەلی لەو بابەتە، بەرپەرچدانەوەیەکی ئەزەلی لەم بابەتەی گەرەکە و هەر ئەمیشە بتوانێ لە عۆیەی بێ و پووچی بکاتەوە. دەنا تۆ بەدرێژاییی تەمەنە شەست حەفتا ساڵییەکەت، دەبێ هەر یا حەننان و یا مەننانت بێ نەخێر تۆ هەر لە بنەڕەتەوە دەستت لە بنی هەمانەکەوە دەرچووە.

بەم جۆرە لە ئاستی ئاواتی دوا جارەکەی منیشدا هەر کەمتەرخەم دەوەستا لە وەرامم‌دا وتی:

– خەیاڵێکی خۆشە.. بەڵام بەداخەوە لە یا حەننان و یا مەننانەکە بەولاترەوە نییە، دەنا خۆ منیش لاریم لێی نییە. خەیاڵێکە و ئەمیش خۆی لە خۆیدا، ئەڵقەیەکە لە زنجیرە ئەزەلییەکە. بەم بارەیاندا بۆ ئەوەی یارییەکە خۆشتر بێ، دەبێ لە هەر سەردەمێکدا هەندێك بکرێن بەگژ هەندێکی تردا. یا چاکتر وایە بڵێم: دوو هەند دژ بەیەکتر بوەستن.. تۆ سەرنج دە.. تۆ چاوێك بنووقێنەوە بەخێرایی بە مێژووی هەزار.. دوو هەزار.. پێنج هەزار ساڵی رابردوودا بچۆرەوە. چیت بۆ دەردەکەوێ؟.

یارییەکی بێ بڕانەوەی کوشت و بڕ کە ملیارەها کەللەسەری تێدا کراوەتە تۆپ و شەقشەقێنیان پێ کراوە. هەردەمیش ئەوەی دوێنێ لە کەللەی سەرێکی هەڵداوە. ئەمڕۆ کەللەی سەری خۆی بەدەم شەقی یەکێکی ترەوە تەپاوتلی بووە. سا یەکسانییەکەی لەمەڕ تۆش هەروەهای لێ دێ. گریمان هاتە دی و بۆ لە تۆ وایە ئیتر یارییەکە تەواو دەبێ و دەبڕێتەوە؟.

هەرگیز نەء!... هەر تۆ خۆت هەموو جارێك ناڵێی: گۆڕان و بەرەو پێشەوەچوون کۆتایی و لەبن هاتنی بۆ نییە؟.

ئێ لەسەر سەرم!.. واتە یەکسانییەکەت دوا پلە نییە و واتە دوا جارەکەشت قەت نابێ بەدوا جار!. دەسا منیش هەر ڕام وایە، لەگەڵ جیاوازییەکدا کە من دەڵێم؛ نەك دوا جار یا دوا پلەی یەکسانییەکە، بگرە دوا پلەی یارییەکە نییە و بەدوایدا، هەندێك هەر پەیدا دەبن و رادەپەڕن و بەگژدا دەچن.

ئینجا خۆ ئەوانە هێندە گەمژە و کەم ئەقڵ مابن بڵێن وەڵا ئێمە گەڕانەوەمان بۆ دواوە.. بابڵێین بۆ پێش یەکسانی و دوا جارەکەی تۆ دەوێ!. نەء.. شتێکی تر دەڵێین کە من و تۆ لە ئێستادا زەفەری پێ نابەین و ئەوان لە کات و ساتی خۆیدا بۆی دانامێنن. ئیتر ئەوساش دەبینیت کە یارییەکە هەر بەردەوامە و.. نانا.. راستتر وایە بڵێم: پیلانە

ئـەزەلـیـیـەکـە هــەر لـە کـاردایـە و لـە بـری کـەڵـلـەی سـەری سـەرمـایـەدارانـی دەم شەقـی یەکسانپەروەران، کەڵلەسەری ئەمان بەدەم شەقی ئەو تازە پێداکەوتووانەوە دەبینێت و ئیتر خۆت بێ برانەوە بدە بەدەمییەوە.

من ئەگەرچی لەو ساتانەدا باوەڕم بە قسەکانی نەهێنا، بەڵام لە مانا و مەغزایاندا هێندە بەبرشت بوون کە پێیان قاڵس نەبووم و بگرە لە دڵدا، سەرسامیشیان کردم. بەدەست خۆم نەبوو.. لە ئاستیاندا بێدەنگ بووم و تاس بردمییەوە. ئاگام لە خۆم بـڕابـوو کـە چـاوم بـەسـەر ڕوویـدا ڕواوە و کـڕوکـاس بـووم. تـا ئـەو بـەدەم نـەرمـە پێکەنینێکەوە وریای کردمەوە و وەك بیەوێ دڵم بداتەوە وتی:

– لەگەڵ ئەوەشدا مەرج نییە من لەسەر هەق بم. دەشێ من بەهەڵە چووبم و تۆ ڕاست بکەیت. ڕەنگە یەکسانییەکە کۆتایی بە مەسەلەی شەقشەقێن بەکەڵلەسەر بێنێ و ئەوسا یارییەکە بەشێوەیەکی تر بکرێ.. دەشێ بێوەی بێ.. ئا.. دەشێ.

***

ڕێز و خـۆشەویسـتـیـیـە لـە ڕادەبـەدەرەکـەی سەبـری بـۆ بـاوکـی، لـەو سـاتـەدا وەك گـوڵـزارێـکـی بـەهــاری لــە دەروونـیـدا گـەشـایـەوە. حـەزێـکـی ئـەفسوونـاوی بـە زیـنـدووبـوونـەوەی بـاوکـی، بـا بـۆ چـاوتـرووکـانـیش بـێ، لـە نـاخـیدا سەری لـێ هـەڵدا. دەیویست لە بەردەمیدا قوت ببێتەوە. ئەم بۆی بچێتە سوژدە و ئیتر لە بەرچاوی بزر ببێتەوە.

لە بری حەزە بێ سوودەکەی، بیر و هۆشی ئاراستەی سنووقەکە کردەوە کە هێشتا لە بەردەمیدا، لەژێر تیشکی گڵۆپەکەدا دەدرەوشایەوە. سنووقەکە بەهەردوو دیوی دەرەوە و ناوەوەیدا. لەلای بوونە ئەو یادگارە پیرۆزەی بهێنێ سوجدەیان بۆ ببا. هەر بەو نیازەش سەری بەسەردا شۆڕ کردەوە.. وەك یەکێك بیەوێ کێلی ئارامگای وەلییەك ماچ بکا، ناوچەوانی نیشاندە سەری و لێوی پێوە نووساند لەسەر ئەو بارە بەسەریدا مت و خامۆش بوو. دەتوت بەرمەمکانەیەکە و گۆی مەمکی دایکی بە لێوەوە ناوە و دەیمژێ. دەتوت ساوایەکە و سەری بە سنگی باوکییەوە چووەتە شیرین خەوەوە.

کاتێ سەری سنووقەکەی هەڵپرووسکاندەوە، هەستی کرد ئازارێك لە بڕبڕەی پشتیدا سەروو کلێنچەی برووسکە دەدا. وای لێکدایەوە کە دەبێ ئەنجامی نوشتانەوەکەی بێ بۆ ماوەیەکی زۆر بە سەر سنووقەکەدا. دوو سێ جار بەهێواشی پشتی خۆی بەولا و

بـەولادا هـێنـا و بـرد و راستـی کـردەوە. ئـازارەکـەی لـێ رەویـیـەوە و دڵـنیـابـوو ئـەوسا روانـیـیـەوە سنـووقـەکـە. وەك بـەدەم مـرۆیـەکـی زرپ و زیـنـدووەوە بـخـنـێتـەوە، زەردەخەنەیەکی گەشی بە روودا دا. سەرلەنوێ بەسەریدا نوشتایەوە.

لێوی پێوە نایەوە و بەپەرۆشەوە ماچی کرد.. ئیتر خۆی لێ خستە سەرپێ و وەك دەست بداتە کوولەکەی ڕوحی، بە لەسەرخۆییەکی پڕ لە سۆزەوە بەرزی کردەوە و بردی بە شێنەیی لە جێگەکەیدا دانایەوە..

ئیتر کە چووە سەر قەرەوێڵەکەی و راکشا بنوێ، تا ئەو ساتەی خەو زەفەری پێ برد و چاوی لە بینین خست، هەر دەیڕوانییە سنووقە و لەگەڵیدا دەژیا.

# بەشی دووەم

١

کات خۆی لە چێشتەنگاو دابوو کە سەبری لە تەقەی دەرگەی حەوشە بەخەبەر هات. هەر لەگەڵ چاوکردنەوەیدا، ویستی راست ببێتەوە و بچێ بەدەنگەوە، کەچی دەتوت بە قەرەوێڵەکەوە شەتەك دراوە. جەستەی لێ بووە پارچە قورقوشمێك و بۆی بەرز نەکرایەوە. ناچار وازی هێنا و خۆی مت کرد. لە دڵدا ئاواتی خواست تەقەکەی نەیەتەوە بەرگوێ و ئەو راستبوونەوە بە ئازارەی نەبێ بەکۆڵەوە. بگرە بڕیاری خۆ لێ کەڕکردنیشی بۆ دا. بەڵام کە جارێك و دووانی تر و بەبێ ئارامیشەوە زرمەی لێ هەڵسێنرایەوە، ئیتر خۆی بۆ دابین نەکرا. تەکانی دا و بۆی کەوتە سەرپێ.

کە لە ژوور بەدەرکەوت، تا هەنگاوی نەنایە ناو حەوشەکەوە هەستی بەتەڕایی نەکرد لەژێر پێیدا، لەوە بەئاگا نەهات کە خۆر بە دەرەوە نییە و هەور بەری ئاسمانی گرتووە. بەڵکو یەکەم نمە بارانی پایزەشی داچۆڕاندووە و زەوی پێ ئاوڕشێن کردووە. هەر ئەوساتەش بۆنە تایبەتییەکەی خۆڵی سەربان و کۆڵانەکانی هاتە بەرلووت و بەوەدا بۆی دەرکەوت کە نمە بارانەکە زۆر نییە دایداوە و خۆشی کردووەتەوە.

خولقی نەبوو بپرسێ کێیە و کێ نییە. یەکسەر کێلوونی راکێشا و دەرگەی کردەوە. وەك توانای ناسینەوەی دەمودەستی لێ کز بووبێ، سەرەتا ساتمەیەکی کرد و ئەوسا بەدەنگێکی قرخنی نووساوەوە وتی:

– ها!.. حەمەجەزا.. تۆی باوکە؟!..

حەمەجەزا لەگەڵ بینینیدا بەچەشنێ لێی سەرسام بوو کە لە جێی خۆی وشك هەڵات!. تەنانەت لە ئاستیدا زمانی چووە کلیلە و سڵاویشی بۆ لێ نەکرا!. خاڵی وەها کەوتە بەرچاو کە بەندی گرتووخانەیەکی ژێر زەمین بووبێ و هەر ئەو ساتە مەرەخەس کرابێ!. ریش هاتوو.. قژ ئاڵۆزکاو.. رەنگ زەرد.. دەمولێو وشك و سەروسیما شێواو!. هێندەش شەکەتی و شکستەیی پێوە دیاربوو کە دەتوت ئەوەتا خەریکە بەلادا دێ «سەیرە!.. بۆچی و لەبەر چی؟!.. من رۆژی هەینی پێشوو لەلای بووم و هیچی نەبوو. ئێستا بۆ وای لێ هاتووە؟!.». لە دڵدا وای وت و هەر واقی وڕمابوو!. ئەم خۆی لە سەرسامییەکەی گێل کرد، هیچی تری نەوت و بەرەو دوا کشایەوە. ئەویش ئانوسات خۆی لە کەمەندی وڕ وکاسییەکەی دەرکێشا و بەدوایدا هەنگاوی نا. تا کاتێ ئەم لە ژوورەوە داڕمایەوە سەر جێگەکەی و راکشایەوە، ئینجا ئەو تەکانی دایە تەنیشتییەوە.

بە شپرزەییەوە لێی پرسی:

– خاڵە!.. ئەوە چییە؟ بۆ وات لێ هاتووە؟.

ئەم ئاوڕێکی خاو و خلیچکی بەلادا دایەوە. ویستی زەردەخەنەیەکی دڵنیاکردنی بە روودا بدا. بەڵام زەردەخەنەکە پتر شێوەی تێکەڵە ژانێکی گیانی و جەستەیی بەدەستەوە دا. بۆیە هەرزوو رووی وەرگێڕایەوە و روانییەوە بنمیچەکە. ئەمە حەمەجەزای زیاتر تەنگەتاو کرد. دووبارە وتی:

– خاڵە.. تکایە پێم بڵێ بزانم چیتە!. ناساغیت؟ بتبەم بۆ خەستەخانە؟.

سەبری ئەم جارە بێ ئاوڕدانەوە، هەر لەسەر ئەو بارەو وەك وڕێنە بکا، بەدەنگێکی پڕ لە حەسرەتەوە وتی:

– چیمە؟!.. بۆ خۆم هیچم نییە و قەتیش هیچم نابێ. بۆ خەڵکەکە حەمەجەزا.. بۆ ئەم رەگەزە نەگریسەی ئادەمیزادە کە نازانم تاکەی!.. تاکەی وەهابێ.. ها؟!.. ئاخر تاکەی؟.

ئەو بەم قسانەی سەرەداوێکی دەسگیر بوو، ئەو ئەگەرچی ئەمە یەکەم جاری نەبوو لەم بابەتە قسانەی لێ ببیستێ، بەڵام شتێکی سەبارەت بەو حاڵەی لێ تێ گەیشت. لەگەڵ ئەوەشدا ویستی زیاتر بچێتە بنج و بناوانەوە و وتی:

– ئاخر خاڵە گیان تۆ!..

ئەم نەیهێشت تەواوی بکا. هەر بەبێ ئاوڕدانەوە وتی:

– ئێ ئاخر تۆ پێم بڵێ.. تۆ وەرامی پرسیارەکەم بدەرەوە. ئەو حەزی نەکرد بێ دڵیی بکا. وتی:

– خاڵە گیان.. تۆ خۆت سەد ئەوەندەی منی لێ دەزانیت و هەردەم من گوێڕایەڵی تۆ بووم. ئیتر لە من بۆ دەپرسیت؟.

– لەوەبەر وابوو.. ئێستا وا نییە. ئێستا دەمەوێ من گوێڕایەڵ بم و تۆ وەرام بدەیتەوە، دەی پێم بڵێ بزانم.

– بەڵێ باشە وا دەکەم. بەڵام ئەگەر قسەی راستت دەوێ. من وات دەبینم کە تۆ جارێ پێویستیت بە چوونە لای دوکتۆرێك هەیە.

ئەم بۆ جاری دووەم ئاوڕە خاو و خلیچکەکەی بەلادا دایەوە ئەم جارە بەدەم بزەیەکی تێکەڵ لە سۆز و ژانەوە وتی:

– یانی وام دەبینیت کە شێت بووم.. یا بابڵێین سەری لێ داوم؟.

حەمەجەزا لە تەریقیدا، راچەنییە سەرپێ و بە پەشۆکاوییەوە وتی:

– دوور لە تۆ خاڵە گیان.. دوور لە تۆ.. من قەت وەهام مەبەست نەبوو. تەنیا دەمویست بڵێم کە تۆ ماندوویت.. تۆ بێتاقەتیت و بە تەنگەوە بووم بزانم بۆچی؟.

– پێت بڵێم بۆچی؟.

– ئا بەڵێ.. فەرموو دڵم لەلاتە.

– پێویست بە دڵ لەلابوون ناکا.. نهێنییەك نییە و حەشارم دابێ... برسیمە.

– برسی؟.

– ئا.. سێ رۆژە هیچی وام نەخواردووە تین و توانام پێ بهێڵێ.

– ئاخر!..

لەوەدا بوو بپرسێ (ئاخر بۆچی) و خێرا گێڕایەوە.

لە جێگەی وتی:

– ئێ ئێ بەڵێ.. بەسەرچاو.. دەچم بە فڕکانێك خواردنت لە ماڵەوە بۆ دێنم.

– نەء وا مەکە.. بچۆ بزانە هەر لێرە چیت بەزوویی بۆ ئامادە دەکرێ بۆمی بێنە. خۆت دەزانیت من کابرایەکی نەوسن نیم. من تەنیا هێندەم لە خواردن دەوێ کە ئەندامەکانی لەشم بەگەڕ بخا. بەپێچەوانەی ئەوانەوەی ئەندامەکان دەکەنە ئاشێکی خواردن هاڕین. قسەکەم بەجێیە؟.

– بەڵێ بێ گومان.

***

حەمەجەزا کە سەرنجی دا وا خاڵ بەڕاستی روو لە بووژانەوەیە و بەرەبەرە تین و توانا ئاساییەکەی بەبەردا دێتەوە، لێی هاتە قسە و وتی:

– چۆنت وت وا دەرچوو!.. من ترسم لێ نیشتبوو کە نەخۆش بیت.

سەبری وتی:

– قەت درۆت لە من بیستووە؟.

– هەرگیز نەء.. بەڵام ئێستا بپرسم بۆچی؟

– بۆچی چی؟

– بۆچی ئەو سێ ڕۆژە هیچت نەخواردبوو؟ بڕیاری مانگرتنت دابوو؟ من بیستوومە ئەمە لە بەندیخانەکاندا دەکرێ.

سەبری بەنەرمە پێکەنینێکەوە وتی:

– گاڵتەم پێ دەکەیت؟.

ئەو لە دڵەوە وتی:

– قەت حەدم نییە.. دەمەوێ بتبزوێنم.

– هەقتە.. بەڵام تۆ جارێ وەرامی پرسیارەکەم بدەرەوە.

– کام؟

– (تاکەی)یەکە!..

– ئەویان؟ بە زۆری نازانیت بۆ من؟ کە تۆیەکی بەو جۆرەی دەتناسم و هەیت وەرامت بۆ نەدرابێتەوە، چۆن دەکرێ لە دەسەڵاتی یەکێکی وەکو مندا بێ؟.

– دەکرێ.. نە خۆتم لێ بەهەڵە ببە و نە پێویستیشم چ بەستاییش و چ بەبەزەییی جەنابتە. تۆ ڕاستە بەتەمەن لاوێکیت و تازە هەڵدەچیت، بەڵام من لاوێکی گەمژە و بێ لایەن لە ژیاندا نادوێنم. منیش چاك تۆ دەناسم. من دەزانم تۆ لەو بابەتەیت کە ئەگەر ئێستا بێن پێت بڵێن ئادەی ئەو خاڵەت سەرببڕە، کۆی لێ ناکەیتەوە و دەیکەیت.. نایکەیت؟.

– خاڵە گیان.. تکات لێ دەکەم!...

– تکام لێ مەکە و وەرامم بدەرەوە.. نایکەیت؟.

– ئاخر تۆ.. بمبەخشە.. هەم لە کەفوکوڵەوە قسە دەکەیت و هەم تێکەڵوپێکەڵ دەدوێیت. لەبەرئەوە ناتوانم هیچ وەرامێکت بدەمەوە. بگرە ئەگەر بیشیدەمەوە هەر بێ ئەنجام دەبێ.

ئەم وەك بەو وتانە وریا بووبێتەوە کە هەڵچووە و هەڕەمەییی داخی دڵی دەڕێژێ، بۆ ماوەیەك خامۆش بوو. ئینجا بزەیەکی لێ خۆشهاتنی کەوتە سەر لێو و وتی:

– نەموت من لاوێکی گەمژە نادوێنم؟!.. دەی چاکە.. وا ئێستا بەبێ کەفوکوڵ دەدوێم

و نالێم بەڕاستیمە.. دەڵێم گریمان.. نایکەیت؟.

ئەوسا حەمەجەزا لە پرسیارەکە هاتە وەرام و وتی:

– ببوورە خاڵە ئەگەر بڵێم: گرفتی هەرە سەختی تۆ لەوەدایە کە لە ئا و نەء بەولاوە، هیچ وەرامێکی ترت بۆ ئەو پرسیارانە لەلا دروست نابن کە لێت قوت دەبنەوە. تۆ لەم بوارەدا تەنیا رێی ئا و نەء پێ دەزانیت. ئەم رێگەیەش نەك هەر بە چورتم و کەند و کۆسپە، بگرە سامناکیشە. تۆ دێیت هەروا سووك و ئاسان پرسیاری (دەیکەیت یا نایکەیت)م بەڕوودا دەدەیت و بەبێ چەندوچۆن، وەرامی ئا و نەئیشت لە من دەوێ. بێگومان تۆ لە مێشکی خۆتدا تەنیا ئەم سنوورەی بۆ دادەنێی، لە کاتێکدا لە مێشکی مندا سەد و یەك باری لێ پەیدا دەبی و بۆم هەیە و بگرە لە سەرم پێویستە، هەموویان وەك یەك ورد بکەمەوە و لە ئەنجامیدا یەکێکیان هەڵبژێرم.

– کەچی سەرجەم سەد و یەك بارەکە و بگرە ئەگەر هەزار و یەك و ملیۆن و یەکیش بن، لە دوا بژار و بژاردندا هەریەکێك لە دووەکە.. لە ئا و نەئەکە دەگرێتەوە. ئینجا ئێوەش گرفتە نەگریسەکەتان هەر لێرەدایە. لەگەڵ جیاوازییەکدا کە ئێوە دێن و وەرامەکە بەچەشنی کلافە دەزوویەکی ئاڵۆزاو لێ دەکەن و نە ئای بەڕوونی لێ دەدەن بەدەستەوە و نە نەء. واتە پرسیارەکە بۆ هەتاهەتایە بەبێ وەرامی راست و دروست دەهێڵنەوە. ئەمەش وا دەگەیەنێ کە پەتایەکی ئەزەلی لە کایەدایە و ئێوەومانان بۆی دەبنە جۆرە میکرۆبێکی ئیدامە پێدانی. دەنا وەرام هەردەم وەك رۆژی رووناك دیاربووە و دیارە کە یا ئایە و یا نەء.

– خاڵە.. ئەم جاریش ببوورە و زویر مەبە.. تۆ خۆت بەردەوام بەبێ لێ لادان وات کردووە و دەیکەیت؟.

– من لە خۆت دەپرسم.. نەمکردووە؟.

– با.. هەوڵت داوە و ئەنجام بەوە شکاوەتەوە کە..

– کە چی؟!..بیلێ!..

– کە بۆ نموونە ئەوەتا سێ رۆژە نانت نەخواردووە و کەسیش نازانێ بۆچی. کەسیش خەبەردار نییە بۆ کام ئا و نەئە!.. کەس خەبەردارە؟.

–ئا.. ئەو مرۆڤە بەناو مرۆڤە.. ئەو ئادەمیزادە نائادەمیزادە.. ئەو جانەوەرەی ویستم لە روویدا بڵێم نەء... ئەو چاك دەزانێ.

حەمەجەزا لەم درکاندنە لە ناکاوەی حەپەسا و سەری سوڕما!. بەڵام کە هەستی کرد وا خەریکە بەئاشکرا مەبەست بەدەستەوە دەدا، خۆی تێك نەدا و لەسەرخۆ لێی پرسی:

– کێ.. کێیە؟.

ئەمیش ئیتر وەك بەدرێژاییی دەمەتەقێکەیان، هەر کەریم گرێکوێرەکەی ناو دەروونی بووبێ و وا ئێستا هەلی کردنەوەی بۆ هەڵکەوتبێ، وتی:

– کەریمە کۆم.. کەریمی.. کەریمی.. نەتدی؟!.. یانی کە هاتیی نەتدی.. بەچاوی خۆت نەتدی؟.

– کێ.. کەریم؟.

– نەء.. ئەو خۆی نا.. ژوورە لەعنەتییەکەی.

– با.. چییەتی؟.

– یانی نازانیت؟.. هەستی پێ ناکەیت؟.

حەمەجەزا هەر بەڕاستی و لە دڵەوە سەرسامی نیشان دا . نەیدەزانی نهێنییەکە لە کوێ و لە چیدایە. لەبەرئەوە دەنگی نەکرد و لە چاوەڕوانی بیستنی قسەی تریدا مایەوە. ئەمیش زۆر نەوەستا. لەسەری رۆیشت و وتی:

– تۆ ئەگەر یەکێك، بێتو بیەوێ هەڵمژینی هەوات لێ قەدەخە بکا.. یا نەیەڵێ خواردن بخۆیت یا ئاو بخۆیتەوە.

یا چاوت ببەستێتەوە و بەری بیناییت لێ بگرێ. تۆ چۆنی تێ دەگەیت و چی لە بەرامبەردا دەکەیت؟.

– ئاشکرایە.. پارێزگاری لە خۆم دەکەم و نایەڵم. بگرە رەنگە لە پەلەقاژەکردنی نەهێشتنەکەدا، کارێك بکەم کە ئەوی تێدا بچێ. چونکە ئەگەر نەکەم، ئەو من لەناو دەبا.

– ئەی ئەگەر بەری تیشکی خۆری لێ گرتیت؟ با ئەوەش بڵێم کە گرتنی بەری تیشکی خۆر بۆ من، وەك یەکێکە لەوانەی پێشوو.

ئەو لێرەدا سەرەتای نهێنییەکەی بۆ دەرکەوت. لای کردەوە بەلای پەنجەرەکەدا و هەڵی ڕوانی. ئەم بۆ هاندانی وتی:

– باش وردبەرەوە و جوان تێ بگە. من بەدرێژاییی سێ رۆژەکە لە جۆرە

پەلەقاژەیەكدا بووم لەو بابەتەی خۆت وتت.

ئەو هاتە وەرام بەرپەرچی بداتەوە و وتی:

– ئاخر خۆ ئەمیان ناچێتە رادەی..

ئەم نەیهێشت تەواوی بكا.. وتی:

– ئاخر من پێشت كەوتم.. نەكەوتم؟.

– با.. بەلام..

– بەلام چی؟ دەتەوێ بلێی ئەو كابرایە درندەیەك نییە لەو بابەتەی بهێنی پەلەقاژەكەی لە روودا بكرێ؟.

– دیسان توورە بوویت.

– توورە نیم نا.. هەروا دلم پرە و وا دەگەیەنێ.

– نەییسا.. كردت؟ پەلەقاژەكەت كرد؟ چوویت یەخەی بگریت و بلێیت مەكە؟ یا هەر كە كردی، هەولت دا ژوورەكە برووخێنیت و تێكی بدەیتەوە؟.

سەبری لە ئاستی ئەم قسانەیدا، وەك چووبێتە ناو كولانێكەوە و دەرچوونی بۆ نەبێ!.. وەك شەرمی گەرانەوەش قورتمی گرتبێ، بۆ ماوەیەك دۆشداما و هیچ وەرامێكی بۆ نەدەهاتە سەر زار. تەنگەتاو بوو. خۆی خواردەوە و هێنای و بردی. لە ئەنجامدا گەیشتە ئەو بریارەی كە دەستی بۆ بخاتە روو. پشتی بەوە بەست كە ئەو لێی حالی دەبێ و لە بەرامبەریدا شەرمەزار نابێ. بەدەنگێكی نزمی خەمناكەوە وتی:

–ئا كردم و بەزیادیشەوە، بەلام بەدیوی ناوەوەدا نەك دەرەوە.

بەهەلە نەچووبوو. حەمەجەزا بە سۆزەوە وتی:

– چۆن خالە؟ خۆ من تا رادەیەك تێت دەگەم. لەگەل ئەوەشدا حەز دەكەم زیاتر بۆمی روون بكەیتەوە.

ئەوسا ئەم درێژەی دایە. وەك هەول بدا باسێكی ئالۆز شی بكاتەوە كە شارەزایییەكی باشی تێیدا هەیە، بەدلنیاییەوە وتی:

– دە گوێ بگرە بۆتی یەكالا بكەمەوە.. ئەو كابرایە مرۆڤێكە لەو بابەتەی كە هەر لە دوورەوە هاوار دەكا و دەلێ: من شەرخوازێكی تا بینەقاقا نوقمی شەرخوازیم.

چۆن؟!.. تۆ پێت بڵێم.. شەڕخوازی لە بنەڕەتدا لە ناخی هەندە مرۆڤێکدا دێوێکی خەواڵووە. بەمانا دێوێکە ئەوەتا لەو حەشارگەیەیدا بە چاوێك خەوتووە و بەچاوێك بەخەبەر. بەڵام هەر هێندەی نووکە نەقیزەیەکی تێوە ژەنرا، ئیتر دەبێتە گێژەڵووکەیەك و نەعووزوبیللا!.. کۆ لە هیچ ناکاتەوە و عەرش و قورش بەسەر یەکدیدا دادەڕمێنێ.

چەپەڵترین خراپەکاریی لێ دەوەشێتەوە. ئەو تا جۆرە هێزێك لە کایەدا بێ کە توانیبێتی دێوەکەی هەر لە خەواڵوویی‌دا بهێڵێتەوە، ئەوا دەیبینیت و ئاسایی مل بەژیانەوە دەنێ. کەچی هەر کە بابەتەکە هێزێکی سەر بەنەقیزە تێوەژەندنی بۆ ڕەخسا، ئیتر مەپرسە دێوەکەی چ زەماوەندێکی حەوت چڕتەکی هەڵپەڕین، لەسەر لاشەی هەزارەهای وەکو من و تۆ دەگێڕێ!. ئەی گوایە تۆ وا دەزانیت هەروا لە خۆوەیە کە یەکێکی وەك هۆلاکۆ، بەخۆی و کوللە لەشکرێکەوە هەڵدەتۆقن و دەست دەدەنە وێرانکاری؟ هەرگیز نەء.. دێوە خەواڵووەکانن و نەقیزەیەکیان تێوە ژەنراوە. دەنا ئەو مرۆڤە ساکارە بەسەزمانەی لە قوڕنەیەکی ئەوپەڕی دنیادا خەریکی بێڵکاری و پاچکاریی خۆی بوو، چۆن چۆنی لە پڕێکدا بووە ئەو کوللە زەبەلاحە سامناکەی بتوانێ بێت تەڕ و وشکی قوڕنەیەکی ئەمپەڕی دنیا دابپاچێ؟ تێم دەگەیت دەڵێم چی؟ ئینجا کەریمەکەی لەمەڕ خۆشمان کە تۆ دەیبینیت بەسەر زاری بەسەزمان و بێوەیە، یەکێکە لەو بابەتە و ئەوەتا دێوەکەی نەقیزەکەی تێوە ژەنراوە. گرفتەکەش بۆ من لە ئەنجامدا وەها دەشکێتەوە کە بەدیوی دەرەوەمدا، بەرەنگاری دێوی شەڕەخوازیم پێ ناکرێ و بەخۆمدا راناپەڕمووم بچمە بەر مەیدانی من کاتێك دەمتوانی بچمە بەر مەیدانی کە منیش دێوێك، یا هیچ نەبێ بەچکە دێوێکم لە ناخدا هەبووایە. بەڵام کە نەمبێ بچم چی بکەم و چۆن هەڵبسووڕێم؟!. بە چ چەکێك بەربەرەکانی لەگەڵدا بکەم؟ ئەو کەڵبە و چنگ و نینۆکی دێوێکم لێ دەخاتە کار. لە کاتێکدا من خاوەنی پەڕ و باڵی نەرمونیانی فریشتەیەك بەولاوەترەوە نیم. لەبەرئەوە پەلەقاژەکەم بە ناچاری رووی لە ناوەوەی خۆم کرد و دەبوو بچمە بەر مەیدانی خۆم نەك ئەو. تێم دەگەیت دەڵێم چی.. ها.. تێم دەگەیت؟.

حەمەجەزا دڵی بەو قسانەی خاڵی هاتە سوێ. پێی شەرم نەبووایە، وەك چۆن بەمنداڵی دەیکرد، ئاوەها دەستی لە ملی دەئالاند و دەکەوتە ماچکردنی. کەس هێندەی ئەوی نەدەناسی و کەسیش نەیتوانیبوو وەکو ئەو، بچێتە بنجوبناوانی ئەندێشەکەیەوە و بە تاڵ تاڵی تەونەکانی بیر و هۆشی ئاشنا بووبێ. ئەو هەر لە منداڵییەوە بە بیستنی

ئەم جۆرە بیر و ڕایانەی ڕاهات و هەر ئەوەش ڕێی بۆ خۆش کرد کە لە تەمەنێکی زووەوە، ئامادەی گوێ قوڵاغبوونی بیر و ڕای جۆراوجۆر بێ. ئیتر کاتێکیش ڕێبازی بیرکردنەوە و بۆچوونێکی جیا لەوەکەی ئەمی گرتەبەر، قەت بواری بەخۆی نەدەدا بەچاوی بێ بایەخییەوە بڕوانێتە ئەوەکەی ئەم. بگرە هەردەم تەقەلای دەدا کە لە قالبی وتووێژێکی قووڵی بە مەغزادا لەگەڵیدا لەبارەیەوە بدوێ. لەبەرئەوە لە وەرامیدا بەسەر و زمانێکی شیرینەوە وتی:

– خاڵە گیان.. تۆ دڵنیایت کە ئەو پیاوەت باش ناسیوە و لەو بابەتەیە؟.

ئەم کە هەر خێرا بۆنی شێوە ناسکییەکەی لە دەمودوویدا سەبارەت بە کەریم کرد، بە نیمچە تەوسێکەوە وتی:

–ئەی تۆ باشت ناسیوە کە وا نییە؟.

– نەء.. بەمەزەنە دەڵێ ڕەنگە وا نەبێ.

– دووراودوور.. وانا؟.

– بەڵێ.

– بەڵام من لە بن دەستییەوەم و هیچ دوور مەڕۆ ئەوە بەڵگە. ئەها بڕوانە.. چاوت لێیە چ نەگریسییەکی لە بەرامبەرمدا نواندووە؟.

– یانی تۆ باوەڕت وایە کە هەر لە رووی نەگریسییەوە و تەنیا بۆ ئازاردانی تۆ ئەو ژوورەی دروست کردووە؟.

– ئەی دەبێ بۆ چیی تر بێ؟.

– بۆ کچەکانی.. خۆت دەزانیت خوارەوە بریتییە لە دوو ژوور و هەیوانێکی وەك ئەمەی تۆ. کچەکانیشی هەرردووکیان هەم قوتابین و هەم گەورەن. دەشگونجێ پیاوێکی تێگەیشتوو بێ و بزانێ کە چاکتر وایە کچەکانی لە ژوورێکی سەربەخۆدا بن و بواری سەعیکردنیان باشتر بۆ بڕەخسێ.

سەبری بۆنکردنی شێوە ناسکییەکەی لێ بوو بە سووکە گومانێك. لە دڵدا وتی: «دەڵێی لە نزیکەوە دەیانناسی!. چۆن و لە چ ڕێگەیەکەوە؟». سەرهەڵدانی گومانەکەی پێ خۆش نەبوو. بگرە حەزی لێ نەبوو تەنانەت لە بیروهۆشیدا بمێنێتەوە. قەت رووی نەدابوو وێنەی حەمەجەزا لە بەرچاوی گەردی لێ نیشتبێ. هەردەم فریشتەیی دەهاتە

بەر هەست و نەستی. بۆیە لە وەرامیدا تەنیا وتی:

– دەشێ وابێ.. بەڵام من ناتوانم باوەڕ بکەم.

– خۆ لە شوێنێکی دوور نییە.. بیدوێنە.

– نایدوێنم.. دوای چی.

– ئاخر بەڵکو..

– واز بێنە.. ئەو باسە سەرم دەئاوسێنێ.

ئیتر هەردووکیان لێی بێدەنگ بوون. ماوەیەك بە خامۆشی مانەوە. ئا حەمەجەزا بەبیری کەوتەوە کە شەو بڕیاری داخوازییەکی لە خاڵی دابوو. کەوتەوە قسە و وتی:

– خاڵە من بۆ مەبەستێکیش هاتبووم.

– بڵێ بزانم.

– دەمویست بە دوور و درێژی باسی بنەماڵەکەی خۆمانم بۆ بکەیت دەشزانم ئێستا تاقەتی ئەوەت نییە. بەڵام هەروا بۆ ئاگەداریت قسەکەم کرد.

ئەم زەردەخەنەیەك گرتی. ئینجا سەرنجی حەمەجەزای بۆ لای سنووقە دێرینەکەیان راکێشا و وتی:

– خەمت نەبێ.. درەختەکەت لە پشتاوپشتەوە تا دەگاتە سەر تۆ، ئەوەتا لەوێدا پارێزراوە. بەڵام تۆ پێم بڵێ.. چی ئەمەی بە خەیاڵدا هێنایت؟.

–کتێبەکەی ئەمین زەکی.. تاریخی سلێمانی و وڵاتی.. دوێنێ شەو تا درەنگ وەخت خەریکی خوێندنەوەی بووم.

– ئینجا تۆش حەزت کرد بزانیت باو و باپیرانت کام قەڵایان لێ بنیات ناوە.. وانا؟.

– بەو مانایە نا.. بەڵام خۆشە پیاو رەچەڵەکی خۆی بناسێ.

– خۆشە؟.. هەر ئەوەندە؟ تەنیا ئەوەندەت لێی دەوێ؟.

– لە ئێستادا ئا.

– ئەی لە دوارۆژدا؟.

– نازانم.. رەنگە لە دوارۆژدا شتێکی تر بگەیەنێ. یا تامێکی تری هەبێ.

– وەك ئەوەی ئەگەر پیاوێکی بەشان و شکۆت لێ دەرچوو، بتوانیت لاف لێ بدەیت

و بڵێی: من لە پشتاوپشتەوە هەر بەشان و شکۆ بووم.

– نا خاڵە.. خۆت چاکم دەناسیت کە لەو بابەتە نیم.

– یا ئەگەر نەبوویت بەو پیاوە، دیسان هەر لاف لێ بدەیت و بڵێی: ڕۆژگارەکە سپڵە و بێ چاو و ڕووە، دەنا من...

– نا.. ئەمیشیان نا.

– دەی دەبێ بۆ ئەوەت بێ کە گاڵتەت پێی بێت و لەلات ببێتە قسەیەکی بە پێکەنین.

– وەکو تۆ دەیکەیت؟.

– ها؟... نانا.. من وای تێ ناڕوانم.

– ئەی؟!.

– دە ئەمیش واز لێ بێنە بۆ کاتێکی تر.. بابمێنێ.

– دە کەوابوو..

حەمەجەزا وەك بیەوێ دەرگە لەسەر هەموو ئەم بابەتە قسە و باسانە دابخا، بەدەم (دە کەوابوو)ەکەوە هەستایە سەرپێ. بە ماناوە دەستێکی بە هەردوو ڕوومەتی خۆیدا هێنا.. بزەیەکی گەشی خستە سەر لێو و لە چاوەڕوانیدا مایەوە. ئەمیش لەلای خۆیەوە لەسەری نەوەستا. دەستوبرد ڕاست بووەوە و بەدەمییەوە لەبەر خۆیەوە وتی:

– بەڵێ.. فەرمایشتت بەجێیە. هەڵسم ریشم بتاشم.. دەموچاوم بشۆم.. خۆم بگۆڕم بڕۆینە دەرەوە.. بەڵێ..

## ٢

ئەم ئەو رۆژەی بەسەر گێچەڵەکەی کەریمە کۆمدا گەڕایەوەماڵەوە بڕیاری وابوو بۆ ئێوارەکەی بچێتە دیدەنیی تۆفیقەفەنی کۆنە برادەری باوکی و ئیتر ئەوە بوو کار بەو جۆرە شکایەوە و نەچوو.

تۆفیقەفەنی یەکێك بوو لەو برادەرە دێرینانەی باوکی کە تاك و تەرایان لە ژیاندا لێ مابوون. برادەرایەتییەکەشیان هەر ئەوەندە نەبوو کە ساڵانێکی زۆریان پێکەوە لەیەك دایەرەدا بەسەر بردبوو. بگرە پتر لەوەوە هاتبوو کە کوڕی یەك کووچە و کۆڵان بوون و تەنانەت تێکەڵاوییان بە خاووخێزانیش لە باو و باپیرەوە بۆ مابووەوە. ئەویش بە بنەماڵە دەگەڕایەوە سەر ئاغا سەعۆلی دارۆغا کە هەر لە رۆژگاری مەلا کاکەمیندا بەخۆی و شەش خێزانی برا و برازایەوە هاتن و لایەکی تری پشت مزگەوتی گەورەیان ئاوەدان کردەوە. ئیتر لەوساوە نەك هەر بە دراوسێیەتی بگرە بەژن و ژنخوازیش تێکەڵاوی یەکتر بوون و بەم باریاندا تۆفیقەفەنی و باوکی دەشبوونە پورزازای یەکتر.

ئەم لە وەختێکی زووەوە ئاگەداربوو کە ئەو یەکێکە لەو برادەرە گیانی بە گیانییانەی دەشێ بووبێتە سنووقی نهێنییەکانی ژیانی باوکی. هەر لە منداڵییەوە دەیبینین چەندە هۆگری یەکترین و چۆن زۆربەی کاتیان پێکەوە رادەبوێرن. تا لە دوو دایەرەی جیاوازدا بوون، تەنیا لە ماوەی دەوامەکەیاندا جودا دەبوونەوە، دەنا عەسران و شەوان هەر پێکەوە بوون. خۆ کە کەوتیشنە یەك دایەرەوە، ئیتر هەر لە بەیانییەوە تا کاتی خەوتنیان مەگەر بۆ نانخواردن و کەمە حەوانەوەیەکی نیوەڕوانیان لە یەکتری دابڕانایە. ئەمە تا شەش حەوت ساڵێکی پێش مردنی باوکی دەستوورێکی سەرەکیی ژیانیان بوو. بەڵام لەوە بەدوا تۆفیقەفەنی لە ئەنجامی چورتمێکدا کە بەهۆی فایەقی کوڕییەوە بەسەری هات، ناچار بوو خانووەکەیان بفرۆشێ و بگوێزێتەوە بۆ ناو خانووی ئامۆزایەکی لە گەڕەکی بەرخانەقا کە بەوە ئیتر لە یەکتری دوور کەوتنەوە و ئەو دەستوورەیان لێ شێوا.

ئەو مێژووە دێرینەی برادەرایەتییە گیانی بە گیانییەکەی نێوانیان، وای لە مێشکی ئەمدا چەسپاندبوو کە هەر بەیناو بەینێك چوونە دیدەنیی تۆفێقەفەنی لەلا ببێتە

ئەرکێکی سەرشان و دەبێ بۆ سەلماندنی وەفاداری خۆی بەجێی بێنێ. بگرە لە ناخدا پێی دەحەوێتەوە و لەو ساتانەدا، تارمایی باوکی دێتە بەرچاو و هەست بە دیدەنییەکانی هێندە شادمان دەبوو کە دەتوت برادەرەکەی لێ زیندوو دەبێتەوە.

ئەم سەرلەبەیانی و ڕۆژی گێچەڵەکە، لە چاخانەکەی حەمەڕەق دانیشتبوو کە فایەقی کوڕی بەتایبەتی هاتە لای و وتی:

– باوکم دەیەوێ بتبینێ.

ئەو وەختە ماوەی سێ مانگێك دەبوو نەچووبووە سەردانی. ئەگەرچی لەو دوا جارەدا هیچ ناساغییەکی پێوە نەدیبوو، بەڵام دەیزانی کە بە تەمەن لە هەشتای تێ پەڕاندووە و پیری بە ئاسانی بواری دەستی مردن دەدا بیگاتێ. لەبەرئەوە هەر خێرا لێی پرسی:

– خۆ نەخۆش نییە؟.

فایەق وتی:

– با.. بیست ڕۆژێك دەبێ لە جێگەدا کەوتووە.

کە ئەمەی لێ بیست دەستوبرد هەڵسا و وتی:

– بابڕۆین.

تۆفیقەفەنی هەرچەندە بەڕاستی گیرۆدەی کەوتنی سەر جێگە بووبوو، بەڵام هەوڵی دەدا پێوەی دیار نەبێ کە دەردەکەی گرانە. فایەق لە ڕێگە بەمی ڕاگەیاندبوو کە دوکتۆرەکان بە کوشندەی دەزانن و خۆشی ئاگەدارە. کەچی ئەو چ بەسەر و زمان و دەمودووی بەبڕشتی جارانی و چ بەتوانا ئاساییەکەی ئەو تەمەنەی لە بزواندنی جەستەیدا، دەتوت لە کۆکە و هەڵامەتێك بەولاوە نییە. بۆیە کاتێ ئەم بۆ عوزرخوایی هێنانەوە چووە تەنیشتییەوە، دەستی نایە ناو دەستییەوە و بە دەنگێکی پڕ لە خەمناکییەوە وتی:

– بمبوورە مامە.. من خەجاڵەتم. دەبوو بمزانیایە.. دەبوو زووتر خۆم بهاتمایە.. بەڵام..

ئەو بەدەم بزەیەکی پڕ لە سۆزەوە دەستی گوشی و وتی:

– نا سەبری نا.. نە تۆ خەجاڵەت بەو نە منیش هیچ گلەییەکم لێت هەیە. واز لەو قسانە بێنە. وا من لەلای خۆمەوە حەزم کرد بتبینم و ناردم بەدواتدا. وا تۆش هاتوویت

و خۆشحاڵم دەکەیت و بڕایەوە.

– ئـاخـر مـن بـەداخـەوەم کـە دەمـێك بـوو نـەهـاتـبـووم. قـەت ئـەوەنـدە پـێم لـێ دانەبڕیبوویت. کەچی ئەوەتا..

– مەیکە بە غایلە و بەلامەوە ئاساییە. تۆ من واز لێ بێنە و باسی خۆتم بۆ بکە. بەچییەوە خەریك بوویت؟.

– وەڵا مامە هیچ.. خۆت نازانیت؟. چی هەیە پێوەی خەریك بم؟ هەر وەك..

–دە تۆ پێم بڵێ!..

ئەو بە سەرێك قسەکەی بەم بڕی و سەرێکیش، تەنیا هێندەی وت و بێدەنگ بوو. سەیرێکی بەمانای فایەقی کرد کە تا ئەو ساتە هەر تەریك لێیانەوە و بەپێوە راوەستا بوو. ئیتر کە فایەق هەر خێرا لە مەبەستی باوکی تێگەیشتی و لێیان کشایەوە، ئەوسا تۆفێقەفەنی قسەکەی تەواو کرد و وتی:

– لەگەڵ سابیردا بە چی گەیشتوون؟.

ئەم کردنەوەی باسی سابیری بەلاوە لە ناکاو بوو. هیچ گفتێکی راستەوخۆی لە ئاستیدا بۆ نەهاتە سەر زار. ئەم دەیزانی کە ئەو لە بنەڕەتەوە ئاگەداری گێچەڵەکەیە و وەختی خۆی تا باوکی لە ژیاندا بوو تێیدا کەوتبووە بەینەوە. بگرە دوای ئەویش کاتێ سابیر دەهات و یەخەی ئەمی لەسەر دەگرت، لە دوو جاردا ئەو لەسەر داخوازی ئەم هەر کەوتە بەینەوە و سابیری لە کۆڵ کردەوە. کەچی ئەوەتا ئەم جارە بەبێ داواکردن لەمەوە، ئەو دێت و لە مەسەلەکە دەپرسێتەوە.

ئیتر کە بێدەنگییەکەی ئەم درێژەی کێشا و وەرامی هەر نەبوو، ئەم روونی کردەوە و وتی:

– پێرێ لەلام بوو.

ئەم ئەگەرچی هەواڵەکەی پتر سەرسامی کرد، بەڵام لە ئاستیشیدا خۆی بۆ دابین نەکرا و زمانی بەربوو. بەتەوسێکی تێکەڵ لە بێزاری و دڵتەنگییەوە وتی:

– چی فەرمووە؟.

لەگەڵ ئەوەشدا کە ئانوسات پێی زانی قسەکەی لە حزووری کێدا دەکا، بەسەر خۆیدا شکایەوە و بەدەم نیمچە تەریقبوونەوەیەکەوە وتی:

– لەعنەت لە مرۆڤی نەگریس!.. بمبەخشە مامە.

ئەو خۆی لێ کەمتەرخەم کرد. وتی:

– دەتەوێ چی بفەرموێ؟ هەمان داخوازی.

ئەم دیسان بەدەروونێکی پڕ لە ژەنگ و ژارەوە وتی:

– ئاخر مامە من تێ ناگەم.. تێناگەم.. تێ ناگەم و مێشکم وەختە بەدەستییەوە بتەقێ! من نازانم ئەو کابرایە بەڕاستی چی دەوێ مەبەستی چییە و لە کوێوە قسە دەکات. ئەو بە مەتەڵ دەدوێ و منیش هەرچەند دەکەم و دەکۆشم بۆم هەڵنایەت. من هاتوومەتە سەر ئەو باوەڕەی کە مرۆڤێکی تەواو نییە.. کە ئەقڵی سووکە. بگرە شێتێکە ئاو لێڵ ناکا!. دەنا ئەوە بیست.. بیست و پێنج.. سی ساڵە و هەر هەمان قەوان لێ دەداتەوە. نە لێی بێزار دەبێ و نە لێی دەگۆڕێ. خۆ دیارە کە شتی وەها هەر لە شێت دەوەشێتەوە. تێ ناگەم ئەم زەلامە چی دەوێ و لە چی دەگەڕێ.

تۆفێقەفەنی کە ئەو کاتە خۆی هەڵکشاندبووە سەرباری دانیشتن و پاڵی دابووەوە. وەك لە ناخدا بەزەییەکی قووڵی بە حاڵی ئەمدا بێتەوە. دەستی نابووە بن چەناگەی سەری لێ بە لارەوە گرتبوو. جارجارە تیلەیەکی چاوی ئاراستە دەکرد و بە خەفەتبارییەوە لێی لادەدایەوە. هەموو جارێکیش بەم باریاندا، دادەخزایەوە ناو دەریای بیر و هۆشی خۆی و ئەشکەنجەی بەدەستەوە دەچەشت. لێرەوە ئیتر هەستی بەزەییەکەی لێ دەبووە دووسەرە و بەشی خۆی لێ بەکەمتر نەدەزانی لە بەشی سەبری!. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم لایەنەی کپ کرد و لەسەرخۆ وتی:

– هەر لەو رۆژانەدا هاتبووە لای تۆش.. وانا؟.

– با بەڵێ.

– چی وت؟.. حەز دەکەم بزانم.

– چی بڵێ باشە؟.

– ئادەی..

– وتی کۆنە سنووقێکتان هەیە.. دەمەوێ بێم بۆمی بکەیتەوە و بگەڕێم بزانم چیی تێدایە.

– ئەم قسەیەی تازە بابەتە!.. لای منیش کردی.

– لای تۆش؟!.. چۆنی وت؟.

– بەو چەشنەی لای تۆ.

– هەر ئەوەندە؟.

– نەء.. رەنگە تۆزێ زیاتر. بەتۆی وت دەمەوێ بگەڕێم بزانم چی تێدایە؟.

– بەڵێ.

– لای من وتی: باوەڕم وایە کە ئەوەی دەمەوێ لەوێدایە.

– ئاخر چی دەوێ مامە.. چی دەوێ؟ بۆ تۆی دەرنەبڕی؟.

ئاشکرای نەکرد؟!.. من وەختە مێشکم بتەقێ.

– مێشکت نەتەقێ.. تۆ گوێ بگرە.. منیش لەلای خۆمەوە دەزانم کە ئەو سنووقەتان هەیە و ئاگەداری هەم. باوکت حیکایەتی ئەو سنووقەی بە دوور و درێژی بۆ گێڕاومەتەوە و وەختی خۆیشی چەندان جار دیومە. بەڵام تۆ پێم بڵێ.. تۆ باش سەیرت کردووە و پشکنیوتە کە چی تێدایە و تێدا نییە؟!.

– ئا مامە.. ئا بەڵێ.. باوەڕت هەبێ تاقە شتی تێدا نییە کە بە پارە و پوول و سەروەت و سامان بە بەها بێ. تەنیا کرمەکێك و جووتێ گوارەی دایکم نەبێ کە ئەوانە قەت سەروەت و سامانێکی ئەوتۆ نین تەنانەت ئەگەر موڵکی ئەو یا دایکی ئەویش بن و لێیان دزرابن، ئاوەها لە من ببنە خوێنی سیاوەش.

– نانا.. ئەوەی ئەو لێی دەگەڕێ ئەم شتانە نییە .

– ئەی چی؟!.. بۆتی بژمێرم چی تری تێدایە؟.

– نەء.. پێویست ناکا.. منیش هێندەی تۆیان لێ دەزانم. وەختی خۆی دیومن و باوکت نیشانمی داون. بەڵام دەڵێم..

– فەرموو.. تۆ فەرمایشتت بەچییە من ئامادەم.

– هەرچەندە من وەك وتم ناو سنووقەکەم دیوە و دەزانم چی تێدایە. بەڵام پێت ناخۆش نابێ ئەگەر داوا بکەم لە ئێستادا سەیرێکی بکەمەوە؟.

– پێم ناخۆش بێ؟!.. قەت نەء. جا بۆ دوور بڕۆین!.. هەر ئێستا دەچم دەیخەمە ناو عارەبانەیەکەوە و دەیهێنمە بەردەمت.

– نا واش نا.. هێجگار وا پەلەم نییە.. با بمێنێ بۆ وەختێکی تر. بەڵام تۆ سەرلەئێوارە سەرێکم لێ بدەرەوە، ئەوسا ساغی دەکەمەوە.

کەچی ئەوە بوو ئەو ڕۆژە گێچەڵەکەی کەریمی بەسەردا هات و بەناچاری، سەر لێدانەوەکەی سەرلەئێوارەی فەرامۆش کرد.

کە لەگەڵ حەمەجەزادا لە ماڵ بەدەرکەوتن. بەبێ مەبەست ڕووەو بەر دەرکی سەرا ملیان نا. لە ئاستی چاخانەکەی حەمەڕەقدا، وەك بڵێی لە قووڵاییی بیر و هۆشییەوە برووسکەیەك شەوق بداتەوە، لە ناکاوێکدا سەردانەکەی لای تۆفێقەفەنی بیرهاتەوە. دڵی پێی گوشرا و لە خۆی پەست بوو. بۆڵەبۆڵێکی لێوە هات و سەرێکی بێزاری بادا. ئینجا وتی:

– من لێت جیا دەبمەوە. بەڵێنێکی سێ چوار ڕۆژ لەمەوبەر هەبوو وا ئێستا بەبیرم دێتەوە.

حەمەجەزا بەجۆرێکی تری تێ گەیشت.. وتی:

– سێ چوار ڕۆژ؟... جا خاڵە قابیلە ئەو کەسە هێشتا هەر لەو شوێنە چاوەڕوان بێ؟.

ئەم بۆی پێکەنی. بەگاڵتەوگەپەوە وتی:

– کوڕە نا بێ ئەقڵ.. تۆ بیرت هەر بۆ بابەتی بەڵێنەکانی خۆتان دەچێ؟ دەبوو بچمە دیدەنی تۆفێقەفەنی بۆ ماڵەوە.

ئەو نەیدەویست لێی جیا ببێتەوە. وتی:

– ئەگەر حەز دەکەیت با منیش بێم.

ئەم وتی:

– نا پێویست ناکا.

ئیتر کە لەو دابڕا و ڕێگەی گرتەبەر، بەڵێن شکاندنەکەی لە دڵدا لێ بوو بەگرێ. نەیدەزانی چ بەهانەیەکی بۆ بهێنێتەوە. ئەگەر ڕاست دەڕوا و بەزمەکەی کەریمە کۆمی بۆ دەگێڕێتەوە، ئەم خۆی پێی خۆش نییە و لێی دەبێزرێ. ئەگەریش نا ئەوا دەبێ درۆیەك هەڵببەستێ کە ناتوانێ بچێتە ژێر ئەم باریشیان. سا لەم کەینوبەینەدا بوو کە لە پڕێکدا بۆ یەکەم جار بەبیریدا هات ئەم بچێ یەخەی سابیر بگرێ و بیدوێنێ. دوایی چەندە بیری لێ دەکردەوە، بۆی ساغ نەدەبووەوە چۆن چۆنی و لە چییەوە بوو کە ئەو

نیازەی ئە ئاوەها سەری لێ هەڵدا. تەنیا یەك ئەنجام روون دەهاتە بەر بیر و هۆشی کە ئەم لەو ساتەدا هێندە لە پێشنیازەکەی رازی بوو.. هێندەش بۆ بەجێهێنانی بەجۆش و خرۆش بوو کە دەتوت ساڵەهایە بەدوایدا وێڵە و وا ئێستا کوتوپڕ دەیدۆزێتەوە.

ئیتر سێ و دووی لێ نەکرد و بەرەو قەیسەری وەسمان پاشا لایدا ئەم لەوەبەر جارجارێك رێکەوتی کردبوو بەلای دووکانەکەیدا رابووری. هەردەم روویان وەردەگێڕا و وایان نیشان دەدا کە یەکتری نابینن. بۆیە ئەم جاریش سابیر کە هەر لە دوورەوە ئەمی بەدی کرد وای نواند گوایە خەریکی کەلوپەلی ناو دووکانەکەیەتی و لەم بێ ئاگایە لە کاتێکدا سەبری بەپێچەوانەوە. راستەوخۆ بەرەو رووی چوو پێش ئەوەی بگاتە ئاستی، سووکە گومانێك لە ناخیدا برووسکەی دا و هەنگاوی پێ خاو کردەوە. بەڵام زۆری نەخایاند و هەر خێرا گومانەکەی لە دڵ دەرهاویشت.

لەگەڵ گەیشتنیدا سڵاوی کرد و هەوڵی دا ئاسایی بێ.. نە سارد و نە گەرم.

سابیر کە ئەو ساتە پشتی لەم بوو. بەدەم سەندنەوەی سڵاوەکەوە وەرگەڕا و بە بینینی، نیوەی دووەمی سەندنەوەکەی لەلا بووە وەرامدانەوەیەکی ژێر لێو. ئەمەشی لەوەوە نەبوو گوایە نەیەوێ وەرامی بداتەوە، بگرە لە حەپەساوی و سەرسوڕماندا بوو کە ئاوەها زمانی خاو بووەوە. ئەمان پێشتر لە هەموو ئەو جارانەدا کە لەگەڵ یەکتردا یەکدگیر دەبوونەوە. با ئەنجامیش بەشەڕە دەنووك بشکایەتەوە. بەڵام لە سەرەتادا ئاسایی دەستووری سڵاوکردنیان لە یەکتری دەبردە سەر و نابەجێ نەدەجووڵانەوە.

بەهەرحاڵ ئەم لەلای خۆیەوە زوو بە فریا کەوت و لەو گۆمی دۆشدامانە دەری کێشا. بەدەنگێکی هێمن و لەسەرخۆوە وتی:

– حەز دەکەم لەلات دابنیشم و تۆزێ بدوێین.. مۆڵەت دەدەیت؟.

ئەو وەك هێشتا باوەڕی بە چاو و گوێی خۆی نەهێنابێ، هەوڵی دا ببزوێ و بدوێ و کەچی ورتە و جووڵەی بۆ نەکرا. تا کاتێ ئەم بەسەر و زمانێکی شیرینترەوە وتی:

– پێخۆشحاڵ دەبم ئەگەر مۆڵەتم بدەیت.

ئەوسا تەکانی دا و بزوا. بەبێ مەبەست سوورێك بەدەوری خۆیدا خولایەوە. بەدوایدا پڕی کرد بە کورسییەکی تەختەی بێ پاڵپشتدا. هەڵی گرت و هەر نیو هەنگاو دوور لە جێگەکەی پێشووی داینایەوە. ئینجا پچڕپچڕ وتی:

– بەڵێ.. بەڵێ.. فەرموو دانیشە.. فەرموو بەخێربێی.

ئەم دانیشت و ئەو هەر بەپێوە مایەوە. دیسان وەك هێشتا هەر باوەڕ نەکا، بۆ ماوەیەك کڕوکاس بوو. تا ئەم وریای کردەوە و وتی:

– دە فەرموو تۆش دانیشە با..

ئەو نەیهێشت تەواوی بکا. ئەم جارە بە چالاکییەوە وتی:

– ئێ ئێ.. دادەنیشم.. بەڵام با بنێرم چایەکی جوانت بۆ بێنن. ئا.. شەربەتیشمان لێوە نزیکە.. شەربەتی مێوژ.. کامیانت حەز لێیە؟.

– ئەزیەتە.. پێویست ناکا.

– دەکا.. بێ قەزابیت.. چۆن ناکا؟.

– با شەربەتەکە بێ.

سابیر ئێستا چووبووە حاڵەتی گەشکەدارییەکی ئەوتۆوە کە بە دەمییەوە بووبووە پەپوولەیەك و لەگەڵ شنەبادا هەڵدەفڕی. رەتێکی بردە پێش دەمی دووکانەکەیەوە و بانگی کرد:

– ئەمین.. وەرە بابە گیان.. خێرا وەرە.

ئەمین کە کەمێ لەولاترەوە لەگەڵ دوو سێ منداڵی هاوتەمەنیدا خەریکی یاریکردن بوو. گورج قوت بووەوە و وتی:

– بەڵێ بابە..

باوکی وتی:

– برۆ بە فڕکانێك دوو شەربەتمان بۆ بێنە.

سەبری بە بینینی رووی ئەمین، هەستی بەجۆرە ئاشناییەك کرد لە ئاستیدا. وای هاتە بەرچاو کە وێنەی منداڵیی حەمەجەزای تێدا بەدی دەکا. بەڵام ئەوە لە ساتەوەختێك زیاتری نەخایاند و زەینی گەڕاندەوە لای سابیر. کە ئاوڕی بەلادا دایەوە. سەرنجی دا وا بە سۆزێکی تێکەڵ لە خەم و پەژارەوە تێی دەڕوانێ و هەر خێراش. وەك نەیەوێ ئەم بەو شێوەیە ببینێ. رووی بە لایەکی تردا وەرگێڕا.

دوای کەمێ بێدەنگی، ئەم کە دەبوو دەستپێشکەری بکا و بدوێ. هەروا بۆ کردنەوەی دەرگەی گفتوگۆ وتی:

– کاك سابیر چەند منداڵت هەن؟.

ئەو وەك پرسیارەکەی گەلێ بەدڵ بووبێ، بە روویەکی شیرینەوە کە تەقەلاشی دەدا زۆر پێوەی دەرنەکەوێ وتی:

– هەشت.. پێنج کوڕ و سێ کچ.

– ئەمین دواینیانە یا..

– ئا.. پاشەڕۆکە.. پاشەڕۆکیش خۆت دەزانیت..

– خۆشەویستییەکی تایبەتی بە نەسیب دەبێ.

– بەڵێ بەڵێ.. منداڵ هەمووی لای دایك و باوك خۆشەویستن. بەڵام دواینەکەیان.. نازانم چۆنی دەربېرم.. بابڵێین رەنگ و بۆیەکی هەندێ جیا لەوانی تری هەیە.

– ئەی ئەوانی تر؟

– هەموو هەر خۆشەویستن.

– نا نا.. ئەوەم مەبەست نییە.. دەمەوێ تەمەنیان بزانم. یا بەچی گەیشتوون و چی دەکەن و کار و فەرمانیان چییە؟.

– ئێ بەڵێ.. کچەکان هەرسێکیان بەشوون و لای ماڵ و مێردی خۆیانن کوڕەکان دووانیان ژنیان هێناوە و ئەوانیش لە ماڵ و حاڵی خۆیانن سیانەکەی تریش هێشتا قوتابین و لەگەڵ خۆماندان.

لەم کاتەدا ئەمین هاتەوە و شەربەتەکانی هێنا. ئەم کە ئەم جارە لە نزیکترەوە و باشتر لێی ورد بووەوە. هەستەکەی پتر لە دڵدا چەسپی. بەتایبەتی کە سەیری کرد زۆر لەسەرخۆ و بەئەدەبەوە هەڵسوکەوت دەکا. دەتوت هەر راست حەمەجەزای تەمەن دە ساڵانە و بە بەرچاوییەوە دێت و دەچێ!. تەنانەت تا جێی هێشتن و چووەوە بەلای یاریکردنی خۆیەوە لەگەڵ هاوەڵەکانیدا، ئەم بینایی هەر لێ لانەدەدا.

– زۆر زیرەك و وریایە. هەموو ساڵێك یەکەم دەبێ. سابیر لەم بەئاگا بوو. دەستی پێش خست و تاریفی ئەمینی وەها بۆ کرد. ئەم وتی:

– پێوەی دیارە.. پۆلی چەندە؟

– چوار..

– ئەی ئەوانی تر لەگەڵ خوێندندا چۆن بوون؟

– کچەکان و کوڕی گەورەم فرسەتی خوێندنیان بۆ هەڵنەکەوت. بەڵام کوڕی دووەمم تەواوی کردووە و ئێستا مامۆستایە. دوو کوڕەکەی تریش لە پۆلی دوو و سێی ناوەندین.

سەبری بەدەم ئەم گفتوگۆیەوە. لە ناخدا تا دەهات تاس دەیبردەوە و سەراسیمە دەبوو. تەزوویەکی ئەفسووناوی بە قووڵاییيەوە، هێدی هێدی بە دەروونیدا تەشەنەی دەسەند و بەرەو شێوە ڕێزلێنانێکی ئەم سابیرە گێچەڵگێڕە هانی دەدا. وردەوردەش ڕووەو خۆ گوناهبارکردنی دەبرد لە بەرامبەریدا و دەیپرسی کە بۆچی و بە چ مانایەك. تا ئێستا هەوڵی نەداوە لێی نزیك ببێتەوە لەبن دەستەوە بچێتە بنجوبناوانی گرفتەکەیەوە؟! کوا و کەی ئەم مرۆڤە، ئەو کابرا بێ مروەت و نەگریسەیە کە ئەم تێی گەیشتبوو؟ ئەو ئەوەتا دەڵێت ساڵەهایە بەئاواتی فرسەتێکی وەهایە و لە ناکاوێکدا بۆی هەڵدەکەوێ. تۆ سەرنج دە!.. بەئاشکرا پێوەی دیارە هەوڵ دەدا نەکەوێتە بەرچاو و کەچی ناتوانێ لە کەڵەموستی پێیەوە تا تەوقی سەری دەخنێتەوە.

بۆچی و لە پای چی؟!.. ها؟!.. سەیرە!.. تۆ بڵێی؟!.. نا نا.. لەوە ناچێ.. قەت لەوە ناچێ.. ئەو ئەوەتا..

– حەز دەکەیت ناوەکانیانت پێ بڵێم؟ وا ناوی جەنابی پاشەڕۆکەکەت زانی. ئەوانی تریشت بۆ بڵێم؟.

سابیر بە خوشنوودییەوە وەهای وت. بەڵام ئەم لە گێژەنی پەشۆکانێکی دەروونی ئەوتۆدا بوو کە نەتوانێ هیچ بڕیارێکی دەستوبرد بدا.. بۆیە پچڕپچڕ و بە شڵەژانەوە لێی هاتە وەرام.. وتی:

– ها؟!.. ئا.. نەء.. نەء.. تۆ ڕاوەستە.. پارچە کاغەزێکم بدەرێ با بنووسم.. نا نا واش نا.. من حەز دەکەم..

وتەی (حەز دەکەم)ەکەی بە ڕوونی وای دەگەیاند کە بڵێ (حەز دەکەم بیانبینم) و بەڵام لێی دوودڵە ئەوە هێندەی تر شپرزەی کرد و لەنگەری هەڵسوکەوتی لێ شێواند . تەنانەت ئەو مەبەستە سەرەکییەشی بۆی هاتبوو، ڕەوتی لە بیر و هۆشیدا تێك چوو.. کە لاکەوت و داخزایە فەرامۆشییەوە ئیتر بەناچاری ڕاچەنییە سەرپێ.. بەبێهوودە چاوێکی بەولا و بەولایدا گێڕا. دەتوت شتێکی نادیاری لێ بزر بووە و بەبێ پەرواش

بۆی دەگەڕێ تا دیسان پچڕپچڕ و لەژێر لێوەوە وتی:

– بمبوورە.. دەمویست.. زۆرتر دابنیشم. بەڵام جارێ ئیشێکی پەلەم هەیە.. دەبێ بڕۆم.

هەنگاوی نا بڕوا لە پڕێکدا وەرگەڕایەوە.. وتی:

– سەرت لێ دەدەمەوە.

لەگەڵ وەرگەڕانەوەکەیدا خەندەیەکی ورشەداری بەسەر لێوی سابیرەوە بینی. لە سەرەتادا دڵی لێ پیس کرد. وای بۆچوو کە دەشێ گاڵتە پێهاتن بگەیەنێ. بەڵام دوایی کە پێدا چووەوە و لێکیدایەوە. دڵی لێ خاوێن کردەوە و وەك خەندەیەکی خۆشحاڵی و شادمانی بۆی لە زەین گرت. ئەم سەردانە کتوپڕەی سابیر و ئەنجامەکەی، لە بریی خاوکردنەوەی هەندێ لە ئالۆزی گرفتەکەی نێوانیان. بۆی بووە مایەی شڵەقانێك لە مێشکیدا.

لەوەبەر تا باوکی لە ژیاندا بوو. ئەم لەو جارانەدا کە ڕێکەوتی بینینیانی کردبوو ئالابنە گرفتەکەوە. بەزۆری هەر قرە و برەی لێ بیستبوون. بەتایبەتیش ئەو دوا جارەی هەمووکات بەزەقی دەهاتەوە پێش چاو کە باوکی لەسەر جێگەی مردن کەوتبوو. هەروا مانگێك بەر لە مردنەکەی بوو کە سەرلەبەیانییەك لێیان پەیدا بوو. ئەم کاتێ چوو دەرگەی لێ کردەوە. لەوەدابوو ئیزنی بدا و ئەو بەری لێ گرت. بەنیمچە پاڕانەوەیەکەوە وتی:

تکایە دەست بەڕوومەوە مەنێ. بیستم باوکت زۆر ناساغە و بە تەنگەوەم دیدەنی بکەم.

کە ئەم لە روودا داما و وتی:

– باشە.. بەڵام بابچم ئاگەداری بکەم

ئەو هەنگاوی نایە ناو دەرگاکەوە و وتی:

– نا.. تکات لێ دەکەم.. لە ئەستۆی خۆم.. من دڵنیام ئەو خۆشی دەست بەڕوومەوە نانێ.

ئیتر کە مۆڵەتی دا و پێکەوە چوونە ژوورەوە بۆ لای، سابیری بینی وەك کۆیلەیەك لێی چووە پێشەوە.

لە ئاستی سەریدا بەچۆکدا هات. بەرێزێکی سەرسوڕهێنەرەوە جارێك و دووان و سیان دەستی ماچ کرد. بگرە سەرنجی دا وا هەردوو چاویشی فرمێسکیان تێ زاوە و تەوژمی گریانێك لە قورگیدا قوڵپ دەدا لە کاتێکدا باوکی کە بەردەوام تیلەچاوێکی ئاراستەی ئەم بوو. نە بەچاك و نە بەخراپ ورتە و جووڵەی لێوە نەدەهات.

ئەم بەدیمەنەکەی باوکیدا زوو هەستی کرد کە دەبێ جێیان بێڵێ. بەبێدەنگ کشایەوە ژوورەکەی و زۆری نەخایاند دەنگەدەنگیانی کەوتە بەرگوێ دەنگەدەنگێك کە ئەگەرچی مشتومڕی دەگەیاند. بەڵام نەدەگەیشتە ئەو رادەیەی کەسێکی دەرەوەی ژوورەکە بتوانێ لێیان حاڵی ببێ بەدوایدا خامۆشییەکی هێندەی ماوەی جگەرەکێشانێکیان کەوتە نێوانەوە. هیچ ورتە و جووڵەیەکیان لێوە نەدەبیسترا.

دەتوت قەت ئەو ژوورە چوار دیوارێکی سەرگیراو نییە و دوو مرۆڤی زرت و زیندووی تێدابن! ئەم کە هەر گوێی هەڵخست و هیچی نەبیست. خورپەیەك لە ناکاو دای لە دڵی. ترس و سامێك شالاوی بۆ هێنا و لەگەڵیدا قوت بووەوە و خۆی گەیاندە ناو دەرگەی ژوورەکەی خەریك بوو هەنگاو بنێ بۆ لایان و لەو ساتەدا ژیانیان بەبەردا هاتەوە. بەڕوونی گوێی لە باوکی بوو کە وتی:

– خوات لەگەڵ.

ئینجا سابیریشی بینی کە هێمن و لەسەرخۆ لە ژوورەکە هاتە دەرەوە و بێ گوێدانە ئەم و هەوڵدانی خواحافیزی لێ کردنی، بەرەو دەرگەی حەوشە ملی ناو لە ماڵ چووە دەر.

دوای مردنی باوکەش، کابرا وەك بەیناوبەینێك ئەو گرفتە لە مێشکیدا هەڵتۆقێتەوە، لەپڕێکدا شالاوی دەهێنا و یەخەی ئەمی لەسەر دەگرتەوە. دوا جاریشیان ئەوەکەی سەرلەبەیانی رۆژی نامەردییەکەی لەمەڕ کەریمە کۆم بوو. ئەم لەو ساتەدا گومانی نەبوو کە بەشێوەیەکی تایبەتی هاتووە و لە چەقی رێگەکەیدا راوەستاوە. بگرە دەروونیشی سیخناخی رقوکینەیە و ئامادەی هەڵمەت بۆ هێنانێتی. ئەم ئێستا کە پێدا دەچێتەوە. بۆی روون دەبێتەوە کە ئەو بە هەمان نیمچە پاڕانەوەکەی رۆژی سەردانەکەی لای باوکی وتی:

– سەبرییە فەنی.. تکات لێ دەکەم.. خۆ من داوای سەروەت و سامانت لێ ناکەم.. موڵك و ماڵم لێت ناوێ.. خۆ من سواڵکەر نیم. کاکە من لە خوا بەزیادبێ..

کەچی ئەم وەك لە چنگی مێردەزمەیەك هەڵبێ، بەپڕتاو خۆی لادا و بۆی دەرچووو! تەنانەت کە دوای چەند هەنگاوێك هەر بەدەم ڕێوە، ئاوڕێکی دایەوە و سەیری کرد وا بەدوایەوەیە، هیچ شەرمی نەکرد و دایە نەرمە نۆقە.

بەدەم ئەم کەینوبەینەوە بوو کە بەناو بازاڕدا بەرەو گومرگە سووتاو شۆڕ بووەوە. بەو نیازەش وەهاوە ملی دەنا کە بڕیارەکەی بەجێ بێنێ و بچێتە دیدەنی تۆفیقەفەنی.

بەڵام هێندە بەخاو و خلیچکی هەنگاوی دەنا کە بە ئاشکرا دیاربوو لێی دوودڵە. هەر وەهاش بوو. نەك لە پێویستی چوونەکەی، بگرە لەو بارە دەروونییە شێواو و ئاڵۆزەی کە هەرچەندی دەکرد لە عۆیەی نەدەهات لە دڵدا وتی:

(دیارە من ئێستا کە دەچم، باس هەر لە سابیر و گرفتەکەی نێوانمان دەبێ، سابچم چی بڵێم و چۆن بدوێم؟).

وەکی تریش کە بیری لە بەجێ نەهێنانی بەڵێنەکەی دەکردەوە، تەریقی دایدەگرت و دەیوت: (نا.. هەردەبێ بچم و عوزرخوایی بۆ بێنمەوە.. دەنا لە ڕوویدا تەواو شەرمەزار دەبم).

ئەو کاتە خەریك بوو پێی دەنایە ناو مەیدانەکەی بەرگوومرگە سووتاوەوە. دەبوو لەوێوە بپەڕێتەوە بۆ بەر خانەقا و ئینجا بە لای ڕاستدا لابدا بۆ ناو کۆڵان. ئیتر زۆر نەدەڕۆیشت و دەگەیشتە جێی مەقسەد. کەچی لە سێ چوار هەنگاوی زیاتر بە مەیدانەکەدا نەناو شریخەی ڕیزە گوللەیەك لەبەر خانەقاوە ڕایچەناند. ئانوسات لە جێی خۆی چەقی و ملی قوت کردەوە و هەڵی ڕوانی. بۆ یەکەم جار لە بندەستەوە دیمەنە ئەفسانەییەکەی بەچاوی خۆی بینی. بەر خانەقا وەك بووبێتە گۆمێك و لە حەواوە تاشەبەردێکی تێ فڕێ درابێ، ئاوەها خەڵکەکە لە شێوەی بازنەیەکدا بە فڕکان هەڵدەهاتن. ویستی ڕابوەستێ و بزانێ چی قەوماوە و چی ڕوو دەدا. پشتی بەوە بەست کە ئەم ماوەیەکی باش لە شوێنی بەربوونەوەی تاشە بەردەکەوە دوورە بگرە وای لە دڵ گرت کە هەر لە بنەڕەتەوە لە قەراغی گۆمەکەوەیە و هەڵاتنی پێ ناوێ. بەڵام هەر خێرا بۆی ساغ بووەوە کە نەدوورییەکە دادی دەدا و نە سەر قەراغ کەوتن. سەیری کرد وا هەر شریخەیە و لە شریخەی یەکەم دەزێن. وا ڕووەو مەیدانەکەش دێن و لەمەوە نزیك و نزیکتر دەبنەوە. ئینجا ئەوەتا شاڵاوی شەپۆلەکانی خەڵکەکەش یەك بەدوای یەکدا دەگەنە ئاستی و وەك تێسکەی تفەنگ فڕکە دەکەن. ئەوسا دڵنیا بوو کە نەخێر زۆری

پێ ناچێ و ئەم دەکەوێتە ناوەندی گۆمەکەوە و رای گۆڕی. بەدەستووری ئەوان ملی بۆ زەبری ئەفسانەی قڵیشانەوەدا و پاشەوپاش، بەرەو پێچ و پەناکانی ناو بازاڕ تێی تەقاندەوە.

بەدەم راکردنەوە. لە یەکێ لە هەڵاتووەکانی پرسی کە وای دانا لە ناوەندی قڵیشانەکەوە هاتووە:

– ئەرێ چی بوو؟.

کابرا لە وەرامیدا تەنیا وتی:

– قسەی قۆڕ!

ئیتر ئەمیش کە هەندێ لە دووکاندارەکان دەیانویست راگیری بکەن و هەمان پرسیاری بەڕوودا بدەن، پڕ بەدڵ حەزی دەکرد هەمان وەرامیان بداتەوە. بەڵام بەدەمیدا نەدەهات و تەنیا وەك لای خەڵکەکە باو بوو دەیوت:

– قڵیشایەوە!

کاتێ گەیشتەوە نزیك قەیسەرییەکە، نیازی چوونەوە لای سابیر وەك برووسکەیەك لە مێشکیدا سەری هەڵدا. تەنانەت تا گەیشتەوە بەر دەرگەکەشی هەر گیرۆدەی بوو کەچی لەوێدا دڵی لێ کرمێ کرد و پاشگەز بووەوە. ئیتر هیچی بەدەستەوە نەما بیکا، سەردانێکی چاخانەکەی حەمەڕەق نەبێ.

## ٣

هەواڵی قڵیشانەوەکە بەر لە گەیشتنی بە ماوەیەکی کەم، ناو چاخانەکەی ورووژاندبوو. کاتێ ئەم پێی تێ نا، هەبوون لێی دەردەفرتانە دەرەوە و بەرەو ماڵەوەیان هەیپێیان لێ دەکرد. هەبوون بەیەکدا دەهاتن و ئامادەی هەڵاتن بوون. هەشبوون لە جێی خۆیان پاڵیان لێ دابووەوە و بەوە پشت ئەستوور بوون کە گۆمەکە هێندە لێیانەوە دوورە، قەت ناشێ شەپۆلەکانی بگەنە لای ئەمان. تاقمە هاوەڵەکەی ئەم، شەوقییە فەنی و عومەری سۆفی و روشدی لەم بەشە بوون. لە بنەوە و لە شوێنە هەمیشەیییەکەیدا کە دەیڕوانی بەسەر شەقامەکەی تەنیشتیاندا، بەبێ خەم لێی دانیشتبوون.

وەختێ ئەم راستەوخۆ رووی تێ کردن، هەرسێکیان وەك هەم بۆ بینینی بەپەرۆش بن و هەم سەریشیان لە پەیدابوونەکەی لەم ساتەدا سووڕ بمێنێ، ملیان بۆ قوت کردەوە و تەنانەت شەوقی بۆشی هەڵسایە سەر پێ. ئینجا ئەویش بە سەرسامییەکی تێکەڵ لە گاڵتەوگەپەوە، هەر لە رێوە پێی وت:

– وەرە.. وەرە بزانم تۆ لە کوێ بوویت!.. لە بنی بیردا یا لە حەوت تەبەقەی ئاسمان؟!.. ها.. لە کوێ؟

عومەر و روشدیش بەهەمان شێوە رووی پرسیاریان تێ کرد. بەڵام ئەم پرسیارە سەرەکییەکەیانی شتگوێ خست و کە دانیشت وتی:

– دەزانن ئێستا لە کوێوە هاتووم؟!.. لەلای قڵیشانەوەکەوە.

– لەو کاتەدا لەوێ بوویت؟

– لە ناوەندەکەیدا نا.. لە قەراغەوە بووم.

– چی بوو؟!.. چیت دی؟!

– بەبینین هیچ.. بەبیستنیش تەنیا تەقەیەکی زۆر.

– ئیتر دوو قاچت هەبوو، دووی تریشت بۆ قەرزکردن و ها سەبری بفڕە!.

– نەء وا نەبوو.. من هەر دووەکەی خۆمم خستنە کار. نەك لەبەرئەوەی گوایە ئازا و چاونەترسم.. نەء.. بگرە لە کەنارەوە بووم و پێویستم بە قەرزکردن نەبوو. لە کاتێکدا

ئەوەکانی ناوەندم دەدی نەك هەردوو، بگرە دەیان قەرز کردبوو. خۆ نەهێنییەکەی ئەم جیاوازییەش لە رووە.

مەسەلە بە کورتی بریتی بوو لە رادەی دوور و نزیکییەوە لە مردن. ئینجا ئەمیشیان رادەی ترس و سڵەمینەوەکە لە مردن دەستنیشان دەکا. تۆ چەندە لێوەی نزیك بی، یا ئەو لێتەوە نزیك بێ، توندوتیژتر لێی رادەکەیت و خۆتی لێ دوور دەخەیتەوە. چەندیشە لێوەی دوور بیت یا لێتەوە دوور بێ، خاوتر رادەکەیت و کەمتر خەمی لێ هەڵاتی دەخۆیت. سا من لەم بابەتەیان بووم. دەنا خۆ من ناڵێم وەڵا ئازا و چاونەترس بووم. من لە سەرەتادا لەبەرئەوەی لە کەنارەوە بووم، تۆزێ.. دەڵێم تۆزێ خۆم راگرت. بەڵام هەر زوو کە سەیرم کرد وا خەریکە دەگاتە ئاستم، دەستوبرد مێشکم خۆی لە خۆیەوە کەوتە کار و وریای کردمەوە کە لە ئان و ساتدایە بچمە خانەی نزیکەکانەوە. ئەمیش هەڵاتنی وەك تێسکەی تفەنگی گەرەکە. ئا.. تێسکەی تفەنگ لە بەرامبەر تێسکەی ئەو گوللەیەدا کە تۆ بۆی لەباریت و لە هەر ساتێکدا، چزە کوشندەکەت لێ هەڵسێنێ. ئیتر سا نەمکردە نامەردی و هێندەی بڵێی یەك و دوو، چوومە ریزی نەك هەر قاچ قەرزکەرەکانەوە، بگرە باڵ گرتووەکانیشەوە.

ئینجا لە ئەنجامیدا ئەوەتا لەگەڵتاندام و بە زرت و زیتی دەمبینن.

ئەوان کە سێ برادەری نزیکی بوون، لەوەبەر بەم جۆرە قسانەی راهاتبوون. شەوقییە فەنی یازدە ساڵی رەبەقی لە یەك دایەرەدا لەگەڵدا بەسەر برد. راستە پێشتر برادەر نەبوون، بەڵام یەکتریان باش دەناسی و لە زۆر زووترەوە، سڵاو و هەواڵ پرسینی سەرپێییان لە نێواندا هەبوو. عومەر کە دەبووە پوورزای عێزەتەفەنی، لەو وەختەوە بووە برادەری کە پێکەوە لە دایەرەی شارەوانی بە مووچەخۆر دامەزران. هەر ئەویش بوو کە لەگەڵ عێزەتەفەنیدا کردنییە دراوسێی یەکتر. لە کاتێکدا روشدی کوڕی گەڕەکێتی و برادەری منداڵی. ئەو ئەگەرچی بۆ ماوەی بیست ساڵێك پەڕەوازەی شاران بوو، بەڵام کە گەڕایەوە یەکەم کەس بوو ئەم پێوەندی لەگەڵدا بەستەوە و پێی شاد بووەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا قسەکانی وەها کاری تێ کردبوون کە لە ئاستیاندا کڕوکاس بووبوون. تەنانەت چەندی تری بدانایە بەدەمەوە، کەسیان ئارەزووی قرتاندنیانی نەدەبوو. بەڵام کە ئەم بۆ چاوەڕوانی گفتیان خۆی بێدەنگ کرد، ئەوسا شەوقییە فەنی

وەك لە پڕێكدا لێی بەئاگا بێتەوە، نەرمە پێكەنینێك گرتی و وتی:

– پەككوو!.. قڵیشانەوەشت خستە قالبی فەلسەفەوە؟.

روشدی هەڵی دایە:

– ئەرێ خۆ بەڕاست وایە!.. ئەگەر با بڵێین لەبەر ئەم چاخانەیەی خۆماندا بقەومایە، ئێمە ئێستا ئەئاوا بەبێ خەم دانیشتووین چیمان دەكرد؟ دیارە كە نەك هەر قاچمان قەرز دەكرد، بگرە وەك ئەو وتی باڵیشمان بۆ لێ پەیدا دەبوو. یا رەنگە هەر نەمانزانیایە لە كوێوە و بەكوێدا بفڕین.

عومەر لایەكی بەلای جامخانەی سەر شەقامەكەدا كردەوە و وتی:

– زۆر راستە.. نەشماندەتوانی لە دەرگەكەوە دەرباز ببین. دەبوو لێرەوە.. ئالێرەوە بۆی دەربچین.

– ئاخر دەبوو شووشەكان بشكێنین.

– جا چییە!.. دەمكرد و ئەولاتریش، گیان شیرینە.. شووشە چییە؟.

– ئەی كاكە حەمە؟!.. چایەكی لەلا دەخۆیتەوە بە دە فلس و جامخانەیەكی دەشكێنیت؟.

– ئاسانە.. دوایی لەگەڵیدا رێك دەكەوین.

– یانی ئێستا ئەگەر بقەومێ دەیكەیت؟.

– ئا ئەرێ وەڵا دەیكەم.. كاكە گیان شیرینە.

لێرەدا سەبری هەڵی دایە و وتی:

– هێجگار واش نا.. ئەمەشیان ترسنۆكییەكی بێ تامە.

عومەر وتی:

– ترسنۆكییە ئا.. بەڵام بێ تام نییە. ئەی گوایە ئەوە ئازایەتییە من لە دەرگەوە بچمە دەرەوە و سنگ بە گوللەی وێڵەوە بنێم؟.

روشدی وتی:

– وێڵ؟!. كێ دەڵێ وێڵ؟!. رەنگە راست ئاڕاستەی سنگت بكرێ.

– قەیناكە.. تۆ بڵێ وێڵ.

– یانی ژیان ئەوەندە دێنێ کە پیاو بۆی ببێتە ترسنۆکێکی بێ تام؟.

مەبەستمە بڵێم: نە ئەمیان و نە ئەویان.. مامناوەندی.

سەبری بوو وای وت: شەوقییە فەنی هەڵی دایە:

– دیسان فەلسەفە؟ فەرموو روونی بکەرەوە. مامناوەندی چی دەگەیەنێ؟.

ئەم نەگەیشت دەم بۆ روونکردنەوە هەڵبێنێتەوە و لە دوور، دەنگی ریزێك گوللەیان هاتە بەرگوێ. هەموو ملیان قوت کردەوەوە و گوێ قوڵاغ بوون. روشدی وتی:

– دوورە.. لەلای ئەسحابە سپییەوەیە.

عومەر وتی:

– ئەگەر لای ئەسحابە سپی دوور بێ، ئەی کامە نزیکە؟.

روشدی بە پێکەنینەوە وتی:

– مەبەستم ئەوەیە کە پێویست بە شووشە شکاندن ناکا. عومەر لێی تێ گەیشت و پێکەنی. شەوقییە فەنی وتی:

– هەڵسن کاکە.. هەڵسن بابڕۆین.

لەگەڵ راست بوونەوەیاندا، ریزێکی تر کرا و بەدوایاندا تەقە بووە برێشکە. تا دەهاتیش بەرەو ژوور رووەو بەردەرکی سەرا دەکشا. عومەر بۆ گاڵتە وتی:

– کاکە من بۆ ئەوەی فریای دەربازبوون لە دەرگەوە بکەوم و شووشە نەشکێنم، وا بڕیاری راکردنم دا.

ئیتر هەر بەڕاستی بەرەو دەرەوەی چاخانەکە دایە لۆقە و ئەمانیش بە دوایدا.

***

سەبری ئەو رۆژە بۆی نەلوا دیدەنی تۆفیقە فەنی بکا. شار ئەو شڵەقانەی شڵەقا، تا تاریکی شەو باڵی بەسەردا نەکێشا هێور نەبووەوە. ئەوساش خەڵکەکە لە دوو سێ ساڵی رابوردووەوە وا راهاتبوون کە ئەگەر بە ناچاری و بۆ کارێکی زۆر پێویست نەبووایە، تا رۆژ دەبێتەوە سەر لە ماڵ نەهێننەوە دەر.

نەشگەڕایەوە ماڵەوە. بەڵێ.. کە لە چاخانەکە پێی هێنایە دەرەوە بەرەو ماڵەوە ملی نا. بەڵام کاتێ لەسەری کۆڵانەکەی خۆیان نزیك بووەوە، هەستێکی دڵتەنگی لە

گەڕانەوەی بۆ ماڵەوە تەنگی پێ هەڵچنی و رای پێ گۆڕی. لای نەدا و بەرەو گەڕەکی عەقاری بۆ ماڵی بەهێی خوشکی گوڕی بەستەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەم را گۆڕینەی لە دڵدا پێ خۆش نەبوو، بەدەم ڕێوە هەر لێکی دەدایەوە. لێی بوو بە مەراق و دەیوت: «لەوە دەچێ خۆمی لی بدزمەوە.. یا ترسێکی خستبێتە دڵمەوە و لێی هەڵبێم!. دەنا بۆچی نەچوومەوە؟. یانی وای لێ هات لە لانە پیرۆزەکەی خۆم لالووت بم؟ ناشێ.. قەت ناشێ.. بۆچی و لە پای چی؟!. من پەنجا و نۆ دانە ساڵە هەر ئەوێ هێلانەمە. هەر ئەوێ جێی حەسانەوە و ئارام گرتنمە ئیتر چۆن دەگونجێ لێی ببێزرێم؟».

تەنانەت دوو جاریش گەیاندییە ئەوەی پاشە و پاش بگەڕێتەوە و بچێتەوە ئامێزی هێلانە دێرینەکەی. کەچی لە هەردووکیاندا ئەنجامی هەر بەوە شکایەوە خۆی قایل بکا کە مەسەلە خۆ دزینەوە و هەڵاتن نییە. بگرە پێویستی بەسەربردنی شەوێکە لە ماڵی خوشکی و بەتایبەتی لەگەڵ حەمەجەزادا کە شان بەشانی بڕیاری چوونەکەی بۆ لایان، وای لە دڵ گرتبوو بیدوێنێ و هەندێ شتی پێ روون بکاتەوە.

کە گەیشتە جێ، کات خۆی دابوو لە یەکی دوای نیوەڕۆ. ئەو وەختە پەڵەهەورە پەرت و بڵاوەکانی سەرلەبەیانی کە نمە بارانەکەیان داباراند، یەکدگیر بووبوونەوە و بەری ئاسمانیان تەنیبوو. بە سەرنجدانێکی خیرا بۆ هەموو کەس دەردەکەوت کە یەکەم رێژنە بارانی پایزە بەڕێوەیە دابدا.

بەهێ دەتوت ئەم سەردانە کتوپڕەی کاکی لە خواوە بۆ ساز دراوە. کاك ئەگەرچی درێغی لە دەربڕینی خۆشەویستیی بۆ ئەو و منداڵەکانی و بۆ حەسەنی مێردی نەدەکرد، بەڵام بەیناوبەینێکی دوور سەری لێ دەدان و پتر هەر ئەوان دەهاتنە دیدەنی ئەم. بۆیە بەهێ وەك پەپوولە بەدەوریدا کەوتە خولانەوە و بە هاتنەکەی شاگەشکە بووبوو. لە بیریشی نەچوو هەر زوو لێی بپرسێ:

– حەمەجەزا هات بۆ لات؟ بەیانی دەتوت خەوی بینیوە!. هەر کە لە خەو هەڵسا، خۆی گۆڕی و وتی دەچم بۆ لای خاڵم..

ئەم لە وەرامیدا تەنیا وتی:

– هات.. ئا هات.

– چی دەویست؟.

– هیچی وانەبوو.. هەر حەزی کردبوو سەرم لێ بدا. ئیتر بواری نەدا درێژەی بداتێ. لە ژوور بەدەرکەوت و لە حەوشەکەدا کەوتە هاتوچۆکردن. تا زۆری نەخایاند حەسەن پەیدا بوو. بەشپرزەییەکەیدا دیار بوو کە ئەویش باڵی بەخۆی گرتووە. ئەگەرچی بەخێرهاتنە گەرمە ئاساییەکەی لەم فەرامۆش نەکرد، بەڵام بەپەلەش لێی پرسی:

– حەمەجەزا هاتووەتەوە؟.

ئەم وتی:

– نەء.

ئیتر لەمی لادا و چووە ژوورەوە. لە ڕێوە بانگی کرد:

– بەهێ.. منداڵەکان لە ماڵەوەن؟

گوێی لێ بوو بەهێ وتی:

– ئائا.. حەمەجەزا نەهاتۆتەوە .. کەمالیشم پێش تۆزێ نارد بۆ نانەواخانەکە.

حەسەن وتی:

– وەختی نانکڕین نییە.

بەپڕتاو لە ماڵ دەرپەڕییەوە دەرەوە. هێندەی پێ نەچوو کەمالی هێنایەوە و هاتنەوە. ئەوسا خۆی بۆ ئەم تەرخان کرد. بە گەرمەوە خۆشحاڵیی خۆی بە هاتنەکەی دەربڕی. بیریشی هەر لەلای حەمەجەزا بوو بێ ناوبردنی وتی:

– دەی من ئەوەتا یەکسەر دەزگا و دووکانم پێچایەوە و ئەو راکردنەی رام کرد. تا ماڵەوە نەگیرسامەوە. ئێ باشە جەناب تۆ بۆ لە دەرەوە ماویتەوە؟ ئاخر توخوا کاکە سەبری ئەمە ئەقڵە ئەو هەیەتی؟ ئەمە ئازایەتی پێ دەڵێن؟.

ئەم بۆ دڵنیاکردنی وتی:

– تۆ راست دەکەیت. بەڵام خەمت نەبێ. وریایە و ئاگەداریی خۆی دەکا.

– دەیکا دەزانم دەیکا.. ئاخر گوللەی وێڵ ئامانی بۆ نییە. پیاو کە بتوانێ خۆی لێ بپارێزێ. بۆچی لە خۆڕایی ببێتە نێچیری؟.

– راستە.. ئەگەر بتوانێ.

– دەتوانێ.. هەموو کەس دەتوانێ.. کە زانیت ئەوە گوللەی وێڵە و وا لە نزیکتەوە

برێشکە دەکا، تۆ حەوت فرسخ خۆتی لێ دوور بخەرەوە. هیچی تێ ناچێ راکە.. قاچت بکە بە باڵ و پێیان بفڕە. خۆ عەیب نییە. یانی عەیبە پیاو بتوانێ لە چنگی مردن رابکا و قورتاری ببێ؟.

– نەء.. کەسیش نییە حەز لە مردنی وا بکا کەچی رووی داوە و هەر رووش دەدا.

– چونکە خۆی ناپارێزێ.

– دەشێ.. بەڵام هەشە فریای خۆ پاراستنەکە ناکەوێ جاری وا هەیە تێسکەی گوللەکە خێراترە لە فڕکەی راکردنەکەی ئەو.

– ئێ ئاخر ئەو ئەگەر تۆزێ هۆشمەند بێ، دەتوانێ هەر هێندەی لە دوورەوە دەنگەکەی هاتە بەرگوێ، گێل نەبێ و چاپووکانە هەیپێی لێ بکا.

– ئەوە بۆ دوورەکە.. ئەی بۆ کەسێك کە گوللەکە لە پڕێکدا لە بن گوێیەوە شریخە دەدا.. ئەو چی بکا.

– ها؟!.. ئەو؟!.. نەعووزوبیللا!.. ئا.. بۆ ئەو ستەمە.

ئەمان لەم دەمەتەقێیەدا بوون و حەمەجەزا خۆی کرد بە ماڵدا باوکی بە خۆشنوودییەوە وتی:

– دەوەرە کاکە وەرە.. دەستمان لەسەر دڵمان بوو. ئەو بزەیەکی شیرینی بەڕووی خاڵیدا دا. ویستی بەوە خۆشحاڵی خۆی بەرامبەر هاتنەکەی بدات. لە وەرامی باوکیشیدا وتی:

– بۆ بابە بۆ!.. چی بووە؟.

باوکی دڵی حەوابووەوە. مەیلی گاڵتە و گەپیشی تێدا بزوابوو. بەڕوویەکی گەشەوە وتی:

– وەڵا بڵێم چی!.. وتیان ماڵی پاشا برێشکەیان دەبرژاند!. سێ قۆڵی دایانە قاقای پێکەنین. لەگەڵیدا لە دوور کە بەمەزنەی خۆیان دەیکردە گەڕەکی دەرگەزێن، خرمەی چەند دەسڕێژێکی یەك لە دوای یەکیان هاتە بەرگوێ، ئەم جارە حەمەجەزا وتی:

– ئا بەڵێ.. دیارە ماڵی پاشا زۆریان حەز لە برێشکەیە!.. هەر لەو ساتەشدا برووسکەیەکی درێژخایەن، بە تەختی ئاسمانەوە شەوقی دایەوە و سەرنجی هەرسێکیانی بەلای خۆیدا راکێشا. بەدوایدا هەورەتریشقەکە ناڵەیەکی سامناکی بە

گوێدا دان و رای چڵەکاندن.. حەمەجەزا بە لاقرتێوە وتی:

– ئەمیش لەولا بوەستێ.

ئیتر هەرسێکیان دایانەوە قاقای پێکەنین. بەدەمییەوە ناو حەوشەکەیان جێ هێشت و خۆیان کوتایە ژوورەوە. ئینجا هەر هێندەی دانیشتن و لێزمەی باران بەشەستە دایدا. دەتوت ئاسمان دەمی کوندەیەکی لە زەوی کردووەتەوە. جگەرەکێشانێکی پێ نەچوو پلووسکەکانی سەربان پڕبەپڕ فوارەیان هەڵدا. گوێسوانەکان چۆڕاوگەیان بەست. لقوپۆپی درەختەکان لار بوونەوە و ملیان داهێشت. رووی ئاسمان و سەرزەوی وەها لێڵ و تەڵخ بوون کە ئەگەرچی هێشتا دوو سەعات و نیوی مابوو بۆ خۆرئاوا بوون، کەچی دەتوت ئێوارە وەختێکی درەنگە و لە ئان و ساتدایە شەو دابێ.

دیمەنەکە کارێکی تەلیسماوی لە سەبری کرد.. هەڵسا و چووە بەر پەنجەرەکەوە. وەك پەرستکارێك رووبەڕووی راوەستا ئەو هەستە ئەفسووناوییەی بە درێژاییی تەمەنی فامکردنەوەی بەرۆکی بەر نەدابوو شاڵاوی بۆ هێنایەوە. هاویشتییەوە ناو جیهانە پەشمەکییەکەیەوە. لە دڵدا وتی:

(ئەگەر باران توانای شتنەوەی مرۆڤی لە گوناه ببووایە رۆژی بەم رۆژە نەدەگەیشت هەر ئادەمییەك کە دێتە ژیانەوە. چەند جارێك بەدرێژاییی ساڵانی ژیانی باران هەر لێی دەدا. سا ئەگەر ئەو توانایەی ببوایە. مرۆڤەکە کەم و زۆر لە گوناه پاك دەبووەوە. کە دەڵێم کەم و زۆر، یانی هیچ نەبێ گوناهی وەك ئێستا هەیە تێدا جیر نەدەبووەوە. تا ئەم گوناه تەقەلای دەدا بنجی تێدا داکوتێ، ئەو رێژنەبارانە دەهات و دەیسڕییەوە. ئیتر هیچ گوناهێك بوی نەدەلوا ئەو رەگی نەمرییەی ئێستا داکوتێ کە دایکوتاوە. بەڵام دەڵێی چی!.. وا نەکەوتووەتەوە و داخە جەرگبڕەکە لێرەدایە. لەگەڵ ئەوەشدا تۆ بڵێی نەتوانرێ کارێك بکرێ کە باران ئەو ئەرکە بەجێ بێنێ؟ بۆ نەء!.. کە وزەی باران دروستکردن هاتبێتە کایەوە. بۆ نەکرێ ئەو ئەرکەشی بخرێتە ئەستۆ؟.. من بم جۆرە دەرمانێکی تێکەڵاو دەکەم کە هەر هێندەی بەر کەسێك بکەوێ. دەستبەجێ فریشتەیەکی لێ بێ.. وەك منداڵێك و تازە لە سکی دایکی بەربووبێتەوە. پاك و بێ گەرد و هێشتا هیچ تەپوتۆزێکی ئەم مرۆڤایەتییە گەوزاوەی ناو بۆگەناوی ئێستای لێ نەنیشتبێ. ئا.. بۆ نەء؟!. خۆ ئادەمییەکە خۆی لە بنەڕەتدا چەندە پیس و پۆخڵ و چەپەڵە، هێندەش پاك و خاوێن و جوان و شیرینە. چەندە دڕك و داڵە، هێندەش گوڵ و

گوڵزاره. ئێمه چیمان دهوێ؟. بۆگهنییهکهی بشۆینهوه و خاوێن خاوێنی بکهینهوه. دڕك و داڵهکهی توونا بکهین و گوڵزارهکهی برهو پێ بدهین.

ئهگهر بهمن بووایه ئهم بارانهم دهنارد بچێ بڕژێ بهسهر ئهو زهلامانهدا که گوللهبارانهکه دهکهن. بچێ له بیریان بهرێتهوه پهلهپیتکهی چهکهکانیان له کوێدایه. ئهوسا ئیتر نه گولله شریخهی دههات و نه کهسیش قاچی بۆ راکردن قهرز دهکرد یا باڵی بۆ ههڵاتن لێ پهیدا دهبوو ئا.. ئهگهر باران ئهو توانایهی ببوایه، ئێستا مرۆڤایهتی..)

– خاڵه... بیر له چی دهکهیتهوه؟.

حهمهجهزا لهو خهیاڵه خۆشهی دهرکێشا. که رووی بۆ وهرگێڕا، وهك لهبهر خۆیهوه بدوێ، بهدهنگی نزم وتی:

– باران و گوناه.

ئهو لێی حاڵی نهبوو. وتی:

– بهڵێ؟

ئهمیش نهیویست لهسهری بڕوا تهنیا وتی:

– هیچ.. وازی لێ بێنه.

***

خاڵ وهك گهرایهکی سووکه گومانهکهی سهرلهبهیانی له قووڵاییی ههست و نهستیدا مهڵاسی خواردبێ و ههر ئهوهش له حهشارهوه بهرهو ماڵی خوشکی کهمهندکێشی کردبێ، شهو له کاتی خهوتندا بهبێ نهخشه بۆ کێشان له حهمهجهزای ژیاندهوه له سهرهتادا باسیان له داخوازییهکهی ئهو بوو که فرسهتێکی باشه و ئیتر بهدرێژاییی بۆی کهوتبووه گێڕانهوهی مێژووی بنهماڵهکهیان. ئهویش تهنانهت قهڵهم و کاغهزی گرتبوو بهدهستهوه و هێندهی بۆی بڕهخسایه، له شێوهی سهرهقهڵهمدا دهینووسییهوه و کهچی ئهم وهك گهراکهی له پڕێکدا لێ ههڵتۆقێ، لهو باسه لایدا و وتی:

– ئهرێ بهڕاست.. من ئهمڕۆ بهخۆم زانی که سهبارهت بهو کابرایه کهمتهرخهمیم نواندووه.

حهمهجهزا له قسهکهی راما چاوێکی پڕ له پرسیاری بۆ ههڵبڕی و وتی:

– کام؟!

ئەم وتی:

– کەریم.. کەریمە کۆم.

– لە چ روویەکەوە؟.

– لەو رووەوە کە هەوڵم نەدابوو بچمە بنج و بناوانەوە و بزانم کێیە و کێ نییە؟

– جا ئێستا بڕیارت داوە هەوڵ بدەیت؟

– ئا.. دەشمەوێ تۆ یاریدەم بدەیت. تۆ هیچ ئاگەداری هەیت؟ مەبەستم بنەو بنەچەکەیەتی نەك رووکەشەکەی. بەم بارياندا منیش دەزانم ناوی کەریمە و کوڕی وەستا عەبدوڵای ناسراو بە کۆمە و ئیشی..

– بمبەخشە کە قسەت پێ دەبڕم. تۆ تا ئێستا ناوت هەر بە کەریمە کۆم دەبرد. کەچی راستییەکەی کەریمی کۆمەیە. چونکە باوکی کۆم بووە نەك خۆی وەك تۆ وتت.

– وەڵاهی راست دەکەیت! ئەی لای من بۆچی بوو بوو بە کەریمە کۆم؟.

– چونکە لە دڵدا وات دەویست و داخی خۆتت بەوە پێ دەڕشت.

– داخی خۆم؟!.. ئا.. دەشێ.. باوکی ماوە؟

– نەخێر.. بەڵام پیاوێکی باش بووە و خەڵکی گەلێکیان رێز لێ ناوە.

– ئەی ئەم!.. لەمیشی دەنێن؟.

– ها!.. وەڵا چی بڵێم!.. نەم بیستووە بە خراپی باسی بکەن.

سەبری تا دەهات سەرەگێژەی لە وەرامەکانی پێ دەکەوت. بەباشی بۆی لێك نەدەدرانەوە. پتر ئەوەی لەلا بوو بەگرێ کە ئاخۆ چۆن وەها لە نزیکەوە ناسیونی. وەك گەیشتبێتە تینی، راستەوخۆ لێی پرسی:

– تۆ ئەمانەت لە کوێوە زانیوە؟.

ئەو هەندێ گیری خوارد. دەستێکی دوودڵی و رامانی بەسەر و قژیدا هێنا. دوایی وەك بەناچاری نهێنییەك بدرکێنێ وتی:

– مامۆستا ساڵح بۆی باس کردووم.

– مامۆستا ساڵح؟!.. کێیە؟.

– برادەرێکمە.

– ئەو مامۆستا و تۆ قوتابی.. یانی چۆن؟.

– خاڵە.. یەکەم مامۆستای خۆمان نییە و هی قوتابخانەی سەرەتاییە. واتە بەتەمەن هەروا دوو سێ ساڵێك لە خۆم گەورەترە.

دووەمیش تۆ لات روونە کە هەندێ شت هەیە ناوترێ.

ئەم زوو لێی حاڵی بوو. وتی:

– ئێ ئێ.. تێ گەیشتم.. مەیلێ کاکە مەیلێ نەوەکو.. ئەمە دنیایە.

حەمەجەزا بە پێکەنینێکی دڵسۆزانەوە وتی:

– خاڵە گیان.. خۆمن  هیچ ترسێکم لێت نییە. بەڵام..

ئەم نەیهێشت تەواوی بکا. وتی:

– بەڵێ بەڵێ.. لێفەی پێدادە.. وایە.

٤

بۆ بەیانییەکەی کە لە خەو بەخەبەر هات و هەر لە جێوە گوێی هەڵخست، ناو ماڵ ورتە و جووڵەی لێ بڕابوو.

سەیرێکی سەعاتەکەی دەستی کرد. کات نۆ و نیوی نیشان دەدا. تێ گەیشت کە لە بەهێ زیاتر کەس لە ماڵەکەدا نەماوە. هەڵسا و هەر بە دانیشتنەوە چەند جارێك لە ناوقەد بەرەو ژوورییەوە بەملا و بەولادا بادا. هەستی بە حەوانەوە و گورجوگۆڵییەکی چاك دەکرد لە لەشیدا.

پێی سەیر نەبوو. نۆ سەعاتی رەبەقی بێ گرێوگۆڵ نووستبوو.

هەر بەو گورجوگۆڵییەوە هەستا و دەموچاوی شووشت و خۆی گۆڕی. بەهێ ژەمە بەرچاییەکی لە هەمەچەشنەی لەسەر سینییەك بۆ رازاندبووەوە. قەیماغ و هەنگوین و هێلکە و پەنیری پێستە. هەرخۆشی عەباکەی دا بەسەریدا و چوو دوو نانی گەرمی لە نانەواخانەکەی نزیکیان بۆ هێنا. ئەم بەتام و کامەوە تێری لێ خواردن و ئەویش بە شادمانییەوە بە دیارییەوە دانیشتبوو بۆی دەدوا.

لەگەڵ ئەوەشدا هەر هێندەی لە ماڵ بەدەرکەوت و پێی نایە ناو کۆڵانەوە، هەستی کرد وا تەمی خەمۆکییەك لە قووڵاییەوە سەری لێ هەڵدەدا و بەپانتاییی دەروونیدا تەشەنە دەکا. لە سەرەتادا هۆیەکەی بۆ بەگیر نەدەهات و وای بۆ دەچوو کە یەکێکە لەو حاڵەتانەی مرۆڤ خۆشی نازانێ بۆچی و لە چییەوە، بەڵام کە زیاتر بیر و هۆشی تێوە ئاڵاند و پتر تاووتوێی پێ کرد، بەتایبەتیش کە درێژەی هەڵسوکەوتەکانی رۆژی پێشووی هێنایەوە پێش چاو، پەنجەی خستە سەر گرێی نهێنییەکە و لە دڵدا وتی:

(ئا.. سەردانەکەی سابیر! نەك هەر ئەوە قسەکانی حەمەجەزاش سەبارەت بەکەریم، ئا.. کەریمی کۆمە نەك کەریمە کۆم. سەیرە!.. باشە من نەدەبوو بچمە بنج و بناوانەوە و تێ بگەم ئەو کابرایە کێیە و کێ نییە. بۆچی وا دەکا و چیی دەوێ؟ وەڵا سەیرە. سەبری تۆ بۆ وات بەسەر هاتووە؟! تۆ کەی ئەوەندە شەق و شلۆق بوویت و لە پای چی وەها بێ تامت کردووە؟! یا ئەوی تریان.. سابیر.. ئا سابیر! گرفتەکەیت لە خۆت کردبووە کێوێکی سەخت.

نهێنییەکەیت لێ بووبووە توونی بابا. کابراشت بەدێو و درنج دادەنا! تۆ بێ تامت

کردووه.. بێ تام).

وەکو دوێنێی چۆن کە لە چاخانەکەوە هات بچێتە ماڵەوە و نەچوو، ئێستاش وەها لە ماڵی بەهێوە کەوتە ڕێ کە بگەڕێتەوە ماڵەوە و کەچی لای نەدا. ئەگەرچی لە ئاستی کۆڵانەکەیاندا تۆزێ هەنگاوەکانی لێ خاو بوونەوە، بەڵام ئەگەر یەکێك لەو ساتانەدا لە نزیکەوە سەرنجی بدایەتێ، دەیبینی چۆن بەرقەوە تەکانی بەخۆی دایەوە و هەر بە شەقامدا رووەو بەر مزگەوتی گەورە ملی نا.

لەوێدا وەك سەری لێ شێوابێ و لای روون نەبێ بەرەو کوێ بڕوا، لە پاڵ دیواری نزیك دەرگەکەیدا راوەستا و پاڵی پێوەدا. گێژەنی ناوەوەی هۆشی بەسەر دەرەوەیدا نەهێشتبوو.. تەنانەت ئاگای لەوەش بڕابوو کە ئەوێ شوێنی دانیشتن و راوەستانی سواڵکەرەکانی  بەر مزگەوتەکەیە.

تا کاتێ یەکێکیان دەستێکی تێوەژەند و بەسەرسوڕمانەوە لێی پرسی:

– مامۆستا چ خێرتە؟.

ئەوسا بە پەلەپرووزێ بەر دیوارەکەی جێ هێشت و کەوتەوە رێ هێشتاش هەر بەبێ ئامانج هەنگاوی دەنا.

لە ئاستی چاخانەکەی حەمەڕەقدا هۆشێکی بەبەردا هاتەوە.

لادانی بۆ ئەوێ بەهیچ کلۆجێ پێ پەسەند نەبوو. تەنانەت بێ ئاوڕدانەوەش بەلایدا، بۆ بەردەرکی سەرا تێی تەقاند.

لەوێوە لای دایە سەر شەقامی کاوە و لەبەر ئەسحابە سپیدا گیری خوارد. لە خۆی پرسی: (بۆ لای کامیان بچم.. سابیر یا تۆفیقە فەنی؟).

ئەم لەو ساتەدا بەهەست و نەست نەك هەر حەزی نەدەکر، بگرە لە وزەیدا نەبوو بەرگەی بینینی هیچ کامیان بگرێ لە دڵدا ئەمەی لا ئاشکراو روون بوو. بۆیە هەردووکیانی پشتگوێ خست و هەروا بەبێ پەروا، بە بەردەم ئەسحابە سپیدا ڕێگەی گەڕەکی دەرگەزێنی گرتەبەر. هەنگاو بەهەنگاو مێشکی دەپەنەما و سەرەگێژەی پێ دەکەوت. سەراپای لەشی گەرم دادەهات و لە گیانی خۆی بێزار دەبوو. چاوی لەبەر پێی زیاتری نەدەدی بەدەم رۆیشتنەوە هەر بیر و هۆشی خۆی هەڵدەووشی. بۆ دەرزییەکی ونبووی ناو دەریایەك دەگەڕا و نەیدەدۆزییەوە.

تـا کـاتـێ لـەسەری ئـەو سەرەوە لـە بـەرامـبـەری بـاخـی شێخ لـەتـیـفـدا سەری دەرنەهێنایەوە و یەکێ لەو برووسکانەی خۆی ناوی بەگەردوونی دەبردن لە پێچ و پەناکانی مێشکییەوە چەخماخەی نەدا، بۆی روون نەبووەوە کە حەزە هەرە رەسەنە بێ گەردەکەی بەرەو کوێ هەنگاوی پێ دەنێ! لەگەڵ چەخماخەکەدا ناوی (زینەت) وەك هاواری ناو دۆڵێکی چیا چنگ بەسەردا گرتوو، پڕبەپڕی دەروونە گەردوونییەکەی دەنگی دایەوە. ئانوساتیش تەزوویەکی ئاسوودەگی وەها بە هەناویدا تێسکەی کرد کە دەتوت تا چاوترووکانێك لەوەبەر، تا ئاستی کونە لووتی نوقمی خومخۆرکێك بووبوو، بەڵام لە دوا ساتدا دەستێکی ئەفسووناوی گەیشتێ و دەری کێشایە دەرەوە.

دەمودەست سەراپای گیانی بووە کڵپەیەکی چست و چالاکی وەرچەرخا و بەرەو ناو بازاڕ هەیپێی لێ کرد. هێندەی لە توانایدا بوو بۆی هەڵبگیرێ بیگەیەنێتە سەر جادە، گۆشت و سەوزە و میوەی کڕی. عارەبانەیەکی راگرت و تێی هاویشتن بەدڵێکی پڕ لە شادمانییەوە بە عارەبانەچییەکەی وت.

– لێخوڕە بۆ قەرەجاوا.

***

زینەت کە دەرگەی لێ کردەوە، وەك هەموو جارەکانی تری بەشێوەیەك پێشوازی کرد کە دەتوت وەختە لەبەر پێیدا بتوێتەوە. بە دەستووری هەموو ئەو جارانە، نەیدەزانی چۆن چۆنی سوپاس و ستایشی بکا و بە چ جۆرێك هەستی لە بەرچاوگرتنی چاکەی لە بەرامبەردا دەربڕێ. زمانی لە ئاستیدا لاڵ دەبوو. تێکەڵوپێکەڵ دەیدا بەسەر یەکدا و دەیویست سەرجەمی ئەو لێشاوی سۆز و ڕێز و ئەمەکدارییەی لە دڵ و دەروونیدا پەنگی خواردووەتەوە، بە یەکڕەمی و لە یەك ساتدا بۆی هەڵبڕێژێ.

وەك فڕفڕۆکە بەدەم خنینەوە و گەشکەدارییەکی بێ ئەندازەوە بە دەوریدا دەخولایەوە. بەسەرێك شتەکانی لێ وەردەگرت و دەیدانە دەست منداڵەکانی کە ئەوانیش بە فڕکان هاتبوون و لێیان گرد بووبوونەوە، بەسەرێکیش لە یەك بینا دەمی بەسوپاس و ستایش و خۆشهاتن لێکردنییەوە بوو. بگرە جاری وا دەبوو کە ئەگەرچی بەدەمولێو دەخنایەوە و پێ دەکەنی، کەچی خۆی بۆ دابین نەدەکرا و هەردوو چاویشی پڕ دەبوون لە فرمێسکی پۆپەی شاگەشکەیی و بە روومەتەکانیدا چۆڕاوگەی دەبەستە خوارەوە.

ئەم لەسەر پیشەی لەوەبەری، لە ورتەورتێکی وەرامدانەوە ئاساییەکەی بەولاوە، هیچی تری نەوت و نەکرد. هەر لەسەر هەمان پیشەش، کاتێ هەموو بەرەو ناو ژوور بوونەوە و ئەم دانیشت و دایکە و منداڵەکانیش بەپێوە لە حزووریدا راوەستان، ئەوسا وەك دەستوورێك بەجێ بێنێ کە نابێ لێی لابدرێ، دەستێکی بەهێواشی کێشا بەسەر رانی راستیدا و وتی:

– شیرینەکەم..

شیرینی تەمەن سێ ساڵان بەخنەخن هات لەسەر رانی دانیشت و سەری نووساند بەسنگییەوە. ئینجا دەستی کێشا بەسەر رانی چەپیدا و وتی:

حەمەدەکەم..

حەمەدی پێنج ساڵانیش لەسەر رانی چەپی ئۆقرەی گرت و دەستی کردە ملی. کە ئەوانی پڕ بەدڵ بەسۆزەوە ماچ دەکرد، هەردوو دەستی بەولا و بەولایدا دان بەزەویدا و وتی:

– عەباس و بەکر..

ئەوانیش کە تەمەنیان حەوت و نۆ ساڵان بوو، لەو دەست و لەو دەستییەوە دانیشتن. دوا جار وتی:

– مەلەك و دایکە..

جێگەی مەلەکی تەمەن یازدە ساڵ و دایکەش، راست رووبەڕووی خۆی بوو. چوار مەشقی دانیشتن و لە چاوەڕوانی قسەیدا، دەستیان نایە سەر کۆشیان.

دەستوورەکە لە هەر سەردانێکیدا، بێ کەم و زیاد دوویات دەبووەوە، ئەم لەلای خۆیەوە وەك بوویبێتە باوکێك و لە سەفەرێکی درێژخایەن گەڕابێتەوە ناو ماڵ و منداڵی، ئاوەها دڵی پێی دەحەوایەوە و پارسەنگی ئەندێشە شێرپەنجەییەکەی پێ دەدایەوە. لەو ساتانەدا دەتوت قەت ئەوە ئەم نییە کە شەو و ڕۆژی تەمەنی بەبێ چاوترووکانێك پشوودان، بەدەم ئەو ئەندێشەیەوە دەداتە دەم یەك. دەتوت تیشکێکی ئەفسووناوی لە قووڵاییی گەردوونەوە دێت و خۆی دەگەیەنێتە ناو دڵ و دەروونی ئەم و ئەو دەردە بێ دەرمانەی تێدا سڕ دەکا. ئینجا ئەوانیش وەك ئەم مرۆڤە کابرایەك نەبێ و هەروا لە پێنج ساڵێك لەوەبەرەوە ئاشنای بووبن، بگرە هەر بەڕاستی باوکەکە بێ و لەناو گۆڕەوە راست بووبێتەوە و هاتبێتەوە ناویان، ئاوەها پێی شاگەشکە دەبوون.

دوای ئەوە نۆرەی پلەی دووەمی دەستوورەکە بوو. ئەم جارەیان بەپێچەوانەوە لە دایکەکەوە پێدا دەهات. سەرەتا بەگشتی هەواڵی خێزانەکەی لێ دەپرسی: چۆنن؟ لە چیدان؟!.. چی دەکەن و چی ناکەن؟ گیروگرفتتان چی بوو؟!.. ئینجا دەهاتە سەر منداڵەکان و لە مەلەکەوە تا دەگەیشتە سەر شیرین، هەر یەکە بەپێی رادەی خۆی لێی دەپرسینەوە و دەیدواندن.

خۆ لە هەموو جارەکاندا پلەی سێیەمیش هەر دەبوو تێ بکەوتایە. لەمیاندا کە ئیتر زینەت کاتی هێوربوونەوەی دەهات و دەیتوانی ئاسایی بدوێ، جڵەوی پرسیار و وەرامی دەگرتە دەست و بەدەنگێکی پڕ لە سۆزی بەتەنگەوە هاتنەوە، هەمەجۆر پرسیاری لەبارەی ژیان و گوزەرانییەوە لێ دەکرد.

سەبری بەپێچەوانەی جارەکانی ترەوە، لە دڵدا بۆ ئەمیان بەئاواتەوە بوو بۆی ببێتە مایەی گفتوگۆیەکی درێژخایەن. زۆری پێ بوو بۆی هەڵبرێژێ و هیچ نەبێ لەلای ئەو، دەرفەتێك بۆ دەربڕینی ئەو لێشاوی ئەندێشە و ئازارە بدۆزێتەوە کە لەو ماوەی رابوردوودا دەروونی هێنابووە ژەنگ و ژار. ئەم لەوەبەر زۆر کەم باسی ئەشکەنجە و خەم و پەژارەی خۆی بۆ زینەت دەکرد. قەت لە شتە رووکەشییەکانی تێ نەدەپەڕاند و بواری نەدەدا جڵەوی هەست و نەستی لە ئاستیدا لێ بەرەڵا بێ. کەچی ئەم جارە دەتوت وەها هاتووە کە هەرچی ئەشکەنجە و خەم و خەفەتێك لە دەروونیدا پەنگی خواردووەتەوە، بەبێ شەرم و بەبێ سڵکردنەوەکەی جارانی هەڵی رێژێتە ناو کۆشییەوە.

بەڵام بۆچی بۆ ئەو؟ پرسیارەکە لە ناکاوێکدا لە مێشکیدا برووسکەی دا و پەشۆکاندی. وەرامی بێ پێچ و پەنای بۆ نەدەدرایەوە و ئەوە رای پێچایە ناو گێژەنی راڕایی و دوودڵییەوە روو لەوە بوو بەکارێکی بێ پەروای دابنێ و وازی لێ بێنێ. کەچی زینەت وەك لەناو دڵیدا بووبێ و ئاگەداری ئەم کەین و بەینەی بێ، بواری گەیشتنە ئەنجامی لێ بڕی. مەلەکی نارد بچێ لەودیو هەندێ گۆشت بخاتە سەر ئاگر. عەباس و بەکری لە ژوور بەدەر نا بچن بەلای یاریکردنی خۆیانەوە. حەمەد و شیرینیشی لە باوەشی دەرکێشان و بەلاوەی نان. ئەوسا بەدەنگێکی پڕ لە شەرم و شکۆوە وتی:

– دەمەوێ قسەیەك بکەم.. لات گران نابێ؟!.

ئەم کەمێ سڵەمییەوە و بە نیمچە گومانێکەوە وتی:

– نەء.. فەرموو.

ئەویش ئەگەرچی سووکە پەشیمانییەك هەندێ گیری دا، بەڵام قسەکەی گل نەدایەوە و وتی:

– لەسەرخۆ نیت.. چ خێرتە؟.

ئەم پرسیارەی لێ خۆش هات. راڕاییەکەی لە دڵدا رەوییەوە و وای دانا کە دەرگەی بەدیهێنانی نیازەکەی بۆ دەخاتە سەرپشت. هەر بەو مەبەستەش وتی:

چۆن؟!.. بەچیدا دەزانیت؟.

ئەو وتی:

– ئەوەتا دەتبینم.. سەروسیمات هاوار دەکا.

ئەم لە کۆڵی نەبووەوە. وتی:

– ئێ چۆن؟!.. نابێ بیزانم؟.

کەچی ئەو وەك نیازێکی لە دڵ گرتبێ، بیەوێ دەری ببڕێ ، بۆی نەیەتە وتن، زمانی تەتەڵەی کرد:

– ئاخر..! ئاخر..!

ئیتر قورگی پڕ بوو لە گریان. وەك ئاگری نەورۆزێك لە دڵیدا بڵێسەی سەندبێ و ساڵ لە دوای ساڵ خەفە کرابێ، چۆڕاوگەی فرمێسکێك بەکپی.. بەبێ لرفە و هەنسك هەڵدان داڕژایە سەر کۆشی. ئەم کە ئەوە یەکەم جاری بوو تەوژمی هەست و سۆزی وا بەتوندوتیژی پێوە ببینێ، پێی پەشۆکا و تەنگەتاو بوو. سەری لی شێوا و نەیدەزانی چ هەڵوێستێکی لە بەرامبەردا بنوێنێ. لێی نزیك بووەوە و بەنیاز بوو دەست بداتە دەستی سڵی کردەوە و بۆی نەبرایە سەر.. تەنیا بەدەنگێکی پڕ لە شڵەژانەوە وتی:

– بۆ وا دەکەیت؟!.. چیتە؟!.. چی بووە؟.

ئەو لەم شپرزەتر بوو. ئەو سەرەی دای خستبوو بۆی بەرز نەدەکرایەوە. شان بەشانی هەڵچوونە دەروونییەکەی، هەستکردنیش بەشەرمەزاری دڵی دەپرواند و ئازاری دەدا. بەناچاری هەردووکیانی لەگەڵ خۆیدا رافڕاندن و هەڵسا بەپرتاو چووە ژوورەکەی تر بۆ لای مەلەك.

سەبری بەدرێژاییی ئەو سێ ساڵ و نیوەی ئەم خێزانە بێ دەرەتانەی لە بن هەنگڵ گرتبوو، قەت لەگەڵ زینەتدا تووشی حاڵەتێکی وەها بە جۆش و خرۆش نەبووبوو. لە دڵدا وتی: «من بە چ نیازێك و بۆ چ مەبەستێك هاتم و بە چ بارێکدا دەشکێتەوە! ئێستا من چی بکەم؟».

کەوتە ناو گێژاوێکی دەروونی بێ ئامانەوە، گێژاوەکە لوولی دایەوە بۆ سەرەتای بەسەرهاتەکە و لە نووکەوە هێنایەوە بەرچاوی.

(.. نووری.. نوورییە کۆڵ کە هەموو کۆڵییەکەی لەوەدا بوو دوو پەنجەی لە هەردوو دەستیدا بەزگماکی پێکەوە نووسابوون، لەو یەکەمین کەسانە بوو کە بەگوللەی وێڵی سەرەتای پەیدابوونی قڵیشانەوە لەناو شاردا سەری تێدا چوو. ئەو هەر لەو رۆژەوەی لە دایەرەکەی ئەماندا دامەزرا، وەك چۆن دەوترێ دڵ لە دڵ دەڕوانێ، کە سەیری کرد ئەم بەچەشنی برایەکی گەورە رەفتاری لەگەڵدا دەکا، ئەویش خۆی بۆ کردە برایەکی بچووك و لە دڵەوە دەستی بۆ بە سنگەوە دەگرت. تەنانەت هەر دوای ماوەیەکی کەم، سەرگوزەشتەی خۆی بۆ گێڕایەوە کە چۆن یەکێکە لەو ئادەمییانەی لەم دنیا پانوبەرینەدا لە سلق رووتترە. چۆن لە گوندەکەیان لە دەوروبەری قەڵادزێ، کچێکی لە چەشنی خۆی خواستووە کە تەنیا دایکێکی پیری هەبووە، چۆن دوای مردنی دایکە گوندەکەیان جێ هێشتووە و هاتوونەتە ناو شارەوە. چۆنیش بۆ ماوەی دوو ساڵ لە پێش دامەزراندنەکەیدا، ژیانیانی بەپیشەی کرێکاری قوڕ مەیسەر کردووە.

نووری بەدرێژاییی شەش ساڵ لە رۆژی دامەزراندنییەوە تا گوللە وێڵەکەی پێدا چزا، لە دایەرەکەدا بووبووە سێبەرێکی ئەم و لێی دانەدەبڕا. هەر هێندەی ئەم بیوتایە نووری، ئەو وەك دەروێشێك و بەپیر بانگەوازی شێخەکەیەوە بچێ، دەستەونەزەر لە چاوەڕوانی فەرمانی دا رادەوەستا. ئەم کردەوەکەی ئەوی لێ خۆش نەدەهات. چەند جارێك ئاگەداری کرد کە نابێ وا بکا. بەڵام کە لە دوایین جاردا ئەو بە نیمچە پەستییەکەوە لێی بە وەرام هات و وتی:

– کاکە.. کاکی سەروەرم.. تکات لێ دەکەم.. دەستت ماچ دەکەم ئیتر لێمی دووبات مەکەرەوە. هەر کەسە خۆی دەزانێ چی لە ناخی دڵیدایە. کێ دەڵێ من بۆ تۆمە کە وا دەکەم! من بۆ خۆممە. تۆ حەز ناکەیت شێخم بیت مەبە. بەڵام من دەمەوێ دەروێشت بم و بڕایەوە. من خۆم دەزانم بۆچی و ئیتر هیچ پێویست ناکا تۆ بیزانیت.

ئەم چەندە وەرامەکەی پڕبەپڕ قایلی کرد داواکەی لێ دووبارە نەکاتەوە، هێندەش بەلایەوە بووە مرۆیەك و بهێنێ ئەم سەری ڕێز و نوازشی بۆ دابنەوێنێ. تەنانەت ئەو داوەتەشی قبووڵ بکا کە دەمێك بوو هەر دەیوت و دەیوتەوە و ئەم خۆی لێ دەدزییەوە ئەو وەختە هێشتا لە ژوورێکی کرێدا بوون لە گەڕەکی سەرشەقام. دوای قسە پڕ مەغزا و ماناکەی هەروا بە هەفتەیەك بوو کە ڕووی لێ نایەوە و بە تکاوە وتی:

– دەتوخوا کاکە سەبری.. کەی بەڵێنەکەت بەجێ دێنیت و گەورەمان دەکەیت؟ تۆ دەزانیت لە کەیەوە هەر دەڵێی با بمێنێ؟ ئاخر بۆ کەی بمێنێ؟ دەترسم تا دوای نەمانم درێژە بکێشێ و قەت بەو ئاواتەم نەگەم.

ئەم وەك پێشتر لە دڵدا بڕیاری بۆ دابێ، یەکسەر وتی:

– هەرچییەك بڵێم بەقسەم دەکەیت؟

ئەم بەشادمانییەوە وتی:

– بەڵێ بێگومان.. فەرمایشتت هەردەم لەسەر سەرمە.

ئەم لە شێوەی فەرماندا وتی:

– ئەمڕۆ.. ئەوەندەی نەماوە دەوام تەواو ببێ.. پێکەوە دەڕۆین و میوانتم.

ئەو بۆ ماوەیەك حەپەسا و دەمی بوو بە تەڵەی تەقیو. لەولاوە بەڵێنی داوە بەقسەی بکا و لەم لاشەوە پێی ستەمە بچێتە ژێری. چۆن دەبێ؟ تەقوو هیچی وایان نەبوو شایستەی ئەوبێ؟ بەناچاری لێی بەوەرام هات و پچڕپچڕ وتی:

– ئاخر!.. چۆن کاکە!.. چۆن وا دەبێ؟.

ئەمیش بەناچاری لێی بووە شێخەکە و هەر لە شێوەی فەرماندا وتی:

– قسەم یەکە و ڕەتکردنەوەی بۆ نییە.. ئەمڕۆ.

ئینجا کە سەیری کرد وا هەر پەشۆکاو و شپرزەیە، دەستێکی پڕ لە سۆزی نایە سەرشانی و بەڕوویەکی گەشەوە وتی:

– براکەم نووری.. هیچ خەمت نەبێ.. هەرچی خوا دابووی بۆ من سەروزیادە. بابڵێین نان و کەوەرە. کە بەڕەنجی شانی تۆ هاتبێتە دەست، بۆ من خۆشترین خۆراکە. قەت لە خۆتی مەکە بە گرفت.

ئیتر ئەوە یەکەم جاری بوو سەر بەماڵیدا بکا و لە نزیکەوە ژن و منداڵەکانی ببینێ.

ئەو وەختە تەنیا خونچە و عەباسیان هەبوون و بەکریش بەڕێوە بوو بێتە دنیاوە. نووری بەدەم قسەوباسەوە دەری بڕی کە پارچە زەوییەکی بەنرخێکی زۆر هەرزان لە قەرەجاوا کڕیوە. وتیشی کە بەئاواتەوەیە بتوانێ دوو هۆدە و هەیوانێکی تێدا دروست بکا و سەری خۆیانی تێدا کز بگرن. ئەم هەر خێرا لێی پرسی:

– بەچەند تەواو دەبێ؟

ئەو کە لە مەبەستەکەی بێ خەبەر بوو، بەکەمتەرخەمییەوە وتی:

– وەڵا کاکە بەهەر چەندێك تەواو ببێ، بۆ من کە ئێستا فلسێکم نییە، دەبێتە خەیاڵپڵاو.

ئەم وتی:

– دەتۆ وەك خەیاڵپڵاوەکە پێم بڵێ.. حەز دەکەم بزانم. ئەو بە پێکەنینەوە وتی:

– دەڵێن چوار سەد پێنج سەد دینارێکی تێ دەچێ.

ئەم دوای تۆزێ بیرکردنەوە وتی:

– لە سبەینێوە بچۆ دەست پێ بکە.

نووری وەك باوەڕ بەگوێی خۆی نەکا وتی:

– بەڵێ؟!

ئەم بۆی روون کردەوە و وتی:

– من دوو سەد دینارێکی حازرم هەیە. سبەینێ بۆتی دێنم و بەوە خەریکی بە. دوای ئەوەش.. یا راوەستە.. تۆ خۆت هیچت بۆ پەیدا ناکرێ؟.

– نابێ.. کاکە سەبری ئەوە نابی.. تۆ خۆت..

– دەبێ.. تۆ وەرامی پرسیارەکەم بدەرەوە.. هیچت بۆ پەیدا دەکرێ؟.

– ئاخر کاکە..

– دەتۆ.. هیچ.. وەرامدانەوەشت پێویست ناکا.. خۆم دەڵێم.. بۆت پەیدا کرا باشە و نەکرا من دەیکەم.

بۆ بەیانییەکەی دوو سەد دینارەکەی ئاخنییە گیرفانییەوە.

دوای دوو هەفتەش ئیشێکی ئێوارانی وەك بەردەست لای دوکتۆرێکی ناسیاوی بۆ

دۆزییەوە. دوای حەوت مانگ بە ئاواتی گەیاند و چووە خانووی خۆیەوە. ئەنجامیش وا کەوتەوە کە لە سێ سەد دیناری ئەم بەولاوە، قەرزاری فلسێکی کەسێکی تر نەبوو. بۆ ئەمیش تا ئەو رۆژەی گوللە وێڵەکەی بە گازەرای پشتدا چزا، هەر مانگە و لەگەڵ وەرگرتنی مووچەکەیدا، دە دیناری دەهێنا و بەدەم نیمچە سوژدە بردنێکەوە لەسەر مێزەکەی لە بەردەمیدا دایدەنا. ئەم لە سێ چوار مانگی هەوەڵدا لەگەڵیدا دەیکردە مشتومڕ. دەیدایەوە بەسەریدا و دەیوت:

– نامەوێ برام.. جارێ نامەوێ و پێویستم پێی نییە.

ئەو هەر سوور دەبوو لەسەر دانانی. تا وای لێ هات کە ئیتر نە لەم قسە و نە لەو قسە. دەیهێنا بەبێدەنگ دایدەنا و دەکشایەوە.

رۆژی گوللە وێڵەکە بۆ ئەم بووە یەکێ لەو رۆژە رەشانەی قەت لە بیری ناچنەوە. ئەم لە دوێنێکەیدا داخوازیی بۆ خانەنشینیی پێشکێش کردبوو. ئەو بەبیستنی هەواڵەکە هەراسان بووبوو. لە پۆپەی شێوە دەروێشییەکەیدا هاتە حزووری. خەم و پەژارەیەکی دڵپروێن لە ڕووی و لە لەرەی دەنگی دادەچۆڕا کە وتی:

– بۆچی کاکە.. ئاخر بۆچی؟!.. ئاخر من دوای تۆ چی بکەم؟.

– براکەم نووری.. ئەوەی دەیکەم کارێکی ئاساییە و هەر دەبێ بیکەم. من وا تەمەنم گەییوە بە پەنجا و پێنج. زۆر ماندووم و تاقەتی بەردەوامبوونم نەماوە. لەگەڵ ئەوەشدا گوایە من بۆ کوێ دەچم؟ خۆ دوور ناکەومەوە و لێت دانابڕێم. هەر لە شارەکەدام و وەکو جاری جاران، لە هەر وەخت و سەعاتێکدا، بمانەوێ یەکتر دەبینین، ئیتر خەمی چیت لێ هاتووە؟.

ئەو سەبووری بەم قسانە نەدەهات. ئەگەرچی لە روویدا هیچی تری نەوت و قڕوقەپی لێ کرد، بەڵام بەدرێژاییی ئەو رۆژە دەتوت خۆڵی مردووی بەسەردا کراوە، تا کاتێ ئەم لە کۆتاییی دەوامدا بانگی کرد و پێی وت:

– ئێ برام خۆ من هێشتا بڕیارم بۆ نەدراوە.. کێ دەڵێ دەیکەن؟.

ئەوسا ئاهێکی تێ کەوتەوە. دوا گەشکەیەکی بەختیاری کە ئەم بۆی لوابێ بە سەروسیمایەوە بیبینێ. تروسکەی دا و ئیتر بۆ رۆژی دوایی رۆژە رەشەکە بوو.

ئەوەتا دەوام دەستی پێ کردەوە و نووری دیار نییە. هەواڵ بە ناو شاردا بڵاو بووەتەوە کە بەیانی زوو لەبەر ئەسحابە سپیدا بووەتە تەقە و دوو کەس کوژراون. ئەم

ئەگەرچی هەر خێرا کەوتە مەراقەوە، بەڵام دڵی خۆی بەوە دەدایەوە کە بەیانی زووە کە دەیکردە پێش هاتنی بۆ دایەرە و رابواردنی بەوێدا.

لەگەڵ ئەوەشدا کە هەر چاوەڕوانی کرد و پەیدا نەبوو، خۆی لەوە زیاتر بۆ دابین نەکرا و بڕیاری هەواڵپرسینی دا. ویستی تەلەفۆنێك بۆ حەمە سەعیدی برادەری بکا لە خەستەخانە. ئەوەی بەباش نەزانی و هەڵسا خۆی چوو. لەوێ هەر کە ناوی دوو کوژراوەکەی لێ بیست، کسپەیەکی ئەوتۆ دڵی ئاگر دا کە دەتوت کێردێکی تاشتۆی تێ چەقێنراوە.

هەستی کرد ناتوانێ بەپێوە راگیر ببێ و خەریکە دادەڕمێتە سەر زەوی. دانیشتە سەر چیچکان و پاڵیدا بە دیوارێکەوە. حەمە سەعید بۆی شپرزە بوو. لێی پرسی:

– کاکە سەبری.. مەسەلە چییە.. تێم بگەیەنە!

ئەم وتی:

– دڵنیایت لە ناوەکان؟.

– تۆ کامیانت مەبەستە؟.

– نووری.

– ئا.. نووری بەکر ئەحمەد.. ناسنامەی دایەرەکەتانی لە گیرفاندا بوو. بەدەستەوە بووین ئاگەدارتان بکەین.

خزمتانە؟.

– دەکرێ بیبینم؟

– دەکرێ.. بەڵام ئەگەر بۆ دڵنیابوون بێ زیادەیە.

– راست دەکەیت.. پێویست ناکا.

ئیتر بەدڵێکی پڕ لە جەخارەوە، خەستەخانەی جێ هێشت و گەڕایەوە دایەرە. خەڵکەکەی ئاگەدار کرد و هەر خۆشی بەر لە هەر کەسێکی تر دەبوو ئەرکی بەخاکسپاردنی نوورییە لە سڵق رووتترەکە بگرێتە ئەستۆ..

***

نووری رۆیشت و ژنێکی بێ چارە و چوار منداڵی سەرووپێچکە و یەکێکی ناو سکی

ژنەکەشی لە دوای خۆی بەجێهێشت. ئەم لەو ساتەوەی تەرمەکەی داهێژرایە ناو گۆڕەوە، چارەنووسی ئەوانی لەلا بووە ئەندێشەیەکی ئەوتۆ کە بەهیچ کلۆجێ بەرۆکی بیر و هۆشی بەر نەدەدا. بەردەوام وەك گرفتێکی هەرە سەخت کە دەبێ چارەسەرێکی هەر بۆ بدۆزێتەوە، لە مێشکیدا تاووتوێی پێ دەکرد. تا وردەوردە وای لە دڵ چەسپی کە بەتەنگەوە هاتنی چارەنووسی ئەوان، کارێکە و هەر لە ئەزەلەوە لە ناوچەوانی ئەم نووسراوە. هەر دەبێ ئەم و کەسی تر نا لە ئەستۆی بگرێ.

عیزەتەفەنی یەکەم کەس بوو زۆر لە نزیکەوە ئاگەداری گرفتەکەی بوو. ئەم تا ماوەیەك هەر سێ چوار رۆژ جارێك دەچوو سەری لێ دەدان و هێندەی لە توانایدا بووایە. ئازووقەی بۆ دەبردن، تا رۆژێکیان ئەو وریای کردەوە و وتی:

– ئاگات لە خۆت بێ.. خەڵکی بێ ویژدان یا نەفام زۆرن دەشێ هێندە چوونت بۆ لایان خراپ لێك بدەنەوە.

ئەم وەك لە شتێك غافڵ بووبێ کە دەبوو لەو رۆژەی تەختی ئاسمان روونـاکتر بووایە بە بەرچاوییەوە، لە ئاستی قسەکەیدا بستێك ملی قوت کردەوە و وتی:

– ئای!.. وەڵا راست دەکەیت!. من لە کوێ بووم؟.

ئینجا دوای هەندێ رامان و بیرکردنەوە وتی:

– کورە بگرە ئەو ژنە بەسەزمانەش هەمان ترسی لێ نیشتووە. من وا ئێستا زەینم بۆی دەچێ. هەموو جارێك کە دەچم جۆرە بێ ئارامییەکی پێوە دەبینم.. دەڵێی وا هەست دەکات کە هەزار چاو لە کونی دەرگە و درزی دیوار و سەر پەنجەرەوە تێی دەڕوانن!. ئا.. بگرە.. بگرە..

– بگرە چی؟.

– هیچ.. تێ گەیشتم. چاك بوو ئاگەدارت کردم. من لە گوێی گادا نووستبووم.

– بەڵام خۆ ناشێ ئەمە وات لێ بکا دەسبەرداریان بیت. تۆ لەسەر هەقیت و کارێکی زۆر رەوا و خێرخوازانە دەکەیت. تەنیا هێندە هەیە کە دەبێ بارێکی گونجاوتر بۆ بەجێهێنانی چاکەکارییەکەت بدۆزیتەوە.

– تێگەیشتم.

لەوە بەدوا پەیڕەوی گۆڕی. بڕیاری دا سەری مانگە و مانگ بچێتە دیدەنییان و

کەمتر بە ئازووقە و زۆرتر بە پارە یاریدەیان بدا. کەچی بەم باریشیاندا تەنیا دوو مانگ بۆی چووە سەر. لە مانگی سێیەمدا ئەوەی کەوتە بەرچاوی، بەجۆرێك کاری لە هەست و نەستی کرد کە کۆ لە هەڵوەشانەوەی بڕیارەکەی نەکا.

کات عەسرێکی درەنگ بوو. وەرز ئەگەرچی تازەکی پێی نابووە زستانەوە، بەڵام تەوژمێکی سەرما و سۆڵەی لە ناوەخت شاڵاوی هێنابوو. لە دوو رۆژ لەوەبەرەوە کردبوویە تۆف و رەهێڵەیەکی ئەوتۆ کە تەنیا پێش ئەو عەسرە بەماوەیەك، خۆشی کردبووەوە و بواری ئەمی دابوو ئەرکی سەردانە مانگانەکەی بەجێ بێنێ. کە لە دەرگای دا مەلەك هات بەدەنگییەوە و هەر لە رێوە، بەدەم قوڵپی گریانێکی پڕ لە ترس و سامەوە وتی:

– مامە.. دایکم خەریکە دەمرێ.

ئەم لەو ساتەدا باسی منداڵبوونی بە هیچ شێوەیەك لە بیر و هۆشدا نەبوو. وای هاتە زەینەوە کە دەبێ کارەساتێك بێ لە بابەتی مەرگی موجافات و ئانوسات بەسەریدا هاتبێ. بەڵام کە بەهەڵەداوان خۆی گەیاندێ و دیمەنەکەی بینی، ئەوسا بۆی روون بووەوە باس چ باسە.. لەگەڵ ئەوەشدا خراپتر شڵەژا و ئەم جارەیان وەها سەری لێ شێوا کە دەتوت بینینی دیمەنەکە، بیر و هۆشیان سڕ کردووە و توانای کار پێکردنیان پێ نەهێشتووە.

زینەت لە سەر بەژووردا‌کردنەکەی ئەم بێ ئاگا بوو. ئەو بڕیاری دابوو کە بە یاریدەی مەلەك، خۆی ببێتە مامانی خۆی. لەو کاتەشدا کە مەلەك لە ژوور بەدەرکەوت و دەرگەی حەوشەی کردەوە و ئەمی بەرەو ژوورەوە رافڕاند، لە تاو تەوژمی ژان و ئازار لەو حاڵەی بێ خەبەر بوو کە تێیدا بوو. کەوتبووە سەرپشت و هەردوو لنگی بڵاو کردبوونەوە. ئامادەی ئانوساتی بەربوونەوەی منداڵەکەی بووبوو. تەنانەت ئەم لەو تەنیا سەرنجە ساتە وەختییەدا کە پێش کشانەوە بە پڕتاوەکەی بۆ ناو هەیوان ئاراستەی کرد، تەوقی سەری منداڵەکەشی بینی کە خەریك بوو دەخزایە دەرەوە.

لەناو هەیوانەکەدا دۆش داما و تاس بردییەوە. رێکەوتەکە کڕوکاسی کردبوو. توانای راچەنین و دەست پێشخەریی لێ بڕیبوو. تا دەنگی گریانی مەلەك کە هاتبووەوە بن دەستییەوە وریای کردەوە. سەرەتا چاوێکی گێژ و وێژی بەڕووی ئەودا گێڕا. کە بەدەمییەوە دەنگی ناڵینی زینەتیشی هاتە بەرگوێ، ئینجا راچەنی و بەرەو کۆڵان

قەڵمبازی دا. نیازی وابوو بە فڕکان پەنا بەرێتە بەر دراوسێیەك. بەڵام کاتێ بەملا و بەولایدا هەڵڕوانی، دەتوت یەکەم جارە پێ دەزانێ کە هیچ دراوسێیەکی راستەوخۆیان نییە و هێشتا تاك و تەرایەك خانوو لە دەوروپشتیان دروست کراون.

لەگەڵ ئەوەشدا گوڕی لە نزیکترینیان بەستەوە و بەهەڵەداوان رووی تێ کرد، کە لە دەرگەی دا خواوراستان ژنێکی سەرە هات بەدەنگییەوە، بەشپرزەیییەکی تێکەڵ لە پاڕانەوەوە پێی وت:

– خوشکێ دەستم دامێنت!.. ژنێك لەو ماڵەدا لەسەر منداڵبوونە و کەسی لەلا نییە!.. بەڵکو بەفریای بکەویت.

ژنە لە سەرەتادا سڵی لێ کردەوە. سەرنجێکی بە گومانی بەسەروسیمایدا گێڕا. پێوەی دیاربوو کە دەزانێ مەبەستی کێیە و دوور بەدووریش لێی ئاگەدارە. هەروەکو لە چاویدا دەخوێندرایەوە کە خەریکە جۆرە پرسیارێکی لێ بکا و بەڵام دوودڵە.

ئەم لەو نیازەی بەئاگا هات. بە پاڕانەوەیەکی بەپەرۆشترەوە لێی دووبارە کردەوە:

– خوشکێ خێرت دەگا.. لە ئانوساتی خۆیدایە.. تکات لێ دەکەم.

ئیتر ژنە هیچی نەوت و چاپووکانە بەهاناوە هات.

لە ئەنجامی ئەو کارەساتەدا، کردییەوە بەپیشە کە هەر هەفتە یا دە رۆژ جارێك سەرێکیان لێ بدا. زینەت وردەوردە سەر و رووی تەواو لەگەڵیدا کرایەوە. سڵکردنەوەکەی شەش حەوت مانگی سەرەتای لە بەرامبەریدا کوژایەوە و سۆز و رێزێکی ئەوتۆ جێگەیان گرتەوە کە ئیتر لە هەر جارێکدا، بەبینینی دەتوت دەیەوێ لەبەر پێیدا بتوێتەوە. منداڵەکانیش وایان لێ هات وا بزانن باوکیانە و بەڵام تێ ناگەن بۆچی لەگەڵیاندا ناژی.

دیسان عیزەتەفەنی یەکەم کەس بوو جارێکیان پێی وت:

– دەی باشە برام.. تۆ بۆ نایەیت مارەی بکەیت و ببێتە هاوسەرت؟.

ئەم وتی:

– بەڕاستە یا گاڵتە دەکەیت؟.

ئەو وتی:

– هەر زۆر بەڕاستمە و سەد و یەك هۆش هەن کە بەڕاستم بێ.

– ئادەی بژمێرە!.

– نا.. پێش ئەوەی من بژمێرم، تۆ ئەگەر دەڵێی نەء پێم بڵێ بۆچی؟.

– چونکە من بەم تەمەنەوە زەلامی ژن هێنان نیم. با واز لە وەرام و رای ئاسایی لەوەبەرم بێنم. ئەوەمان زۆر وتووەتەوە. با باسی ئێستا بکەین. دەزانیت تەمەنم چەندە؟ پەنجا و حەوت!. ئەمە یەك. دەزانیت ئەویش چەندە؟!. سی و یەك یا سی و دوو یا ئەوپەڕەکەی سی و سێ!. ئەمە دەبێ و دەشێ؟!.. ئەمە کاری کردەیە؟.

– ئا.. ئەگەر خۆتت مەبەستە دەبێ خۆ ئەگەر ئەویشت مەبەستە ئەوا بە زیادەوە دەبێ.

– چۆن؟!.. تێم بگەیەنە.

– چونکە تۆ بەو تەمەنەتەوە دەبیتە خاوەنی ژنێك و پێنج منداڵ کە لە بیرت نەچێ ئێستا تۆ بتەوێ و نەتەوێ، بوویتەتە خاوەنیان. ئینجا ئەویش لەلای خۆیەوە، بەپێنج منداڵەوە دێتە باوەشتەوە و دەتکاتە خاوەنی خۆی و منداڵەکانی. دیسان لە بیریشت نەچێ کە ئەو ئێستا کتومت وەهات تێ دەڕوانێ.

– نا.. کێ دەڵێ ئەو وایە؟

– ئەی کێ دەڵێ وا نییە؟. کەمت بۆ باس کردووم؟. دەتەوێ ئەو بەسەزمانە چی بکا؟ بێت دەستوپێت بلێسێتەوە و بە دەمی خۆی بڵێ بمخوازە؟ ئەوە دەبێ؟.

سەبری خۆیشی دەیزانی ئەوە نابێ. کەچی دواییتر تەنانەت ئەوەش بوو. زینەت هەروا شەش حەوت مانگێك لەوەبەر بەڕوویدا تەقاند و لە سەردانێکیدا بۆلایان بە ئاشکرا وتی:

– خۆزگە هەر بەڕاستی دەبوویتە باوکیان.

***

## ٥

ئەم بەدرێژاییی ئەو سێ ساڵ و نیوی رابوردووە، قەت بواری بەخۆی نەدابوو لە ماوەیەکی کورت زیاتر لەلایان بمێنێتەوە. کردبووی بە پیشە کە پتر عەسران دەچووە دیدەنییان.

سەردانی بەیانیانی لەبەر خاتری زینەت بەلاوە پەسەند نەبوو. بەیانیان مەلەك و عەباس و بەکر لە ماڵ نەدەبوون.

بەهاندانی ئەم خۆی خرابوونە بەر خوێندن و دەچوونە قوتابخانە. عەسران هەموویانی کۆ لە ماڵەوە لەگەڵ دایکیاندا دەبینی.

عەسرێکی زوو یان درەنگ کە دەهات، پێشەکی دەستوورەکەی لەگەڵدا بەجێ دەهێنان، ئینجا عەباس و بەکر دەچوونەوە دنیای یاری و گەمەی خۆیانەوە. زینەتیش یەکەم جار مەلەکی دەنارد بەلای چا لێنانەوە کە ئەوانیش ئەمەیان لێ بووبووە پیشە.

دوایی خۆشی کە نۆرەی پرسیار و وەرامی لەم تەواو دەبوو، هەڵدەستا و دەچووە لای مەلەك ئیتر کە تەدارەکی چایەکەیان دەهێنا و چا دەخورایەوە، ئەم لەوە زیاتر گیری نەدەخوارد و جێی دەهێشتن.

بەڵام ئەمرۆ ئەوەبوو لە ناوەختدا هات و وەهاشی لە دڵ گرتبوو کە لە بەرئەوەی دەمەدەمی نیوەڕۆیە، کارێکی وا دەکا نانی نیوەڕۆیان لەگەڵدا بخوا و بگرە ئەگەر لوا، زیاتریش گل بخواتەوە. تا ئەو فرسەتەی هەبێ کە هەرچییەکی لە دڵدایە، وەك سکاڵا بۆ زینەتی هەڵبرێژێ و کەمێ دەروونە پڕ لە ئەشکەنجەکەی بحەوێنێتەوە.

کەچی وا نەکەوتەوە و چینێکی تر خەم نیشتە سەر خەمەکانی. کاتێ زینەت بەچاوی پڕ لە فرمێسك و دڵ بە حەسرەتەوە جێی هێشت، ئەم دەروونی بۆی بووە کوورەیەکی ئاگر و هەراسانی کرد نەیزانی بۆچی لەو ساتەدا دیمەنی منداڵبوونەکەی هاتەوە بەرچاو هێندەی تر بڵێسەی بەو ئاگرەی سەند.

لەگەڵیشیدا سەرنجێکی پڕ لە سۆز و بەزەیی دایە شیرین کە هێشتا لە ژوورەکەدا، لەگەڵ حەمەددا خەریکی یاریکردن بوون.

سەرنجەکە تینی دایە بەر کە ببزوێ و بۆ دڵدانەوەی زینەت شتێ بکا. هەڵسا و لە

باوەشی گرت. بەپەرۆشەوە ماچی کرد و ماوەیەك بە ژوورەکەدا گێڕای. ئینجا وەك ئاگرەکەی ناو هەناوی رای بماڵێ، بردی و چووە لای زینەت بزەیەکی بەمەغزای خستە سەر لێو و لە تەنیشتییەوە زۆر لە نزیکەوە راوەستا. ئەویش لەلای خۆیەوە کە تا ئەو کاتە ئەم جۆرە کردەوەیەی لێ نەدیبوو، هەر خێرا قۆستییەوە.

ئەویش ناخی هەژاوی بۆی لەسەرپێ بوو. وەك لەوەبەر دوا بڕیاری دابێ و بەلایەوە ئەمە هەلە زێڕینەکە بێ بۆ دەربڕینی، وتی:

– ناهەقتان نییە.. هەردووکتان ناهەقتان نییە.

ئەم تێ گەیشت لە کوێوە قسە دەکا و بەڵام خۆی لێ بێ خەبەر کرد لێی پرسی:

– لە چ روویەکەوە؟.

ئەو راستەوخۆ لە شێوەی پرسیارێکی مەتەڵاویدا وتی:

– وەك بزانیت، هیچ باوکێك ساتی کەوتنە خوارەوەی منداڵەکەی لە سکی دایکە دەبینێ؟.

ئەم ئاسایی وتی:

– نەء.. مەگەر بە دەگمەن.

ئەو بە ڕوو قایمییەوە وتی:

– کەچی تۆ!..

هەر بەئەنقەستیش قسەکەی قرتاند و لە چاوەڕوانی وەرامدا مایەوە. ئەم لاچاوێکی ئاراستەی مەلەك کرد لەولاوە خەریکی بەردەستیکردنی دایکی بوو. زینەت زوو لێی حاڵی بوو.

شیرینی لە باوەشی وەرگرت. دایە دەست مەلەك و ناردنیەوە ژوورەکەی تر. ئەوسا ئەم وتی:

کەچی من باوکیشی نەبووم و.. وانا؟.

ئەو بەقسە وەرامی نەدایەوە. تەنیا زەردەخەنەیەکی گەشی بۆ نایە سەر لێوان بگرە سەروسیماشی بەئاشکرا وای دەنواند کە هەوڵی دەدا، سووکە نازێکی بزوێنەری هەستی پیاوەتی ئەمیشی تێکەڵاو بکا و تێی بگەیەنێ کە هێنانە کایەوەی ئەم باسە نابێ بەبێ ئەنجام راببووڕێ.

سەبری لە کاتێکدا کە بە سەرزاری لەگەڵ ئەودا وەها دەدوا، لە ناخدا سەرسام بووبوو کە چۆن چۆنی هاتووە بچێتە ژێر باری ئەم جۆرە کات و کۆ پڕ لە سەیروسەمەرەیەوە! خۆ لەوەبەر نەك هەر بیر و هۆشی تێوە نەگلاندبوو، بگرە هەر هێندەی لەلای ئەویشەوە بە ئاستەمێك بۆنی بکردایە، دەستوبرد خەفەی دەکرد و بواری چەکەرەکردنی لە دڵیدا پێ نەدەدا. کەچی ئەوەتا ئێستا حەزێك لە قووڵاییەوە هانی دەدا دەرگەی لێ بخاتە سەرپشت و گڕیشی خۆش بکا.. ئا.. گڕەکەیشی خۆش کرد کە لە ناکاوێکدا وەك بیەوێ تاقی بکاتەوە وتی:

– ئەرێ بەڕاست. هەرچەندە من هەقی ئەم پرسیارەشم نییە بیکەم.. بەڵام دەڵێم تا ئێستا کەس داوای نەکردوویت؟.

ئەو وەك باوەڕ بەگوێی خۆی نەکا، لە سەرەتادا زەردەخەنەکە لە رووی پەڕی و تەمێکی وڕبوون و دۆشدامان جێگەی گرتەوە. ئینجا دوای ئەوەی بۆ ماوەیەك بەچاوێکی ئەبڵەقەوە تێی ڕوانی، هەروا بۆ زیاتر روونکردنەوە لێی پرسی:

– بۆ.. چی؟.

ئەم ئەگەرچی ئانوسات گومانی لە بێجێیی پرسیارەکەی پەیدا کرد و سووکە سڵێکیشی لەو دیمەنەی کردەوە، بەڵام نەیتوانی پاشگەز ببێتەوە و بەناچاری وتی:

– شووی پێ بکەیت.

ئەوسا ئەو وەرامێکی وەهای دایەوە کە وەك کوتەکێك سرەواندییە گزگلاگەی گوێی. بەدەنگێکی زوڵاڵی ئاشکرا و روون و بەڵام حەسرەتێکی تێکەڵ لە تووڕەییەکی خەفەکراوەوە وتی:

– ئەرێ بەڕاست.. هەرچەندە منیش هەقی ئەم پرسیارەم نییە بیکەم.. دەڵێم.. تۆ کەی داوام لێ دەکەیت شووت پێ بکەم؟.

بەدوایدا حەسرەت و تووڕەییە خەفەکراوەکەی ناخی، بە تەوژم بەرەو دەرەوەی شەپۆلیان دا. هەردوو چاوی لە تررووکە کەوتن و زەق زەق بەسەر ڕووی ئەمدا رووان.

رەنگی هەڵبزڕکا و لێوی کەوتنە لەرزین پەڕەکەکانی لووتی لەژێر پاڵەپەستۆی هەناسەبڕکێیدا لە یەك بینا دەلەرینەوە.

سەراپای لەشی وەك پەڕێکی دەم رەشەبای لێ هات. ئینجا بە قورگێکی پڕ لە قوڵپی

گریانێکی خنکاوەوە پچڕپچڕ وتی:

– کەی؟!.. پێم نالێی کەی.. بەزەییت.. دەجووڵێ.. ها.. کەی؟!.. تۆ.. ئاخر.. خۆ؟.

سەبری لە جێی خۆی بوو بە بت و ورتە و جووڵەی بۆ نەکرا. بگرە وەها سەراسیمە بوو کە وەختێ ئەو لەلای خۆیەوە. جما.. پڕی کرد بە لەگەنە برنجەکەی بەردەستیدا و بەرەو بەلووعەکەی ناو حەوشە لە ژوور دەرپەڕییە دەرەوە، ئەم هەر نەیتوانی ببزوێ و ورتەی هەر بۆ لە دەم نەهێنرایە دەرەوە.

تەنیا زمانی پەیتاپەیتا دەیوت: (چیم کرد؟!.. من چیم کرد؟).

سەری دنیای لێ هاتەوە یەك زەفەری بەهیچ چارەسەرێك بۆ دەربازبوون لەو تەونەی تێی کەوت نەدەبرد چی بکا باشە؟ چەندە هێنای و بردی، لە هەلاتن بەولاوە هیچ ڕێگەیەکی تری نەبینییەوە. وەهای بۆ چوو کە چاکتر وایە لەسەری نەڕوا و خەستتری نەکا با بەبێدەنگ بکشێتەوە و لە فرسەتێکی تردا وەزعەکە بەرێتەوە سەر باری ئاسایی.

تەکانی دایە دەرەوەی ژوور. زینەت هەر لە یەکەم هەنگاوەوە کە نایە ناو حەوشەکەوە لێی بەئاگا هات. لە سەرەتادا باوەڕی وا نەبوو کە هاتووە بڕوا وەختێ گەیشتە ئاستی و هەستی کرد وا ڕووەو دەرگەی حەوشە مل دەنێ، بەشێوەیەك ڕاچەنییە سەرپێ و قەڵمبازی دا کە ئەم لەلای خۆیەوە لێی سڵەمییەوە.

ڕاوەستا تێی ڕوانی بزانێ چی دەکا. دیمەنێکی ستەمتری لەوەکانی پێشوو کەوتە بەرچاو! زینەت ئەوەتا چووە پشتی ناوە بە دەرگەکەوە وەك منداڵێك و بەری ڕۆیشتن لە گەورەیەك بگرێ، هەردوو دەست و قاچی پێدا بڵاو کردوونەتەوە کە چووە بەرەوە و لە نزیکەوە سەرنجی دایە، ڕووی ئادەمییەکی کەوتە بەرچاو کە زارەترەك بووبێ!.. کە جەللادێك هاتبێ ملی بقرتێنێ و بەسەر لاشەکەیدا هەنگاو بنێ.

لەم کردەوەیەشی هەر سەرسام بوو!. بۆ یەکەم جار بێ نازناوی خان کە هەردەم بە زینەت خان ناوی دەبرد، وتی:

– زینەت!.. بۆ وا دەکەیت؟!.. تۆ بۆ وات بەسەر هاتووە؟.

کەچی ئەو وەك هەر بەڕاستی لە جەللادەکەی بپارێتەوە پەلاماری دەستی دا و توند گرتی بەدەم پەیتا پەیتا ماچکردنییەوە وتی:

– بەقوربانت بم.. بەساقەت بم.. من کردم تۆ نەیکەیت.

سەرم دا لە بەرد ناماقوولّییەك بوو کردم.

ئەم دەستی راپسکاند و خۆی لێ دوور خستەوە. وتی:

– کچێ تۆ چیتە؟!.. ئاخر بۆ وا دەکەیت؟!.. شێت بوویت؟.

بەڵام ئەو ئەم جارە دانەوییەوە و پەلاماری پێڵاوەکانی دا. وتی:

– توخوا مەکە.. بەساقەی سەرت بم مەکە..

ئەم بۆ یەکەم جار بەدرێژاییی ئەو سێ ساڵ و نیوە، دەستی بەر لەشی کەوت. هەردوو شانی گرت و لە زەوییەکە بەرزی کردەوە بەتووڕەیییەوە ڕای وەشاند و وتی:

– چی نەکەم!.. چی؟! تێم بگەیەنە بزانم دەتەوێ چی بڵێی؟.

ئەو هەر بەدەم پاڕانەوە بەکوڵەکەیەوە وتی:

– مەڕۆ.. بنی ئەو پێڵاوەت ماچ دەکەم مەڕۆ.. دەستمان لێ بەرمەدە، لەم دنیایەدا هەر تۆمان هەیت. من ناماقوولّییەك بوو کردم و ئیتر تۆبە نایکەمەوە. بمبەخشە بەو منداڵە بێدەرەتانانە. لە تۆ زیاتر کێیان هەیە.. توخوا کێ؟

ئەم بەو قسانەی وەها هەژا کە خۆی بۆ دابین نەکرا و قورگی پڕ بوو لە گریان. ویستی لێی بێتە وەرام و تێی بگەیەنێ کە بە هەڵە چووە و زمانی بۆ نەهێنرایە گۆ. ناچار بە کردەوە پەلی گرت و بەرەو ژوور رای پێچا. لە هەیوانەکەدا مەلەك و عەباس و بەکری بینی راوەستابوون و بەچاوێکی پڕ لە سەرسوڕمانەوە تێیان دەڕوانین.

لە ژوورەوە لە بەرامبەردا داینیشاند. ئەوساتە وەك کارەساتەکە شەرمی لە خۆی و لەویش شکاندبێ، دەستی گرت و نایە ناو هەردوو مشتی خۆیەوە. بەدەنگێکی پڕ لە سۆزی برایانەوە وتی:

– زینەت گوێ بگرە بزانە چی دەڵێم نازانم تۆ ئەو گومانەت لە کوێوە هێنا کە گوایە من دەمویست بڕۆم و دەسبەردارتان ببم.

بەڵام من نە بەبیرمدا هاتبوو نە بەبیریشمدا دێ. من بەڵێنێکە و داومە و تا لە ژیاندا بم لێی پاشگەز نابمەوە. من تا مابم قەت دەستتان لێ بەرنادەم لەم رووەوە دڵنیا بە و هیچ خەمێکت نەبێ. حەزیش ناکەم جارێکی تر وەك ئەم جارەت ببینمەوە.

ئەم مەبەستی لە دوایین قسەکەی گومانکردنەکەی ئەو بوو.

بەڵام زینەت بەبارەکەی تردا وەری گرت و وتی:

– نەء.. قەت نەء..

***

سەبری کە ئەوانی جێ هێشت و پێی نایە دەرەوەی ماڵ، تەوژمی خەم و پەژارەیەکی خەست سەری لێ هەڵدا و لوولی دا. ئەم ئەگەرچی بە درێژاییی ئەو ماوەیەی لەگەڵ ئەواندا مایەوە، تەقەلای دا رووگەش و سەروزمان شیرین بێ و بۆ زینەتی بسەلمێنی کە هیچی ئەوتۆ رووی نەداوە دڵتەنگی بکا، بەڵام لە راستیدا کارەساتەکەی بەردەوام لە بیر و هۆشدا دەجووەوە، بەتایبەتی لە هەر جارێکدا کە چاوی بەرچاوی زینەت دەکەوت و تارماییی زارەترەکبوونەکەی هێشتا تێدا دەبینی. هەناوی قانگی دەخوارد و هەستی پەشیمانییەکی دڵپڕوێن دەیپرووکاند. تەنانەت جارێکیان بەبیریدا هات کە وەك چۆن ئەو پەلاماری دەست و پێی ئەمی دا، ئەمیش هیچ نەبێ لێی نزیك ببێتەوە و بەشێنەیی ناوچەوانی ماچ بکا و بەوە خەمەکە ببڕای ببڕ لە دڵی خۆی و ئەویش دەربکا. کەچی زاتی نەکرد و گێژەڵووکە خەفەکراوەکە لە ناخیدا هەر مایەوە.

کە بەدەم رێوە لە نووکەوە بەکارەساتەکەدا چووەوە، هەناوی هێندەی تر لێی هاتەسوێ، لە دڵدا وتی: «سەیرە!.. من بۆچی هاتم و بەچی شکایەوە!. ئەم جۆرە رێککەوتانە چۆن روو دەدەن؟ تۆ وەرە لەولاوە لە دەست ئەشکەنجە و جەخارێك هەڵاتبیت و بێیت پەنا بێنیتە بەر کونجێکی تەریکی ئەم شارە جەنجاڵە تا سەبوورییەکی دڵتی تێدا بدەیتەوە، کەچی تووشی ئەشکەنجە و جەخارێکی ئاڵۆزتر ببیت؟!. ئەم دەستوورانە چۆن ئەوا دێن و دەچن؟ کێ ئاواهی ریزیان پێ دەبەستێ؟ چ هێزێکە بەم چەشنەیان هەڵدەسووڕێنێ ؟».

کاتێ گەیشتە ئاستی پردەکەی لای باخی شێخ لەتیف، کە ئیتر لەوەبەدوا لە قوڕ و لیتەی کۆڵانەکانی گەڕەك قورتاری دەبوو، بەنیازی پاککردنەوەی پێڵاوەکانی بەلای راستدا لایدایە قەراغەو. دانەوییەوە و بە چیلکەیەك قوڕ و لیتەی لێ داماڵین. کە راست بووەوە سەرنجی لە گۆڕستانەکەی گردی حەپەخان گیر بوو. قەدەرێ بەرامبەری راوەستا و لێی راما. ئینجا وەك هێزێکی نادیار بەکێشی بووەوە. هەر بەدیوی لای قەرەجاوادا بەدامێنەوە، شوێن گۆڕەکەی نووری بوو. لەوەبەر و بەتایبەتی لە یەك دوو ساڵی سەرەتای مردنەکەیدا، جار نا جارێك کە دەچووە دیدەنی گۆڕی دایکی و باوکی،

بەدەم پیاسەکردنەوە سەری لێ دابوو. بەڵام دوای ئەوە ئیتر پێی لێ بڕی.

گۆڕەکەی بەئاسانی ناسییەوە، ئەگەرچی دیاربوو کە ماوەیەکی زۆرە دەستی ڕێکخستنەوەی پێدا نەهێنراوە، لەگەڵ ئەوەشدا نیشانەکانی لەوەبەریان هێشتا پێوە دەبینرا. پاشماوەی ئەو ریزە وردە بەردانەی بەملا و بەولایەوە چەسپێنرابوونە گڵەکەی. ملە گۆزەکەی پشتی کێڵەکەی ژوورسەری کە وەختی خۆی هەوڵ درابوو نەمامێکی تێدا بڕوێنرێ قەفەزی سەر گۆڕەکەی تەنیشتی کە هێشتا لەو دەوروبەرەدا هەر تاقە قەفەزە و بەسەر گۆڕێکی هەڵبەستراوەوە بێ.

ئەم هەرچەندە لە سەرەتادا بە ناسینەوەی گۆڕەکە و راوەستانی بە تەنیشتییەوە، ئاهێکی حەوانەوە بە دڵیدا رابورد و بەم لادان و هاتنەی خۆشحاڵ بوو، بەڵام هەر کە مێشکی کەوتەوە بەر شەپۆلی پێداچوونەوەی رابردووەوە وەك ئەنجامێکی ئاسایی چوونی هەر زیندوویەك بۆ سەر گۆڕی هەر مردوویەکی، ئیتر لە جێگەی ساتە حەوانەوەکە دەروونی گرێکی ئەوتۆی تێ بەربوو کە بەقوڵپی گریانێکی بەکوڵ نەبێ، بەهیچ شێوەیەکی تر بۆی دانەمرێنرێتەوە.

گریا.. هێندە بەکوڵ و لە کانگەی دڵەوە گریا تا وردەوردە وای لێ هات چەندە لەولاوە گڕەکەی پێ دامراندەوە، هێندەش لەملاوە لە خۆی بێزار و جاڕس بوو.. وەك بڵێی هەستێکی شەرمەزاری لە خۆ شاڵاوی بۆ هێنابێ، بەرقێکەوە هەردوو چاوی بەدەستەسڕەکەی لە فرمێسك داسڕین و لە پڕێکدا پشتی کردە گۆڕەکە و بە پڕتاو هەنگاوی بەرەوخوار داکشاندەوە.

کە گەیشتەوە لای پردەکە و لێی پەڕییەوە، هێندە بەخێرایی تێی دەتەقاند کە دەتوت یەکێك دوای کەوتووە و راوی دەنێ. بگرە زۆر دوور نەکەوتەوە و هەر بەڕاستی وای زایە مێشکەوە کە نووری.. نوورییە ساکارە سەروزمان شیرینە بێوەیەکە.. نوورییە دەروێشەکەی ئەوەتا لە گۆڕەکەی هاتووەتە دەرەوە. بەکفنێکی سپی وەك چوڕی شیرەوە.. وەك ئەوەی ئەم بەچاوی خۆی بینیی کە پێوەی دایانهێشتە ناو گۆڕەکەوە، هەنگاو بەهەنگاو بە دوایەوەیە و لێی نابێتەوە! هیچ ناکا!.. هیچ ناڵێ!.. هیچ دەرنابڕێ.

تەنیا لێی بووەتە سێبەرێك و راست بەشوێن هەنگاوەکانی ئەمدا هەنگاو دەنێ.

خۆی بۆ دابین نەکرا و هەر بەدەم ڕێوە ئاوڕێکی دایەوە، نووری وەك سێبەرەکە لە

پشتییەوە بوو. ئەم بەبینینی هەڵبووقایەوە و ڕەتێکی برد. ئەویش وای کرد!. ئەم لە دڵدا لێی نەدەترسا. بەڵام لێی خۆش نەدەهات و پێی تەنگەتاو بوو. پشتی تێ کرد و دایە لۆقە. دەیزانی خەڵکەکە بەسەرسوڕمانەوە تێی دەڕوانن و گوێی نەدایە. لە شەقام پەڕییەوە و هەنگاوی هاویشتە ناو حەوشە بێ دیوارەکەی مزگەوتی تەکێ رووتەوە. لە دەرگەی ئەودیوییەوە دەرفرتایە ناو کۆڵانێکی گەڕەکی دەرگەزێنەوە، نەیڕوانییەوە دواوە. لە دڵدا وتی: «دەبێ لێم تێ بگا کە نامەوێ بەدوامدا بێ».

هەر بە لۆقە بەرەو ئەسحابە سپی ملی نا. ڕاست لەو شوێنەدا کە نووری گوللە وێڵەکەی پێدا چزابوو، ڕاوەستا و ئاوڕێکی بۆ دواوە دایەوە. نووری بەدوایەوە نەمابوو. لە دڵدا وتی: «ئا.. ئافەرین.. لێم تێ گەیشت».

لەوەبەدوا وازی لە لۆقە هێنا. بەهێمنی ڕووەو بەردەرکی سەرا و لەوێوە بۆ مزگەوتی گەورە و ئینجا بە کۆڵانەکەی پشتیدا خۆی گەیاندە بەردەرگەیماڵەوە. کەچی لەوێدا نووری وەك لە ئاسمانەوە داهێڵرابێتە خوارەوە یا لەژێر زەوییەوە هەڵتۆقیبێ، دیسان لە پشتییەوە قوت بووەوە. ئەم جاریان سەری لە کفنەکەیەوە لێ هێنابووە دەرەوە و بە دەم بزەیەکی گەشی پڕ لە ڕێز و سۆزەوە، وەك کۆیلەیەك و چاوەڕوانی فەرمایشتی بکا بۆی دەخنایەوە!. ئەم هەندێ دوودڵی لە ڕوودا نواند و ناوچەوانی لێ گرژ کرد. لەگەڵ ئەوەشدا کە وەرگەڕا و چووە ناو ماڵ، دەرگەکەی بەکراوەیی بۆ جێ هێشت.

لە ژوورەوە وەختێ ئەم خۆی هاویشتە سەر قەرەوێڵەکەی و لەسەر گازی پشت ڕاکشا، ئەو لەلای قاچییەوە بەچەشنی نۆکەرێك دەستەونەزەر لە حزووریدا ڕاوەستا. کە ئەم هەر لە جێوە پێی وت.

– دەدانیشە.. بۆ دانانیشیت؟ خۆت نازانیت من چەندە ڕقم لە ڕەفتاری نۆکەرکارییە؟.

ئەو وەکو کورسییەکی نەبینراوی لەژێردا بێ لە هەوادا دانیشت ئەم چاوی بڕییە بنمیچەکە و بۆ ماوەیەك خامۆش بوو.. ئینجا بێ ئەوەی سەیری بکا وتی:

– بمبەخشە ئەگەر دڵتم ڕەنجاندبێ. من نازانم چی بکەم.. نازانم !. چی بکەم باشە پێم بڵێ.. تۆ پێم بڵێ!.

کەمێ چاوەڕوانی کرد. کە وەرام نەبوو لە سەری ڕۆیشت و وتی:

– زینەتە وا دەکا.. من نیم!. ئەو دێتە بن کلێشەمەوە و.. نانا.. گوناهە وا بڵێم. بن

کلێشەم نا.. دەبێ بڵێم ئەو وای پێ چاکە. خەمی منداڵەکانیەتی.. منداڵەکان و خۆیشی. خۆ لەو وەختەوەی تۆ رۆیشتوویت، من درێغیم لە دابینکردنی ژیانیان نەکردووە، نەمهێشتووە برسی و ڕووت و ڕەجاڵ ببن. کەچی ئەو هەر دەترسێ. هەرچەند دەچمە لایان وای دەبینم کە دەڵێی باوەڕ ناکا ئەوە منم و چوومەتەوە دیدەنییان. کە بەجێشیان دێڵم هەر گومان لە ڕوویدا دەخوێنمەوە. خۆ من قەت بە ئاستەمیش نیشانەیەکی وام لێ دەرنەکەوتووە دەست لێ بەردانیان بگەیەنێ. کەچی ئەو ترسەکە بەئامان و زەمان بەرۆکی بەرنادا. دەیسا من چی بکەم؟ گوناهم چییە؟ ئەو دەڵێ.. دەڵێ..

ئەوسا نووری وەك لە بنی بیرێکەوە بدوێ، لێی هاتە قسە و وتی:

– دەڵێ مارەم بکە و بشبە بەباوکی منداڵەکانم.

ئەم چاوی لە بنمیچەکە داگرت و تێی ڕوانی. کە سەیری کرد وا هەر ڕووگەش و دەم بەبزەیە، وتی:

–ئا.. وا دەڵێ.

– ئێ ڕاست دەکا و چاك دەکا.. بیکە.

– بیکەم؟!.. سەیرە!.. تۆش وا دەڵێی؟.

– منیش.

– ئاخر چۆن؟!.. یانی من بێم ئەو ناپاکییە لە تۆ بکەم؟.

– ناپاکی نییە.. پاکییە.

– نەخێر.. ناپاکییە.

– نەخێر.. بۆ تۆ پاکییە

– ئەی ئاخر من.. من!..

– تۆ چی؟.

– من!.. دەزانیت ئەو تەمەنی چەندە و منیش چەند؟.

– دە وا بڵێ.. یانی ئەمەیە بەرت لی دەگرێ نەك شتێکی تر.. نەك من و ناپاکیکردن لە من.

– نانا.. ئەمە یەکێکە لە هۆیەکان.

– ئەمەیان بەلاوە بنێ، ئەگەر ئێمەت مەبەستە بەلایەوە بنێ و لێی بێ خەم بە.

– ئاخر تۆ باش سەرنج دە.. بیست و سێ یا بیست و چوار ساڵی تەمەنمان بەینە.

– بۆ حاڵی ئەو ئەم گرفتە لە ریزی نەبووانە.

– ئەی بۆ دوایی؟.

– لە ئەستۆی من.

سەبری خەریك بوو شل دەبوو. لەوەدا بوو ملی بۆ بدا. هەڵسا و کەوتە سەر باری دانیشتن. رووبەڕووی بووەوە و چاوی تێ بڕی. دەتوت د هیەوێ تاقی بکاتەوە.

کە سەرنجی دا وا ئەو سەری وردەوردە دادەخزێتەوە ناو کفنەکەی و سەروسیمای لە بەرچاوی بزر دەبێ، لەبەر خۆیەوە بەدەنگی بەرز وتی:

– دەبینیت؟!.. بەخۆت دەزانیت؟!. تەنیا قسەی زل بوو دەتکردن و هیچی تر!. نایکەم.. قەت ئەو ناپاکییە ناکەم.. قەت نایکەم.. نایکەم..

– خاڵە.. خاڵە!..

حەمەجەزا بوو پێی نابووە ناو دەرگەی ژوورەکەوە و بە سەرسوڕمانەوە بانگی لێ دەکرد. ئەم بەبیستنی دەنگەکە وەك کێچ هەڵبلۆوقایەوە. کە رووبەڕووی بووەوە، لە شپرزەییدا نەیدەزانی چی بکا و چی بڵێ!. بۆ ماوەیەك بەچاوێکی گێژوویژەوە لێی راما!. تا ئەم لێی بەقسە هات و وتی:

– بمبوورە خاڵە.. کە هاتم دەرگەی حەوشە لەسەر پشت بوو. ئیتر منیش..

ئەم پێی سەیر بوو!. قسەکەی پێ بڕی و وتی:

– لەسەر پشت؟!. من قەت دەرگەی حەوشە بەکراوەیی جێ ناهێڵم.

ئەو وتی:

– دەزانم.. منیش بەلامەوە نائاسایی بوو.

ئەم هێشتا هەر پەشۆکابوو.. هەر گێژوویژ دەیڕوانی.

خۆی سەعاتی لە دەستدا بوو، کەچی لەوی پرسی:

– سەعات چەندە؟.

ئەو نەیدایە رووی. وتی:

– چوار و نیوە.

بەڵام ئەم وەك لە حاڵەتێکی بێ ئاگاییی تەواودا بووبێ، یەکسەر وتی:

– رۆژە یا شەو؟.

ئەو دیسان نەیدایە رووی. وتی:

– رۆژە.. چوار و نیوی دوای نیوەڕۆیە.

که بەدوایدا لە دەمی دەرچوو، لێی پرسی:

– دەمێکە هاتوویتەوە؟.

ئەم تێکەڵوپێکەڵ و بەشڵەژانەوە وتی:

– ها؟!.. ئا.. نا.. نازانم..

ئیتر ئەو بۆ نواندنی پاشگەزبوونەوەی خۆی، قرِوقەپی لێ کرد، ئەمیش دوای ئەوەی دوو سێ جار بە چاوێکی پڕ لە دەرد و سزاوە دزە سەرنجێکی ئەوی دا، بە خەمناکییەوە رووی لێ وەرگێڕا و بەرامبەر پەنجەرەکە راوەستا. ئەوساش دیمەنی ژوورە لەعنەتییەکە چەقییەوە چاوی. بەوە دەتوت قەتماغەی برینێکی بە دەلاقەی لێ هەڵدەپچڕێنرێ و هێندەیتر بەری تەوژمی ئازاری لێ بەرەڵا بوو. وای هەست دەکرد کە هەر بەڕاستی کڵپەی ئاگرێك چزەچز هەناوی هەڵدەقرچێنێ. حەزی دەکرد پێدا بچێتەوە.. لە نووکەوە بە کارەساتەکانی ئەو چوار پێنج رۆژەدا بچێتەوە و ئەنجامێکی لێ هەڵێنجێ.. ئەنجامێك کە چمکێك، تەنیا چمکێکی نهێنییەکەی دەسگیر بخا و تۆزێ سەبووریی بداتێ. بەڵام شاڵاوی ئازارەکەی ناو دەروونی بەئامان و زەمان بواری نەدەدا و پێداچوونەوەکەی لێ دەکردە زنجیرە دیمەنێکی تێکەڵوپێکەڵی نوقمی تەمێکی خەست.

دەنگی حەمەجەزا کە ئەویش لەوە زیاتر خۆی بۆ رانەگیرا، وریای کردەوە کە وتی:

– خاڵە.. حەز دەکەم شتێکت لا ئاشکرا بکەم.. تاقەتت هەیە گوێم لێ بگریت؟.

ئەم هەرچەندە باش لە قسەکەی حاڵی بوو، بەڵام دوودڵ بوو لەوەی بتوانێ گوێی لێ بگرێ. تەنیا بەسەر نیوە ئاوڕێکی لێ دایەوە و بە کەمتەرخەمییەوە وتی:

– لە بارەی چییەوە؟.

کە وتی:

– کەریم.. کەریم و ژوورەکەی.

ئــەوسا لــەشیشی وەرچــەرخــانــد. بــە مــەغــزاوە چــاوی بــڕیــە چــاوی. هــەر بەکەمتەرخەمییەکی تێکەڵ لە نیمچە تەوسێکەوە وتی:

– ئادەی.. بزانم.

ئەو لە وەرامدا کەمێ گیری خوارد. دەتوت سووکە شەرمێك پێی گل دەداتەوە. تا کاتێ وتی:

– ئاخر وا سەرپێیی ناوترێ.. هەقایەتێکی لەگەڵدایە.

ئەم بەشێنەیی دانیشتە سەر قەرەوێڵەکەی و وتی:

– دەی فەرموو.. دانیشە بۆمی بگێڕەوە.

کەچی ئەو هەر نەیدا بەدەستەوە. ئەم جارە بەروویەکی خۆشەوە وتی:

– نا خاڵە.. وەهاش هەر نابێ. من وەختێکی تایبەتی ترم لێت دەوێ.

– بۆ؟!.. لەبەر چی؟.

– ئاخر.. هەقایەتەکە خۆی.. وا پێویست دەکا.

– ئەی دوێنێ شەو بۆچی نەتگێڕایەوە؟.

– خەریك بوو بیگێڕمەوە. بەڵام هێشتا بڕیارم نەدابوو ئەمڕۆ بڕیارم دا.

– راستم پێ بڵێ.. چیت لەژێر سەردایە؟.

– هیچ خاڵە.. باوەڕم پێ بکە هیچ. قەت منت دیوە درۆت لەگەڵدا بکەم؟.

– نەء.. بەڵام وا ئێستا!..

– نا خاڵە.. تکات لێ دەکەم گومانم لێ مەکە. با راستییەکەیت پێ بڵێم: ئێستا کە لە ماڵەوە هاتم، دایکم وتی پێی بڵێ با ئەمشەویش بێ لەلامان بێ و دڵمان پێی خۆش دەبێ. منیش لە رێگە لە دڵدا وتم: دە کەوابوو منیش شەوێ هەقایەتەکەی خۆمی بۆ دەگێڕمەوە. مەسەلەکە ئەئاوا بوو. خۆ تۆ هەقتە بپرسیت بۆچی شەوێ و لەوێ و بۆچی ئێستا نا و لێرە نا!. بەڵام تکایە مەپرسە!.. تکایە!..

سەبری وەك گفتوگۆکە و بەتایبەتی تکاکەی حەمەجەزای بۆ بوونە رێژنە ئاوێکی

سارد و داڕژابێته ناو دەروونە گڕ گرتووەکەیەوە، ئاوەها دامرکایەوە و هێور بووەوە. بەدەم بزەیەکی خاوی پڕ لە ماندوێیەتییەوە وتی:

– شەیتانیت!.. مەگەر کچەزای میرزا سالمی نەوەی میرزا و مەلاکان نەبیت!.. بڕۆ باببڕۆین.

شەو درەنگانێك کە لەسەر جێگەی خەوتن راکشان، سەبری وەك بە تاسەی بیستنی هەقایەتەکەوە بێ وتی:

– دەی فەرموو بدوێ.. بزانم چیت پێیە.

ئەویش وەك پێشتر بۆی ئامادە بووبێ، راستەوخۆ وتی:

– بەڵێ خاڵە.. وا دەدوێم و پێشەکی پرسیارێکت لێ دەکەم کە رەنگە تۆزێ ئاڵۆزبێ.

ئەم وتی:

– خۆ مەتەڵ نییە!. مەتەڵە؟.

– نانا.. مەتەڵ نییە

– دە دەی بزانم..

– پرسیارەکە دەڵێ: ئەگەر تۆ خۆشەویستێکت ناحەزێکتی خۆش بوێ، چۆنی تێ دەڕوانی؟

ئەم لێی حەپەسا سەرنجێکی بەمانای دایە و لێی ڕاما. لەو ساتەدا قسە بە مەتەڵە لە ناکاوەکانی باوکی هاتەوە یاد و دەتوت ئەو دەبینێ و دەیدوێنێ دوای هەندێ بیرکردنەوە وتی:

– روونتری بکەرەوە.. خۆت واتەنی ئاڵۆزە.

ئەو وتی:

– دەیکەم.. با بڵێین تۆ کەسێکت هەیە و خۆشت دەوێ. بێگومان ئەو کەسەش تۆی خۆش دەوێ. ئینجا ئەو کەسە وەك مرۆڤێکی جیا لە تۆ دێت و یەکێکی خۆش دەوێ کە تۆ بە ناحەز یا رەنگە بە دوژمنێکی خۆتی دابنێی. واتە لێرەدا کێشەیەك دروست دەبێ کە دەڵێ: یەکەم دووەمی خۆش دەوێ. دووەم سێیەمی خۆش دەوێ. کەچی یەکەم سێیەم دەبوغزێنێ. باشە لەم حاڵەتەدا دووەم چی بکا باشە؟.

سەبری بە بیستنی ئەم قسانە لەوسەری هاتەوە، بەتایبەتی کە لەگەڵ ئەوەکانی لەوەبەریدا لە یەکی دان. لەگەڵ ئەوەشدا وای پێ پەسەند بوو کە بدا بەدەم گفتوگۆکەوە و وتی:

– دەسا با منیش لە تۆ بپرسم: یەکەم و سێیەمەکە کامیان لەسەر هەقە؟.

– یانی بۆ دەتەوێ من بکەیتە دووەمەکە و بەو مانایە پرسیارەکەم لێ دەکەیت؟!.. یا..

– نانا.. راست دەکەیت.. وام ناوێ.. وا بەشێوەیەکی تری دەردەبڕم و دەڵێ: دەبێ یەکەم جار بزانرێ کە ئاخۆ یەکەم و سێیەم کامیان لەسەر هەقە. ئینجا کەسی دووەمیش ئەو راستییەی لەلا ئاشکرا ببێ. دوا جار بتوانرێ کێشەکە بەئەنجام بگەیەنرێ.

– ئەی کەسی دووەم چ دەورێك دەگێڕێ؟ تەنیا چاوەڕوانکردنی ئاشکرابوونی راستی؟.

– هەر نەء.. لەبەرئەوەی گوایە بووەتە خۆشەویستی هەردوو لا و هەردوو لاشی خۆش دەوێ، دەبێ کە راستی بۆ دەرکەوت، دەسبەرداری لایەکیان ببێ.

– هەر ئەوەندە؟. جا کێ دەڵێ ئەو لەلای خۆیەوە راستییەکی تری لەلا نییە؟.

– وەکو چی؟.

– وەکو ئەوەی دڵنیا بێ کە چ یەکەم و چ سێیەم هەڵەن.

– هەردووکیان؟.

– یا هەردووکیان پێکەوە.. یا یەکێکیان بەتەنیا!

– کامیان؟.

– یەکەم

– چۆن؟.

– سێیەم بە هیچ کلۆجێ ئاگای لەو ناحەزییە نییە کە یەکەم لێی بەدڵەوە گرتووە.

– یانی یەکەم چاوەشە بووە و بەهەڵە چووە؟.

– بەڵێ

– واتە خڵەفاوە.. ئەقڵی تەبدیل بووە.. بگرە شێت بووە شێت وانا؟.

سەبری ئەم دوایین قسانەی بە رووگرژییەوە کردن.

وای نیشان دا کە پەست و بێزارە. بەوە حەمەجەزای خستە داوەوە کە لەلای خۆیەوە راچەنیبووە سەرباری دانیشتن و بەتەنگەتاوییەوە لە وەرامیدا وتی:

– نا خاڵە دوور لە تۆ.. وا نییە.. تۆ بۆ وای تێ دەگەیت؟.

ئینجا خۆی لێ سەرسام کرد و وتی:

– دوور لە من!.. وتت دوور لە من؟ بۆ گوایە یەکەمەکە منم؟.

ئیتر کە ئەو دەمی لە ئاستیدا بوو بە تەڵەی تەقیو ورتەی بۆ نەکرا، ئەم بەنەرمە پێکەنینێکەوە وتی:

– دەی کاکە دەی.. فەرموو دەستت بخەرە روو فەرموو هەقایەتەکەت بگێڕەوە و دڵم لە لاتە.

ئەوسا حەمەجەزا وەك گەیشتبێتە تینی، پەتی پساند و زمانی بەرەڵا بوو، وتی:

– خاڵە.. من هەشت نۆ مانگێك دەبێ لە رێگەی مامۆستا ساڵحەوە ناسیاویم لەگەڵ ئەو ماڵەدا پەیدا کردووە مامۆستا ساڵح جگە لەوەی برازای کاك کەریمە، هێندەش هۆگر بەیەکترین کە بەخۆی و ژن و منداڵییەوە پتر لەلای ئەمانن وەك لە ماڵی خۆیان. پێت سەیر نەبێ. مام و برازا بەچەشنی من و تۆ، لە ساڵانێکی زووەوە ئاوەها هۆگر بە یەکتر بوون. منیش لەو هەشت نۆ مانگەدا، هێندە بەهۆی ئەوەوە هاموشۆم کردوون کە وەك یەکێ لە خیزانەکەم لێ هاتووە. چۆن دەچمەوە ماڵی خۆمان و دێمەوە دەرەوە چۆن دێمە لای تۆ و دەڕۆم.. ئاوەهاش هاموشۆی لای ئەوان دەکەم.

خاڵە گیان.. لەمەش بەولاترەوە.. خۆشەویستی بێ سنوورم بۆ تۆ ناچارم دەکا، نهێنییەکی ناخی دڵیشمت بۆ ئاشکرا بکەم.. نهێنییەك کە تا ئەم ساتە لەلای هیچ کەسێکم نەدرکاندووە و ناشیدرکێنم. بۆ تۆ نەبێ بۆ هیچ کەسێکی تری نادرکێنم. تەنانەت بۆ مامۆستا ساڵحیش کە بە حیسابی خۆمان دەبێ یەکەم کەس بێ بیزانێ. ئینجا تکایە لێم حاڵی ببە کە تۆ چ نرخ و بەهایەکت لەلای من هەیە، لە دڵی مندا خاوەنی چ پایە و پلەیەکی بالایت. ئێستا با بۆت باس بکەم.. خاڵە من.. من.. نازانم چۆنی دەرببڕم!.. .. من هەست دەکەم هێزێکی تەلیسماوی لە ناخەوە.. لە ناخی ناخەوە

بەرەو نەسرینی کچە گەورەکەی کاك کەریم بە کێشم دەکا و دەڵێی دەستێکی نادیار کەمەندێکی نەبینراوی بۆ هەڵداوم و تێمی ئاڵاندووە. توند توند شەتەکی داوم و هێدی هێدی رام دەکێشێ. منیش خۆمم بۆ شل کردووە و بەدەم کێشمەکێشە نەرمونیانە بەسۆزەکەیەوە دەچم.

خاڵە.. من پێم سەیرە..! زۆرم پێ سەیرە تۆ وات لە دڵ گرتبێ گوایە ئەو ناحەزی تۆیە!. بۆ؟! ئاخر تۆ بۆچی وای تێ گەیشتوویت؟ کەی وایە؟ ئاخر کوا وایە؟! باوەڕم پێ بکە خاڵە.. باوەڕم پێ بکە ئەو کابرایە پیاوێکی گەلێ بێ ەوەی و دڵ و دەروون پاك و سەرڕاستە.

قەت وانییە وەك تۆ لە دڵت گرتووە. نەك هەر خۆی بگرە خێزانەکەشی بە ژن و هەردوو کچ و کوڕەکەیەوە، نموونەیەکن لە پاکی و خاوێنی. لە رەوشت و گفتار و رەفتاری بێ گەرد. لە خێرخوایی و چاکەکاری و مەردایەتی. من لە نزیکەوە.. زۆر لە نزیکەوە ناسیومن  و لێیان دڵنیام.

خاڵە.. هەندێ شتی تریش هەن کە من دەبێ زمانم لە ئاستیاندا ببەمە کلیلە و نەیاندرکێنم. بمبەخشە.. دەبێ ئەگەر چوار مێخەشم بکێشرێنەوە بەزمانمدا نەیەن، دەنا بۆتم ئاشکرا دەکردن و تۆش تەواو دڵت ئاوی دەخواردەوە. تکایە.. با نیوە و نیوەچڵیش بێ. بەڵام تێم بگە دەڵێم چی. لە مەبەستم حاڵی ببە. درۆم لەگەڵدا نەکردوویت چاوەشەت ناکەم.. بە هەڵەت نابەم. من سەرسووکی و حەوانەوەی مێشك و سەبووریی دڵ و دەروونی تۆم مەبەستە. من ئەمە بوو هەقایەتەکەم و وا بۆتم گێڕایەوە. هیوادارم توانیبێتم هەندێ شتم روون کردبێتەوە کە لە دڵی تۆدا بووبوون بە گرێ.

سەبری بەدرێژاییی ئەو ماوەیە، خامۆش خامۆش بووبوو. کڕوکاس و بێ متەق.. بێ ورتە و جووڵە. تەنانەت چاویشی درەنگە درەنگێك دەترووکاند. دەتوت قسەکان دەبیستێ.. ئا دەیانبیستێ و بەڵام هەر خێرا، بەبن و بێخی بیر و هۆش و هەست و نەستیدا دەتکێنە خوارەوە. بەقووڵاییەکی بێ بندا رۆدەچن و ئیتر نازانرێ لەوێدا چییان بەسەردێ!. هەر بۆیەکیشە نە بە باوەڕکردن یا نەکردن.. بەقایلبوون بە هەقایەتەکە یا نەبوون هیچ گفتێکی نەدا.. هیچ لەبزێکی لە بارەوە نەهێنایە سەر زار!. هەر خامۆش خامۆش.. هەر کڕوکاس و بێ متەق.. هەر بێ ورتە و جووڵە مایەوە. قەدەرێکی زۆری خایاند و هەر نەبزوا و نەهاتە گفت.

دەتوت بە ئەنقەست وا دەکا و حەمەجەزای پێ ئازار دەدا. دەروونی ئەوی پێ دەهێنێتە ژەنگوژار و تۆڵەی لێ دەستێنێ. بە عەزرەتی بیستنی وەرامییەوە دەیتاسێنێ.

دەیبرژێنێ و دەیپرووکێنێ. تەنانەت حەمەجەزا خۆشی لەو ساتانەدا، گومانێکی لەم بابەتەی لە دڵدا بزوا. نەك ئەو، هەرکەسێك لە جێگەی بووایە، ئەم گومانەی لە دڵدا دەبزوا، دەنا کابرای گوێگر چی لە کیس دەچێ!. دەبا بڵێ ئا یا بڵێ نەء!. بڵێ راست دەکەیت یا بڵێ بێجات کرد.

یا قەیناکە نا.. با ئا و نەئی لێ پەڕ بکا.. با بە دوور و درێژی بیسەلمێنێ کە نە شێلە لێرەیە و نە بێلە لەوێ. کێ رێی لێ گرتووە؟ کێ دەمی دورووە؟ کورە دەبا هەر رەپ و راست بڵێ: حەمەجەزا شەکرت شکاند!.. ناماقووڵت کرد!.. سەرت دای لە بەرد!. ئێ بابە با وا بڵێ.. با وا پەنجە بکا بە چاومدا!.

بەڵام راستییەکەی وا نەبوو. ئەم ئەگەرچی قسەکانی حەمەجەزای یەك بەیەك وەرگرتن و قووتیدان. ئەگەرچی باش لێیان حاڵی بوو چ هەقایەتێك دەگێڕنەوە. کەچی بۆ وەرام زمانی چووە کلیلە. بگرە بە دوایاندا هەر بەسەر ئەم دنیایەوە نەمابوو. داخزابووە دنیایەکی ترەوە. دەست و مەچەکێکی ئاسنین لە پشتی ملی نەویبوو. بردبووی بە فڕێدان فڕێی دابووە ناو دۆزەخێکەوە و تێیدا هەڵدەقرچا.

قرچەقرچی جەستەی بەڕوونی دەهاتە بەرگوێی. بگرە بە چاویش یەك بەیەکی ئەندامەکانی لەشی دەبینی چۆن لەناو گڕ و کڵپەی ئاگرە سوورەکەدا چزچز دەبرژێن. ئەها ئەوەتا دڵی، سییەکانی، جگەری، گەدە و ریخۆڵەکانی دەبینێ دەبرژێن و چزەیان گوێ کەڕ دەکا!. ئەم تەنیا هێندەی ئاگا لە حەمەجەزا مابوو کە وەك تارماییی ناو تەمومژێك بەدی کرد و بەبەرچاویدا رابوارد، ئینجا چرکەیەکی کەوتە بەرگوێ و ژوور نوقمی تاریکییەکی ئەموستەچاو بوو. بەدوایدا دەنگی حەمەجەزای بە ئاستەمێك بیست کە وتی:

– شەوباش.

***

هەقایەتەکەی حەمەجەزا هێندەی تر مێشکی شڵەقاند و لەنگەری بیرکردنەوەی لێ تێك دا. کە ژوورەکە نوقمی تاریکییەکە بوو، تەقەلای دا بخەوێ و نەیتوانی. خەوتنی چی؟!. هەر مەگەر مرۆڤێکی ملووڕی بێ عاری لەو بابەتەی کە ئەگر ئاسمان بەسەر

زەویدا داتەپیّ بتوانیّ پڕ بە چاڵی چاوی بخەویّ، دەنا ئەم ناتوانیّ. ئەم لە بابەتی تلانەوە و گینگڵدانە. ئەم لە چەشنی دانیشتووی سەر پشکۆی ئاگرە. راکشاوی سەر دڕکەزی و پەیکوڵە.. نووستنی چی؟.

هەرچەندی کرد.. هەرچەندی هێنا و برد، هەقایەتەکەی بۆ نەچەسپێنرایە ناو قالبێکی قایلکەری ئەوتۆوە کە دڵی پێی دابمرکیّ. لە ئەنجامیدا هەڵوێستی بەرامبەر حەمەجەزا هەر بەلای گومان لێکردندا دەشکایەوە. بەمەش گەلیّ تەنگەتاو دەبوو پەستی و بێزاری هەراسانیان دەکرد.. بگرە دەروونی پێی بوغزاوی دەبوو. رقوکینەیەکی جەخاراوی لە ناخیدا کیفی دەکرد و وەك لیقاوێك، لە گەروویەوە بۆ ناو دەم و پل و ژێر زمانی سەری دەکرد. لێی دەبووە هالاوێکی ژەهراوی و لە کونی لووت و گویّ و لە چاوانییەوە شەپۆل شەپۆل دەردەفرتا. دەیوت:

«ئاخر خۆ من تۆم بەلاوە فریشتەیەکی ئەو ئاسمانە بوویت!. ئاخر تۆ چۆن دەدەیتە پاڵ کەسێك کە غەدرێکی ئاوا گەورەی لە من کردبیّ؟!. ئەو دەردێکی دامیّ.. داخێکی چزاند بە جگەرمدا.. سزایەکی پیّ نۆشیم کە کەس تا ئێسا لە گەڵمیدا نەکردووە. ئیتر تۆ چۆن دەبیتە هاوەڵ و هاودەمی.. پاڵپشتی.. پارێزەری و بەرگریی لیّ دەکەیت؟.

ها!.. چۆن؟!.. باوەجوو کیّ دەڵیّ هەر تۆ خۆت.. تۆ.. نانا.. تف لە شەیتان!.. بڕوا ناکەم گوایە گەیاندبێتییە رادەیەك تەنانەت دەستی لە پیلانەکەیدا هەبیّ؟ ئەم هانی دابیّ نەخشەکەی بۆ کێشابیّ؟ نا.. ئەمەیان دوورە. هێجگار واش نا. بەڵام رەنگە پێی خۆش بووبیّ. ئا پێی خۆش بووە. لەوەپێش نەیوت ژوورەکەی بۆ کچەکانی دروست کردووە؟ ئا.. ئاشقی ئەمیش ئاشقی.. هین.. کێی وت؟!. نەسرین؟!.. ئا.. ئاشقی نەسرین نەبووە؟!.. نەسرینیش نابێتە خاوەنی ژووری خۆی؟ ژوورێکی تاریکی سەربان و دوور لە چاو و چاودێری؟!. بۆ نەء بۆ ئەشقبازی یەکاویەکە و هاوتای نییە. ئەو ئە گەر ئەقڵی باش بخستایەتە کار، کەریمی تیژ دەکرد پەنجەرەیەکیشی لیّ بخاتە سەر حەوشەکەی.. حەوشەکەی ماڵی خاڵی.

ماڵ ماڵی خاڵێتی و دەیتوانی لە بەیانییەوە بێت تا نیوەڕۆ.. تا ئێوارە.. تا نیوەشەو لەوێوە چاوبڕکێی لەگەڵدا بکا.

کەچی وای نەکردووە!. بۆ؟!. جا راوەستە.. بۆ بیکا؟

ئەو ناڵیّ من وەکو یەکیّ لە خێزانەکەم لیّ هاتووە؟ ئیتر چ پێویستی بە چاوبڕکیّ لە

حەوشە و پەنجەرەوە هەیە؟ خۆ لە دەرگەوە دەچێت و تا سەری سەرەوە.. تا لای نەسرین ناوەستێتەوە. تێروپڕ ئاشقێنییەکەی لەگەڵدا دەکا و چۆن چووبوو وەهاش بەبەرچاوانەوە لە دەرگەوە دەچێتەوە دەرەوە. ئیتر پەنجەرەی بۆ چییە؟.

چەندە ئەم خەو دەچووە چاوی، حەمەجەزاش هێندە.

ئەویش بەسەرزاری مت بووبوو، دەنا بیر و هۆشی هەر لەلای ئەم بوو.. هەوڵی دەدا نەبزوێ و بار نەگۆڕێ و بۆی نەدەکرا. دەیویست وا بنوێنێ کە لە شیرین خەودایە و بۆی نەدەبرایە سەر. چەند جارێك باری گۆڕی و چەندان جاریش ملْچەی تف قووتدانی لێ بەرز بووەوە. ئەم بەردەوام لێی بەخەبەر بوو. لە دڵدا خۆی دەدواند و لەویش بەئاگا بوو.

دەیزانی باراشی ئەویش لە هەمان ئاشە و بەڵام ئەندێشەکەی بە نەزمی چەقەنەیەکی تری هەڵدەسوورێ.

تلانەوە و گینگڵدانی حەمەجەزای بەدەم ئەو ئازارەیەوە بۆ قووت نەچوو. لە دڵدا وتی: من لە کوانووی ئەندێشەدا قاڵ بووم. من جۆشم پێی خواردووە و بوومەتە هەسانی.

دەیبڕم و نامبڕێ. تیژی دەکەم و تیژ ناکا. بگرە من بوومەتە کوانووەکە و کام ئەندێشە سەخت و ستەمە جۆشی دەدەم. دەیتوێنمەوە و بەسەد و یەك باردا تاووتوێی پێ دەکەم.

دوایی دەیکەمە هەسان و بۆ تیژکردنەوەی تەرخان دەکەم.

کام ئەندێشە زۆر کول و کۆڵەوارە، بەمنی بسپێرە و بۆتی بکەمە تیخێکی دەبان و هەناوی سەرسەختترین مرۆڤی سەر تا خوار پێ شەق بکە. ئا.. من بوومەتە زێوانی ئەندێشە.. بوومەتە دەروێش و کۆیلەی. نانا وا نا...

بگرە بوومەتە خاوەندی. ئێستا هەر هێندەی فەرمان بدەم دەتوانم بڵێم: هێی ئەندێشە هێی!.. وەرە لە قووڵاییی دەروونمەوە خۆت بەرەڵا بکە و سەربەست ببە.

وەرە ئەو کۆت و زنجیرانە بپچڕێنە کە لەو حەشارەدا دەتبەستنەوە و دەرپەڕێرە دەرەوە. ئا.. ئەگەر بێت و ئەم فەرمانەی پێ بدەم، دەبینیت وەك دەمی بورکانێکی سەرەتای پێکهاتنی گۆی زەمین، هەڵم و هالاوێکی ئەوتۆ دەهاوێ کە لە جگەرەکێشانێکدا بەری ئاسمان بە هەورێکی رەش رەشی قەترانی دەتەنێ. کەسێك ئیتر

خۆر بە چاوی خۆی نابینێتەوە. رووناکی ببڕای ببڕ نوغرۆی تاریکستانێکی خەست خەست دەبێ. ئەم رەگەزی ئادەمیزادە لە تاریکستانەکەدا هەموو دەبنە شەمشەمەکوێرە. ئا.. ئەگەر فەرمانەکە بدەم و بڵێم: هێی ئەندێشە پەنگ خواردووەکەی ناخی دەروونم هێی بەرەڵا ببە. هورووژم بێنە دەرەوە و سەربەست و ئازاد ببە. تەواوی پێچ و لوولە هەزار بە هەزارەکانی خۆت یەکالا بکەرەوە و بچۆرە بەرچاوی ئەم رەگەزە نەگریسەی پێی دەوترێ ئادەمیزاد... دەزانن چی روو دەدا و چی دەقەومێ!.. ها!.. دەزانن؟!. بەڵام نایکەم نا!. من وەکو ئێوە نیم. من دێوەکەی خۆم هەر بەبەندی لەناو کوولەکەکەدا دەهێڵمەوە. ئێوە رۆژی سەد جار بەرەڵاکردنیتان بە لاوە وەك یەك قوم ئاوخواردنەوە وایە. من وانیم و نابم. من ئێوە نیم و نابم. ئەندێشەی خۆم بۆ خۆم و با لەوێ... لەناو بورکانەکەدا.. هەر پەنگ بخوات و بخواتەوە.

بەڵام حەمەجەزا تۆ... تۆ... نازانم بڵێم چی. نازانم چی و چۆنت لەگەڵدا بڵێم!!. ئاخر تۆ هێشتا لەگەڵ ئەندێشەدا ساوایت. ئاخر تۆ لە کوێ و ئەم بوارە لە کوێ؟!. تۆ هێشتا بۆنی شیری خاو لە دەمت دێ. کوا تۆ بوویتە کەری ئەم بارە؟!. سەبری و کەریمی کۆمە ئا. ئەوان سەریان بە گۆڕی بابیان. کامیان ئەستۆی کامیان ورد دەکا با بیکا. کێیان ئێسك و پرووسکی کێیان دەهاڕێ با بیهاڕێ. ئێ باشە تۆ بۆچی وا زوو بکەویتە ناو ئەم دۆزەخەوە... ها!.. تۆ بۆچی؟!. نا... نابێ... نابێ!....».

دەتوت ئازاری هەستێکی پەشیمانی زۆری بۆ هێناوە و لوولی دەدا. هەر لەناو تاریکی ژوورەکەوە وەرچەرخا بەلای حەمەجەزادا. ئەو ساتە تیشکێکی کز لە گڵۆپێکی دووری کۆڵانەوە دەهاتە ناو ژوورەکەوە و حەمەجەزای وەك تارماییەکی راکشاو دەخستە بەرچاو. تارماییەکەی بینی مت و خامۆش رووی لەودیوە. قەدەرێ لێی راما و ئینجا وەك لەبەر خۆیەوە بدوێ وتی:

– زۆرت خۆش دەوێ؟.

حەمەجەزا وەك بەدرێژایی ماوەی گینگڵدانەکەی هەردوو لایان چاوەڕوانی پرسیارەکە بووبێ، بەبێ هیچ خۆ بزواندنێك و بەدەنگێکی پڕ لە کزۆڵەییەوە وتی:

– زۆر.

ئەم وتی:

– کچێکی ئاقڵە؟.

ئەو وتی:

– زۆر زۆر.

– جوانیشە؟.

– پڕ بەپڕی ئاقڵییەکەی.

– دەزانیٚ خۆشت دەویٚ؟.

– ئا بەڵیٚ.

– ئەی ئەو؟!.

حەمەجەزا هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا. جەستەی بزواند و بەلای ئەمدا وەرچەرخا. ماوەیەك دەنگی لێوە نەهات.

تا لە پڕێکدا وتی:

هەڵسم گڵۆپەکە داگیرسێنم؟.

ئەم زوو وتی:

– نەء... ئەندێشە لە تاریکیدا چاکتر شەوق دەداتەوە.

بەردەوام بە و قسەی خۆت بکە... ئەی ئەو؟.

– ئەو؟!... گرفتەکەم لێرەدایە.. هیچ نیشانەیەکم ناداتیٚ.

– نیشانە؟!... وەکو چی؟. لێت لالووتە؟ لچت لیٚ هەڵدەقورچێنیٚ؟ دەتبوغزێنیٚ؟.

– نانا... قەت نا. تا بڵێیت سەروزمانی لە گەڵمدا شیرینە و بە ڕوومدا دەخنێتەوە. بەڵام...

– بەڵام چی؟!... لەوە زیاتر چیت لێی دەویٚ؟.

– ها؟!.... نازانم... خاڵە نازانم.

– چی نازانیت؟!... یانی دەتەویٚ بێت.. بێت.. بێت!.. ئانوسات وەك تەلیسمێکی لیٚ بکریٚ، بیر و هۆشی لە حەمەجەزا دابڕا. بێت بێتەکە بڕووسکەیەکی بە مێشك دادا و رایماڵییەوە بۆ لای زینەت و بۆ قسەکەی عیزەتەفەنی...

«گوایە دەتەویٚ بێت بەزمانی خۆی بڵیٚ وەرە بمخوازە؟!».

ئینجا راماڵینەکەش لە زینەتییەوەی ئالآند. لە دڵدا وتی:

«ئاخۆ ئێستا... ئا لەم ساتەدا لە چ حاڵەتێکدا بێت؟.

وەرە بیهێنەرە بەرچاوت. ئەوەتا ئەویش لەناو تاریکستانی ژوورەکەیاندا راکشاوە و پرخەی خەوی دێ. شیرینی لە باخەڵ ناوە و بەسنگ و مەمکییەوە نووساندووە. بەتەنیشتی شیرینەوە حەمەدە و رەنگە دەستی بەدەستییەوە بێ. هەر لە ریزی ئەوانیشەوە عەباس و بەکرن. ئینجا بەتەنیشتەکەی ترییەوە مەلەکە و هەموو ئێستا لە شیرین خەودان. هەموو فریشتەیی لێی نووستوون و پرخەی...

بەڵام تۆ راوەستە!... کێ دەڵێ وایە؟!. منداڵەکان ئا... ئەی زینە؟!. ئەوا من لەلای خۆمەوە وا دەخوازم و حەز دەکەم ئەویش لە فریشتە خەودا بێ. ئەی جا کێ دەڵێ وایە؟ نا باوەڕ ناکەم وا بێ. نا قەت وانییە. بگرە ئەویش ئێستا گینگڵ دەدا. خۆ من پێم خۆش نییە. کەچی دەیدا.

بەدەست خۆی نییە و دەیدا. دەتلێتەوە. لەناو جێگەکەیدا گەوز دەدا. گشت گیانی هاتووەتە خوروو. خوروویەکی ئارام لەبەر هەڵگر. شوێنێك و دووان و سیان نییە بڵێی دەیانخورێنێ و دادەمرکێنەوە. لە کەڵەمووستی پێیەوە تا تەوقی سەری گرتووەتەوە خورانێکی بە چووزانەوەی سرەوت لەبەربڕ. لەو بابەتەیە کە مرۆ هەراسان دەکا و لە گیانی خۆی بێزار دەبێ. ماوەیەك بەرگە دەگرێ. هەر تەپاوتل دەکا و بەرگە دەگرێ. بەڵام دادی نادا و هەر دەبێ ببەزێ. هەر دەبێ راست ببێتەوە و پشوویەك بەو پەستی و بێزارییە قیرسچمەیەی بدا. دەرفەتێك بۆ لێ دەربازبوونی ببینێتەوە. ئا.. ئەوەتا زینەت بە ناچاری وا دەکا. شیرین بە شێنەیی کەلا دەخا و هەڵدەستێتە سەرباری دانیشتن.

دەڵێیت هەزار مێرووڵەی سووری کەڵبەدار بەربوونەتە گیانی و لە یەك بینا دەیگەزن. لا لە جێگە گازی کامیان بکاتەوە؟.

خۆ وەنەبێ هەریەکەش بەتەنیا گازێك تەسەلایان هاتبێ.

نەء... هەریەکەیان...»

-بێت چی خاڵە؟.

پرسیارەکە لە زینەتی دابڕی. پەلی لە پەلی هەڵپرووسکاند و هێنایەوە تەك حەمەجەزا. کە هاتەوە بێت بێتەکەی نەختێ لەوەبەری لێ خزابووە پشتەوەی بەئاگاییەوە. قسە و باسەکەی لەلا تێکەڵوپێکەڵ بووبوو. هەڕەمەیی وتی:

– بێنە با ئەندێشەکەی تۆش بکەمە سەرباری ئەوەکەی خۆم.

حەمەجەزا سەری لێ دەرنەکرد. بە سەرسوڕمانەوە وتی:

– یانی چۆن؟.

ئەم هەوڵی دا روونی بکاتەوە، وتی:

– باڵندەیەکی ئەفسانەیی هەیە پێی دەوترێ قەقنەس. تۆ بیستووتە؟.

ئەو وتی:

– بەڵێ.. بیستوومە.

ئەم ویستی بدا بەدەمییەوە و مەبەستەکەی دەرببڕێ.

کەچی تێکەڵوپێکەڵییەکە لێی دەشێواند. کە هەستی کرد بۆی ئامادە نییە دەمی لێك نا. قەدەرێ کڕوکاس بوو. ئینجا لە ناکاوێکدا وتی:

– چاکتر وا نییە بنووین؟.

حەمەجەزا وتی:

– ئەی ئاخر!...

ئەم وتی:

– وازی لێ بێنە بۆ وەختێکی تر... شەوباش!.

حەمەجەزاش ناچار وتی:

– شەوباش!

***

## ٦

ئەمڕۆش کە ماڵی بەهێی بەجێ هێشت، بەنیاز بوو بگەڕێتەوە ماڵەوە و نەگەڕایەوە. دیسان کە گەیشتە ئاستی کۆڵانەکەیان، دوای هەندێ هەنگاو خاوکردنەوە، هەر خێرا ملی پێوەنا و بەشەقامدا ڕێگەی گرتەبەر.

بەیانییەکەی کە لە خەو بەخەبەر هات و چووە بەر دەستشۆرەکە سەروسیمای لە ئاوێنەکەدا گەلێ بە تێکشکاوی بینی. دەتوت لە ساڵەها لەوەبەرەوە، یەکەم جارە لە نزیکەوە دەکەوێتە بەرچاوی و بە وردی سەرنجی دەداتێ. هیچ کام لە نیشانەکانی پێشووی وەك خۆی پێوە نەمابوون. قژەسەر پتر کشاوەتە دواوە و دیمەنی ناوچەوانیان لێ کردووەتە ژمارە چوارێکی پەلوپۆ بەرینی سەربەرەو خوار، « ئەمە لە کەیەوە و بۆ و چۆن؟!». لە دڵدا وتی:

«من پێشتر قژەسەرێکی ترم پێوە بوو!.. قژەسەرێکی ئەوتۆ کە ناوچەوانم لەژێر شەپۆلیدا بزر دەبوو، کەچی ئێستا!.. ئەها تۆ سەیر!.. نەك هەر دەڵێی بەردە یاپراخێکی ساف و لووسە، بگرە چەندان خەت و خاڵیشی لێ پەیدا بووە!.. ئەها تۆ بڕوانە ئەو لۆچانە!. یەك و دوو و سێ و.. ئا.. چوارەمیش.. چوارەمیش هەیە. بەڵام!.. بەڵام ناڵێن هەر لۆچەی بە دە ساڵ دەچی؟. ئەی کوا پێنجەم و شەشەم؟.

نا.. کەوابوو وا نییە و ڕاست ناکەن. ئەگەر وا بووایە، من ئێستا دەبوو شەش لۆچم لە ناوچەواندا بوونایە. بابە شەش نا پێنج کەچی وا نییە.»،

ئەو ئەنجامەی پێ خۆش بوو. لە قژ و ناوچەوان لایدا و چاوی بڕییە چاوی خۆی. بچووکتر و کزۆڵەتری بینین. بروسکەکەی جارانیان تێدا نەمابوو.. برژانگ بە دەوریاندا هاتوونەتە تەنکی. لە چاوانیش لایدا و ڕوانییە چرچی ڕوومەتە گووپنەکانی. شۆڕ بوونەتەوە و نیشتوونەتە سەر هەردوو لاپاڵی لووتی.

لەوانەوە بینایی داکشاندە سەر سمێڵی. ئەم پتر دڵتەنگی کرد. وتی:

«خۆ ژمارەی سپییەکان خەریکن شان لە ڕەشەکان دەدەن». لێی بوو بەمەراق. سمێڵی سپی لێ خۆش نەدەهات. قژەسەر سپی دەبێ با ببێ. بەڵام ئەمیان نەء. سمێڵی سپی لە دڵدا بووبووە گرێیەك و نەشیدەزانی بۆچی و لە چییەوە هاتووە.

وەك دەردەدارێك بانگی کردە بەهێ. لەرەی دەنگی ئەشکەنجەی نەخۆشێکی بەئازاری لێ دەتکا. کە بەهێ بە هەڵەداوان هات و لەبەر دەمیدا قوت بووەوە، ئەم وتی:

– ئەها!.. تۆ بەوردی سەیرێکم بکە.

ئەو فەرمانی بەجێ هێنا و بەپەرۆشەوە لە ڕووی وردبووەوە. لێی تێگەیشت و خۆی گێل کرد. وتی:

– بۆچی؟ چی بووە؟.

– نایبینیت چیم لێ هاتووە؟.

– چیت لێ هاتووە. هیچ.. هەروەکو خۆتیت.

– بەڕاست؟.یا لەبەر دڵی منتە؟.

– بەڕاست.. هەر ئەوەیە تۆزێ قژت رووتاوەتەوە. ئەویش ئاساییە.

– ئەی سمێڵم؟ تۆ بڕوانە سمێڵم.

– چییەتی؟ جوان بووە.

– جوانی چی!.. هیچ جوان نییە و من زۆرم لا ناشیرینە.

– دە بۆیەی بکە.

– نایکەم.. عەیبە.. من پێم عەیبە.

سەبری ئەو قسەیەی بە نیمچە توورەییەکەوە کرد. بە دەمیشییەوە وتی:

– بێنە.. تۆ مقەستێکی بچکۆلەم بۆ بێنە.

بەهێ مقەستی ناو تاقمی تەراشەکەی حەسەنی مێردی بۆ هێنا.. ئیتر ئەم نیشتە گیانی مووە سپییەکان و قرتاندنیان.

تا وای لێ کرد سپی شان لە شانی رەش نەدا.

ئەم لەو ساتانەدا نەیدەزانی بۆچی وەها لا لە سەروسیمای دەکاتەوە بگرە لەوەش بێ خەبەر بوو کە بۆچی ئەوێکی هەرسێ رۆژ جارێك ریش دەتاشێ و کە رۆژی پێشوو تاشیبووی، هات ئەم بەیانییە دوای سمێڵەکە، بە تاقمەکەی حەسەن ریشەکەشی پاك پاك تاشییەوە.

تەنانەت ماوەیەکیش بەداهێنان و رێکخستنی قژییەوە خەریك ما و دوو سێ مووی

درێژ و نارێکی لە برۆشی بڕین. تا بەهێش کە وردورد ئاگای لەم کەین و بەینەی هەبوو، لێی کەوتە تەقە و بە پێکەنینەوە وتی:

– کاکە.. چیت بەدەستەوەیە وا خۆت تاسولووس دەکەیت؟.

لەوکاتەدا هیچ وەرامێکی بەهێی بۆ نەدرایەوە. تەنیا بزەیەکی دا بە روویدا و قڕوقەپی لێ کرد. بەڵام کاتێ بڕیاری نەچوونەوەی بۆماڵەوە دا و بەڕاستە شەقامدا ملی پێوەنا، ئەوسا قسەکەی بەهێی لە گوێدا زرنگایەوە و زەردەیەکی گەشی کەوتە سەر لێو. لە دڵیشدا وتی: «وەڵا خۆ راست دەکا!.. ئەرێ بەڕاست چیم بەدەستەوەیە؟».

ئێستا لەوەدابوو بزانێ چیی بەدەستەوەیە و کەچی نەدەچووە ژێری!. ئێستا ئەوەتا بەرەو ناو بازاڕ هەنگاو دەنێ و هەر ئاشکراشی ناکا بۆ کوێی دەوێ بچێ. دەگاتە بەر قەسرەکەی تۆفیق قەزاز. شۆڕ دەبێتەوە بۆ لای عەلافەکان.

دەگاتە ئاستی سەوزەفرۆشەکان و وا بازاڕە بچکۆلە رووبەڕوویەتی ئەوەتا لە بەردەرگەکەی قەیسەریی نەقیبدا. لێوەی بچێتە ژوورەوە؟ ئەگەر چوو لەوسەرەوە لە دەرگەکەی بەرامبەر قەیسەریی وەسمان پاشاوە سەر دەردێنێ. ئەگەر بەو دەرگەدا رۆچووە خوارەوە دەگاتە لای سابیر. ئەگەر نەچوو ئەوا بە بەر حەوزەکەدا بەرەو خوار دەبێتەوە بۆ لای گوومرگە سووتاو. لەوێوە لادەدا بۆ بەرخانەقا و ئیتر هەنگاو دەیگەیەنێتە ماڵی تۆفێقە فەنی. خۆ ئەگەریش چوونە ناو قەیسەریی نەقیب پشتگوێ بخاو هەنگاو بەلای چەپدا بەرەو ژوور بنێ، ئەوا لەبەر ئەسحابە سپیدا خۆی دەبینێتەوە و ئیتر لەوێوە!..

ئەگەرەکان وەك تەیمانێکی دڕکەزی ئابڵووقەیان دا. خستیانە بەینەوە و لە بەردەرگەی قەیسەریی نەقیبدا چەقاندیان. بەدیوی دەرەوەیدا بەسەر دنیاوە نەمابوو. پەنجەت بۆ ناو چاوی درێژ کردایە نەدەسڵەمییەوە. بەڵام بەناخ بووبووە پووشێکی دەم گێژەڵووکەیەك و لوولی دەخوارد. لە یەك بینا لوولی دەخوارد و نەدەگیرسایەوە. ئەندێشەکە بە چەشنێ یەخەگیری بووبوو کە قرچەقرچ هەناوی هەڵدەقرچاند. قرچەقرچەکەی لە شێوەی سەدای ئاخ و ئۆفێکی بۆ کڕووزاویدا دەهاتە بەرگوێ. هەر کات ئەو سەدایەی دەهاتە بەرگوێ، دەیزانی حاڵی ناوەوەی هێجگار پەشێوە. دەیزانی وا ئەندێشەکەی لێ دەبێتە جۆرە فێیەك و دەیگرێ. چزەچز مێشکی سوور دەکاتەوە. دڵی دەبرژێنێ. جگەری بەسەر ساجێکی ئاگریندا دەدا.

ئـاخ.. ئۆف.. ئـاخ.. ئۆف!.. وەك هـاوارێکی بەجەخـاری نـاو چیا و چۆڵێك بە پـانتـاییی هەنـاویدا دەنگی دەدایەوە. نەدەگەیشتە سەر زاری. راهـاتبوو نەگاتە سەر زاری.. لە کونی ژوورەوەی لانەکەی خۆیدا، هـەر قـەت نـەیهێشتبوو دەرفـەتی دەرپـەڕین لـە زارییەوە بێنێ. هـەمووکـات دەیکردە دیلێکی زیندانی دەروونی.

که فێیەکە دەیگرت بەپێچەوانەی کاتەکانی ترییەوە، هـەستێکی سەرەڕۆیی شان بـەشانـی هـوروژمـی بـۆ دەهـێـنـا. هـوروژمـەکـەش هـەر جـارە بـە لایـەکیدا رادەمـاڵـی. سەرەڕۆیییەکەی هـەر جارە بە چەشنێك پێ دەنواند.

لە زۆربـەی جاراندا سەری بە ناو خۆیدا پێ دەئاخنی و دەیپەستاوتە ناو لانەکەیەوە. لەوێدا بەدەستییەوە گینگڵی دەدا و دەتلایەوە. دەپڕووکا و دەسووتا و دەبوو بە زووخاڵ. دەمرد و دەژیـایەوە و دەمرد و دەژیایەوە. کەم جاریش پەتی دەپچڕاند و ئەو کۆت و پـابەندەی دەپساند. هەڵدەهـات و لـە لانـەکەی بـەلـەسە دەبوو. دەرگـەی نـاوەوەی لـە گرێژەنە هـەڵدەکەند و بۆ دەرەوەی دەردەپەڕی. دەچوو بچێ بـەگژدا. دەچوو بچێ تۆڵە بسێنێتەوە. بچێ لە سەد جاران جارێك سەدای ئـاخ و ئۆفەکەی بەدیوی دەرەوەیدا کپ بکاتەوە. (ئـاخ.. ئۆف.. ئـاخ.. ئۆف).

دەستێك بـەتوندی شانی راوەشاند. راوەشاندنەکە هێندە بە توندی بوو کە دەتوت قـەسدی خستنی دەکا. کە پێی وریا بووەوە، بەدەم سڵەمینەوەیەکی خلیچکەوە روانییە خاوەن دەستەکە. شەوقییە فەنی بوو بەبێزارییەوە دەیوت:

– کورە کابرا ئەوە تۆ مردوویت زیندوویت ئەی چی!.. دەزانیت من لە کەیەوە شانت رادەوەشێنم و بـانگت لێ دەکەم؟.

ئەم هێشتا هـەر گێژوویژ بۆی دەڕوانی و ورتـەی بۆ نەدەکرا. تـا کـاتێ ئەو وتییەوە:

– چیتە؟!.. بۆ وا لێرەدا چەقیویت؟ بتیت؟.

ئەوسا جووڵەی بـەبەردا هـاتـەوە، سەیرێکی ئـەملا و ئەولای کرد سەرنجێکی بـەبـەژن و بـاڵای خۆیدا گێڕا. دەتوت بۆ خۆی دەگەڕێ ئەوەتـا دەیدۆزێتەوە. بێ سەروبـەر وتی:

– هـا؟!.. هیچ.. هیچم.. نییە.. تۆ...

ویستی بڵێ تۆ لە کوێ بوویت و بۆ کوێ دەچیت. نەیوت و گێڕایەوە لە بری ئەوە جووڵا. پشتی کردە دەرگەی قـەیسەرییەکە و بەرەو پـاش گەڕایەوە. شەوقی وتی:

– نیازی کوێت هەیە؟.

ئەم وتی:

– نازانم!.. هیچ کوێ.

ئەو وتی:

– خۆ دیارە کە نەشتدەزانی بۆ کوێ دەچیت.. وانا؟.

ئەم بێ ئاوڕدانەوە بەلایدا، بەدەنگێکی پڕ لە جەخارەوە وتی:

– با.. وابوو.

ئەو دەستێکی برادەرانەی پڕ لە سۆزی دا بە شانیدا و وتی:

– دەوەرە با بڕۆین وەرە.. وەرە سەر بخەرەوە بە کۆشی تیمارخانەکەدا. دەزانم کوێت دێشێ. چەندت پێ دەڵێ سەبری بەسە.. سەبری ئەم بێ ئەقڵییە تاکەی؟ ئەم دەرویشییە لە پای چی؟ ئەم فەلسەفە و فەلسەفەکارییە بەسە!. کەچی تۆ هەر لە کەلی شەیتان نایەیتە خوارەوە!. دەوەرە برام.. وەرە پێشم کەوە با بڕۆین دەی.

ئەها بڕوانە!..

ئەم بەلالووتەوە سەرنجێکی خێرای دایە زەرفەکانی بن دەستی. دیمەنەکەیان زیاتر لە قسەکانی پەستی کرد. وتی:

– نایەم.

– ئەو وتی:

– ئێ کورە دەبەسە بێ ئەقڵی. خۆ خۆشت دەزانیت کە دەوای دەردەکەت لای زێبایە.. دەوای شێرپەنجەکەت لای ئەوە!.. دە سەرسەختی مەکە و وەرە بابڕۆین.

ئەم بە ناوبردنەکەی زێبا پرنگایەوە. وەك یەکەم جار بێ یەك ئاوازییەکەی نێوان ناوی زێبا و زینەت سەرنجی رابکێشێ. خورپەیەك دای لە دڵی و هێندەی تر لە داخوازییەکەی شەوقی تەکییەوە. بە بێزارییەوە وتی:

– نایەم.. ، وتم نایەم و بەرۆکم بەردە.

ئیتر لەسەری نەوەستا. بەپەستییەوە لێی جیا بووەوە و رووی کردە چاخانەکە. بەدەم رێوە مێشکی ئالایە مەسەلەی لە یەکچوونی دوو ناوەکە. لە دڵدا دەیوت: «زینەت و

زێبا!.. زۆر سەیرە!.. تا ئێستا چۆن بە لایدا نەچووبووم؟!. چۆن لێی غافڵ بووم؟». لەمەولاتریشەوە، کەوتە بەراوردکاری لە نێوانیاندا. «خۆ لە گەلێ شتی تریشدا لەیەکتر دەچن».. وتی:.. «هەردووک بێوەژن و مێرد مردوون. هی ئەویان بە گوللەی وێڵ و ئەم بە بەلای خوا. هەردووکیشیان هەتیوبارن. ئەو پێنجی هەن و ئەم سێ. خۆ هاوتەمەنیشن. نانا.. رەنگە ئەو دوو سێ ساڵێك لەم خوارتر بێ. ئینجا بەپێچەوانەوە، لە بێوەژنییەکەدا رەنگە ئەم دوو سێ ساڵێك لەو پێشتر بێ. ئاوایە. ئەو سێ ساڵ و نیوە و ئەم پێنج شەش ساڵێکە. وەکی تر ئەو.. ئا.. جیاوازییەکەیان.. ها؟!.. لە چیدایە؟!.. ئابڕوو؟!.. ئا.. ئەو پاراستوێتی و ئەم.. ئەم..».

بۆی نەهاتە تەنانەت سەر زاری ناخیش، لەلای خۆیەوە لە ئاستی وتنیدا شەرمەزار دەبوو. لە دڵدا لەسەری رۆیشت و وتی: «ئەگەر ئەم ناچارە من چی؟!. یا با بڵێین ئەگەر من یەك جار ناچاربم ئەم دووە. ئەگەر من لە یەك سەرەوە بێ ئەم لە دووەوەیە. ئیتر بۆچی من داوێنپاك بم و ئەم بێ ئابڕوو؟!.. یا بۆچی زینەت.. زینەت..».

باسەکەی لێ تێکەڵوپێکەڵ دەبوو. لە ناکاوێکدا وتی:

«ئەی کێ دەڵێ زینەتیش!..». ئەمی نەك هەر بۆ نەهاتە سەر زار، بگرە بەخێرایی هەر لە قووڵاییدا قرتاندی و تووناى کرد. بەدوایدا سەرێکی تووڕەیی و پەشیمانی لە خۆی بادا. چکەیەکی بەدەنگی بەرز لە دەم دەرپەڕاند. دەستێکی ناڕەزایی لەگەڵدا سوور هەڵدا. وەك بشڵێیت گوایە شەیتان بە لەعنەت دەکا، بە حیرسەوە رووی تفێکی لە زەوی کرد.

ئەو کاتە هەنگاوی گەیاندبووە بەر چاخانەکە. لەوێدا وەك دوودڵ بێ گیری خوارد و راوەستا. بەڵام روشدی بواری لێ بڕی. لەناو چاخانەکەوە بە لۆقە لێی دەرفرتایە دەرەوە. هەر لە دەرگەوە بانگی لێ کرد.

– سەبری.. وەرە برام وەرە.. من سەعات و نیوێکی خشتە چاوەڕوانتم. لە کوێیت کاکە.. تۆ لە کوێیت؟.

ئەم ئەگەرچی هەر زوو نیشانەی راگەیاندنی هەواڵێکی نائاسایی لە لەرەی دەنگ و سەروسیمایدا خوێندەوە، بەڵام تەنیا بە چاو و برۆ رووی پرسیاری تێ کرد و بە قسە هیچی دەرنەبڕی. تا وەختێ ئەو وتی:

– شوێن نەما بەدواتدا لێی نەگەڕێم.. لە کوێ بوویت؟.

ئینجا ئەم لێی بەقسە هات و بەپەرۆشەوە لێی پرسی:

– بۆچی؟. چی بووە؟.

ئەو راستەوخۆ وتی:

– تۆفیقە فەنی تۆ خۆش.

ئەم وەك هەر یەکێك و کە هەواڵێکی ئاواهی دەبیسێ، بێ پەروا وتی:

– چۆن؟!.. کەی؟. کێ وتی؟.

ئەو ئاسایی لە وەرامیدا وتی:

– من و عومەر لێرە دانیشتبووین.. ئاسۆ هات.. ئاسۆی کوڕی فایەق ئاگەداری کردین. ئەو لە تۆی دەپرسی. وتمان هێشتا نەهاتووە. چیت لێی دەوێ ئێمە پێی دەڵێین. ئیتر هەواڵەکەی پێ راگەیاندین. ئەوسا من..

روشدی دابووی بەدەمییەوە بە دوور و درێژی بیگێڕێتەوە.

ئەم پێی قرتاند. وتی:

– عومەر کوا؟.

ئەو وتی:

– چوو بەدوای تۆدا بگەڕێ.

ئەم تەکانی دا و وتی:

– بابڕۆین.

ئەو بەدەم هەنگاونانەوە شان بەشانی وتی:

– ئەی شەوقی؟!.. ئەم بەیانییە دیار نەبوو.. لە کوێ بێ؟.

ئەم خۆی لێ بێ خەبەر کرد. وتی:

– رەنگە بە کارێکەوە خەریك مابێ.

کە ئەو بەدەنگێکی پڕ لە خەمخۆرییەوە وتی:

– نەچم بەدوایدا بۆ ماڵەوە؟.

ئەم بە کەمتەرخەمییەوە وتی:

– نەء.. پێویست ناکا..

***

هەواڵی مردنەکەی تۆفیقە فەنی بۆ بووە سەربارێکی قوڕقوشمین و نیشتە سەر بۆتەقەی ملی. لە ژێریدا دەیناڵاند و ئاخ و ئۆفەکەی لەمەڕ بەر قەیسەریی نەقیب، بە گشت توندوتیژییەکییەوە لێی ژیایەوە. رقێکی ئەستوور. بوغزاندن و قێزهاتنەوەیەکی بێ ئەندازە.. تف و لەعنەتکردنێکی بێ تام لە خۆی، وەك بورکانێك لە ناخیدا لێی تەقییەوە سات بەسات ژیانی لێ دەکرد بەدۆزەخ. لە دڵدا جارێك و دە و سەد لە نووکەوە پێدا چووەوە.. «سێ مانگ بوو نەچووبووم دیدەنی. من نەچووم و ئەو ناردی بەدوامدا. کە چووم دیم لەسەر جێگەی مردن کەوتووە. لەو سەر جێگەی مردنەکەی بەڵێنم دایە ئێوارەکەی سەری لێ بدەمەوە و نەمدا. رۆژی دوایی و دوایتر و دواییتریش هەر نەمکرد. سەرباری هەموو بەڵێنم دایە سنووقەکەی بخەمە بەردەست و نەمخست. بمخستایە رەنگ بوو کلیلی گرفتەکەی سابیری تێدا بۆ بدۆزیمایەتەوە. ئێستاش فەرموو ئەوەتا پیاوەکە جەستەیەکی بێ گیانی بێ ورتە و جووڵەیە و ئیتر قەت و قەت لەبزت لە لەبزی ناکەوێتەوە. دەفەرموو بزانم ئیتر تۆ لە عۆیەیدا چیت لە دەست دێ؟ چیت پێ دەکرێ؟ ها؟ چی؟.

کە لەگەڵ روشدیدا بە هەڵەداوان خۆیان گەیاندە بەر خانەقا، تەرم پێش پێی ئەوان بە ماوەیەکی کەم بەرێ کرابوو. هەر بە هەڵەداوان بەرەو سەیوان تێیان تەقاند. روشدی ویستی بیدوێنێ. بەرێزەوە باسی تۆفیقە فەنی بۆ دەکرد. بینی بە ستایشکردنییەوە گرتبوو.. کەچی ئەم لێی نەدەبیست گوێی بۆ قسەی ناخی خۆی رایەڵ کردبوو. دەیوت: «کابرا تۆ مێشکت روو لە گرێژەنەچوونە. تۆ بیر و هۆشت خەریکە بەچەشنی کلافە دەزوویەکی ئاڵۆزکاوی لێ دێ. تۆ بەرێوەیت داخزێیتە ناو زەلکاوی بێ ئاوەزییەکی بێ ئامائەوە. تۆ ئەئاوا بڕۆیت شێت دەبیت شێت ئا.. شێتێکی پەتیارەش!. شێتێکی بەرەڵای ئەو شەقام و کۆڵان و کەلاوانە!. تێ دەگەیت دەڵێم چی؟ ها!.. تێ دەگەیت؟»

– چی؟!.. لە چی تێ بگەم؟.

سەبری دوایین قسەکەی بەدەنگی بەرز لە دەم دەرچووبوو. روشدی وای زانی لەگەڵ

ئەوێتی. بە سەرسوڕمانەوە ئەو پرسیارەی کرد. ئەم پەشۆکا. وتی:

– ها؟!.. هیچ.. هیچ.. لەگەڵ تۆم نەبوو.

وەختێ گەیشتنە جێ، تەرم داهێڵرابووە ناو گۆڕەوە. لە کەنارێکدا راوەستا و کەوتە چاوگێڕان بەناو خەڵکەکەدا. لە بیریدا بوو کە سابیر دەبێ هاتبێ. بەڵام قەت لە خەیاڵیدا نەبوو ئاوەها بە فینگەفینگی گریانەوەی ببینێ. ئەوەشی پتر سەرسامی کرد، بینینی دوو کوڕی گەنج و حەمەجەزا بوو کە دەورەیان دابوو. بەمەزەنە بۆی چوو دووانەکە دەبێ کوڕەکانی بن. ئەی حەمەجەزایان بۆچی لە تەکدایە؟. بۆی ساغ نەدەکرایەوە. لە دڵدا وتی: «کێ دەڵێ لە تەکیاندایە؟!. رەنگە رێکەوت بێ». کەچی دوای تۆزێ بۆی دەرکەوت دەیاندوێنێ و بە شێوەیەکیش کە لە یەکتر ناسینێکی کۆك بەولاوە، هیچ لێکدانەوەیەکی تر هەڵناگرێ.

– وا عومەریش هات.

روشدی لە گێژەنی ئەو جەنجاڵییەی دەرکێشا. عومەر بە پەلەپڕووزێ بە گردەکەدا سەردەکەوت و بەدەمییەوە چاوی گێڕا. ئەمانی بەدیی کرد و بەرەو روویان هات.. لەگەڵ گەیشتنیدا ویستی رووی پرسیارێك لەم بکا و دانیشتنی خەڵکەکە بۆ تەلقین دادان بواری لێ بڕی. لەگەڵ ئەوەشدا کە دانیشتن، وا گونجا روشدی بکەوێتە تەنیشتییەوە و پرسیارەکەی بەدەنگی نزم لەو کرد. وتی:

– شەوقی کوا؟ نەتاندی؟.

روشدی وتی:

– نەء.. سەبری ئاوڕێکی بەلایدا دایەوە، لەوەدابوو لێی بە وەرام بێت و گێڕایەوە. کە رووی وەرچەرخاندەوە، خەیاڵێکی قووڵ بردییەوە. مەیلی بەراوردکارییەك زۆری بۆ هێنا، لە دڵدا وتی: «سەیرە!.. یەکێك دەئاخنرێتە ژێر خاکەوە. چاك زۆر چاك دەئاخننە ژێر خاکەوە، تا بۆگەنەکەی کە هەر لە دوای سێ چوار رۆژێکەوە دەست پێ دەکا، نەگاتە بەر لووتی ئەوەکانی سەر خاك کە جارێ زیندوون!. ئەم وردەوردە ئەو جەستەیەی کە ساڵەها بوو لە بزووتنێکی بێ وچاندا بوو، روو لە داڕزان دەکا. پیست و گۆشت هەڵدەوەرێن و لە ئێسك جودا دەبنەوە. ئەو ماسوولکە گورجوگۆڵ و بزێوانەی بەدرێژاییی ئەو ساڵانە گاڵەیان دەکرد، ریشاڵ ریشاڵ دەبن و بەچەشنی پشکۆی دامرکاوەی ناو کوانوویەك، دەبنە خۆڵەمێشێکی فشۆڵی نەرمونیان و هەر هێندەی

پووشکەیەکت تێوەردا، دەبێتە توێژاڵە گەردێکی پەرت و بڵاو. بۆ نموونە هینەکەی ئەم.. ئـا هینەکەی!..»

بزەیەکی خاوی کەوتە سەر لێو، لە سەرەتادا سووکە شەرمێك لە نموونە هێنانەوەکە دای گرت. خەریك بوو لێی لابدا و پشتگوێی بخا. دوایی لەسەری رۆیشت و وتی:

«جا بۆ؟!.. خۆ بێجا ناکەم؟ ئەرێ وەڵا راست وایە.. ئا هینەکەی ئەم بەرێوەیە وای لێ بێ. کەچی لە هەمان سات و کاتدا.. ئا رەنگە هەر راست لەم سات و کاتەدا هینەکەی شەوقی لە حاڵەتی گاڵەکردنەکەدا بێ!. رەنگە ئێستا لەگەڵ هینەکەی زێبادا یەکانگیر بووبنەوە و وەك دوو پشکۆی گەش گەشی ئاڵ ئاڵی تیندار تیندار، هەر بەیەکتریدا بچزێن و بچزێنەوە!. ئا.. وا.. راست ئاوەها!. دەوجا وەرە سەری لێ دەربکە وەرە مێشکت بەدەست ئەم بەزمەوە.. ئەم سەیر و سەفایەوە.. ئەم فیزەبەرخانەیەوە کە پێی دەوترێ ئادەمی و ژیان.. مان و نەمان.. لەدایکبوون و مردن و نەتەقێ!.. شەق نەبا.. هەپروون بە هەپروون نەبی. ئەمە چییە؟ ئەمە چ هەقایەتێکی مێشە؟!. چ تەشقەڵە و گێچەڵێکە؟ چ کاو بایەکە؟!. کورە بگرە ئەمە چ قوزەڵقورتێکە و ئەئاوا بە قورگی ئەم گیانلەبەرەدا دەکرێ کە پێی دەوترێ ئادەمی.. مرۆڤ.. ئینسان؟ دەی باشە ئاژەڵێك بووایە چاکتر نەبوو؟ گورگێك.. سەگێك.. پشیلەیەك.. نا بگرە مێروولەیەك یا مێشوولەیەك بووایە چاکتر نەبوو؟ هیچ نەبێ ئەوان خاوەن بیر و هۆش نین لێکی نادەنەوە. وردی ناکەنەوە.. هەزار و یەك حیساب و کیتابی بۆ ناکەن. دە هەزار و یەك راوورێوی بۆ ناهێننەوە. دەربەست نین.. هیچ دەربەست نین یەکێکیان بئاخنرێتە ناو خاکەوە و. نانا.. با بڵێین لەژێر تایەی ئۆتۆمۆبێلێکدا جیقوفیقی دەربێ و بەسەر خاکەوە ببێتە تۆز و گەرد، یەکێکی تریشیان لە هەمان کات و ساتدا هینەکەی بخزێتە ناو هینێکی ترەوە!. ئا هیچ دەربەست نین. نە لێکی دەدەنەوە نە وردی دەکەنەوە. نە حساب و کیتابی بۆ دەکەن و نە راوورێویشی بۆ دەهێننەوە. توخوا چاکتر وانییە؟.. ها؟.. چاکتر وا نییە؟.

– سەبری.. سەبری!..

دیسان روشدی بوو تێوەی ژەند و هێنایەوە سەرخۆ. وتیشی:

– بۆڵەبۆڵی چیتە؟!.. لە کوێیت؟ بیر لە چی دەکەیتەوە؟.

ئەم حیرسێکی وەها گرتبووی کە سەرتاپای لەشی کردبووە ئاگرێك و نێڵەنێڵێك کڵپەی لێ هەڵدەستا. ئەندام لە جەستەیدا نەمابوو گڕی تێ بەرنەبووبێ. بەئاشکرا

دەیبیست خوێن قوڵپەقوڵپ لە ورد و درشتی دەمارەکانیدا کوڵ دەدا. نەیتوانی لەوە زیاتر بە چیچکانەوە دابنیشێ. خۆی داتەپاندە سەرباری چوار مەشقی و هەردوو دەستی وەك کوڵەکە بەملا و بەولایدا نیشاندنە سەر زەوی. دەستەکانیش راگیر نەدەبوون.

لە ئانیشکییەوە دەنوشتانەوە و نووچیان دەدا. جارێك و دووان و سیان رەپیکردنەوە و نوشتانەوە. تا ناچار بە قنگەخشکێ کەمێ کشایە دواوە. پشتی نووساند بە کێلێکەوە و پاڵی دایەوە.

مەلا تەلقینی تەواو کرد و فاتیحا خوێندرا خەڵکەکە هەڵسانەوە سەر پێ و ئامادەی رۆیشتن بوون. ئەم هەر پاڵی دابووەوە و نەبزوا.. تا روشدی وتی:

– هەڵسە بابرۆین.. بۆ دانیشتوویت؟.

ئەوسا راچەنی و کەوتە سەرپێ. وەك فێیەکەی تۆزێ لەوەپێشی بەری دابێ، بەهێمنییەوە شان بەشانیان هەنگاوی نا هوشیار بووبووەوە. چاوێکی خێرای گێڕا. سابیر و کورەکانی و حەمەجەزای دییەوە پێکەوە بەرەو خوار دەبوونەوە. بەنیاز بوو بە فڕکانێك بچێ بگاتە لایان و نهێنییەکەی ژێر سەریان یەکالا بکاتەوە. راست و راست بپرسێ: «ئێوە چۆن و لە کەیەوە یەکتر دەناسن؟ وەرن پێم بڵێن: ئێوە چی لەبارەی گرفتەکەی نێوان باوکم و سابیر و من و سابیرەوە دەزانن؟!. بەڵکو وەرن بۆمی ئاشکرا بکەن بزانم ئێوە چ پیلانێکتان لەژێر سەردایە؟. نابێ.. قەت نابێ.. حەمەجەزا تۆ.. ئا تۆ.. وەرە تێم بگەیەنە. کورە خۆ تا ئێستا بە لای منەوە فریشتەیەك بوویت و لەو ئاسمانەوە کەوتبیتە خوارەوە. کەچی چیت لێ دەبینم و چۆنت دەبینمەوە وەرە مەردی خوابە و بۆمی بگێڕەوە.. پاشماوەی هەقایەتەکەم بۆ بگێڕەوە. دیارە زۆرت لە بن هەنگڵدایە و کەمت دەرخستووە. دە وەرە مەردی خوابە و هەموویم بۆ دەربخە. خەریکی چیت؟ نیازی چیت هەیە؟ چ داوێکت ناوەتەوە و بۆچی؟ ئاخر بۆچی؟. من چ خراپەیەکم لەگەڵ تۆدا کردووە؟. لە خۆشەویستی و لەوپەڕی دڵسۆزی زیاتر چیت لە من دیوە؟. چی؟!.. ئاخر چی؟».

لێی بووە مەراقێکی تفت و تاڵ مەراقێك دڵ و جگەر هەڵئاوسێنێ. بیر و هۆش بگەوزێنێ و مێشك بپووکێنێتەوە. هەست و نەست گڕ تێ بەربدا. شالاوەکەی بە ئامان و زەمان بۆ دابین نەدەکرا. فێیە دەروونییەکە بەرۆکی بەرنەدەدا.

وەك بنێشتە تاڵ پێوەی لكابوو. هەڵی دەپچڕی.. ئا تەقەلای هەڵپچڕینی دەدا. كەچی هەر هێندەی لەملاوە هەڵی دەپچڕی، لەولاوە وەك مێشە سەگانەیەك دەهات و پێوەی دەنووسایەوە.

ئەو كاتە سابیر و كوڕەكانی و حەمەجەزای لە بەرچاو بزر بووبوون. خۆی خەتابار كرد. خەیاڵ نەیبردایەتەوە و غافڵ نەبووایە بزری نەدەكردن. دای لە كەللەی بیانبینێتەوە. پێی هەڵگرت و تەكانی دا.

روشدی و عومەر لێی سەرسام بوون. عومەر وتی:

– پەلەی چیتە؟.

بە پرسیارەكە هاتەوە سەرخۆ. هێواشی كردەوە. لەگەڵیدا شاڵاوەكەشی لێ هێور بووەوە. لە دڵدا وتی: «راستە.. پەلەی چیمە!. لەبەر ماڵەوەدا دەیانبینمەوە. لەوێ كە بڵاوەی لێ كرا دەیاندوێنم».

لەوێ سابیر بەتەنیا مابووەوە. كوڕەكانی و حەمەجەزا دیار نەمابوون. كە خەڵكەكە هاتنە سەر بڵاوە لێكردن، ئەم ویستی بچێ سابیر بەگیر بێنێ و نەیكرد. لە دڵدا وتی: «دەبێ یەكەم جار لەگەڵ حەمەجەزایدا یەكالا بكەمەوە. دەبێ بزانم ئەو چی دەفەرمووێ!. جارێ با ژێری زمانی ئەو تاقی بكەمەوە. كێ دەڵێ ئەو سەری مارەكە نییە!. با.. دەشێ.. دەشێ!. بەڵام ئاخر بۆ؟ بۆچی بشێ حەمەجەزا.. ها.. تۆم بەپیاو.. بەمەرد.. بە بلیمەت و لێهاتوو.. بە فریشتەكەی لە ئاسمانەوە هاتوو دەزانی!. یانی.. یانی گوایە تۆش كەست نەدۆزییەوە پێی فێر ببیت گڕگڕ بە من نەبێ؟ ها.. بەمن نەبێ؟.

گرتبوویەوە.. ئەو گرتنەی گرتبووی یەخەی بەر نەدەدا. وەك بنێشتە تاڵ.. وەك مێشە سەگانە پێوەی نووسابوو. قەت بەم چەشنەی نەگرتبوو. قەت قەت.. وەك چنگنە وەها بە مێشك و بیر و هۆشییەوە.. بە هەست و نەستییەوە.. بە خولیا و خەیاڵییەوە چەسپ بووبوو، بە ئامان و زەمان لێی نەدەبووەوە و بەرۆكی بەر نەدەدا. قەت وەهای بەسەر نەهێنابوو.. قەت قەت.

كە بڵاوەی لێ كرا، دەبوو بچێ بەلای فایەقەوە و ئەركی سەرشان بەجێ بێنێ. ئا.. ئەوەندەی هۆش پێ مابوو. لێی نزیك بووەوە و عومەر و روشدیش لەگەڵیدا سابیریش لەولاوە هات پێكەوە گەیشتنە ئاستی. سابیر هێشتا چاوی بە فرمێسكەوە بوو. تیلەیەكی خێرای ئاراستەی ئەم كرد و هیچی نەوت. بە كزۆڵەییەوە لە تەنیشت

فایەقەوە راوەستا. پێوەی دیاربوو کە خۆی بە خاوەن پرسە دەداتە قەڵەم.

کە دەورەیان چۆڵ بوو روویان کردە مزگەوت. بووبوونە بیست سییەك لە کەسوکار و برادەرانی نزیك و دەبوو تەدارەکی پرسەدانانەکە رێك بخەن. لە مزگەوت کوڕەکانی سابیری لەگەڵ چەند لاوێکی هەرزەکاردا بینییەوە کە خەریکی سازدانی جێ و رێی پرسەکە بوون. وای لە زەین گرت کە دەبێ حەمەجەزاشیان لە تەکدا بێ. چاوی بۆ گێڕا و دیار نەبوو. کە هەر چاوەڕێی کرد و نەیدی کۆڵیدا. ئەو دەمە زۆربەی بیست سی کەسەکە عومەر و روشدیش بڵاوەیان لێ کردبوو. ئەمیش بە مەبەستی چوونی بۆ لای حەمەجەزا و دواندنی مۆڵەتی رۆیشتنی خواست. فایەق بەدەم مۆڵەت دانییەوە لەلاوە پێی وت:

– دەبوو سەرێکت لە باوکم بدایەتەوە. دوو سێ جار هەواڵتی پرسی. هاتم بەدواتدا و نەمبینیت. زۆری مەبەست بوو بتدوێنێ.

ئەم بە خەمناکییەکی تێکەڵ لە تەریقبوونەوەوە وتی:

– هیچی نەوت؟.

ئەو تەنیا وتی:

– نەء

ئیتر کە لە یەکتری جودا بوونەوە، سەیری کرد وا سابیر لەولاوە بە دزییەوە سەرنجیان دەداتێ.

***

حەمەجەزای لە ماڵەوە بەگیر هێنا. خراپ لێی بە قاردا چووبوو. بێ پێشەکی و شێلە و بێلە لێی پرسی:

– سابیر چۆن دەناسیت؟.

ئەو لە پرسیارەکە سڵەمییەوە. بەتایبەتی کە روانی وا رووگرژییەکی بێ ئەندازەشی لە پاڵدایە. بۆ وەرام هەندێ راما و بیرێکی بە پەلەی لێ کردەوە. ئەو لە کەین و بەینەکەی نێوانیان بێ خەبەر نەبوو. مامۆستا ساڵح سەرپێیی شتێکی بۆ لێ باس کردبوو. بەڵام ئەوان قەت خۆیان نەکردبوو بە خاوەنی. بە تەنگییەوە نەبوون و بە بیریاندا نەهاتبوو هەوڵی چوونە بنج و بناوانییەوە بدەن. تەنانەت مامۆستا ساڵح کە

گێڕایەوە، وای دایە قەڵەم کە ڕەنگە کۆنە قینێکی منداڵانەی هیچوپووچیان لە نێواندا بێ و لە خوت و خۆڕایی کردبێتیانە خوێنی سیاوەش. لەگەڵ ئەوەشدا لە وەرامی خاڵیدا بە هێمنییەوە وتی:

– بەهۆی مامۆستا ساڵحەوە.

خاڵ بەبیستنی قسەکە دەتوت لە سەربانێکەوە بەرت داوەتە خوارەوە. ڕووگرژییەکەی گۆڕدرا بە واق وڕمانێکی ئەوتۆ کە هەر ئەوە بوو لە هۆش نەچێ و دانەڕمێتە سەر زەوی. قەدەرێ بەو شێوەیە کڕوکاس بوو. چاوی بەسەر ڕووی حەمەجەزادا ئەبڵەق بوو. دەمی داچەقاوی سەرسوڕمانێکی لە رادەبەدەری رادەگەیاند. ئینجا دوای دوو سێ جار تف قووتدانی شڵەژان و تەنگەتاوی، زمانی بۆی هاتە گۆ و وتی:

– مامۆستا ساڵح.. وتت مامۆستا ساڵح؟!.

– ئا بەڵێ.

– ساڵحەکەی برازای کەریمە کۆم.. کەریمی کۆمە؟.

– بەڵێ.. بەڵێ ئەو..

– یانی.. کەوابێ.. کەواتە...

قسەکەی بۆ تەواو نەکرا هەر چەندی کرد بۆی نەهێنرایە سەرزار ئەم جارە هەر بەڕاستی نەیتوانی لەوە زیاتر بەپێوە ببێ. خۆی گەیاندە نزیکترین کورسی و داڕمایە سەری. ملی هێندە شل و شێواو بووبوو، کەللەی سەری بە قوتی پێوەی بەند نەدەبوو. کەللە کەمێ لارە لارەی کرد. بە پێشدا هات و نیشتە سەر سنگ. لەشیش و بەتایبەتی هەر چوار پەل لە بزووتن کەوتن. دەتوت مرد!.. دەتوت کابرا بە مەرگەسات مرد و لێ بووەوە.

حەمەجەزای بێ ئاگا لە مەغزای ئەو چەند پرسیار و وەرامە، بەو دیمەنەی خاڵی وەها سەرسام بوو کە لە سەرەتادا لە جێی خۆی وشك هەڵات. دەتوت خوێن گرتوێتی. دەتوت سامگیر بووە و هەرچەند دەکا جەستەی بۆ نایەتە بزووتن. تا ئەویش لە ناکاوێکدا وەك دەستێکی نادیار لە پشتەوە پاڵێکی پێوە بنێ، تەکانی دا و هەڵمەتی بردە لای خاڵی. لە بەردەمیدا بە چۆکدا هات. هەردوو شانی گرت و کەوتە راوەشاندنی پەیتا پەیتا دەیوت:

– خاڵە.. خاڵە گیان.. خاڵە!..

خاڵ لە هۆش نەچووبوو. بە سستییەکەوە سەری هەڵبڕی. دەموچاوی ڕەنگی مردووی لێ نیشتبوو. زەرد زەرد وەك لیمۆ دەینواند. ئارەق هۆن هۆن بە لاجانگەکانیدا بەرەو ملی دەلەرینەوە. سەروسیمای دیمەنێکی پڕ لە ئەشکەنجە و ئازاری رادەگەیاند.

حەمەجەزا لە زارەترەکبوونەکەی ساتە وەختێك لەوەبەری قورتاری بوو. ئەوەتا خاڵ ساغ و سەلیمە.. ئەوەتا بە هۆش و گۆش و لەسەرخۆیە.. بەڵام چاوەکانی بۆچی بوونەتە دوو کۆڵەووژ و شاڵاو دێنن؟ بوونەتە دوو کوورەی ئاگر و کڵپەیەکی بێ ئامان دەردەپەڕێنن؟ بۆچی؟ وەك لێی بپاڕێتەوە، بەدەنگێکی پڕ لە کەساسییەوە وتی:

– خاڵە.. خاڵە گیان.. چیت لە دڵدایە بیڵێ. چیت لە من دەوێ دەری ببڕە و گلی مەدەرەوە. من هیچی وام نەکردووە دڵی تۆی پێ ئازار بخوا. چی بووە و چی قەوماوە بۆمی ئاشکرا بکە. من چیم کردووە ئاخر چی بیڵێ بزانم!. چیم لێ وەشاوەتەوە دڵتی پێ ڕەنجابێ؟!.. تکایە بیڵێ.. تکایە..

سەبری چاوە ئاگرینییەکانی لێ لادا. رووی وەرگێڕا و روانییە دەرەوە. لە پەنجەرەکەوە روانییە دەرەوە و تاس بردییەوە. خامۆش خامۆش بوو. دەتووت بەسەر ئەم دنیایەوە نەماوە. حەمەجەزا هەمدیس بەرێز و سۆزەوە وتی:

– خاڵە تۆ چ خێرتە؟ چیت بەسەرهاتووە؟ تکایە پێمی بڵێ تکایە ئەگەر من رەفتارێك یا گفتارێك یا هەڵسوکەوتێکی بێ جێم لە رووی تۆدا لێ وەشاوەتەوە، پێمی بڵێ تا بزانم و منیش قسەیەکی خۆمی تێدا بکەم. دە بیڵێ و لە خوت و خۆڕا گوناهبارم مەکە.

ئەوسا رووی وەرچەرخاندەوە. ڕەنگ و رووی ئاسایی بووبووەوە. بەڵام چاوی هەر غەزەبی لێ دەباری. دوای هەندێ لێ رامان، بەدەنگێکی تێکەڵ لە تووڕەیی و گازندەوە وتی:

– حەمەجەزا!.. تۆ بە من بڵێ نەك من بە تۆ!.. تۆ ئەوەندە مەرد و پیاو بە.. ئەوەندە ئازا و نەترس بە.. ئەوەندە بە جەسارەت بە کە بتوانیت هەرچیت لەژێر سەردایە ئاشکرای بکەیت. مەیشارەوە.. پێچ و پەنای تێ مەخە.. راووڕێوی تێدا مەهێنەرەوە. خەریکی چیت و چیت بەدەستەوەیە بیڵێ!. تۆ..

– خاڵە.. تکایە..

خاڵ بواری نەدا لەسەری رۆیشت و وتی:

– تۆ ئەگەر شتێکت بەدەستەوە بوو!.. ئەگەر ئامانجێکت هەبوو!.. ئەگەر کارێکت لە دڵ گرتبوو بیکەیت و بۆت مەیسەر نەدەبوو! یا هەر هیچ نەبێ ئەگەر لە حاڵێ یا لە حیسابێکەوە گلابوویت و لێی دەرنەدەچوویت!.. هەر لە بنەڕەتەوە پێویستیت بەم پیلان و پیلانگێڕییە نەبوو. خۆ دەهاتیت و دەتوت خاڵە.. خاڵە ناموبارەکەکەم.. من ئەمە دەردەکەمە و وەرە چارێکم بکە. نەك بچیت لە پشتەوە ئەئاوا خەنجەرێك ئاراستەی مووڕەگەی پشتم بکەیت.. نەك بچیت!.. ئاخر خۆ من تۆم بە مەردی مەردان.. بەئازای ئازایان!.. بەپیاوی پیاوان دادەنا.

– خاڵە گیان.. خاڵە دەستت ماچ دەکەم.. تۆ..

– خۆ من تۆم بەژیر و هۆشمەندێکی بێ هاوتا دەزانی. بەهەقپەرست و خێرخوایەکی بێ وێنە. بە نموونەی ڕەوشت بەرزی و سەرڕاستی و زمانپاکی. بگرە بە لامەوە فریشتەیەك بوویت و لە ئاسمان کەوتبیتە خوارەوە کەچی کوا؟!.. کەچی..

– ئێ خاڵە دە تۆ ڕاوەستە.. تکات لێ دەکەم مۆڵەت بدە منیش دوو قسە بکەم.. تکایە با..

– کەچی ئاقیبەت تۆش ئەمە دەرچوویت؟ تۆش هەر مرۆڤێکی نەگریست لێ دەرچوو؟ بگرە هاتیت گرگرِ وەك هەر مرۆڤێکی جانەوەری بە کەڵبە و نینۆك.. وەك هەر نهێنگیرێك کەوتیتە گەستن؟ کێش؟ خاڵت.. ئەو خاڵەت کە..

– نا.. وا نییە.. خاڵە وا نییە.. بەسە.. لەوە زیاترت لی قبووڵ ناکەم. بەسە و ئیتر تکاشت لێ ناکەم.

حەمەجەزا کە ئەو ساتە لە داخی ئەم شالاوە لە ناکاوەی خاڵی بووەوە کڵپەی ئاگرێك و نێڵە نێڵ دەسووتا، پڕ بەدەم قیڕاندی بەڕوویدا و ئاوەهای پێ وت. بەدوایدا وەك گومانی پەیدا کردبێ کە ئەوە ئەو بووبێ، بووە بتێك و وشك هەڵات. ورتە و جووڵەی لێ بڕا. ڕەق ڕەق بە پێوە ڕاوەستا و تەنیا بە دوو چاوی بە موڵەق وەستاوەوە دەیڕوانییە خاڵی. خاڵیش لەلای خۆیەوە، دەتوت کوتەکێك سرەوێنراوەتە گزگلاکەی گوێی. کەوتبووە سەرپێ و بووبووە بتێك و بەرامبەر بتێکی تر چەقێنرابێ. ئەمیش بە دوو چاوی ئەبڵەق و دەمێکی داچەقاوەوە لەوی دەڕوانی.

بەهێ کە قیڕەکەی حەمەجەزای کەوتە بەرگوێ، لە مەدبەق خەریکی کار و فەرمانی خۆی بوو. لەو ساتەدا هەرچی بەڵای ناگەهان هەیە بە دڵیدا ختوورەی کرد، تەنیا

تێکچوونی نێوان خاڵ و خوشکەزا نەبێ هێندەی بڵێی یەك و دوو گەیشتە لایان. کە بەو شێوەیەی بینین، بەدەنگێکی پڕ لە ترس و سامەوە وتی:

– کاکە.. حەمەجەزا.. چی بوو؟ ئەوە چی بوو؟.

سەبری زووتر وریا بووەوە. بەهێواشی دانیشتەوە سەر کورسییەکە و وتی:

– هیچ.. هیچ نەبوو.

حەمەجەزاش بزوا. چوو بەلای دایکییەوە و وتی:

– هیچ نەبوو دایە.. هەروا بۆ خۆمان قسەمان دەکرد. بڕۆ.. تۆ بڕۆ بە لای کار و فەرمانی خۆتەوە.

دایکی هەر بە گومان بوو. نەکشایەوە. هەر پەیتا پەیتا چاوی لە نێوان هەردووکیاندا دەهێنا و دەبرد. تا حەمەجەزا بەنەرمە پاڵ پێوەنانێکەوە بەڕێی کرد و وتی:

– دە تۆ بڕۆ دایە.. خەمت نەبێ.. هیچ نەبووە.

کە بەهێ جێی هێشتن، ئەوسا حەمەجەزا بەخۆکەوت.

تەواوێك هێمن بووبووەوە. لە دڵدا لە هەڵچوونەکەی پەشیمان بوو. بەڵام خۆی بە گوناهبار نەدەزانی. چووە بن دەستی خاڵییەوە.

وای لە دڵ گرت بە ناسکی و لەسەرخۆ لەگەڵیدا بدوێ. کارێکیش بکا باسەکە بەجوانی روون بکاتەوە. بەدەنگێکی پڕ لە سۆز و رێزلێنانەوە وتی:

– خاڵە بمبەخشە!.. تۆ حەشرت پێ کردم و منیش خۆم بۆ زەوت نەکرا.. تۆ بوارت نەدا.. هیچ بوارێکت نەدام دەم هەڵبێنمەوە و دوو قسە بکەم. ئێستا تکات لێ دەکەم. من هیچ ناڵێم. تۆ بڵێ.. تۆ پرسیار بکە و من وەرام بدەمەوە. چییە؟!.. چی بووە؟!.. چی قەوماوە؟. کەی و چۆن؟.

من چیم کردووە و چیم نەکردووە؟. کامەیە هەڵەم؟. کامەیە خراپەم؟. کێ دەڵێ و بە چ بەڵگەیەك؟!. تۆ زۆر تۆمەتت دایە پاڵ من کە لە هەموویان بێ بەریم. خاڵە گیان.. من هەر حەمەجەزاکەی جارانم.. هەر ئەوم، هەر بە ئاستەمیش نەگۆڕاوم، تۆ بۆ وام تێ دەگەیت؟.

لە چییەوە هاتووە؟. بەڵگەت چییە و بەچیدا دەزانیت؟.

تکایە!.. خۆ من جارێك و دووان و سیان تکام کرد و هەر نەتبیست. دەی خۆ منیش بەشەرم. لە خوێن و گۆشت و ئێسقانم. من سوپاست دەکەم کە بە فریشتەم دەزانیت. بەڵام نەفریشتە بووم و نە فریشتەم. کوڕی بەهێی خوشکی تۆم. من لە ئێوەم ئێوەش لە ئادەمییەکی ترن کە میرزا ساڵحی ناو بوو. کە..

سەبری تا ئەم ساتی ناوبردنەی (ساڵح)، گەلێ بە سەبر و سەبوورییەوە بگرە بە خۆشنوودییەوە، گوێی بۆ زنجیرەی پرسیارەکانی حەمەجەزا رایەڵ کردبوو. تەنانەت روو لەوە بوو سەرپاکی ئەو گومان و دڵپیسکردنەی لەوەبەری برەوێنێتەوە و بچێتەوە دۆخی هەست و نەستە ساف و بێ گەردەکەی جارانی. کەچی ناوی (ساڵح) با مەبەست لە میرزای باوکیشی بووبێ، وەك شمڵی شەڕ لێی هەڵتۆقییەوە گەڕاندییەوە بۆ سەرەتا سەختەکەی باسەکە. قسەکەی پێ بڕی و وتی:

– ساڵح؟. وتت ساڵح؟.

حەمەجەزا وەك ساتێك سەهۆڵاوی لە ناکاوێکدا بەسەردا کرابێ، راچەنی و قوت بووەوە، نەیزانی چ وەرامێکی بداتەوە. تەنیا لە دڵدا وتی: «ئەم خاڵەم بۆ وای بەسەر هاتووە؟. عاجباتییە، زۆر عاجباتییە!». ئینجا کە خاڵ دووبارە لێی پرسی:

– وتت ساڵح؟.

لەوە زیاتر کە هەوڵی خۆ دزینەوە لە باسەکە بدا، چیی تری بەباش نەزانی، هەڵسایە سەرپێ و وتی:

– من تینوومە.. تۆ تینووت نییە؟.

ئیتر بێ چاوەڕوانکردنی وەرام، لە ژوور بەدەرکەوت.

بەڵام خاڵ مرۆڤێك نەبوو، ئەو جۆرە فرتوفێڵانەی بەسەردا تێ بپەڕێنرێ. هەر ئەو پێی لە ژوور بردە دەر، ئەم لە دڵدا وتی: «ئەو خورمایەی تۆ خواردووتە، ناوکەکەی لە گیرفانی مندایە.

بۆ گوایە تۆ وا دەزانیت من لە گوێی گادا نووستووم؟.

نە کاکە نەء!.. نە کوڕم نەء!.. نە خوشکەزا فریشتەکەم نەء!..

خواحافیز!».

بەدوایدا بە تەکانێکی پڕ لە بوغز و رقەوە راپەڕییە سەرپێ، وەك گڕی ئاگرێکی بێ

ئامان لە دەروونیدا کڵپەی کردبێ و راپێچی بکا، بە پڕتاو لە ماڵ دەرپەڕییە دەرەوە و هەیپێی لێ کرد.

***

## ٧

کـات روو لـە نـیـوەڕۆیـەکـی درەنگ بـوو. چـەنـد پـەڵـە هـەورێکـی پـەرت و بـڵاو لـە چێشتەنگاوەوە، بە ئاسمانی ناوچەکەوە لە جموجووڵدا بوون. تەشەنەیان دەسەند و دەپووکانەوە.

یەکیان دەگرت و دەڕەوینەوە. گا سپی سپی وەك لۆکەی هەلاجی کراویان لێ دەهات و دەکشانەوە بۆ بنی ئاسمان.

گا ڕەش ڕەش دادەگەڕان و دەنیشتنە سەر ترۆپکی چیاکانی دەوروبەری شار. چەند جارێك گرم و هووڕیان لێ پەیدا بوو. بەسەر پیرەمەگروونداخۆیان داتەکاند. پەڕینەوە بۆ بەری تاسڵووجە و تا گڵەزەردەشیان دابێژا. دەتوت شاخە و شاخ ریزی پێوە دەگرن. دەتوت کاریان بە پانتاییی ئەم دەشت و هەڵەت و یالانە نییە کە شاری تێدا سەقامگیر بووە، یا ئەوەتا هێشتا نۆرەی نەهێنراوەتە سەر.

کاتێ ئەم لە دەرگەی حەوشەکەی ماڵی بەهێ ئاودیوی کۆڵان بوو، پەڵە هەورەکانی بەری ئاسمانی شار، نۆرەیان لە سپیبوونەوە و پەرت و بڵاوی بوو. تیشکی ڕۆژ بە خاوی لە نێوانیانەوە دەیدا لەسەر شەقام و ناو کۆڵانەکان. باوەشتێك لە باشوورەوە... لەبەری لای گڵەزەردەوە دەهات و بۆن و بەرامەی بارانای دار و دەوەن و گڵ و خۆڵی ئەو دەوروبەرەی بەناو شاردا بڵاو دەکردەوە. بۆن و بەرامەی وەرزی گەڵاڕێزانە و جاڕی دوو جار وەرگەڕانی وەرز دەدا. لە هاوینێکی درێژخایەنەوە بۆ پایزێکی تەمەن کورت. لەم پایزە تەمەن کورتەشەوە بۆ زستانێکی درێژخایەن.

«بۆ وایە؟!..». دەتوت دەیەوێ بوغز و رق و کینەکەی بە وەرزەکان بڕێژێ. «دووی کورت و دووی درێژ!. ئەوان دوو مانگ دوو مانگ و ئەمان چوار چوار!. وڵاتەکەی ئێمە چەند سەیرە. بۆچی وابێ ئاخر بۆ؟ بۆچی بەعەدالەت هەموو سێ سێ نەبوون؟. یا کە عەدالەتەکەیان تێدا نەبوو، بۆچی ئەوان چوار و ئەمان دوو دوو نەبوون؟»..

تا کۆڵانە و کۆڵان گەیشتیشە ئاستی شوورەی پشتەوەی باخچەی گشتی، هەر ئەم باسەی لە مێشکیدا دەهێنا و دەبرد و تێکەڵ بە گێژەنەکەی ناخی دەکرد. بەڵام لەوێدا لێی لادا و ناو باخچەکە سەرنجی راکێشا. سەرنج لێشاوێك بیرەوەری لەلا تەقاندەوە. بیرەوەری ساڵانی پێشووی تەمەنی باخچەکە کە چۆن بووبووە سەیرانگەیەکی تازە

بابەت. چۆن خەڵکی شار عەسران روویان تێ دەکرد و کاتیان لەژێر سێبەری دار و درەختە قەشەنگەکان و لە پاڵ گوڵ و گوڵزارە رەنگینەکانیدا بەسەر دەبرد.

بەتایبەتی کە ئەم خۆیشی یەکێك بوو لە هۆگرانی سەرلێدانی و زۆرجار بە سەعات بەرامبەر پەڵە گوڵەباخەکانی قورنەی بنەوەی دادەنیشت و ئەو بە تەماشاکردنیان گوشاد و دڵمەست دەبوو. یا چۆن لە ئەنجامی ئەو دانیشتنانەیدا، دۆستایەتی لەگەڵ ئەورەحمانە باخەوانە هەرە دەسترەنگینەکەی باخچەکەدا پەیدا کرد و ئەویش هەرچەند رێکەوتی بکردایە، چەپکێکی رازاوەی لە گوڵەباخەکان بۆ دەچنی و پێشکێشی دەکرد.

بەدەم ئەم باسیشیانەوە، بە پاڵ محەجەرەکانی شوورەی پشتەوە و لای چەپی باخچەکەدا، هەنگاوی تا ئاستی دەرگەکەی نا. لەوێدا وەك بەنیاز بێ بچێ بەیادی جارانەوە گەشتێکی پێدا بکا، لایدایە تەنیشتی و راوەستا.

بەڵام دەرگە پێوە درابوو، دوو زەلام لەودیوییەوە، کترییەکی رەشی قەترانییان نابووە سەر ئاگری هەندێ چیلکە و چەوێڵ و تەدارەکی چا خواردنەوەیان لە بەردەمیاندا دانابوو. هەردووکیان بەبینینی بەرزەپێ لەبەری هەڵسان. یەکێکیان بەپیرییەوە هات و وەك بە کاربەدەستێکی پێوەندداری بە باخچەکەوە تێ بگا، بەسەر و زمانێکی شیرینەوە وتی:

– فەرموو مامۆستا.. فەرموو.

ئەم زوو لە وەزعەکەی حاڵی بوو. خێرا وتی:

– بمبەخشە برا.. رێبوارێکم و رادەبوورم.

ئیتر بێ چاوەڕێکردنی قسەی تری کابرا، کشایەوە و رووی لە شەقامی مەولەوی کرد. بەڵام هەر هێندەی پێی تێ نا، هەستێکی دوودڵی زۆری بۆ هێنا. مەولەوی شەقامە سەرەکییەکەی شارە.

زۆربەی خاوەن دووکان و کۆگاکانی و دۆست و ناسیاو و ئاشنان. گەلێکی تریشی لەو بابەتەی لە رێبواران تووش دێن. سا رابوردن بەوێدا تاقەت و حەوسەڵەی سەلام و کەلام و مەرحەبای پێ دەوێ.. ئەمیش ئەوەتا دەروونی سیخناخە لە پەستی و بێزاری و دڵتەنگی. دەی ئیتر چۆن زات بکا بەوێدا راببوێرێ.

رانەبورد و بەلای راستدا بەرەو خوار بووەوە. تا دامێنی سەرشەقام نەوەستایەوە.

لەوێوە بەدەستە چەپدا لایدایە ناو کۆڵان. کۆڵانە و کۆڵان ملی پێوەنا. دەتوت چووەتە ناو توونی باباوە. پێچاوپێچێکی یەك بەدەم یەکەوە بوون. ئەم شارەزای یەك بە یەکیان بوو، جارەهای جار پێوابوونی. نەك هەر ئێرە، بگرە ئەوەکانی گەڕەکەکانی تریش. ئەمە یەکێك بوو لە ئارەزووە دێرینەکانی بەتایبەتیش لە وەختانێکدا یەخەی دەگرت کە پەستییەك دای دەگرت. یا گرفتێکی لێ دەبووە گرێکوێرەیەك.

یا گێچەڵێکی بە جەخار سواری کۆڵی دەبوو، کام گەڕەکی بهاتایە پێش دەم، خۆی دەهاویشتە ناو کۆڵانەکانییەوە.

کۆڵانە و کۆڵان تێی هەڵکێشا. ئاگەدار بوو دەیەوێ روو لە کوێ بکا. ئەو کۆڵانانەی هەڵدەبژارد کە لە ئەنجامدا بەرە و شوێن مەقسەدیان دەبرد. هەر واش بوو. راست لەبەر مزگەوتی خانەقاوە سەریان پێ دەرکرد. بەرامبەری راوەستا و سەرنجێکی دایە.

ناو حەوشەکەی لێ دیار بوو. دەیبینی ئەوەتا خەڵکێکی پێدا دێن و دەچن و خۆیان بۆ دەسپێکردنی پرسەکە ئامادە دەکەن.

ماوەیەکی زۆر راوەستا. دەتوت دوودڵە. بچێ یا نەچێ؟ بچێ چاوی بەچاویان دەکەوێتەوە و حەزی پێ ناکا. نەشچێ نابێ.. قەت نابێ. کارێکی نابەجێیە و ناشیرینە. بگرە کاری نەکردەیە و قەت ناشێ روو بدا.

لە شەقام پەڕییەوە و هەنگاوی نایە ناو مزگەوتەوە.

لەگەڵیدا دەنگی مەلای قورئان خوێنی کەوتە بەرگوێ چووە بەرەوە و بینی. جارێ هێشتا کەسوکار هەر خۆیانن و ژمارەیەکی کەم لە خەڵکە فاتیحا خوێنەکە. ئەوە دە دووازدە کوڕی لاون بۆ پێشوازیکردن راوەستاون. لە ناویاندا هەردوو کوڕەکەی سابیر دەبینێ. بەدیکردنی حەمەجەزاشی لە زەیندایە و نییە.

دەڕوانێتە ناو هەیوانەکە. ئەوە فایەقە و بەتەنیشتییەوە ئامۆزا و خاڵۆزاکانی. ئینجا هەر لە ریزیانەوە سابیر بەدی دەکا. بۆ ئەو ئاساییە، بەڵام کەریمە کۆم.. کەریمی کۆمەش ئەوەتا راست بە تەنیشتییەوە دانیشتووە.

چوو کەمێ دوور لێیانەوە دانیشت. مەلا پشووی دا و خاوەن تازێ بەخێرهاتنیان لێ کرد. سابیر و کەریمیش. ئەوەکەی کەریم ئاسایی بوو. بەڵام سابیر نەء.. بە مەغزا بوو مەغزاکە لە لەرەی دەنگی پڕ لە حەسرەت و سوێ و لە ترووسکەی کزۆڵەییەکەی ناو چاویدا بوو. دەتوت هیوایەکیان تێدا کوژاوەتەوە. ئاوات و ئامانجێکیان تێدا مردار

بووەتەوە بۆچی و لەبەر چی؟ نهێنییەکە لێرەدایە!.. ئا دەبێ...

– فەرمووو خاڵە.

حەمەجەزا بوو بە سینییەك جگەرەوە لە بەردەمیدا نوشتابووەوە بەرێز و حورمەتێکی زۆر تایبەتییەوە بۆی نوشتابووەوە و فەرمووی لێ دەکرد. ئەویش بەئاشکرا پێوەی دیار بوو کە دەیەوێ چ مەغزایەك بەدەستەوە بدا. ساتێکی توون و تفت بوو. چی بکا و چی بڵێ؟دەشبێ ئان و سات بڕیار بدا. بەدەستی بووایە رادەپەڕییە سەرپێ و هەڵدەهات. دانی بە خۆیدا گرت و نەیکرد. دەستی برد جگەرەیەکی لە پاکەتێك دەرکێشا. ئەویش زیاتر نەوەستا کشایەوە.

کە حەمەجەزای لە بەرچاو لاچوو، دزە تیلەیەکی ئاراستەی سابیر و کەریم کرد. ئەوان هەریەکەیان نوقمی دەریای بیرکردنەوەی خۆی بووبوو. ئەم لە دڵدا مەتەڵەکەی جووەوە و وتی: «ماموستا ساڵحەکەی لەمەڕ حەمەجەزا برازای کەریم بوو. مامۆستاشمان کوڕی سابیر دەرچوو. کەوابێ جەنابی سابیر و جەنابی کەریم برا دەرچوون!» ئینجا بۆ جاری سەد جارە وتییەوە: «دەی ئەمە چەندی بە چەند! دەی ئەمە هەروا لە خۆڕاییە؟!.. بێ مەلامەتە؟ بێ تەشقەڵەیە؟ سابیر چەندان ساڵ بوو لەگەڵ باوکمدا و ئینجا من، ئەوە سەجەرە و تەسکەرەی بوو!.. کەریمیش لە پڕێکدا وەك شەیتانێك لێم هەڵتۆقی.. وەك دووپشکێك هاتە بن باخەڵمەوە و چزەی لێ هەڵسانم. دوای ئەویش حەمەجەزا.. ئا حەمەجەزا لاوە هۆشمەند و بلیمەتەکەم.. حەمەجەزا ئاغر و سەنگین و بێ خەوشەکەم.. ئەویش.. ئا ئەویش هات و نهێنگرانە دایە پاڵیان. بۆ؟ ئاخر بۆ؟ دە وەرە پیاو بە و مەرد بە و تێم بگەیەنە. وەرە هەر دە پەنجەکەی هەردوو دەستت یەکە یەکە بکە بە هەردوو چاومدا. بە ئارەزووی خۆت بیانپروێنە و بیانکە بە ئاو و زوڵزوڵە. تەنیا وەرە پێم بڵێ: چیت لەژێر سەردایە و چ پیلانێکت بە دەستەوەیە؟ تێم بگەیەنە تۆ بۆچی و چۆن چوویتە پاڵ ئەوان؟»..

زۆری پێ نەچوو تازێ رووی لە قەڵەبالغبوون کرد. عەشاماتێکی زۆر دەستە دەستە دەهاتن و دەڕۆیشتن. جۆری خەڵکەکەش بەتایبەتی سەرنجی راکێشا. زۆربەیان لەو بابەتە بوون کە ناسیاوی راستەوخۆیان لەگەڵ تۆفیقە فەنیدا قەت نەبووە. بەڵام پێی سەیر نەبوو. دەیزانی کە لەناو خەڵکی شاردا، بە پیاوێکی نیشتمانپەروەری مەرد و خاوەن هەڵوێست ناسرابوو. لەلایەن گشت دەستە و تاقمە سیاسییەکانیشەوە، رێزێکی

تایبەتی لێ دەنرا و ئامۆژگاری بیر و ڕای پەسەند دەکرا.

که قەڵەباڵغییەکە لە رادەبەدەر زەیفی سەند، ئەم هەڵسا و چووە ناو حەوشەکەوە. لە قورنەیەکەوە راوەستا و کەوتە هەڵڕوانین. خەیاڵی پتر بەلای ساڵح و براکەی و حەمەجەزاوە بوو. بەردەوام لە هەڵسوکەوتیان ورد دەبووەوە. دەیبینی ئەوەتا ساڵح سەرقافڵەیە و ئەوان و سەرجەم کوڕە هەرزەکارە خزمەتگوزارەکان هەڵدەسوورێنێ. لەوەوە فەرمان دەردەچێ و پرس و راش هەر بەو دەکرێ. لە دڵدا بە تەوسێکەوە وتی: «پێشەوایە!.. کابرا پێشەوایە!».

پێشەوایەتییەکەی ئەوی هێشتا چاك لە زەیندا جێگیر نەبووبوو کە سەرنجی دا نەخێر پێشەوا ئەو نییە و کەریمە!. گەلێکی عاجباتی لێ هات و بیر و هۆشی پێی شڵەقا. حەمەجەزای بینی چوو پسکەپسکێکی لەگەڵ ساڵحدا کرد. ساڵح براکەی بانگ کردە لاوە و سێ قۆڵی هەندێ دوان. ئینجا وەك بڵێی کارێکە یا گرفتێکە و بەوان فەرمانی لەسەر نادرێ، حەمەجەزایان نارد و چوو کەریمی هێنا. چوار قۆڵی چوونە کەنارێکەوە. ساڵح بۆی دەدوا و باسەکەی شی دەکردەوە. ئەو وەك پێشەواکە خۆی بێ و کەسی تر نا، رووی دەمی کردە براکەی ساڵح و لە کورتی بڕاندییەوە. برا وەك سەربازێك و بێ چەند و چۆن فەرمان بەجێ بێ، لێیان دابڕا و بە پڕتاو لە مزگەوت دەرپەڕییە دەرەوە. حەمەجەزا چووەوە بەلای ئیشی خۆیەوە. کەریم و ساڵح مانەوە و هەندێکی تریان قسە کرد. ساڵحیش جیا بووەوە و چوو بە یەکێك لە هەرزەکارەکاندا کورسییەکی نارد. کەریم وەك چاوەڕێی هاتنەوەی تەتەرەکە بکا، هەر لەو کەنارەدا لە سەری دانیشت.

سەبری دەبرژا!.. لە نێوان هەردوو ئاگری ئاگەداری و بێ خەبەریدا دەبرژا. شتێکی هەڵدەکڕاند و هەڵیشی نەدەکڕاند. هەڵی دەکڕاند.. ئەوەتا سابیر و کەریم و ساڵح و براکەی و لەگەڵیاندا حەمەجەزاش دەستەیەکن. تاقمێکن و یەك سەر و یەك بن و پێکەوە هەڵدەسووڕێن. هەڵیشی نەدەکڕاند.. ئەوەتا هەر نازانێ و ناتوانێ بچێتە بنج و بناوانەوە کە ئایا تاقمەکە چ قار و غەزەبێکیان لەم گرتووە و بۆچی؟.

لە وزەیدا نەما لەوە زیاتر راگیر ببێ. دەتوت لەسەر ئاگر دانیشتووە. بەپێ دزە وردەوردە کشایەوە تا ئاودیوی دەرگەی مزگەوت بوو. لەوێ وەك لە کردەوەکەی دوودڵ بێ، کەمەکێ راوەستا و بیرێکی تری لێ کردەوە، کە دڵنیا بوو، هەیپێی لێ کرد و کەوتە

ڕێ. تـا بـەردەرگـەی مـاڵـەوە و لـەوێشەوە تـا بـەر ژووری سنـووقـە پـیـرۆزی دێریـن نەوەستایەوە.

کە سنووقەکەی لە تاق دەرهێنا و لە پێش دەمیدا داینا، بە بیر و هۆش هێمن هێمن بوو. دەتوت لە دڵدا باوەڕی وایە کە سەرەداوێکی هەردەبێ تێدا هەبێ و بیدۆزێتەوە. ئینجا دەبێ سەرەداوەکەش نەك بەشەڕە قۆچ لەگەڵیدا، بگرە بە پشکنینێکی وردی بەسەبر بدۆزێتەوە.

کات ئەو حەلە روو لە خۆرئاوا بوو. تیشکێکی خاوی ئاڵ دەیدا لە دیواری ژوورە لەعنەتییەکەی لەمەڕ کەریم و لەوێوە بە پەنجەرەکەدا، وەردەگەڕایەوە بۆ ناو ژوورەکەی ئەم. ئەوەی لێ خۆش نەهات. هەڵسا چوو پەردەی پەنجەرەکەی دادایەوە و گڵۆپی داگیرساند. ئەوسا سەری سنووقی هەڵدایەوە و کەوتە پشکنین.

هەرچی کەلوپەلێکی تێدا بوون، یەکە یەکە وەك دەست بداتە هێلکە دەری دەهێنان. یـەکـە یـەکـەش مـاوەیـەك تـاوتـوێی پـێ دەکردن.. لێیـان ورد دەبـووەوە.. دەستی پێدا دەگێڕان و لە لاوەی دادەنان. کەلوپەلەکان چین؟!. شتێکی ئەوتۆ نین وەك سامان بـەبـایـەخ بن. ئەوە سەروکلاوەکەی دایکێتی. فێستێکە و سرکەییـەك بـەسەریدا لە ناوچەوانی دەبەست. گوڵێکی زێڕ و لیرەیەکی رەشادی بە لای راستیدا شۆڕبووەتەوە. کووژەکەیەك و ئەویش لە شێوەی گوڵێکدایە بەلای چەپییەوە. کرمەکەکەی و بە دوو قـولاپ بـەمـلا و بـەولایـەوە چەسپ کراون. کە بەدەستییەوە گرت و پێیدا هەڵڕوانی دیمەنی سەروسیمای دایکی بە زیندوویی کەوتەوە بەرچاو. ئەوە یەکەم جاری نەبوو دیمەنەکەی ئاوەها بکەوێتەوە بەرچاو. لە هەر جارێکدا کە لەو سنووقەی دەرهێنابێ، هەروەهای بینیوە.

ماوەیەکی باش بەو خەیاڵەوە لە سەروکلاوەکەی روانی. دایکەیە و زرت و زیندووی دەبینێ. چاوە گەشە هەردەم بە کلەکانی. برۆ و برژانگە رەشەکانی. روومەتە گۆشتنە ساف و بریقەدارەکانی. لێوە ئاڵەکانی و دەمە هەردەم بە بزە و خەندەکەی. بۆچی گوایە رۆژێك لە رۆژان دیبووی هەڵچێ.. هەڵشاخێ.. حیرس بیگرێ و سەروکلاوەکەی بژاکێ و لەنگەری تێك بچێ؟ نا نەء.. نەدەهاتە بیری. شیك و گەش و روون و بریقەدار بوو.

زۆری بەو خەیاڵەوە پێدا هەڵڕوانی. دەتوت هەر لە بیریشی نەماوە سنووقەکەی بۆ چ مەبەستێك هێناوەتە پێش دەم. تا کاتێ بە ئاگا هاتەوە، وەك خۆی بە دزییەکەوە

گرتبێ، راچەنی و دەستی بزواند. فێست و تفاقەکانی لە یەکتری جودا کردنەوە. لە گوڵە زێڕەکەوە پێدا هات و وردورد کەوتە پشکنینیان. یەکە یەکە ئەمدیو و ئەودیوی پێ کردن و ئەوەی هەڵوەشاندنیشی دەویست هەڵی وەشاندن. کە هیچی تێدا نەدین. لەولاوەی دانان و چووە وێزەی کەلوپەلەکانی باوکی.

بەر لە هەموویان، ئەوە لوولە کاغەزەکەیە و یەکالای دەکاتەوە. لەو دەیەها ناوەی لە میرزا مارفی باپیرە گەورەوە دەست پێ دەکا تا دەگاتە سەر ئەم چیی تری تێدایە؟ هیچ.. هەر هیچ!.. تۆ بڵێی شتێکی بە مەرەکەبی نهێنی.. بە ئاوی پیاز تێدا نووسرابێ؟ رمڵێك بوو لە ناکاو بەبیریدا رابورد. بەرزی کردەوە و دایە بەر رووناکیی گڵۆپەکە. دایگرتەوە و وتی: «ئەقڵ نایگری».

«من دەبێ لە چی بگەڕێم؟». پێش دەستدانە شتێکی تر، ئەم پرسیارەی کرد. ئەمیشی لە پڕێکدا بەبیردا هات و دۆش داما. «ئەرێ بەڕاست من دەبێ لە چی بگەڕێم؟». لە دڵدا وای وتەوە و پتر راما!. دەبوو ساغی بکاتەوە. پاش هەندێ بیرکردنەوە وتی: «نووسینێك.. دەبێ نووسینێك هەبێ و رووناکییەکم پێ بدا. دەنا هیچی تر چاوەڕێ ناکرێ داد بدا».

سێ و دووی لێ نەکرد. دەستی دایە دوو دەفتەری قەبارە فولسکاب کە دوو کەشکۆڵی پڕاوپڕ بوون لە شیعر و ئەدەب. لەوەبەر دوو سێ جار هێنابوونییە بەردەم و چاوی پێدا گێڕابوو. لە هەمەچەشنە بەرهەمی شاعیر و ئەدیبانی هەرسێ زمانەکەیان تێدا بوو. تەنانەت پەرت و بڵاو هەندێ پارچە شیعری باوکیشی تێدا بوون، بەتایبەتی لە شێوەی پێنج خشتەکیدا لەسەر شیعری شاعیرانی تر کە بەڕوونی ناوی (میرزا ساڵح)ی لێ دابوون. لە دڵدا وتی: «دەبێ بە وردی سەرنج بدەمە ئەوەکانی خۆی». ئەمەی پێ خۆش بوو.. بەڵام بەکارێکی ئاسانی نەهاتە بەر زەین. دوو دەفتەر و هەریەکە سێسەد لاپەڕەن. سا وەرە بپشکنە و بدۆزەرەوە. لە کام و کام لاپەڕەدا ئەو هەیە و ئینجا وردی بکەرەوە. کارێکی سەخت و ستەم بوو. لەگەڵ ئەوەشدا شانی دایە بەر یەکەمیانی هێنایە پێش و پەڕە پەڕە کەوتە هەڵدانەوەی. لە کامیاندا بەرهەمێکی ئەوی بدیایە، لە سەری رادەوەستا و زۆر بەوردی دەیخوێندەوە. تا ئەویانی تەواو نەکرد پشووی نەدا. هیچی لێ هەڵنەکڕاند و بەلاوەی نا.

پێش دەستدانە دووەمیان، حەزی بۆ قومە عارەقێك بزوا. لە بنی قاپەکەی شەوانی

پێشوودا، نزیکەی چارەکێك دەبوو مابوو. هێنایە تەنیشتییەوە و پێکی لێ ساز دا. ئیتر چووە وێزەی دەفتەری دووەم. ماوەیەکی زۆر بەویشەوە خەریك ما و هیچی دەسگیر نەبوو. ئەو کاتە پێکێکی تری فڕ کردبوو.. سەری کەمێ گەرم بووبوو. بە بەفیڕۆچوونی کۆششەکەی کەللەیی بوو. دەروونی گڕی سەند و جنێوی بە سابیر و بە بنوبنەچەکەی دا. جنێوی بە کوڕەکانی و بە کەریم و بە حەمە جەزا دا. جنێوی بە خۆیشی.. ئا بە خۆیشی دا و وتی: «من چاك خۆم بێ ئەقڵ کردووە. من لە چی دەگەڕێم!.. ئاخر لە چی؟ دەرزییەك لەناو کادانێکدا.. وانا؟ دە فەرموو بیدۆزەرەوە دەی!.. دەفەرموو!»

دەستی لە پشکنین هەڵگرت. پشتی دا بەدیوارەوە و لاقی درێژ کردن. هەرچی لە بنی قاپەکەدا مابووەوە، قڵپاندییە ناو پەرداخەکەوە و پێکی سێیەمی پێ ساز دا. قومێکی قەڵەوی لێ بە گەروودا کرد. جگەرەیەکی ئاگر دا و کەوتە مژلێدانی. بۆ ماوەیەك لە سنووقەکە و لە باسەکە دابڕا. گوایە پشتگوێی خستوون. ئا بەسەرزاری وابوو. دەنا مێشکی.. بیر و هۆشی.. هەست و نەستی هەر لەلایان بوو.. دەیوت: «ئاخر خۆ سابیر.. سابیرە مووی لووتەکە دەڵێ لەوێدایە.. ئەوەی دەمەوێ لە سنووقەکەدایە. وای بە تۆفیقە فەنی وتبوو. تۆفیقە فەنیش هەر رای وابوو. ئەی داوای نەکرد سنووقەکە ببینێ و بیشکێنێ؟ خۆ لە خۆڕایی ئەو داوایەی نەکرد. سابیر وای وتبێ و ئەویش بۆی بسەلمێنێ، لە خۆڕایی نییە.. بێ مەلامەت نییە.. هەر دەبێ شتێکی تێدابێ.. هەر دەبێ».

چووەوە وێزەی سنووقەکە. چی تێدا ماوە؟ تەزبیحێکی دەنك گەورەی کارەبا. تەزبیح دەبێ چ نهێنییەك حەشار بدا؟ ها ئەه.. ئەوە یەك بەیەکی دەنکەکانی و ئەوەش پەت و دوو گوڵنگەکەی.

هیچ.. هەر هیچ بەدەستەوە نادا. چیی تر؟ قوتوویەك و دارجگەرەیەکی بە نەقش و نیگاری دەسکردی خۆماڵی.. قوتووەکەش زیوینێکی بە نەخش و نیگارە. دوا هەشت نۆ جگەرەی لە تووتنە بۆندارەکەی هێشتا تێدان. دارجگەرەکەی ئەمدیو و ئەودیوێك پێ کرد. دایە بەر تیشکی گڵۆپەکە و رووانییە کونەکەی. تیشکەکەی لێوە بەدی دەکرد. ئەوی خستە لاوە. قوتووەکەی کردەوە و جگەرەکانی لێ دەرهێنان. ناو قوتووەکە گەڕا. جگەرەکانی لە تووتن بەتاڵ کردن و ئاغزەکانی لێ دەرکێشان. ئاغزەکەی یەکە یەکەیانی یەکالا کردنەوە. هیچ نەبوو. هەمووی بەلاوە نان.

«چیی تر ماوە؟ ئا.. وەرە.. تۆ وەرە.. لە سەردەمی منداڵیمەوە و تا ئێستاش سەرم لێت

سوڕماوە!. لە وەختێکی زووەوە لە باوکمم پرسی:

– بابە.. ئەوە سوودی چییە؟.

پرسیارەکەمی بەلاوە بێ بایەخ بوو. تەنیا وتی:

– بۆ پژمین باشە!.

ئیتر بواری نەدام بپرسم کە پژمینەکە بۆچی باشە. خۆم بە دزییەوە تاقیم کردەوە. وەك ئەو پڕ بە بەینی دوو سەرە پەنجەم لێ خستە بەرکونی لووتم و هەڵم مژی. کەچی ئەوەندە پژمیم وەخت بوو سییەکانم لە کونی لووتمەوە فڕێ بدەمە دەرەوە! دەسا وەرە جەنابی قوتووی بڕنووتی وەرە بزانم جەنابت چیم نیشان دەدەیت؟».

قوتوویەکی خڕی هێندەی لەپی دەستێك بوو. سەرتاپا ڕەنگێکی ئاڵ ئاڵی هەبوو. سەرقاپەکەی یایلی بوو. دەستت بە دوگمەیەکی هێندەی دەنکە نیسکێکیدا دەنا و سەرقاپ ڕەپ هەڵدەستا. دوای سەرقاپ پارچە قەدیفەیەکی سفت و سۆڵی وەك چەرم بوو.. کە ئەوت لادەدا بڕنووتییەکەت دەدی کە بریتی بوو لە تۆز و گەردێکی قاوەیی نەرم نەرم.

باوکی لە پێش مردنییەوە بە چەند ساڵێك، وازی لە بەکارهێنانی هێنابوو. بەڵان تا لە ژیاندا بوو.، قوتووەکەی بەو کەمە بڕنووتییەوەی تێیدا مابوو هەر دەپاراست. وەختی خۆی تۆفیقە فەنی لە سەفەرێکیدا بۆ ئەستەمبوڵ، بەدیاری بۆی هێنابوو. ئەم ئەوەی پێ دەزانی و هەر ئەوەش پتر هانی دابوو، بیکاتە یەکێ لە میراتییە پیرۆزەکانی باوکی و بە سنووقە دێرینی بسپێرێ.

«دەوەرە جەناب وەرە.. بزانم تۆ چیت بۆ دەرمانی دەردم لە باردایە». وای وت و هێنایە پێشی. نووکی پەنجە گەورەی بە دەنکە نیسکەکەدا دانا، سەرقاپ فرتەی کرد و ڕەپ راوەستا. پارچە قەدیفەکە بەدیار کەوت بەدوو پەنجە بە هێواشی لایدا و لە لاوەی دانا. کەمەکە بڕنووتییەکە ڕۆ کردە سەر پارچە قەدیفەیەکی لە چەشنی ئەوەکەی سەرەوەی لێ دەرکەوت. توند چەسپابووە بنی قوتووەکە.

پەنجە گەورە و شایەتمانی لەویش گیر کرد و دەری کێشا.. لەگەڵ دەرکێشانیدا پارچە کاغەزێکی هەشت قەد نوشتاوەی بەدەستەوە هات. دەم و دەست خورپەیەکی تیژ بە هەناویدا برووسکەی دا. دەتوت دڵی خەبەری داوەتێ کە ئەوەتا دەرزییەکەی لەناو کادانەکەدا دۆزیوەتەوە.

بەدوایدا بۆ ماوەیەك ورتە و جووڵەی لێ بڕا. دەست و پەنجەی بە پارچە کاغەزەکەوە مەیین. چاوی بەسەریدا ئەبڵەق بوون. چەندە لە ناخدا بە تاسەی خوێندنەوەیەوە بوو، هێندەش لێی دەسڵەمییەوە و زاتی نەدەکرد بیخوێنێتەوە. بەڵام لە ئەنجامدا تینی دایە بەرخۆ و یەکالای کردەوە و کەوتە خوێندنەوەی.

لە سەرەتادا باوەڕی بە چاوی نەدەکرد. جارێك و دووانی تریش بە نووسینەکەدا چووەوە.. لە ناخدا بەپەرۆشەوە بوو بە هەڵەچووبێ، یا ئاوەژوو تێی گەیشتبێ. بگرە بە ئاواتەوە بوو مووجیزەیەك روو بدا و پارچە کاغەزەکە لە بەرچاوی سپی سپی ببێتەوە و تەنانەت مانا و مەغزاکەشی، هەر لە بنەڕەتەوە لە مێشکیدا بسڕدرێتەوە. بەڵام بێ سوود بوو. ئەوەتا پارچە کاغەز روون و ئاشکرا بۆی دەدوێ. ئەوەتا زەق زەق دەڵێ کە مەلا ئەحمەدی مەلا حەسەنی گەڵباخی ناوێك، لە حزووری خوا و پێغەمبەر و دوو شایەتدا، مەنیجەی کچی حەمەڕازا ناوێکی، لە میرزا ساڵحی کوڕی حەمە رەحیمی کوڕی میرزا سەلیم مارە کردووە! ئینجا ئەوەتا میرزاش بەخەتی خۆی، لە پەراوێزی پارچە کاغەزەکەدا نووسیویە کە سابیر.. سابیرە مووی لووتە بە گیر و گازەکە، کوڕی ئەوە و لەو ژنەیە.

توانای خۆڕاگیرکردنی لەسەر ئەو باری دانیشتنەی نەما. بە هێواشی بە پشتدا هات و راکشا. لاقی درێژ کردن و دەستی بەملا و بەولایدا بەربوونەوە. پارچە کاغەزەکە هێشتا هەر بەدەستی راستییەوە بوو. ماوەیەکی زۆر لەسەر ئەو بارە دەقی گرت. وەك وزەی بیرکردنەوە و لێکدانەوە لە مێشکیدا کوژابێتەوە، لە باسەکە دابڕا و کەلا کەوت. تا کاتێ مێشکی بزاوتەوە و لێی بەئاگا هاتەوە، یەکەم جار دەستە راستەکەی بە جووڵە کەوتەوە. دەستەکە و کاغەزەکە بە شێنەیی بەرزبوونەوە و لەسەر سنگی نیشتنەوە . قەدەرێ لەوێدا سرەوتیان دا. ئینجا هێدی هێدی هەوراز چوون. تا رێك ڕووبەڕووی چاوانی بوونەوە، چاوان لەوەدابوون سەرلەنوێ بخوێننەوە و بۆیان نەچووە سەر. مێشك تەکانی دا و لێکی دایەوە. وتی: «ئا.. کەواتە سابیر کوڕی میرزا ساڵحە و برامە!

کەواتە مامۆستا ساڵحیش کە کوڕی سابیرە برازامە!. ئینجا کە مامۆستا ساڵحی برازام برازای کەریم بێ، کەواتە کەریمیش برامە!. یانی.. یانی ئاخر چۆن و چۆن چۆنی؟ ئەمە چ مەتەڵێکی عاجباتیی پڕ لە سەیروسەمەرەیە؟ سابیر وەك تا ئێستا باو بووە کوڕی سۆفی عەبدوڵا ناوێکە. کەریم پێی دەوترێ کەریمی عەبە کۆم. دە قەیناکا با بڵێین سۆفی و کۆمە هەر یەکێکن. ئەی باشە سابیر چۆن چۆنی کوڕی ئەویش و

باوکیشمە؟!.. ها..؟!. چۆن؟!.».

پارچە کاغەزەکە ئەو ساتە لەگەڵ دەستیدا نیشتبووەوە سەر سنگی. دیسان بەرزی کردەوە بۆ پێش چاوی و ویستی پێیدا بچێتەوە. نەچووە سەر و زنجیرە پرسیارێکی تر هورژمیان هێنا.. (دەی باشە باوکە تۆ ئەم راستییەت بۆ حەشار دەدا؟ ژنە و هێناوتە و منداڵە و لەو ژنە بووتە. بۆچی نکوولیت لێ دەکرد و لە ترسی چی؟ یا ژنە تۆ لە کوێ بوویت و چیت بەسەر هات و بۆ دەنگت نەکرد و تەنانەت پارچە کاغەزەکەش کە پتر دەبوو بە تۆوە بنووسایە و لەلای تۆ هەڵبگیرایە، چۆن کەوتە لای باوکم؟ یا تۆ سابیر.. ئا سابیری برام، تۆ ئەو هەموو هەرا و فەرتەنە و گیر و گازەت لەسەر ئەم مەسەلەیە، لە پای چی و بۆ چ مەبەستێك بوو؟ چیت دەوێ و چیت لێی دەسگیر دەبێ؟ ها..؟ چی؟ یا.. ئەی تۆ راوەستە... ئەی مامۆستا ساڵح و ئەی کەریم ئاخۆ لەم کەین و بەینە ئاگەدار بن؟ نانا تۆفیقە فەنیش!.. دەبێ ئاگەدار بووبێ؟!. ئا.. من دەڵێم ئا ئەولاتریش. دەی باشە بۆچی بۆمی ئاشکرا نەکرد؟ بۆچی لێمی حەشار دا و لەگەڵ خۆیدا بردییە ژێر گڵەوە؟ ها!.. بۆچی؟ یا حەمەجەزا تۆش!.. ئا گومان لە تۆش دەکەم کە سەرەداوێکی ئەم کەین و بەینەت لەژێر سەردا بێ!. دەی باشە من ئیستا چی بکەم؟کام کێو بە کۆڵەوە بگرم و کام بیایان تەی بکەم؟!. لەگەڵ کام دێو و درنجدا بجەنگێم و کام تەلیسم بشکێنم؟ کام دڕکی بن نینۆك دەربێنم و کام دەردی کوشندە تیمار بکەم؟ ها..؟ کام.؟!.. کام؟).

لێرەدا هەستی کرد وا ژوورەکە و هەرچییەکی تێدایە و خۆشی لە ناوەندیدا دەخولێنەوە. سەرەتا بە ئەسپایی دەست پێ دەکا. تا وردە وردە دەداتە خێرایی خێراییەکی لە چەشنی میزراحێکی زەبەلاحدا و دەستی دێوێك بەتەختاییەکی بەرینی مەرمەڕینیدا دابێ. ئینجا میزراحەکە سووك سووك خاو دەبێتەوە تا لە خولانەوە دەکەوێ. ژوورەکە و هەرچییەکی تێدایە و خۆشی لە نێوانیاندا، نوقمی تەمومژێکی خەست خەست دەبن. ئینجا بەقووڵاییی تاریکستانێکی رەش رەشی ئەموستەچاودا رۆ دەچنە خوارەوە. ئەمیش دەبێتە جەستە پەلاسێك و وا بنوێنێ کە نووزە چییە تێیدا نەمابێ.

## ٨

تۆزقاڵێك هەور بەئاسمانەوە نەمابوو. مانگێکی زیوینی خڕخڕ بە ناوەڕاستییەوە دەدرەوشایەوە. خەرمانەیەکی بەرینی بەدەوری خۆیدا دەکێشا. بازنەی خەرمانەکە، زنجیرە ئەڵقەیەکی سپی رەنگی جۆراوجۆری هەر لە زیو و زێڕ پێك دەهێنا. سپییەکی وەك چوڕی شیر. سپییەکی کاڵ. سپییەکی زەردباوی گەشی وەك زێڕ. سەرانسەری شار و دەوروبەرەکەی، بە خانووبەرە و شیو و دۆڵ و دەشت و یاڵ و هەڵەتەکانییەوە، بە زنجیرە چیاکانی ئەمشان و ئەوشانییەوە، درابوونە بەر لێزمەی زیوبارانی ئەو مانگە خڕخڕەی ناوەڕاستی ئاسمان.

سەبری کە چاوی هەڵهێنایەوە. دەتوت بەدوای خەونێکی دەم نەخۆشیی لەرزوتادا بەخەبەر هاتووە. هەستی دەکرد کەللەی سەری هەڵاوساوە. زمانی لەناو دەمیدا بووەتە تۆپەوانەیەك. چاوی دەرپۆقیونەتە دەرەوە. گوێچکەی زرمەی دەهۆڵێکیان تێدا دەنگ دەداتەوە.

هەستی دەکرد هاڵاوێکی داخ وەك ئەوەی لە لوولەی کترییە ئاوێکی لە کوڵەوە دەردەپەڕێ، لە کونە لوتییەوە دێتە دەرێ. تەنانەت هەر بە پاڵکەوتنەوە، دەستی راستی بەرز کردەوە و نای بەبەر لوتییەوە. وابوو.. هاڵاوێکی گەرم گەرم دای بەبەری دەستیدا. لەپی دەستی سەرووتر خست بۆ ناوچەوانی. ناوچەوانیش گڕی لێ دەبووەوە.

لەو یەکەم ساتانەی چاو هەڵهێنانەوەکەیدا، نەیدەزانی چی بووە و چی قەوماوە، نەشیدەزانی چ وەخت و چ سەعاتە. سەرسامییەکی بە ئەشکەنجە و ئازار دایگرت سەرسامیی کەسێك لە ناکاوێکدا خۆی لە دۆزەخێکدا ببینێتەوە و بێ خەبەر بێ کەی و بۆچی و چۆنی تێ کەوتووە. هەر بەدەم سەرسامییەکەیەوە راست بووەوە سەرباری دانیشتن. وەك لە شوێنێکی نامۆدا بێ، چاوێکی گێژوویژی بە دەور و پشتیدا گێڕا. بەڵام هەر زوو وریا بووەوە و مووچڕکێکی پێدا هات. وتی:

«ئای!.. بۆ؟ بۆچی؟»، ئان و ساتیش تەکانی دا و وەك کێچێك هەڵبلۆوقایەوە و کەوتە سەرپێ. کسپەیەك لە کەللەی سەرییەوە هات و بە ناوچەوانیدا شریخەی دا. ئاخێکی کپی لە دەم دەرپەڕی و دەستی نیشاندە سەر ناوچەوانی. لەگەڵ ئەوەشدا هەنگاوی نا و بەرەو دەرگەی ژوورەکە هەڵمەتی برد.

هەنگاو بەو ئەندێشە و ئازارەوە تا ناو حەوشەکەی بەکێش کرد. ناو حەوشەکە کەوتبووە بەر لێزمەی زیوبارانەکە، لێزمەی زیوبارانەکە سەرە هەڵاوساوە پڕ لە ئێشەکەی بۆ تەختی ئاسمان پێ بەرز کردەوە تەختی ئاسمان، مانگە خڕخڕە خەرمانەدارەکەی پێوە دەدرەوشایەوە. دیمەنەکەی بووژاندییەوە.. وەهای بووژاندەوە کە دەتوت تریفەی مانگە زیوینەکە، هەر بەڕاستی چۆڕاوگە دەبەستێتە ناو دڵ و دەروون و هەناوییەوە دەیانکاتە چراخانێکی ئەوتۆ کە جێ پەنجەیەك تاریکی و بەتەمومژ چییە تێیاندا ناهێڵێ. کە کەللەسەرە هەڵاوساوەکەی. زمانە بە تۆپەوانە بووەکەی. چاوە دەرپۆقیوەکانی. گوێچکە پڕ لە زرمەکانی دەچنەوە دۆخی ئاسایی خۆیان و وەك گوێزی ساغیان لێ دێتەوە.

دیمەنەکەی گەلێ لێ خۆش هات و گەلێکی پێ حەوایەوە. ئارەزووی کرد نوقمی ببێ و لەگەڵیدا جۆش بخوا. بەپەرۆشەوە تەکانی دا و چوو کورسییەکی هێنا. لە ناوەڕاستی حەوشەکەدا داینا و لەسەری دانیشتن. لەگەڵیدا ئارەزووی جگەرەکێشانێك رایماڵی. هەر بەو پەرۆشییەوە چوو پاکەت و شقارتەی هێنا و جگەرەی ئاگر دا. ساتێکی گەلێ بەتام و کام و پڕ لە سرەوت و ئارام بوو. لێواولێو هەستی بەدڵنیایی و ئاسوودەگی دەکرد. بەدەستی بووایە کاتی سەبارەت بەخۆی لەو ئاستەدا خپ دەکرد. بە هەزار قەفی زنجیر دەیبەستەوە و بواری نەدەدا نە بۆ پاش و نە بۆ پێش چرکەی ئاسا چییە بیکا. بەڵام دەستی نەڕۆیشت و کات هەر بزوا. کە بزواش قەوما. ساتە پڕ لە گەشکە و نەشئەکانی ئەمی بردەوە بە کۆڵەکەی ئاشدا. نە مانگە خڕخڕەکە و نە خەرمانە رەنگینەکەی بەتەختی ئاسمانەوە مان. نە لێزمەی زیوبارانەکەشی فڕی بەسەر حەوشەکەی ئەمەوە ما. دنیا سەرلەبەری نوقمی تاریکستانێکی رەش رەشی قەترانی بووەوە. تاریکستانەکەی وەك تاشە قورقوشمێك نیشتەوە سەرسنگ.

لە پۆپەی ئەو گەشکە و نەشئەیەدا بوو کە جموجووڵێکی بە سرکە و پسکە لە ژوورە لەعنەتییەکەوە سەرنجی راکێشا. جموجووڵەکەی هێندە بە ئەسپایی کەوتە بەرگوێ کە ئەم لە یەکەم ساتەکانیدا گومانی کرد و وای هاتە زەینەوە کە رەنگ بێ گوێی زرنگابێتەوە و هەروا سەدایەك بێ شەماڵ لە دووریێکەوە هێنابێتی. بەڵام کە مەلاسی لێ خوارد و پتر زەینی دایە، دەرکەوت نەخێر بەهەڵە نەچووە. بگرە ئەوەتا ترووسکەی رووناکییەکیش لەو دیوارەوەی ژوورەکە کە دەڕوانێ بە سەر سەربانەکەی خۆیاندا، بەئاشکرا دەبینرێ. ترووسکەکە دیار بوو لە پەنجەرەیەکی بچووکی ژووروی

دیوارەکەوە دێتە دەرەوە کە ئەم ئەوە یەکەم جار بوو پێی بزانێ.

قنچکی جگەرەکەی توورِ هەڵدا و هەڵسایە سەرپێ. پاشە و پاش هەندێ کشایە دواوە و باش لە شوێن تروسکەکەی روانی. وابوو.. پەنجەرەیەکی بچووك و لە شێوەی دەلاقەیەکدایە و نزیکی بن گوێسوانەی ژوورەکەیە. «بۆچی؟!.». لە دڵدا وتی: «بۆچی وا لە بەرزەوە؟ بە دیوی لای مندا قەیناکە با بڵێین پیاوەکە خاتری منی گرتووە!. ئەی خۆ ئەوێ لای سەربانەکەی خۆیەتی.. ئیتر بۆچی وەها؟»،

سەری لێ دەرنەکرد. هەر ئەمەش بیری بۆ لای دیواری سەر کۆڵان راکێشا. باسی جموجووڵەکەی بەلاوە نا و چووە ناو کۆڵان. بەم دیواریشیدا هەڵڕوانی و بێ پەنجەرە بوو. بەڵام هەر خێرا هەستێکی لە خۆ دەهری بوون دایگرت و وتی: «باشە تۆ لەو رۆژانەدا چەند جار بەلایدا رابوردوویت؟».

کە گەڕایەوە ناو حەوشەکە، هێشتا گیرۆدەی هەستەکە بوو. تا دانەنیشتەوە و جگەرەیەکی تری ئاگر نەدا، نەیپرژایەوە سەر بەزمەکەی ناو ژوورەکە. ئەوسا هەڵسا چووە بن دیوارەکەوە و گوێی هەڵخست. ئەگەرچی بەئەسپایی دەدوان و حاڵی نەدەبوو چی دەڵێن، بەڵام بۆی روون بووەوە کە دەنگەدەنگی سێ چوار کەسێکە و هەمووش پیاوانەن. ئەوە قسەکەی حەمەجەزای لێ ژیاندەوە کە وتبووی گوایە کەریم ژوورەکەی بۆ کچەکانی دروست کردووە و لە دڵدا وتی: «کوا وایە حەمەجەزا؟ خۆ ئینشاڵڵا سبەینێ ناڵێی... ».

دەنگێکی زۆر ئاشنا بەگوێی، لەو ساتەدا قسەکەی لە دڵدا پێ قووت دایەوە و گوێ قوڵاغی کرد، کە باشتر زەینی دایە، گومانی نەما کە دەنگی حەمەجەزایە!. «ئەمەیان چەندی بە چەند؟». لە دڵدا وای وت و واقی ورما. قەدەرێکی تر بە گوێ قوڵاغی مایەوە. ئینجا لە بن دیوارەکە کشایەوە و دانیشتەوە. دەیروانییە ژوورەکە و پیشی دەخواردەوە. لە بەرامبەریدا خۆی زۆر بەزەبوون و زەلیل دەهاتە بەرچاو. «چییە؟ ئەمە چییە؟ ئەم دنیایە بۆچی وەها لە من ژێرە و زەبەر بووە؟ من چیم کردووە، ئاخر چی؟ کام خراپە و کام نامەردی و کام کار و کرداری چەپەڵی و نەگریسیم لێ وەشاوەتەوە تا وەهام لێ بەسەربێ؟ نانا.. تا وەهام لێ بەسەر بهێنرێ؟ خۆ من لە هەموو ژیانمدا، هێندەی بای باڵی مێشێك.. بگرە مێشوولەیەك زەرەر و زیانم بۆ کەسێك و بەلای کەسێکدا نەچووە.

ئیتر بۆ؟ ئاخر بۆ بەم دەردە دەبرێم و ئەم ئەشکەنجە و ئازارەم پێ دەنۆشرێ؟ بابە

تۆ، میرزای کوڕی میرزا و مەلاکان ئاخر خۆ تۆ!.. خۆ!..».

قسەکەی بۆ تەواو نەکرا. لە ناخدا لێی ئالۆزکا. باس و خوازەکانی بە ناو یەکدیدا لێ تێك ترنجابوون. بووبوونە چێشتێکی مجێور و بۆی جودا نەدەکرانەوە. جەمسەریانی بۆ نەدەگیرایەوە. بە جەخاری ئەو خاڵەیەوە دەتلایەوە. هەستی دەکرد سەروپۆتەلاکی دەپەنەوێن. گوێچکەی کپ دەبن و درەنگەیەك لە کاسەی سەریدا دەنگ پێ دەدەنەوە. ئارەقێکی گەرمی لینج دەنیشێتە سەر ناوچەوانی و بەلاجانگەکانیدا، بەرەو هەردوو لاملی چۆڕاوگە دەبەستنە خوارەوە. هەستیشی کرد وا وردەوردە هەناسەی سوار دەبێ و روو لە تەنگەنەفەسی دەکا. «بۆچی؟».. وتی: «ئەمیان بۆچی؟». بەمیان شپرزە بوو. دەستی راستی نا بەسەر دڵییەوە. ترسێکی لە ناکاوی لێ نیشت. راپەڕییە سەر پێ و بەبێهوودە بەدەوری خۆیدا خولایەوە. نەیدەزانی بۆچی وەها بە دەوری خۆیدا دەخولێتەوە. نەشیزانی بۆچی لە پڕێکدا وەرچەرخا و شالاوی بردە ژوورەوە.

لەوێ وەك سیپالێك خۆی هاویشتە سەر قەرەوێڵەکەی و بەسەر پشتدا لێی کەوت. بۆ ماوەیەك لە دەنگی هەناسەبڕکێی بەولاوە، هیچ ورتە و جوولەیەکی تری لی نەدەبیسترا. چاوەڕوانی پشوو پێدا هاتنەوەی دەکرد. پشوو نەدەهاتەوە. تەنگەنەفەسییەکە بەرۆکی بەرنەدەدا و تا دەهات پتر هەراسانی دەکرد. دەخنکا.. خەریك بوو دەخنکا.. چۆن بە پڕتاو هەڵمەتی بردە ژوورەوە، وەهاش راست بووەوە و دەرفرتایەوە ناو حەوشە. کەوتە هاتوچۆ و خولانەوە بە ناویدا ئارامی لەبەر بڕابوو. ئۆقرەی نەدەگرت. دەتوت هەوای دەوێ هەڵی مژێ و هەوا لێی هەڵدێ. ئینجا وەك راستییەك و لە ئەنجامی کێشمەکێشێکدا لێی وریا ببێتەوە، بەردی لێ بەبا کرد و تف و لەعنەتی بەسەردا باراند. بەرقێکەوە وتی: «من وا دەخنکێم.. دەخنکێم.. دەخنکێم».

بەدوایدا چاوێکی پڕ لە بوغز و کینەی بەناو حەوشە و ماڵەکەدا گێڕا. وەك گەیشتبێتە پۆپەی حاڵەتە هەرە بە جەخارەکەی جارانی، شێتگیرانە سوورێکی خوارد. بەدەمییەوە تفێکی فێیاوی پڕ بەپڕی سوورەکەی، لە هەموو ناو حەوشە و ماڵەکە کرد. ئیتر تەنانەت بێ کوژاندنەوەی گڵۆپ و بێ داخستنی هیچ کام لە دەرگەکانی چ ژوور و چ حەوشە، وەك تێسکەی تفەنگ لە ماڵ دەرفرتایە دەرەوە.

وەك کەسێك راونرابێ و ها لێرە ها لەوێ بەدوایەوە بن، ئاوەها کۆڵانە و کۆڵان ملی

پێوە نابوو. بەهیچ کلۆجێکیش بیری بەلای ئەوەدا نەدەچوو بپرسێ بۆ کوێ و بۆ لای کێ دەچێ. هەر بەبێ پەروا کۆڵانە و کۆڵان تێی دەتەقاند، دەتوت دەبێ کوێ و کێیەکە خۆیان بە لووتیدا بتەقنەوە و لە ئاستیاندا بگیرسێتەوە.

لەلای (پیرەسوور)ەوە پەڕییەوە بۆ بەری (مەڵکەندی). بە کۆڵانە هەڵبەز و دابەزەکانیدا شانە و شان کوتای. بە لۆقە شەقامی (گۆران)ی بڕی و پەڕییەوە بۆ (سابوونکەران) دوو سێ پێچە کۆڵانی تر و رووبەڕووی (چوخمەکە) بووەوە. سەیرێکی ئەولا و ئەولای کرد. قەڵەمبازی دا و ئاودیوی بوو.. هێشتا هەروەك راونراوەکە ملی دەنا. لە کۆڵانێکی سەری ئەوسەری (گاورانە)وە سەری رووەو (سەیوان) دەرکرد. وەك بە ناخ ئاگەدار بێ بەکوێ گەیشتووە، لەوێدا هەنگاوی لێ خاو بوونەوە. راوەستا و لایدایە پاڵی دیوارێکی نزیکی. پشتی پێوە دا و روانییە سەیوان. شاری خامۆشیش کەوتبووە بەر لێزمەی زیوبارانەکەی مانگە خەرمانەدارەکە و ئەم بەروونی، دارئەرخەوان و گومەز و تەنانەت کێلی گۆڕەکانیشی دەبینی.

«ئەوێ و ئەوان؟».. لەوەدا بوو سەیوان و گۆڕی دایکی و باوکی لێ ببنە کوێ و کێیەکە و دەنگێك لە تەنیشتییەوە وتی:

– نەوزاد!.. نەوزاد!.. نەوە گیان!..

دەنگێکی ناسکی فریشتەیی بوو کە بەچرپەیەکی وەك سروەی شەماڵێك بانگی دەکرد. ئەم لە سەرەتادا لێی راچڵەکی و شڵەژا. وای زانی کچە بە تەنیشتییەوە راوەستاوە. کەچی کە لای کردەوە کەسی بەدی نەکرد. تا کاتێ ئەو وتییەوە:

– نەوزاد گیان وەرە.. دە وەرە.. ئەوە چییە بۆ وا خۆت مەڵاس داوە؟ دەترسیت؟ بۆ دەترسیت؟ دەزانیت من لە کەیەوە چاوەڕوانتم؟. سێ سەعاتی رەبەقە. ئاوی پێم داهات. سۆمای چاوم چوو. دڵم شەقی برد.. دە وەرە بۆ نایەیت، ئاخر بۆ؟.

ئینجا بۆی ئاشکرا بوو کە دەنگەکە لە پەنجەرەیەکی بچووکی دەلاقە ئاسای ناو دیوارەکەوە دێتە دەرێ. بۆشی روون بووەوە کە هەروا بە سووسە و بەبێ بینین هەستی کردووە کە ئەم لە پاڵ دیوارەکەدایە.

رێکەوتەکە بیر و هۆشی شڵەقاند. نەیدەزانی چۆن لە ئاستیدا هەڵبسوورێ. بەڵام کە دەنگەکە ئەم جارە بەئارام لەبەربڕانێکەوە وتی:

– ئەوە چییە نەوزاد گیان!.. ناوێری؟ دە راوستە وا من هاتم. وا من دێم پەلت دەگرم

و ترست دەشکێنم. راوەستە وا هاتم.

ئەوسا تەکانی دا و هەنگاوی نا. دایە لۆقە و بەرەو خوار هەیپێی لێ کرد. لە دوور پێش ئەوەی بەر دیوارەکەی لە بەرچاو بزر ببێ، ئاوڕێکی دایەوە. خاوەن دەنگەکەی بینی هاتبووە بەردەرگە و لەمی دەڕوانی.

ئەم جاریان بەرەو دەرگەزێن داکشا. ئەم جاریان کوێ و کێیەکە بەردەرگەی ماڵی زێبا و زێبا بوون. بێ هیچ چەند و چۆنێك راگیریان کرد. بێ هیچ دوودڵی و ڕاڕاییەکیش لە دەرگەی دا. زێبا کە دوای کێیە و کێ نییە دەرگەی لێ کردەوە، بەسەر سوڕمانێکی تێکەڵ لە ترس و سامەوە وتی:

– سەبری!.. چیت لێ قەوماوە؟ چی بووە؟.

ئەم بۆ هێمنکردنەوە، لەسەرخۆ وتی:

– هیچ نەبووە.. دڵنیا بە.. بیرت بۆ هیچ شتێك نەچێ.

ئەو وتی:

– ئێ ئاخر دەزانیت ئێستا چ وەختە؟ لە کوێوە ؟ نزیك بوویت؟.

– نەء.. لە ماڵەوە.

– لەوێوە و بەم نیوەشەوە؟.

– گوێ مەدەرێ. ئەوەتا هاتووم و بڕاوەتەوە.

– ئاخر چۆن؟ بۆچی؟ بۆچی بەم...

– تۆ با بڕۆینە ژوورەوە.. دوایی بۆت باس دەکەم.

بەرەو ژوورەوە هەنگاویان نا. لە هەیوانەکەدا زەلامێك، وەك لە پەنجەرەوە ئاگای لە کەین و بەینەکە بووبێ، بە بەرگی خەوتنەوە لە ژوور بۆی دەرپەڕییە دەرەوە. بەسۆز و خۆشحاڵییەکی بێ ئەندازەوە، باوەشی بە ملیدا کرد و کەوتە ماچکردنی ئەولا و ئەولای. پەیتا پەیتاش دەیوت:

– دە وەرە بێ قەزا بیت وەرە. ئاخر من هەر زوو پێم نەوتیت دەرمانی تۆ ئەوەتا لێرە.. ئا لێرە..

لەگەڵ ئا لێرەکەدا باوەشی بەسەری زێباشدا کرد و بەسەری خۆیانیەوە نووساند.

دەمێك ئەمی ماچ دەكرد و دەمێك ئەو. بەدەمیشییەوە، بەردەوام قسەكەی دووپات دەكردەوە.

ئەم رێكەوتەش سەبری سەراسیمە كرد زمانی لە ئاستیدا چووە كلیلە و ورتەی بۆ لە دەم نەهاتە دەرەوە. خۆی بۆ لە ئامێزگرتن و ماچ و مووچەكەی شەوقی شل كرد و لە كەمەندی حەپەساویدا مایەوە.

زێبا لێیان كشایەوە و وتی:

– چاكتر وایە بچینە ژوورەوە.

ئەوان بەرەو ژوور بزوان و ئەم هێشتا هەر وڕوكاس بوو. هەر (دە وەرەی) ئەم رێكەوتیان لەگەڵ ئەوەكەی پێشوودا، لەناو مێشكیدا بەیەكتریدا دەچوون و زاووزێیان دەكرد. هەست و نەستی دەورووژان.. بیر و هۆشی جەنجاڵ دەبوون. لەنگەری وردكردنەوەیان لاسەنگ دەبوو. بەڵام زێبا هەر خێرا هەنگاوی لێ هێنایەوە هەیوان و پەلكێشی ژوورەوەی كرد.

شەوقی ئەو كاتە بەتەواوی نەشئەی خۆی گەیشتبوو. ئەگەرچی تەدارەكی مەی خواردنەوەكەی هێشتا هەر لە ئارادا بوو، بەڵام دیاربوو كە دوا پێكی بردبوو بەدەم خەوتنەوە قومی لێ بدا. پەرداخەكە لە تەنیشتییەوە نیوە بوو لە مەی. لەگەڵ دانیشتنیاندا هێنایەوە پێشەوە و وتی:

– زێبا گیان.. بەخێرایی پەرداخێك و هەندێ مەزە فریا بخە. فەیلەسووفەكە میوانتە. سۆفییەكە هاتووەتە سەر خوانەكەت. بەڕاست تۆ كامیانت پێ خۆشە ناوتی پێ ببرێ.. فەیلەسووف یا سۆفی؟.

رووی دوایین قسەكەی لەم بوو. ئەم دەنگی نەكرد. زێبا كە بە خەمناكییەوە سەرنجی دەدایە وتی:

– شەوقی وازی لێ بێنە.. وەختی ئەو قسانە نییە.. شەوقی لە هەوای خۆیدا بوو. هەر بەهەمان گەشكەدارییەوە وتی:

– چاوت لێیە چەند بەتەنگتەوەیە. چەند بۆت بەپەرۆشە، ئاخر نەموت كاكە سەبری.. براكەم.. چاوەكەم وەرە.. دە وەرە با بچین بۆ لای دەوای دەردەكەت!.. ها!.. نەموت؟.

سەبری بێ پەستی و تووڕەبوون، لەسەرخۆ وتی:

– تکات لێ دەکەم ئەو وشەی دەوەرەیە هێندە مەڵێرەوە.

– بۆچی؟ چی تێدایە؟.

– هیچ.. هەر حەزی پێ ناکەم.

– من لە دڵسۆزیمە.. خۆ مەبەستێکی ناڕەوام نییە.

– دەزانم.. سوپاست دەکەم.

– ئەی ئیتر بۆچی پێی پەست دەبیت؟.

– لە تۆی پێ پەست نابم. باوەڕت هەبێ.

– ئەی چی؟.

– هەقایەتێکی هەیە و ئێستا کە هاتم لێمی روو دا.

– دە بیگێڕەوە.

– ئێستا نا.. دوایی.

– ئاخر..

زێبا کەوتە بەینەوە. بە سووکە تووڕەبوونێکەوە وتی:

– شەوقی!.. سەر مەکە سەری. لێی گەڕێ پشوویەك بدا.

شەوقی سڵەمییەوە. وتی:

– ئێ ئێ.. لەسەر سەرم.. وا لێی گەڕام و قڕوقەپم کرد. دە تۆش بچۆ پەرداخ و مەزەکە بێنە. خۆ بۆ ئەمیان خراپ ناڵێم سەبری.. خراپ دەڵێم؟.

– نەء.. حەزم لێیە تۆزێ بخۆمەوە.

– گوێت لێیە زێبا.. خۆ من هانی نادەم.

زێبا رووی گەش بووەوە. وتی:

– دە چاکە.. منیش پێم خۆشە.

زۆری نەخایاند ئەوان قومیان لە پێك دا و زێباش لە نێوانیاندا دانیشت. نێوانەکەشی پتر بە لای سەبریدا شکاندبووەوە. بەدڵێکی پڕ لە تاسە و ئارەزوویەکی تێکەڵ لە رێز و خۆشەویستییەوە سەرنجی دەدایە. ئەژنۆی نابوو بە ئەژنۆیەوە و خۆش خۆش کە جەستەی دەبزواند، ران و شان و قۆڵیشی تێ هەڵدەسوو. شەوقی قسەی

دامەزراندەوە و وتی:

– دەی.. خۆ ئیستا وەختێتی.

سەبری وتی:

– چی؟.

ئەو وتی:

– هەقایەتەکە.

ئەم بە مەغزاوە سەیرێکی کرد. قەدەرێ بەسەر و روویدا هەڵڕوانی. لە دڵدا وتی: «لە بێ خەبەران!.. هەیهوو!..» لەگەڵ ئەوەشدا نەیدایە رووی. ئاسایی وتی:

– باشە باش.. بەڵام تۆ جارێ پێم بڵێ: لە بەیانییەوە هەر لێرە بوویت؟ نەچوویتە دەرەوە؟.

شەوقی پێکەنی دەستی بەرز کردەوە و بە سەر و قژی زێبایدا هێنا. ئینجا دای بەپشتیدا و وتی:

– ئا هەر لێرە بووم.. لێرە لێرە و بەبست لێی دوور نەکەوتوومەوە. بە سات لێی دانەبڕاوم. ئەی دەتەوێ کوێ بچم!.. ها!.. کوێ؟! ئێرە هەبێ (دەستێکی تری بە پشتیدا دا) کوێی تر هەیە بهێنێ پیاو بۆی بچێ؟ فەرموو هەر خۆت پێم بڵێ.. هیچ شوێنێکی تر هەیە بهێنێ ئێرەی بۆ بەجێ بێڵم؟ پرسیارەکەم لە تۆشە زێباکەم.. نانا زێباکەمان.. زێباکەی شەوقی و سەبری.. شوێنێکی تر هەیە؟

ئەو بە کامی دڵ دەدوا. شەپۆلی پۆپەی سەرگەرمی رایدەماڵی. زێبا بزەیەکی گەشی شانازی کەوتە سەر لێو و هیچی نەوت. لە کاتێکدا ئەم بیری لەلایەکی تر بوو. لە وەرامیدا راستەوخۆ وتی:

– بەیانی زۆرت بەدوادا گەڕان.

شەوقیش لەو باسە لایدا و بە سەرسوڕمانەوە وتی:

– کێ؟.

– عومەر و روشدی.

– بۆچی؟!.

– چووبوونە ماڵیشەوە بە دواتدا.

– ئاخر بۆچی؟.. چی بووە؟.

– تۆ ماڵەوەت ئاگەدار کرد؟.

– لە چ روویەکەوە؟.

– کە شەو ناچیتەوە و بە تەمات نەبن.

– ئا بەڵێ.. سەرلە ئێوارە چووم تەلەفۆنێکم بۆ دراوسێکەمان کرد. وتم: پێیان بڵێن شەو لە ماڵی برادەرێك داوەتە و نایەتەوە.

– خۆت خستووەتە داوەوە.

– داو؟ بۆچی و چۆن؟.

– چونکە عومەر و روشدی پێیان وتبوون کە ئەگەر چوویتەوە ماڵەوە، ئاگەدارت بکەن کە تۆفیقە فەنی ئێوە خۆش.

– چی چی؟.

– ئینجا کە سەرلەئێوارەکەی پێیان رادەگەیەنرێ وەڵا گوایە لە ماڵی برادەرێك داوەتیت، ئەوسا داوەکە!..

– دەتۆ واز لە داو و ماو بێنە.. بە جەهەننەم.. تۆ روونی بکەرەوە.

– روونم کردەوە.. تۆفیقە فەنی خۆمان خۆش.

شەوقی بۆ ماوەیەك حەپەساو لە تاسەوە چوو. تەمێکی خەفەتباری داکشایە سەر و رووی. دوو سێ جار نیگای لە نێوان ئەم و زێبادا هێنا و برد. ئینجا وەك لە ناکاوێکدا شتێکی بەبیر بێتەوە، بە نیمچە کەمتەرخەمییەکی تێکەڵ لە گازندەوە وتی:

– جا بۆچی هێشتت بەدوامدا بگەڕێن، تۆ نەتدەزانی لە کوێم؟.

ئەم لایەکی کردەوە بەلای زێبادا. زێبا دڵی خەبەری دابوویە کە گفتوگۆکەیان تا چ رادەیەك پێوەندیی بەوەوە هەیە. بە کەساسییەکەوە مت و خامۆش بووبوو. بۆیە ئەم هەوڵی دا باسەکە بگۆڕێ. لە وەرامدا وتی:

– با دەمزانی.. بەڵام تۆ با جارێ هەقایەتەکەشت بۆ بگێڕمەوە.

کەچی شەوقی بە تووڕەبوونێکەوە وتی:

– نەخێر بۆمی مەگێڕەوە.. هەقایەتەکەت بە جەهەنەم.. وەرامی پرسیارەکەمم بدەرەوە.. نەتدەزانی لە کوێم؟.

ئەوسا بەناچاری وتی:

– بابا دەمزانی.. بەڵام..

– بەڵام چی؟ بۆ ئاگەدارت نەکردم؟.

– راستت دەوێ؟.

– راست راست.

– لە دڵدا.. من بۆ خۆم لە ناخی دڵی خۆمدا.. حەزم نەدەکرد و نەمدەویست لێتی تێك بدەم.

– باوەڕ بەم قسەیەت ناکەم.

– بیکە.

– نایکەم.

– بۆچی؟.

– چونکە خۆت باوەڕت پێی نییە. سۆفییەکی وەك جەنابت و باوەڕی بە قسەی وەها هەبێ؟ جگە لەوەی کە ئەوەتا لە ئەنجامدا لێت تێك دام. ئەگەر وا نییە، چی بەم نیوەشەوە تۆی هێنا بۆ ئێرە؟ نەتدەتوانی بیخەیتە سبەینێ؟ ها؟!.. نەتدەتوانی؟.

سەبری وەرامی هەبوو بیداتەوە. بەڵام بە چاکی نەزانی لەسەری بڕوا و کڕ بوو. زێبا ملی قوت کردبووەوە و گوێ قوڵاغ بووبوو. بەڵام هێشتا هەر کەساس دەینواند. لەوە نەدەچوو زاتی خۆ تێ هەڵقورتاندن بکا. شەوقی دوای کەمێ بێدەنگی، گۆڕی و وتی:

– کەی ناشتتان؟.

سەبری بەدەنگێکی نزم وتی:

– هەر بەیانی زوو.

شەوقیش بەهێمنییەوە وتی:

– هەر بەیانی زوو؟. کەوابوو ئەو وەختەی یەکترمان دی تۆ..

– نانا.. وای بۆ مەچۆ.. کە لە تۆ دابڕام ئینجا بیستم.

– دەی باشە بۆ نەهاتیت؟. تۆ سوور دەتزانی وا من بۆ ئێرە هاتووم.

– راستت پێ بڵێم؟.

– دەی..

– من خۆشم تەواو نەبووم. سەرەخو لەم پێ کەوتبوو. دەمزانی.. ئا دەمزانی!. بەڵام هۆشی ئەوەم پێ نەمابوو لەو کاتانەدا ئاگام لە تۆ بێ و بە تەنگەوە بێم.

– ئەی دواییتر؟. نیوەڕۆ.. پاش نیوەڕۆ.. عەسر؟!. تۆ نەچوویت بۆ مزگەوت؟.

– با..

– خۆ دەهاتیت و دەتوت: شەوقی شتێکی وا قەوماوە و وەرە با بڕۆین.

– ئاخر...

– ئاخر چی جەنابت؟ یانی هێشتا هەر تەواو نەبوویت؟ هەر شەیتانی فەلسەفەت لە بن کلێشەدا بوو؟. یا هەر جنۆکەی سۆفێتی دەستی لێ وەشاندبوویت؟.

– شەوقی.. تکات لێ دەکەم..

– تکام لێ مەکە.. تۆ !.

زێبا کە تا ئەو کاتە سەری لە نێوانیاندا دەهێنا و دەبرد و وشە بەوشەی دەمەتەقێکەیانی دەقۆزتەوە، بەم دوایین قسانەیان شپرزە بوو. ترسی لێ نیشت تەشەنە بکا و ئەنجامی خراپ بێ. لێیان بەدەنگ هات و وتی:

– راوەستن، چییە ئەوە؟ چیتانە؟ خۆ کابە کەچ نەبووە. خۆ دنیا ئاخر نەبووە.

شەوقی وای دانا کە پتر لەگەڵ ئەوێتی وتی:

– ئاخر تۆ نازانیت بۆ من چەند ناخۆشە. تۆ..

زێبا نەیهێشت تەواوی بکا. وتی:

– با دەزانم.. بەڵام ناهێنێ یەخەی سەبریی ئاوەها لەسەر بگریت.

– دەهێنێ.. تۆ لایەنی ئەو دەگریت.

– ئا لایەنی دەگرم، چونکە تۆ هیچ گوێ نادەیتە حاڵی ئەو.. هیچ بە تەنگییەوە نایەیت، نابێ وا بیت شەوقی.. نابێ.

شەوقی کەمێ بۆی کڕ بوو. سەرنجێکی دۆستانەی لە نێوان ئەو و سەبریدا هێنا و

برد. ئینجا رووی گەشایەوە و بزەیەکی ورشەداری کەوتە سەر لێو. بەدەمییەوە لێیان نزیك بووەوە. هەردوو باڵی ئاڵاندە ملی هەردووکیان. هێنانییەوە یەك و سەریانی بەسەری خۆیەوە نووساند. بەسۆز و خۆشەویستییەکی بێ ئەندازەوە کەوتە ماچکردنیان. کە دەستی لێ بەردان، پێکەکەی هەڵگرت و بە لەبزێکی شیرینەوە بە سەبریی وت:

– نۆش.. نۆشی ئەو برادەرێتییەمان کە قەت قەت نابێ گەردی لێ بنیشێ. نۆشی ئەم زێبایەشمان کە نایەڵێ هیچ گەردێك توخنی بکەوێ.

سەبری زۆری خۆش لێ هات. پەرداخەکەی نیوە بوو، تا دوا تنۆکی هەڵدا. بەڵام کە پەرداخەکەی دانایەوە، بەدەنگێکی پڕ لە کەسەرەوە و وەك بۆ خۆی بدوێ وتی:

– تێم ناگەن!.. کێ بەدیوی ناوەوەدا لە حاڵی کێ تێ دەگا؟ تەنیا بە دیوی دەرەوەدا و ئەویش ئەگەر...

شەوقی مەستی پێشنیازی نۆشکردنەکە بوو. وتەکە ئاسایی بەلای گوێیدا گوزەری کرد. زێبا لێی قۆستەوە. قۆڵی لە قۆڵی گیر کرد و بەخۆیەوە نووساند. سەری نیشاندە سەر شانی و بەدەنگێکی نزمی پڕ لە سۆزەوە وتی:

– من.. من تێت دەگەم، ئیتر قۆڵی لە قۆڵی دەرنەکێشایەوە و سەریشی لەسەر شانی هەڵنەبڕییەوە. بگرە پێڵووەکانی بەسەر یەکتریدا داکشان و چووە زیندە خەونێکی شیرینەوە.

ئەوان بۆ ماوەیەکی تر بەهێمنی دوان. شەوقی باسی هەقایەتی (دەوەرە)کەی بەبیر هاتەوە. داوای گێڕانەوەکەی کرد و ئەمیش بۆی گێڕایەوە. ئەو وەك گرەوێکی بردبێتەوە وتی:

– دەبینیت سەبرییە سۆفییەکەم!.. دەبینیت ئەو پێوەندییە چ هێزێکی هەم پیرۆز و هەم ستەمکارە؟. دەبینیت چ مت و خامۆشێکیش و چ شڵەقێن و بە تۆفانێکیشە؟ خۆ بینیت سەبرییە فەیلەسووفەکەم، چۆن ڕۆژگاری بەئەندێشەوە بۆ بەسەر دەبرێ و چۆن شەوگاریشی بە ئەشکەنجەوە بۆ بە کۆڵەوە دەگیرێ؟!.. ها؟!.. دەبینیت؟!.

سەبری بەبێ ئاگا دەستە بەرەکەی هەڵبڕی و نایە سەر سەری زێبا. بە شێنەیی بە پەنجەکانی، کەوتە شانەکردنی قژە ڕەشە قەترانییە خاوەکەی. وەك وتەکانی شەوقی کارێکی تەلیسماوی لە ناخی کردبێ، لێوی نا بە سەرییەوە و ماچی کرد، شەوقیش

دەتوت سەرکەوتنێکی مەزنی بەدەست هێناوە. بە خۆشنوودییەوە پێکی لێ بەرز کردەوە و وتی:

– نۆش.. نۆشی فریشتەکەی سەر شانت.

کاتێ پەرداخیان دانایەوە، شەوقی راست بووەوە و هات بەئەسپایی ماچێکی پەشمەکی روومەتی هەردووکیانی کرد. ئەوسا چوو دەستی دایە دۆشەك و سەرین و بەتانییەك. لە ژوور بەدەرکەوت و لە هەیوانەکەدا رایخستن. لە سەریان راکشا و هەر زوو چووە شیرین خەوی خۆیەوە.

## ٩

– زێبا... حەز دەکەم جارێکی تر بەسەرهاتی ژیانی خۆتم بۆ بگێڕیتەوە.

زێبا داخوازییەکەی بەدڵ نەبوو. ئەو پتر پەرۆشی جووتبوون بوو لەگەڵیدا. باڵی ئاڵاند لە ملییەوە و بەنازێکی تێکەڵ لە گلەییەوە وتی:

تۆ دەزانیت لە کەیەوە نەهاتوویت؟ پێنج مانگە پێنج!. ئینجا دوای پێنج مانگەش کە هاتوویت، دەتەوێ وەختەکەم بەو داخوازییە بێ مانایەوە لەگەڵدا بەسەربەریت؟ پاڵ کەوە دەی.. پاڵ کەوە بنووین.

سەبری نەیویست دڵی برەنجێنێ. ماچی کرد و دەستی بەسەر و قژیدا هێنا. وتی:

– باشە باش.. بەڵام تامەزرۆی دواندنتم. با جارێ دانیشین و بدوێین.

– ئاخر چیت بۆ بگێڕمەوە؟ هەر ئەوەیە کە دەیزانیت، هیچی ترم نییە بۆتی باس بکەم.

– با هەیە.. کوا من چی دەزانم!. من ئەمشەو دەمەوێ بە دوور و درێژی، وەك هەقایەتێك بۆمی بگێڕیتەوە.

– بۆ چیتە؟ بۆچی باشە؟.

– پێم خۆشە.. دڵمی پێ دەحەوێتەوە. دڵم خەریکە دەتەقێ زێبا.. خەریکە دەتەقێ تۆ نازانیت من لە چ حاڵێکدام. نەك تۆ، هیچ کەسێ لە سەرانسەری ئەم سەر زەمینەدا، لە حاڵی من تێ ناگا. کەسێك نییە گوێم بۆ رایەڵ بکا و بزانێ چی دەڵێم. ئینجا قوڕە خەستەکەشی بۆ گیراوەتەوە لەوەدایە کە وەك نایانەوێ تێم بگەن و بزانن چی دەڵێم، دێن لە شێوەی دوژمنێکی باوەکوشتەی خوێنخۆریاندا سەیرم دەکەن و رەفتارم لەگەڵدا دەنوێنن. بۆ.. ئاخر بۆ؟!. دەرکی پێ ناکەم و ناکەم و ناکەم!. زەفەری پێ نابەم و نابەم و نابەم!. بۆچی زێبا!.. ها!.. بۆچی؟. پێم بڵێ.. تۆ پێم بڵێ.. دەدەی تۆ پێمی بڵێ.

زێبا بە بیر و هۆش نا، بگرە بە هەست و نەست.. بەسۆز و بەزەیی ئافرەتێکی دڵ و دەروون خاوێن، تێی دەگەیشت چی دەڵێ. بۆی دەچوو لە چ حاڵێکی دژوار و ناهەمواردایە.. گیرۆدەی چ دەرد و بەڵایەکە.

چ گێژەنێك لوولی دەدا و بە چ ئەندێشەیەکی تفت و تاڵەوە دەتلێتەوە. لە ئاست

قسەکانیدا خۆی بۆ دابین نەکرا و فرمێسك زایە چاوانی. قورگی پڕ بوو لە گریان. سەری نووساند بەسنگ و مەمکی خۆیەوە و وتی:

– بەقوربانت دەبم سەبری گیان. لە دەورت دەگەڕێم. من تێت دەگەم من. من دەزانم لە چ حاڵێکدایت. ئەی نەبوو دوو جار بە شەوقیدا هەڵشاخام. ئەی نەبوو وتم سەر مەکە سەری و وازی لێ بێنە بحەوێتەوە.

من تێت دەگەم. ئەو خەم و خەفەتەت بە چی لێ دەرەوێتەوە و پێمی بڵێ و وا بکەم. قسەت بۆ بکەم؟. بەسەرهاتەکەی ژیانی خۆمت بۆ بگێڕمەوە؟. بەسەرچاو.. بەسەر ئەم چاوانەم.. دەتۆ سەیرم کە.. دەتۆ تێم بڕوانە.. ئەها ئەوەتا ئامادەم..

سەبری وەك بووبێتە ساوایەك و لە باوەشی دایکیدا چووبێتە زیندە خەوێکەوە، مت و خامۆش بووبوو. قسەکانی زێبای دەبیست و چاك چاك دەیزانی چی دەڵێ، کەچی بۆیان نەدەبزوا. تەنانەت کاتێ ئەو لێ بووەوە و لە چاوەڕوانی وەرامدا مایەوە، ئەم هەر کڕوکاس بوو.. بەڵام کە تۆزێ سەری لە سنگ و مەمکی دوور خستەوە و وتی:

– بۆتی بگێڕمەوە؟ دەست پێ بکەم؟.

ئەوسا وریا بووەوە و جموجووڵی تێ کەوتەوە. خۆی لە باوەشی زێبا دەرکێشا و ئاسایی دانیشت.. زەردەخەنەیەکی خاوی کەوتە سەر لێو سەرێکی جەخاراوی بادا. دەستی برد بۆ پێکەکەی و بەرزی کردەوە ماوەیەك هەروا بەبەرزەوە رایگرت و چاوی بەسەریدا روا. وەك لەبەر خۆیەوە بدوێ بەدەنگی نزم وتی:

– ئا.. لەوە دەچێ تۆ تێم بگەیت، لەوە دەچێ.

زێبا لەو دیمەنەی سامگیر بوو.. ویستی قسەی تێدا بکا و زاتی نەکرد بەبێدەنگی مایەوە. ئەم سووکە قومێکی لە پێکەکەی دا. پەرداخەکەی دانایەوە و بەدەم زەردەخەنە خاوەکەیەوە هاتە قسە:

– وتت چەند مانگە نەهاتووم؟.

زێبا گەشایەوە. وتی:

– پێنج.

سەبری وەك نەخشەی دەمەتەقێیەکی لە مێشکیدا بەرجەستە کردبێ بە خۆشنوودییەوە ملی پێوەنا و وتی:

– زۆره؟.

– زۆر زۆر.

– حەزت دەکرد زوو زوو بێم؟.

– بێگومان.. چەندان جاریش یەخەی شەوقیم لەسەر گرتوویت.

دەموت تۆ خۆپەرستیت. تۆ لەگەڵ سەبریدا پاك نیت. تۆ پێی ناڵێی کە من بیری دەکەم و بۆی بەپەرۆشم. تۆ..

– نانا.. دەیوت.. باوەڕت هەبێ دەیوت.

– ئەی بۆچی نەدەهاتیت؟.

– ها؟!.. نازانم!.. ئەگەر راستت دەوێ نازانم.

– حەزت دەکرد؟.

– ئا.

– ئەی بۆچی؟.

– ئاخر!.. باوەڕم پێ بکە نەمتوانیوە بچمە بنج و بناوانییەوە.

– کەچی زوو زوو بۆ لای زینەت دەچوویت!.. نەدەچوویت؟.

سەبری نەخشەی دەمەتەقێکەی بە پێچەوانەوە بەملدا شکایەوە.

زێبا زینەتی وەها شەیتانانە تێکەڵ کرد کە بە خەیاڵیدا نەهاتبێ. لەگەڵ ئەوەشدا نە لێی پرنگایەوە و نە پێشی تەنگەتاو بوو.. بگرە وەك لە ناخدا پێی خۆش بووبێ و حەزی بە هێنانە کایەوەی کردبێ، لەسەرخۆ و بەکەمێ راڕاییەوە وتی:

– با.. بەڵام!..

زێباش بەهەلی زانی و لێی قۆزتەوە. بەدەم و دوویەکی شیرینەوە وتی:

– بەڵام چی؟!... بیڵێ.. دەی بیڵێ و مەیشارەوە!.. خۆ خۆت دەزانیت من بیر و ڕام لەبارەی ئەو چوونانەتەوە بۆ لای چۆن بووە و چۆنە!. من هەردەم نەموتووە کە ئەوی نەگبەتیش، هەش بەسەرێکی لێ قەوماوی بێ دەرەتانی وەك منی ناو ئەم دنیایەیە؟ وتوومە یان نا؟.

– با.. وتووتە.

– قـەتـیش دەسـتـم نـاوەتـە ڕێگـە و ئـەو نـامـاقـوولـیـیـەم کـردووە بـڵـێم وەڵا وەرە دەسبەرداریان ببە؟.

– نەء.. قەت نەء..

– کەچی هەر هەفتەی جارێك.. هەر دە پازدە ڕۆژ جارێك، دەچیتە لای ئەو و منیش ئەوەتا پێنج دانە مانگە.. پێنج.

– ئاخر تۆ گوێ بگرە زێبا.. ئاخر خۆ چوونەکانم بۆ لای ئەو نییە. یا چاکتر وایە بڵێم لە بابەتی هاتنەکانم بۆ لای تۆ نییە. بۆم باس نەکردوویت چۆنە؟!.. ها؟!.. بۆم باس نەکردوویت؟.

– با، بەڵام باوەڕناکەم.

– بۆ؟ چ مەجبوورم درۆت لەگەڵدا بکەم؟

– مەجبووریت.

– مەجبوور نیم.. درۆ ناکەم.. من درۆ ناکەم. درۆکردن دوژمنی باوەکوشتەمە. رقم لێی دەبێتەوە. دەیبوغزێنم. درۆ لە من ناوەشێتەوە. چوونم بۆ لای زینەت جیاوازە.. زۆر جیاوازە لە هاتنم بۆ لای جەنابت.. لەمەوبەر ئەمەم بۆ روون کردوویتەوە.

ئیتر بۆچی باوەڕ ناکەیت؟ بۆچی دەبێ باوەڕ نەکەیت؟ ئاخر بۆیە من مێشکم خەریکە دەتەقێ. دڵم شەق دەبا. چاوم دەردەپۆقێ. دەی باشە بۆ؟ ئاخر ئەو خەڵکە بۆ وا دەکەن؟ بۆ وایان بەسەر هاتووە؟.

بۆچی هەموو بوونەتە جڕوجانەوەر و دێو و درنج؟ نە ویژدان ماوە. نە پیاوەتی و مەردایەتی. نە راستگۆیی و چاکەکاری. هەموو.. هەر هەموو بوونەتە گورگ و ورگ و ریخۆڵەی یەکتری هەڵدەدڕن . یەکتری پارەپارە دەکەن. ئەمە چ ئاخرزەمانێکە چ رۆژی حەشرێکە، تۆ بڕوانە هەروا تۆ بڕوانە براکان و برازاکانی خۆم! تۆ بڕوانە خوشکەزاکەی خۆم! بزانە چیم پێ دەکەن. بزانە چۆن وەك گەلەگورگێك.. ئا راست وەك گەلەگورگێك بەربوونەتە گیانم و هەلاهەلام دەکەن، لێم دەبێتە بزمارێکی ژەنگاوی و دەچەقێتە بنی پێم. ئەوی تریان مێخێکی ژەهراویە و بەتەوقی سەرمدا دادەکوترێ. ئەمیشیان.. خۆ ئەمیشیان وەك خەنجەرێکی دەبان ئاراستەی گازەرای پشتم دەبێ!. ئێ ئاخر بۆ!.. ها.. نابێ بزانم بۆ وا دەکەن؟ نابێ بزانم سابیرێك کە هەر لە بنەڕەتەوە ئاگەدارە برامە، بۆچی نایەت و بڵێ من براتم!.. ها؟ یا کەریمێك کە لێی عایەنە برای برامە، بۆچی

نەهات بڵێ من ئەوەم و بۆچی سەربارێشی، ئەو کەتنەی کرد کە کردی!.. ها؟ ئەی خوشکەزاکە!.. ئاخ و داخ خوشکەزاکە ئاخ و داخ لە تۆ!. وا ئەوان وەها!.. ئەی تۆ بۆچی وەها!.. ها؟ دەی ئەمە چ ئاخرزەمانێکە؟ چ رۆژی حەشرێکە؟ دەی من ئەم حاڵە قبووڵ ناکەم.. قەت قبووڵی ناکەم. خەڵکی تر دەیکەن با بیکەن. بەڵام من نایکەم.. قەت نایکەم.. قەت نایکەم.

زێبا ئەو ساتە خۆی لێ کشاندبووە دواوە. بەترس و سامێکەوە تێی ورد دەبووەوە و لێی سەراسیمە بووبوو. لەوەبەر قەت نە بەو حاڵەوەی دیبوو. نە ئەو جۆرە قسانەشی لێ بیستبوو. ئا.. دەیزانی کە کابرایەکی خۆش خەیاڵە. کە پەپوولەیەکە و بە ئاواتەوەیە بە ئاسمانێکی بێ گەردا هەڵبفڕێ. کە ئەگەر مێروولەیەك رێگەی بەر رێگەی بکەوێ. ئەم خۆی بۆ لێ لادەدا و بواری رەتبوونی پێ دەدا. ئا دەیزانی شەوقیش زۆری تری لە بارەیەوە بۆ باس کردبوو. بەڵام ئەوەی ئەم جارە لێی بیست و پێوەی بینی، جۆرە ترس و سامێکی خستە دڵەوە و لێی سەراسیمە بوو!. لە دڵدا وتی: «چ خێرێتی؟ چی لێ قەوماوە؟ بۆچی وا دەکا و وا دەڵێ؟ سابیر و کەریم کێن؟ دەڵێ براکانم!. ئەو کوا برای هەن؟ خوشك و خوشکەزای هەن ئا، بەڵام کوا برای هەن؟ لەوەبەر نە خۆی و نە شەوقی. هیچیان لەم بارەیەوە نەوتووە!». لەگەڵ ئەوەشدا، بە پێویستی زانی هەوڵی هێمنکردنەوەی بدا. زاتی نەکرد بچێتەوە تەکی هەروا دەستی خستە ناو دەستییەوە و بە سۆزێکەوە کە لە تەهی دڵییەوە بێتە دەرێ وتی:

– سەبری گیان بمبەخشە.. لێم ببوورە.. من قسەیەك بوو لە دەمم دەرچوو. دوور لە تۆ.. دوور لە تۆ و حاشا تۆ درۆ بکەیت. لێم نەبیستوویت.. قەت لێم نەبیستوویت درۆ بکەیت. هەڵەیەك بوو کردم و ئیتر نایکەمەوە. تکایە بمبەخشە.

کەچی سەبری تەنیا بەگوێ قسەکانی لێ دەبیست. دەنا بە بیر و هۆش، تۆزقاڵێك مانا چییە لێی وەرنەگرتن. ئەم گێژەڵووکە کە لە مێشکیدا هەڵی کردبووەوە، بەبێ ئامان لوولی دەدا و راپێچی دەکردەوە.

دەیئاخنییەوە ناو توونی بابا و توونێلە بە پێچ و پەنا لە بن نەهاتووەکانی پێ تەی دەکردەوە. دەروونی بووبووە کوانوویەك و نێڵەنێڵ کڵپەی لێ هەڵدەستا. لاجانگەکانی گڕیان لێ دەبووەوە. سەراپای لەشی نیشتبووەوە سەر ئارەقە لینجە لە کوڵەکە. دەلەرزی.. وەك پەڕی دەم رەشەبایەك دەلەرزی. کە پەرداخەکەی هەڵگرت و بردی بۆ

دەمی. چەندی لێ ئاودیوی گەرووی کرد، هێندەشی بە لاشیلاوگەیدا چۆڕاندە سەر سنگ و ناو کۆشییەوە. پەرداخەکەی بۆ دانەنرایەوە سەر زەوی. لە دەستی بەر بووەوە و خۆشی و قاپێکی فەخفووریشی بە شکاندن برد. دەتوت خڕڕەی شکاندنەکەیە دەیهێنێتەوە قسە. بەدەنگێکی پڕ لە جەخاری ئەوتۆوە کە بە لێشاو ئازار و ئەشکەنجەی لێ دەچۆڕا وتی:

– دەبینیت زێبا.. دەبینیت چیم لێ دەکەن؟ دەبینیت چییان بە سەر هێناوم؟ ئاگات لێیە چۆن دەیانەوێ هەر بە زیندوویێتی چوار مێخەم بکێشنەوە؟ خۆ بەچاوی خۆت دەبینیت چۆن لە پەلوپۆیان خستووم!. ئەوەتا پەرداخێکی پەرداخ ئاسام بۆ بەدەستەوە ناگیرێ. دەی باشە بۆ؟ ئاخر بۆ؟ خۆ من بەدرێژاییی تەمەنم زیانم بۆ هیچ.. هەر هیچ کەسێك نەبووە. بگرە بەپێچەوانەوە، هەردەم هەر چاکەیانم ویستووە. هەر بۆیان بەکەڵك بووم و بەتەنگیانەوە هاتووم. هەر بە ئاگری خەم و خەفەتیان سووتاوم و هەر سزام بەدەستیانەوە نۆشیوە. لەگەڵ لەدایکبوویەکیاندا لەدایك بووم. لەگەڵ مردوویەکیاندا مردووم. نەخۆشیانم دیبێ نەخۆش کەوتووم. ساغ و سەلامەتیانم تووش هاتبێ ساغ و سەلامەت بووم. کامیان وتبێتی مەرحەبا وتوومە سەد مەرحەبا. کامیان وتبێتی دەرد خۆم لێ نەبان کردووە. ئائا.. تۆ هیچ دوور مەڕۆ.. سابیری برام.. سابیری کاکم سەد جار هات وتی دەرد و من هەر وتم گیان کاکە دەردت لەسەر سەر و لەسەر چاوانم. خۆ ئەوی تریان.. کەریم.. هات گرگڕ بەری تیشکی فریشتەکەی بەیانیانی لە کەس نا لە من گرت. هات لانەی شێواندنێك لێ شێواندم کە گێڕانەوەی داستانێکی پێ دەوێ داستان. تۆ وەرە زەلام ئەوەندە بێ ویژدان و دڵڕەق بیت. وەرە ئەوەندە ناپیاو و نامەرد بیت. وەرە ئەوەندە.. ئەوەندە.. بڵێم چی!.. ئاخر نازانم بڵێم چی!. ئەو تفەی دەیکەم رووی خۆم دەگرێتەوە. جا گوایە هەر تفەکەی لەوی دەکەم رووی خۆم دەگرێتەوە؟ ئەی حەمەجەزا؟ ئەی حەمەجەزاکەی فریشتەکەی ئاسمانەکەم؟ ئەی ئەو بۆ ناڵێی؟ خۆ لە دوو براکەمی کەمتر پێ نەکردووم تۆ هەروا بڕوانە و سەرنجدە!. دەی ئەگەر ئاخر زەمانەکە نەبێ، ئەگەر رۆژی حەشرەکە نەبێ قەت بووە!.. ها!.. قەت بووە شتی وەها روو بدا؟ من لە تۆ خۆت.. لە تۆ.. ئا لە تۆ خۆت دەپرسم!.. قەت بووە شتی وەها روو بدا؟ ها قەت بووە؟.

لەگەڵ ئەم دوایین قەت بووەیدا، بە ڕاچەنینێکی لە ناکاو دەستی درێژ کرد بیبا بۆ پێکەکە. دەست و پەنجە نیشتنە سەر شووشەی شکاوی پەرداخ و پارچەی

فەخفوورییەکە. خوێن لە پەنجەوە فیچقەی کرد. زێبا کە هەر لە بنەڕەتەوە هێندەی تر سامگیر و سەراسیمە بووبوو، بە بینینی فیچقەی خوێن زارەترەك بوو. راپەڕییە سەرپێ بچێ شەوقی بەخەبەر بێنێ و بانگی بکا. دوو سێ هەنگاویشی نا و پاشگەز بووەوە. گەڕایەوە و پەلاماری دەستی سەبری دا. نەیدەزانی چی بکا. بۆ ماوەی چەند ساتێك هەروا دەستەکەی بەدەستییەوە گرتبوو. بێ پەروا دەیڕوانییە فیچقەی خوێنەکە کە بە نێوان پەنجەکان و مەچەکی هەردووکیاندا دادەچۆڕا. تا قاقای پێکەنینێکی شێتانەی سەبری بەئاگای هێنایەوە کە بە دەمیشییەوە وتی:

– دەترسیت!.. زێبا.. دەترسیت؟.

زێبا ئەم جارە گومانی نەما کە دەبێ بترسێ. کە بە دوای قسەکەیدا سەری بەرز کردەوە و روانییە ڕووی، ڕوو قەت ئەوەکەی سەبرییەکەی جاران نەبوو. نا بگرە وای هاتە بەرچاو کە ڕوویشی وەك دەست و پەنجەی، تك تك خوێنی پێدا دەچۆڕێتە خوارەوە. ئەوسا بڕیاری دا کە پەنا بەرێتە بەر بەخەبەر هێنانی شەوقی. بەهێواشی خۆی کشاندەوە و هەڵسایە سەرپێ. وەك ترسی شالاوێکی لە ناکاوی لێ نیشتبێ، دوو سێ هەنگاوێکیش هەر پاشە و پاش کشایە دواوە. لەوە بەدوا بە پرتاو لە ژوور دەرفڕتایە دەرەوە. بە قەڵەمبازێك گەیشتە پاڵ شەوقی. بۆ بەئاگا هێنانی کەوتە راتەکاندنی. شەوقی بەئاگا نەدەهات و بەزۆر بەئاگای هێنا. چەندە لە توانایدا بوو تەقەلای دا بەخێرایی تێی بگەیەنێ چی رووی داوە. بەڵام بەفریا نەکەوت، سەبری خێراتر بزوابوو.. بەبەرچاوی هەردووکیانەوە وەك تێسکەی تفەنگ لە ژوور دەرپەڕییە دەرەوە. وەك تێسکەی تفەنگیش بەلای ئەواندا رابورد و ئاودیوی دەرگەی حەوشە بوو، بۆ ئەوەی هیچ بوارێکیش بەوان نەدا دوای بکەون و بەگیری بێنن، تا دوو سێ کۆڵانیشی بڕی هەر بە نەرمە غار تێی تەقاند.

***

ئەو وەختە مانگە خڕخڕە زیوینەکە داخزابووە دامێنی ئاسمان. خەرمانە گەشەکەی کاڵ بووەوە. بەڵام هێشتا تریفەکەی هەر شانە و شان دەیدا لە لاپاڵە بەرزەکان و هێشتا بڕستی لە تاریکی هەر بڕیبوو.

دوای دوو سێ کۆڵانەکە کە دڵنیا بوو زێبا و شەوقی بەدوایەوە نین، وازی لە نەرمە غارەکەی هێنا و ئاسایی کەوتە هەنگاونان. بەدەمییەوە وەك بیەوێ بۆی روون

ببێتەوە بەرەو کام لا ملی ناوە، چاوێکی بەدەور و پشتیدا گێڕا. کە دەرکەوت بەرەوژوور هەڵکشاوەتەوە، ئان و سات کارەساتی بەر پەنجەرەکەی لێ ژیایەوە. لەگەڵیدا هێزێکی نادیار لە ناخەوە لێی راپەڕی و بەرەو ئەوێ تەکانی پێ دا. دوو کۆڵانی تر و گەیشتە ئاستی. چووە تەنیشتییەوە و راوەستا. دەتوت خۆی لێ بووەتە نەوزادە بەڵێن شکێنەکە و هاتووە گوناهەکەی بسڕێتەوە. دەستی بەرز کردەوە بە نووکی پەنجە لە شووشەی پەنجەرەکە بدا و لە دەستە زامدارەکەی بەئاگا هات. دایگرتەوە و تێی ڕوانی. بەڕوونی نەیدەبینی، بەڵام هەستی دەکرد کە خەڵتانی خوێنە. دەسەسڕی لە گیرفان دەرهێنا و هەرەمەیی تێوەی پێچا.. زامەکە ئازارێکی ئەوتۆی نەدەدا خەریکی بکا. لە دەستەکەی لادا و روانییەوە پەنجەرەکە.

«چیم لێی دەوێ؟؟». سەرنجدانی دەستە زامدارەکە وریای کردبووەوە و خستییە بەردەم ئەم پرسیارە. لە وەرامیدا سەرێکی پەستی و بێزاری لە خۆی بادا. هەستێکی تەریقی و شەرمەزاری دایگرت. وەك ورێنە بکا، بە دەنگێکی نزم وتی: «بمبەخشە دڵدارە دڵ سووتاوەکە بمبەخشە!.. بێجام کرد بێجا!. من بە چ هەقێك هاتووم خۆم لەو نهێنییەی تۆ هەڵقورتێنم؟».

ئەمەی وت و بەر پەنجەرەکەی جێ هێشت و کەوتەوە هەنگاونان.

«ئێستا بۆ کوێ؟». دڵی لە پرسیارەکە دەگوشرا. «بۆ دەبێ شوێنێك هەبێ لێی بم و شوێنێکیش هەبێ بۆی بچم؟». چەندی تر بێهوودە هەنگاوی ناو رێگەی بڕی، هەر ئەم وتەیەی گرتبوو بەسەر دەمەوە و دەیجووەوە. جوونەوەکە بردی و بردی تا دیسان رووەو گردەکەی سەیوان رای وەستاندەوە سەیوان هێشتا دەکەوتە بەر شەوقە شانە و شانەکەی تریفەی مانگە داخزاوەکەی دامێن. هێشتا دارئەرخەوان و گومەز و کێلی گۆڕەکان جودا دەکرانەوە. ئەم لە ناویاندا بە چاوی ناخ، کێلی گۆڕەکەی دایکی و باوکی بەڕوونی دەبینی کە ئەوەتا بەتەنیشت یەکەوە ریزیان بەستووە. لە دڵدا بەپەرۆشەوە وتی: «ئا.. لەوێ.. تەنیا لەوێ شوێن هەشە و نیشە!. خۆیەتی.. ئەوێ خۆیەتی».

زۆری نەخایاند لە ژوور سەریانەوە دانیشت. تریفەی مانگە زیوینەکەی دامێن راست دەپرژایە سەر ڕووی سەر سنگ و ناو کۆشی. لەناو کۆشیدا دەستە پێچراوەکە بە دەسەسڕە بە خوێن سووربووەکەی ئۆقرەی گرتبوو. دەستە زامدارەکە ئازارێکی ئەوتۆی

پێ نەدەدا. بگرە دەروونە سیخناخەکەی لە ئەندێشە، بیر و هۆشی بە پرواندن دەپرواند!. بەدەنگێکی پڕ لە جەخارەوە کە تك تك زووخاوی لێ دەچۆڕا وتی:

– دایە!.. بابە!.. پرسیارێکە و من هاتووم لە ئێوەی بکەم. تکایە ئێوە وەرامم بدەنەوە. بۆچی دەبێ شوێنێك هەبێ منی لێ بم و شوێنێکیش هەبێ بۆی بچم؟ تێم بگەیەنن.. بۆچی؟.

ماوەیەك لە چاوەڕوانی وەرامدا مایەوە. کە هەر چاوەڕوانی کرد و وەرام نەبوو، بەبێزارییەکی تێکەڵ لە دەستەوستانییەوە، خۆی بە پشتدا خست و راکشا. راکشانەکە حەسانەوەیەکی بەجەستە ماندووەکەی دا. وەها لەسەر ئەو بارە مت و خامۆش بوو کە دەتوت ئیتر تا خەوێکی حەوت شەو و حەوت رۆژە نەکا، بەخەبەر هاتنەوەی بۆ نابێ. کەچی وانەبوو!.. کەچی لە ناکاوێکدا هەرچی ئاگادارییەك بە درێژاییی سات بەساتی شەش شەو و شەش رۆژەی پێشووی، لە قووڵاییی بیر و هۆش و هەست و نەست و دڵ و دەروونیدا، کۆبووبووەوە و پەنگی خواردبووەوە و لوولی دەخوارد، تەقیبێتەوە و شاڵاوی هێنابێ و پەلاماری بدا، راچەنییەوە سەر باری دانیشتن. شێتانە هەردوو دەستی لە کێلی گۆڕەکەی باوکی گیر کرد. وەك باوکە جەستەیەکی زرت و زیندوو بێ و ئەم یەخەگیری بووبێ، کەوتە راوەشاندنی و وتی:

(ئائا.. تۆ راوەستە!.. تۆ وەرە تێم بگەیەنە بزانم ئەو کەتنەت بۆچی داوە؟ ها..؟ بۆچی؟ نانا.. خۆ من مەبەستم ژن هێنانەکەی یەکەمت نییە. نا نەء. ژنە و هێناوتە و لەسەر سەر. چۆنیشت هێناوە و نەهێناوە چۆن بووە و چۆن نەبووە، کێ بووە و کێ نەبووە، هەر مەبەستم نییە. ئەوەی دڵ و دەروونم دەپرووکێنێ و سەرم دەئاوسێنێ کەتنەکەتە.. ئائا کەتنەکەت. بۆم روون بووەتەوە بابە.. باش باشم بۆ روون بووەتەوە. تۆ هاتیت مەنیجە ناوێکی بەسەزمانت لە خشتە برد. ئاخۆ بزانە چ کچێکی کلۆڵی بێ دەرەتان بووە و وەك نێچیرێك کەوتووەتە بەردەست. کە لە خشتەت برد، کچە سکی پڕ بوو. ئینجا تۆی میرزا و مەلازادەی وەچەی میرزا و مەلازادەکان، هاتیت لە ترسی ئابڕووچوونی خۆت نەك ئەو، بە لاکۆڵان لەلای مەلایەك مارەت کرد. دوای ئەوە چۆنت مارە کرد، وەهاشت دەست پێوەنا و تەڵاقت دا. ئەی دیارە. مەنیجەیەکی کە رەنگە کارەکەرێك.. یا رەنگە کچی نانکەر و جلشۆرێکتان بووبێ، چۆن دەشێ ببێتە هاوسەری جەنابتی میرزا و میرزازادە!. لەمانەش هەمووش بە جەخارتر، هاتن مەنیجە هەش بەسەرە سك پڕەکەتان، لە سۆفی عەبدوڵایەکی دەستەوستانی لە چەشنی مەنیجەکە خۆی مارە کرد.

ئینجا کە مەنیجەی ژنی سۆفی عەبدوڵا منداڵەکەی لەمەڕ تۆی بوو، سابیرەکەی کاکی لەمەڕ منی لێ دەرچوو. توخوا وا نییە بابە گیان؟ ئەوەی بۆتی دەگێڕمەوە.. یا قەیناکا با بڵێین ئەوەی بۆتی دەهۆنمەوە، راست و دروست وەك ئەوە نییە کە رووی داوە؟ ها.. وەك ئەوە نییە؟ هیچ جیاوازییەکی بنەڕەتییان لە نێواندا هەیە؟ خۆ من قەت حەدم نەبووە و حەدیشم نییە، تەنانەت هێندەی نووکە دەرزییەك لە باوکایەتیت کەم بکەمەوە. تۆ لەلام هەر باوکە نموونەییەکەیت ها، قەت خەیاڵ نەکەیت، بەڵام توخوا ئەمەیان وا نەبوو؟.

کارەساتەکە وەها نەهات و وەها نەچوو؟ ئینجا با بە باوکی خۆشم بڵێم زیاتر بۆی روون بکەمەوە. دوایی ساڵان هاتن و ساڵان چوون. سابیرەکەی کاکەم کە فامی کردەوە و بوو بە پیاو، لە هەر رێگەیەکەوە و بە هەر جۆرێك بووبێ، بەکەین و بەینەکەی زانی من بەشبەحاڵی خۆم لام روون نییە چۆن. من رەنگە بتوانم بە مەزەنە بڵێم وەها و وەها. رەنگە بتوانم بڵێم دەشێ دایکی گەیشتبێتە تینی درکاندبێتی. بەڵام بۆ تۆ دڵنیام کە دەیزانیت. بەدرێژاییی ئەو ساڵانەی کە دەهات و یەخەی دەگرت دەتزانی. دەی باشە بابە تۆ بۆچی نکوولیت لێ دەکرد. ئاخر بۆچی؟ کابرا دابووی لە کەللەی و حەزی لێ بوو کە کوڕی تۆ بێ. ئێ بۆچی بۆی نەدەچوویتە ژێر بار؟ لە چی دەترسایت و سڵت لە چی دەکردەوە؟.

لە چی؟ دایکم؟ دە راوەستە با بزانم. خۆ دایکم لەوپەڕی دنیا نییە. ئەوەتا بەتەنیشتەوە. فەرموو دایە وەرامم بدەرەوە. تۆ نەتدەویست و باوکمت دەتۆقاند؟. تۆ دەتوت ئەگەر شتی وەها روو بدا، ئاسمان بەسەر زەویدا دەڕووخێنم؟ نەء؟ دەڵێی نەء؟ باوەڕت پێ دەکەم. تۆ ئەوەتا لە بەرچاومیت. تۆ بەردەوام پێ دەکەنیت.. هەر پێ دەکەنیت.. هەر چاوە رەشە گەشەکانت پڕ لە کل دەکردن و دەتریقایتەوە. رقت لە کەس نەدەبووەوە. دڵی کەست نەدەشکاند. لە لەبزی شیرین و قسەی خۆش و ستایشت بەولاوە لە زار نەدەهاتە دەر. ئیتر چۆن شتی وەهات لێ دەوەشێتەوە؟ گوایە تۆ باوکمت هێنابێتە گیر و گاز و وتبێتت وەڵا نابێ دانی پێدا بنێ کە سابیر کوڕیەتی؟ نا نابێ.. بابە گیان من قەت ئەقڵم نایگرێ وا بووبێ. واز لە دایکم بێنە و مەیخەرە ئەستۆی ئەو. خۆتیت.. گوناهبار هەر خۆتیت.. یا تۆ راوەستە!.. تکایە چاوەشەم مەکە. یانی نازانیت دایکم پێش تۆ بە چەند ساڵ، لێمان دابڕا و هاتە ئەم مەڵبەندە؟ سیازدە ساڵ بابە.. سیازدە ساڵ. دەی خۆ کاکم سابیر بەزۆری هەر لەو سیازدە ساڵەدا بوو کە دەهات و

وەك مووی لووت پەخەگیرت دەبوو. ئەها لە بیرتە، ئەو رۆژەت لە بیرە کە تۆ بەڕێوە بوویت دوا مالاوایی لەولا بکەیت و بێیتە ئێرە. ئەو هات بێتە دیدەنیت و من لەسەر فەرمانی خۆت نەمدەهێشت بێتە ژوورەوە. لە بیرتە کە ئاخری هەر هات و دوایی کە ڕۆیشت، تۆ بابە گیان تۆ، نالێم ئاگری جگەر، بگرە دەلێم زەبری ویژدان زۆری بۆ هێنایت. دەست برد سنووقە دێرینەکەت لەژێر قەرەوێلەکەت دەرکێشایە دەرەوە. سەرت هەلدایەوە و قووتووە بڕنووتییەکەت لێ دەرهێنا. ئەو پارچە کاغەزەی هەر بەزەبری ویژدان، سالەها بوو لەوێدا حەشارت دابوو، هێناتە بەردەست و لە پەراوێزیدا نووسیت کە ئەو کاکم سابیرە کوڕی تۆیە. دەبلێ وا نەبوو بابە. دەبلێ. دەتوانیت بلێی؟. ها... دەتوانیت؟).

وەك قسەکان ماوەیەك بووبێ بەرەبەرە نیشتبنە سەریەك.. وردە وردە کەلەکە بووبن و پەنگیان خواردبێتەوە.. یەك لە دوای یەکدا بیر و هۆش و دل و دەروونیان پڕ کردبێ لە ژەنگ و ژار، بەم هەلڕشتنەیان حەوایەوە و وەهای هەست کرد کە کۆلێکی گرانی لەسەر شان داگیراوە. دوو سێ جار لەپی دەستە ساغەکەی بەئەسپایی کێشا بەکێلی گۆڕەکەی باوکیدا وتی:

– دەی ئەمە چەندی بە چەند بابە؟ دەی تۆ ئەم گۆبەندەت بۆچی بۆ من کردە میراتی و ئاوەها بە دەستییەوە زەلالەتم بێ؟ ها.. بۆچی؟.

ئا.. هەلڕشتنەکە ئەو گەردەلوولەشی لە ناخدا دامرکاندەوە کە لە مالی زێبای ڕافڕاندە دەرەوە و ڕێگەی ئەم سەیوانەی پێ گرتەبەر. تەواو هێور بووەوە. تەنانەت گەرای جۆرە پاشگەزبوونەوەیەکیش لە هەلاتن و هاتنەکەی بۆ ئێرە، لە دلدا سەری لێ هەلدا. چاوی هەلبڕی بڕوانێتە ناو شار و مانگە زیوینەکە ڕووبەڕووی بینایی بووەوە. لێواری بازنەکەی نیشتبووە سەر لووتکەی چیا و بەرەو ئاودیوبوونی دەچوو. چاوی لەو لادا و ڕوانییە سەعاتەکەی دەستی کە چوار و نیوی نیشان دەدا. سەرێکی ناڕەزایی بادا. جگەرەیەکی دەرهێنا و نای بە لێوییەوە. لەوەدا بوو شقارتەی لێ ئاگر بدا و دەستی گێڕایەوە. خۆی ئاخنییە پال کێلی گۆڕەکەی باوکییەوە. بواری لە بینینی تروووسکەی ئاگری شقارتەکە بڕی و ئەوسا جگەرەکەی داگیرساند. کە کەوتیشە مژلێدانی، هەردوو مشتی بۆ دەکردنە چەپەر.

«ئێستا چی بکەم باشە؟». لە دلدا وتی: «بگەڕێمەوە بۆ لای زێبا و شەوقی؟ نانا،

حەزی پێ ناکەم. خۆش نییە.. بچم بڵێم چی و چ وەرامێکی پرسیارەکانیان بدەمەوە؟ نا ناچم. ئەی باشە بۆ کوێ؟ بۆ ماڵەوە. دەی ئاخر ماڵەوە لە کوێیە؟ ئەوپەڕی شار. تاقەتێکی دەوێ. نا جگە لە تاقەتیش. وا با بڵێین لە هاتندا سەلامەت دەرچووم. ئەی کێ دەڵێ لە گەڕانەوەدا تووش نابم و سەرم بە فەتارەت ناچێ، نا ئەوەش نا. چاکتر وایە هەر لێرە بم. چییەتی. شوێنێکی تا بڵێی ئەمین و ئومانە.. منێکی سەر لێشێواوی سەرسەخت نەبێ، کێ رێی!.. تۆ راوەستە.. وتت چی؟ سەر لێشێواوی سەرسەخت؟ وای لێ هات؟ تۆ وایت؟ یا ئەو خەڵکە جڕوجانەوەرەی ناو ئەو شارە پۆخڵەی!.. دە!.. دە ئاخر واش نا!. تف لە شەیتان. واز بێنە. با مەدەرەوە سەر قەوانەکە و لێی مەدەرەوە. تۆ لەم باسیان بدوێ و ساغی بکەرەوە. چی بکەیت باشە؟ لای زێبا و شەوقی؟ نەء.. ماڵەوە؟ نەء.. ئەی ئێرە؟ بۆ نەء!. زۆری پێ ناچێ سپێدە دەدا. ماوەیەکی تر و دنیا رووناك دەبێتەوە. کەمێکی تر و رۆژ هەڵدێ. ئەوسا بەبێ خەم بەرەو ناو شارە پڕ لە جڕوجانەوەرە پۆخڵەکە!.. ئۆهۆ!.. وتمان تف لە شەیتان و واز بێنە. وتمان داسەکنێ. دە ئاخر داسەکنێ، دە ئاخر داناسەکنێم. بۆ داسەکنێم؟ ئەوان ناڵێن دەبی شوێنێك هەبێ لێی بیت و شوێنێکیش هەبێ بۆی بچیت؟ ئەوان دەڵێن، خۆ من ناڵێم. من وتم بۆ؟ ئێ باشە باش!.. ئێ وا بکە وا!.. هەیە کاکە هەیە!.. نە بچۆرەوە بۆ لای شەوقی و زێبا، نە بۆ ماڵەوە، نە لێرەش بمێنەرەوە. بچۆ بۆ!.. بۆ..

لەسەر زاری بوو. کەچی نەیدەدرکاند. ئاوڕێکی بۆ لای چەپی دایەوە. بەو لای چەپەدا روانییە دوور. ئەو کاتە مانگە خڕخڕە زیوینەکە سەروبەر ئاودیوی چیا بووبوو. پاشماوەی رووناکییەکی مردەلۆخی بەمدیوی چیا دەدا و روانینە دوورەکەی ئەمی، رووبەڕووی لێڵاییەکی خەست دەکردەوە. ئەوە گردەکەی سەری ئەوسەری سەیوانە و هەروا تارماییی هێڵێکی کەوانەیی لێ دەبینێ کە لە ئاسمانێکی رەشباوی چڕ لە ئەستێرەی جودا دەکاتەوە. ئا.. بەبینایی چاو هەر ئەوەندەی دەبینی. بەڵام بەبینایی ناخ، وەك رۆژی رووناك دەیبینی کە ئەوەتا هەروا دووسەد سێسەد هەنگاوێك بەودیویدا، ئەو مەڵبەندە ئەفسانەیییەیە کە بۆ ئەم دەبێتە ئەودیوی سنووری ئەم دنیا چەپەڵە.

لەسەر ئەو بارە چاوی روا و خەیاڵ بردییەوە. بەسەر دنیای پاڵ کێلەکەی گۆڕی باوکییەوە نەما. رێگەی گرتەبەر و فڕی. لە چاو ترووکانێکدا گەیشتە بەردەرگەی مەڵبەندە ئەفسانەیییەکە. دەتوت فڕینەکەی بە ئاسمانێکی پڕ لە نوورێکی خواوەندیدا

بووە و پاك پاك، لە هەموو لیتاوێكی ژیانە ئادەمییەكەی شۆردوێتییەوە. دەتوت كردوویەتییە مرۆڤێكی خاوێن خاوێن لە ئەندێشەكانی سەرجەم تەمەنە پەنجا و نۆ ساڵییەكەی.

ئـا.. وەك فریشتەیەكی دەمەدەمی سپێدە لە دەرگەی دا. فریشتەیەك و هاتووەتە ژووانی فریشتەیەكی تر. هیچ چاوەڕوانی نەكرد. دەتوت فریشتەكەی تر لەودیو دەرگەكەوە لەسەر ئاگر بۆی دانیشتووە. دەمودەست دەرگە كرایەوە. لەگەڵ كرانەوەیدا هەردووك ترنجانە ئامێزی یەكترەوە. لەبەر رامووسان و یەكتر بەخۆوە گوشین، بوار لە زمان بڕابوو بێنە گۆ. تا دوای قەدەرێكی زۆر، زینەت لێوی لە لێو كشاندەوە و وتی:

– سەبری گیان هاتیت؟ ئۆخەیش هاتیت؟ خۆ من ئاوی پێم داهات!.. سۆمای چاوم چوو!.. دڵم شەقی برد. بەڵام قەیناكا.. سەد ئۆخەیش وا ئاخری هاتیت.. سەد ئۆخەیش..

ئا.. ئەوەتا وەك هەر ئاشقە و ماشقەیەك لە یەكتری ئاڵاون.. هەر بەو شێوەیە بە حەوشەكەدا بەرەژوور دەبنەوە. سەرێك دەكێشنە ناو پشت هەیوانەكەوە. منداڵەكان لە ریزەوە لە شیرین خەوی خۆیاندان. وەك بە زمانی ناخ یەكتر بدوێنن! دەكشێنەوە ناو هەیوانەكە و توندتر لە یەكترییەوە دەئاڵێن.

ئێستا ئەوەتا هەر بەسەر پێوەن و هەر یەكتری بەخۆوە هەڵدەگوشن. هیچ ناڵێن. زمانیان بواری هاتنە گۆیان نییە. لە چپە مڵچەی ماچ و مووچ و سروە فیشكەی هەناسەسوارییان بەولاوە، هیچ سرتە و ورتەیەكی تریان لێ نابیسترێ.

ئا.. ئەوەتا زینەت خۆی لە تێك ئاڵاندنەكە دابڕ دەكا.. بەقسە هەر هیچ ناڵێ. بە كردار ئەم پەلكێش دەكاتە ناو كەلەگییەكەوە.

گڵۆپەكە دادەگیرسێنێ. بەهێمنی و بێ تەقە و رەقە، دەچێ هەندێ راخەر و پێخەف دێنێ. بەكامی دڵ جێگەیەكی بۆ راكشانی هەردووكیان لێ ساز دەكا.. بە گەشكەدارییەوە و دەم بەخەندە لەسەری رادەكشێ. بە عیشوە و نازێكی پڕ لە هەوەسەوە، باوەش بۆ ئەم دەكاتەوە.

ئا.. ئەمیش ئەوەتا دڵی سیخناخە لە شادمانی و بەختیارییەكی ئەوتۆ كە قەت قەت بەخۆیەوە نەدیوە.. ئەوەتا دەروونی هێندە بێ گرێوگۆڵە.. دڵی هێندە سافە.. هەست و نەستی هێندە بێ گەردە.. بیر و هۆشی هێندە روونە كە دەڵێی قەت و قەت تووشی چورتم و گێچەڵ و شكستی نەهاتوون. تەنانەت دەڵێی سەبارەت ئا بەو زینەتەش. قەت

و قەت دوودڵییەك یا ڕاڕاییەكیان لێ نەهێناوەتە پێش.

ئا.. ئەوەتا شاگەشكەیە شاگەشكە. ئەوەتا شا بە شان بەدەنگ عیشوە و ناز و هەوەسەكەیەوە دەچێ و خۆی دەهاوێتە پاڵییەوە. بە تەواوی پەرۆشی و تامەزرۆیی ساڵەها ساڵییەوە بۆ هاوسەر و هاوسەرینێك، دەترنجێتە تەنیشتییەوە و باوەشی پێدا دەكا. ئائا.. ئەوەتا بەسەر زاریشییەوەیە بڵێ:

– كە ڕۆژ بووەوە زینەت گیان.. هەر كە ڕۆژ بووەوە.. پەلت دەگرم و دەتبەم بۆ لای قازی.. نانا.. قۆڵت دەكەم بە قۆڵمدا و دەتبەم بۆ!.. نەگەیشت قسەكە لە دڵدا تەواو بكا و شریخەی ریزێك گوللە رایچەناند و لەو خەیاڵەی دەركێشا. لەگەڵ ڕاچەنینەكەیدا، هەر لە جێوە ملی قوت كردەوە و هەڵی ڕووانی. لە دووری چل پەنجا هەنگاوێكەوە. تارماییی زەلامێكی بینی بەڕاكردن ڕووەو لای ئەم دەهات. بەئاشكرا دیار بوو كە ڕاونراوە و هەن بەدوایەوەن.

ئەم ئان و سات هەستی كرد كە دەشێ بكەوێتە بەر مەترسییەكی سەختەوە. زەلامەكە ڕاست بەرەو لای ئەم دێ. ئەوانەشی بەدوایەوەن كە ئەوەتا دەركەوتن، هەروا دێن. دەی ئەم لەو بەینەدا چی بكا و چۆن هەڵبسوورێ؟ «لە جێی خۆم مت ببم و فززەی بۆ نەكەم؟ نا دەبێ.. ئەگەر لە پاڵ گۆڕەكەی باوكمدا ڕابكشێم، تەواو دەكەومە حەشارەوە. مەگەر ڕاست بەلامدا تێپەڕن یا بەسەرمدا باز بدەن. دەنا نابینرێم. هەر تۆزێ دوور.. دە پازدە هەنگاوێك دوور لێمەوە ڕابوورن نامبینن. بەتایبەتیش كە!.. بەڵام ئەی ئاخر!.. ئەی ئەگەر ڕاست بە لامدا ڕابوردن؟!. ها؟ ئەوسا چی بكەم؟ چارەنووسم بەچی دەگا؟ هیچ!.. ئاشكرایە!. دەمدەنە پاڵ ڕاونراوەكە. بەبنەی ئەوم دادەنێن. بە یاریدەدەریم دەزانن و سێ و دوو لە داپاچینم ناكەن. بێگومان وا دەكەن و خۆ متكردنم دادم نادا یەكسەر دەمدەنە بەر دەسڕێژ. بێ هیچ پرس و ڕایەك دام دەبێژن. كەوابوو دەبێ تا زووە فریای خۆم بكەوم هەڵسم تا هێزم تێدایە تێی تەقێنم. باڵ بە خۆم بگرم و لەم چورتمە نەگریسە دەرباز ببم كە..».

شریخەی ریزێك گوللەی تر، دیسان ملی پێ قوت كردەوە. ڕاونراوەكە هێشتا هەر ڕاست ڕووەو لای ئەم دەهات. ئەوانەشی بەدوایەوە بوون هەر دەهاتن. ملە قوتەكەی بردەوە بە ناودا و باشتر خۆی ئاخنییە پاڵ كێلی گۆڕەكەی باوكییەوە. تەوژمی سامێكی دڵپڕوێن زۆری بۆ هێنا.. سامی بە كوشتن چوونێكی لە خوت و خۆڕایی.

تەوژمی سامەکە هەراسانی دەکرد. دەیخستە بەر حاڵەتی ڕاڕاییەکی سەرەخۆرەوە!.. «لە جێی خۆم مت ببم یا هەڵسم ڕابکەم؟ ئەگەر ڕام کرد بەکام لادا؟ واوە یا واوە؟!».

لەگەڵیدا چاوی لە ڕاونراو و ڕاونەرەکان لادا و وەرچەرخا ڕوانییە هەردوو واوەکەی لە زەینی گرتبوون. نەگەیشت بڕیار بدا و دەنگی دوو سێ گوللەی تاك لە نزیکییەوە رووی پێ وەرگێڕایەوە. ڕاونراوەکەی بینی خزابووە پاڵ کێلێکەوە تەقەی دەکرد. ئەو ساتە هەروا بیست هەنگاوێك لەمەوە دوور بوو. سەرنجی بەرەو لای ڕاونەرەکان گواستەوە نەیبینین و بەمەزەنە بۆی چوو کە ئەوانیش خۆیان لە سەنگەر ناوە هەردوو لا لە تەقەکردن کەوتن و خامۆش بوون. ئەم وەرچەرخایەوە و هەڵی ڕوانییەوە. بینایی لە ئاستی خۆیەوە بەرەو گردی ناوەڕاست و لەوێوە بۆ گردی حەپسەخان تیژ تێ پەڕاند. هەر تیژیش بە چاوی ناخ لە گردەکە داخزایە خوارەوە لەبەر دەرگەکەی ماڵی زینەتدا گیرسایەوە لەوێ ئەوەتا زینەت دەرگەی لێ دەکاتەوە. کە دەبینێ ئەم بەدەم ڕاکردنەوە هاتووە و هەناسەی لەبەر دەبڕێ، دێتە بن باڵییەوە و دەیباتە ژوورەوە. لە پاڵ خۆیدا ڕای دەکشێنێ و دەیحەوێنێتەوە. دەبینێ وا لە چورتمە هەرە سەختەکە ڕزگاری بووە. وا ئەمین و ئومان لە باوەشی زینەتدا ئۆقرەی گرتووە. ئائا.. وا کارەساتە سامناکەکەی لە خوت و خۆڕایی بوو بە کوڵکییەوە، بووەتە تەنیا خەونێکی پڕ لە ترس و لەرز و بەسەرچوو.

ڕووی وەرنەچەرخاندەوە بەلای ڕاونراو و ڕاونەرەکاندا. لێیان بە ئاگا بوو کە هێشتا هەر خامۆشن. دڵنیا دڵنیا بوو کە ئەمەیە و ئەو هەلە هەرە لە بارە نابێ لەدەستی بدا. ڕاچەنینێك ڕاچەنییە سەرپێ کە دەتوت گوللەی بەر لوولەی تفەنگێك و پەلەپیتکەی لێ هێنراوەتەوە یەك، لەگەڵیدا چەندە هێز و توانا لە جەستەیدا بوو، خستییە کار و دایە غار. وەك بڵێی هەر بەڕاستی باڵی لێ پەیدا بووە، ئاواهی بەسەر گۆڕەکاندا کەوتە قەڵەمبازدان. تا دە پانزە قەڵەمبازدانێکیشی هاویشت، کار هەر ئاسایی بەسەرچوو. بەڵام لەوە بەدوا لێزمەی گوللەبارانێکی کەوتە بەرگوێ و لەگەڵیدا گلا. کسپەیەکی لە چەشنی شیشێکی سوورەوەکراو و چەقێنرابێتە گازەرای پشتی، چززەی لێ هەڵساند. وەك لەو هەرەتی غارەیدا، مشتەکوڵەی دەستێکی زەبەلاح سرەوێنرابێتە پشتی، ئاوەها گلایە سەر زەوی و لوولی خوارد، تا سەکۆی گۆڕێکی هەڵبەسترا و گیرساندییەوە.

تەقەلای دا ڕاست ببێتەوە و بکەوێتەوە ڕێ. بۆی نەکرا و داڕمایەوە پاڵ سەکۆی گۆڕەکە. لەگەڵ داڕمانەوەکەدا ، شان و ملی نیشتە سەر قەراغی سەکۆکە. هەستی بە

ئــازارێکــی ئــەوتــۆ نــەدەکــرد هــەراسانــی بــکــا. ئــازار لــە کسپــە و چــزەی شیشە سوورەوەکراوەکەی تێ نەدەپەڕاند. بەڵام بە ئاشکرا وژەی فیچقەی خوێنی زامەکەی پشتی دەبیست کە وەك فوارە دەردەفڕتا و دەیدا بەلاپاڵی سەکۆکەدا. ئەوە بە ئاگای هێنا کـە بــەردەوامــبــوونــی فــوارەکــە بــەرەو چ ئــەنجامــێکــی دەبــا سامــی مــەرگ بــڕیــاری تــەقــەلادانــێکــی تــری راستــبــوونــەوە و کــەوتــنــەوە ڕێی پــێ دا. شان بــەشان، تــرسی گوللەبارانکردنێکی نوێشی لێ نیشت. هەر لە جێوە روانییە لای راونراو و راونەرەکان. هیچ کامیانی لە شوێنی پێشوویان نەبینییەوە. بگرە تاق و تۆقیان لە دوور، لە پشتی گردەکەی شێخ مارفەوە هاتە بەرگوێ.

کە دڵنیا بوو ئەم ترسەیانی لە کۆڵ بووەتەوە، چەندە هێز و توانا لە جەستەیدا مابوو گوڕی پێ بەستنەوە و تەکانی دا. کەچی تەکان تەنیا کزە خواستێکی پووچی بێ بنەما بوو. هیچ کام لەو ئەندامانەی جەستەی کە دەبوو بۆ بەدیهێنانی پشت و پەنای بن، وزەی هاتنە بزووتنیان تێدا نەمابوو هەموو بووبوونە تۆپەڵێك دەمار و ماسوولکە و ئێسکی مردەلۆخی پووچەڵ.

وازی هێنا و لەسەر بارەکەی پێشووی ئۆقرەی گرتەوە. گوێی بۆ وژەی فیچقەی خوێنەکە هەڵخست. نەهاتە بەرگوێ و بەوە هیوای لە ژیان بڕی. لە دڵدا وتی: «خوێنم تێدا نەما!». ئیتر وەك بیەوێ دوا ماڵاوایی بکا، هێندەی تینی بزواندن لە کەللەی سەر و بینین لە چاویدا مابوو، خستنییە کار و هەڵی ڕوانی.

راست ڕووبەڕووی هێڵی روانینی دەم کەلی گۆیژە بوو کە سپێدەی رۆژێکی نوێی پێ نیشان دەدا. سپێدەکە ئەو یەکەم تیشکە خۆری هێنایەوە یاد کە هەموو بەیانییانێك، لە پەنجەرەی ژوورەکەیەوە دەپرژایە ناو چاوانییەوە. یادی یەکەم تیشکەکەش. رایفڕاندەوە بۆ پێداچوونەوەی سەرجەم کارەسات و بەسەرهاتەکانی ئەو شەش شەو و شەش رۆژەی پێشووی تەمەنی. نەگەیشت زۆر دوور بکەوێتەوە و وەك بڵێی ئەوەتا بەندی دڵی قرتە دەکا و دەپچڕێ، ئاواهی هەستی کرد بەری بینایی لێ لێڵ دەبێ و تەنانەت سەرە هێشتا زیندووەکەشی خەریکە لار دەبێتەوە و خپ دەبێ.

دوا پەلەقاژەی بەسەرە زیندووە مردووەکەی کرد. بەرەوخوار هەروا لە دووری بیست سی هەنگاوێکەوە، گۆڕەکەی دایکی و باوکی بوو. لە ژێر سپێدەی رۆژە نوێیەکەدا و بەبیناییە لێڵەکەی، سەرنجێکی پڕ لە گلەیی دانێ. بە تەقەلادانێکی ستەم بیناییە

لـێڵـەکـەی لـەوان لادا و بـەلای چـەپـیدا ئـاراستـەی نـاو شاری کـرد. شاریش لـەژێر سپـێدەکـەدا، وەك هـێڵـێکـی بـەبـریـق و بـاق، لـە بـنـاری گـۆیـژەوە بـۆ بـەرەو خـوار درێژ دەبووەوە. بریق و باقەکە لە بینایییە لێڵەکەی ئەمەوە، وەك ملیۆنەها پرشنگی تێکەڵ و پێکەڵی بەیەکداچووی کاڵ و کول دەبینران.

دوای ئەوەش سەرە زیندووە مردووەکە هەر کۆڵی نەدا. بەتەنگەوە بوو دوا دوایین ئەرکی بەجێ بێنێ. وەرگەڕێ.. هەر چۆنێك دەبێ بەرەو خواروی شار وەرگەڕێ. بینایی ئەو چاوانەی کە بەڕێوەیە دوای کوژانەوە بکوژێتەوە. ئاراستەی گردەکەی حەپسەخان بکا. لەوێوە دای خزێنێ بەودیودا بۆ بەردەرگەکەی ماڵی زینەت.. بۆ ژوورەوە.. بۆ سەر جێگەکە و راکشانەکەی تەنیشتی.. بۆ حەوانەوە هەمیشەیییەکەی ناو باوەشی و بەڵام سەد داخ و مخابن.... سەر وزەی ئەو وەرگەڕانەی تێدا نەمابوو. سەر هەر لەسەر باری وەرگەڕانەکەی رووە و شاری ژێر سپێدەی رۆژە نوێیەکە، لار بووەوە و بەلادا هات و نیشتە سەر قەراغی سەکۆی گۆڕە هەڵبەستراوەکەوە.